مەڵبەندی دیراساتی کشتی

# ڕانانی ستراتیجی

ژمارە(٢)، تەمموزی ٢٠٢٣

- خوێندنەوەیەک بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان
  (لێکۆلینەوەیەک لە چوارچێوەی چەمکی تیۆریدا)
- کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، ڕەوتی ئێستا و ئاڵنگارییەکانی داهاتوو.
- کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئامانجە جیۆپۆلیتیکەکان و ململانێکان
  لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- سەردەمێکی نوێی گروپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
- جەنگ بە بریکاری:جێپێی گەشەسەندووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

# ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکات.

ژمارە (٢) تەممووزی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەرنووسەر: د. یوسف گۆران

بەڕێوەبەری نووسین:
باران توانا

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ .د. ئومێد ڕەفیق
پ.ی.د. زانا حسن
پ.ی.د. مۆفەق خالد
پ.ی.د. ڕێبوار زین الدین
م. ناودار زیاد

ناونیشان: عێراق - کوردستان - سلێمانی - چوارچرا

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|
| 977 | 16/7/2023 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ڕانانی ستراتیجی ) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی ( مەڵبەندی دراساتی گشتی ی.ن.ک ) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەژمارە متمانەی ( 977 )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

# ناوەڕۆك

**کارەکتەری نا دەوڵەتی و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی** ............................................ | ٥
پ.د. ئومێد رفیق

**خوێندنەوەیەك بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان (لێکۆڵینەوەیەك لە چوارچێوەی چەمکی تیۆریدا)**........................ | ٧
سەرچاوە: گۆڤاری سیاسەتی عەرەبی
نووسینی: شەهرزاد ئەدمام

**کاراکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ، ڕەوتی ئێستا و ئاڵنگارییەکانی داهاتوو**.................................................. | ٢٩
سەرچاوە: سەنتەری جنێڤ بۆ کۆنترۆڵکردنی دیموکراسی هێزە چەکدارەکان
نووسینی: ئۆکتاڤیان گرۆزا

**لایەنەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و فۆڕمەکانی توندوتیژی لە جیۆپۆلۆتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**............. | ٤٩
سەرچاوە: کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی جیۆباڵکانیکا
نووسینی : کۆزمین ئەدریان میرۆن، ئۆکتاڤیان گرۆزا

**کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئامانجە جیۆپۆلیتیکەکان و ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**.................................. | ٥٩
سەرچاوە: کۆگای فیکری کارنیج یوروپ بۆ شیکاری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش
نووسینی: حەفسە حەلاوە

**کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: و ئامانج و بنچینەیان**........................................ | ٧١
سەرچاوە: سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی E
نووسینی:کریستۆفەر پی داڵاس فینی

**سەردەمێکی نوێی گروپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**............................................................................. | ٨٩
سەرچاوە: دامەزراوەی فەڕەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
نووسینی: پییێر بۆسێل

**ڕۆڵی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە وڵاتانی عەرەبی لە دوای ڕاپەڕینەکانیان**....................................................... | ١٠٥
سەرچاوە: پەیمانگای ئەوروپی دەریای ناوەڕاست
نووسینی: ڤنست دوراك

**دەوڵەتی "نا دامەزراوەیی" لە گوتار و کردەی سیاسی عێراقدا**................................................................................. | ١١٥
سەرچاوە: سەنتەری مۆشەدایان بۆ توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقی
نووسینی: ئۆفرا بینجیۆ

**پارادۆکسی ئەمنی تێکەڵاو و ڕۆڵی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا**............................. | ١٢٣
سەرچاوە: سەنتەری لێکۆڵینەوەی دەرگیپارك
نووسینی: مەسعود ئۆزجان

**جەنگ بە بریکاری:جێپێی گەشەسەندووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**........................................................... | ١٣٧
سەرچاوە: گروپی کرایسس
نووسینی: سێث جی جۆنس

## سەروتار

# کارەکتەری نا دەوڵەتی و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی



پ.د. ئومێد رفیق

کارەکتەری نادەوڵەتی یەکێکی ترە لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی سیاسەتی جیهانی، لە پاڵ کارەکتەرەکانی تری وەکو دەوڵەت و رێکخراوەکان و تاك، لە دوای ئەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەڕووی کردارییەوە ، دەوڵەت تاکە یاریکەری سەرەکی بوو، لە ئێستادا لە پاڵ دەوڵەت کارەکتەری تر رۆڵیان زۆر زیادی کردووە لە گۆڕانی سیاسیەکان و ژینگەی سیاسەتی نێو دەوڵەتی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانە، کارلێکردنی ئەم کارەکتەرانە لە دوای ساڵی ٢٠٠١ و هێرشەکانی قاعیدە بۆ سەر ئەمریکا لە شێوەی کارەکتەری توندوتیژدا زۆر بەڕوونی دەرکەوت لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، پاشان لێکەوتەو کاریگەرییەکانی لەسەر ئەم ناوچەیە لە دوای بەهاری عەرەبی زۆر بەڕوونی دەرکەوت کە چەند دەتوانن کاریگەربن لە سەر گۆڕینی ژینگەیەکی تازەی کاری کارلێکی لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر.

دیارە لەڕووی لۆژیکیەوە ئاشکرایە زیادبوونی ڕۆڵی هەر کارەکتەرێکی تر بۆ ململانێکردن لەسەر هێزو کاریگەری، بە مانای کەمبونەوەی ڕۆڵ و کاریگەری کارەکتەرەکانی تر دێت، بۆیە بە ئەندازەی زیادبوونی ڕۆڵی کارەکتەری نادەوڵەتی و جووڵەکردنی بۆ گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی، بەمانای ئەوە دێت کە هێزەکانی تر کاریگەریان کەمتر بۆتەوە، ڕەنگە ئەو تەفسیرەش جۆرێك لە ڕاستی تیابێت، کە وا سەیری هاوکێشەکە دەکات کە کارەکتەرێکی وەکو دەوڵەت لە ئێستادا بە هۆی زۆربونی وەزیفەکانیەوە، ناتوانێت بە تەنها ئەو ڕۆڵە فراوانەی دەوڵەتی کلاسیکی ببینێت، بۆیە بە ناچاری بەشێك لەوەزیفەکانی بەجێهێشتوە بۆ کارەکتەری نادەوڵەتی، لەلایەك بۆ بارسوککردنی ئەرکی دەوڵەت، لەلایەکی تر دروستکردنی سپەیسی

نوێ بۆ کارەکتەرەکانی تر کە دەتوانن هاوکاربن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

بەڵام لە ڕووی کردارییەوە وەکو پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەت سەیر دەکرێت کە وەکو کارەکتەرێکی سەنتەری، بەشێکی گەورەی لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لە دەست داوە، بۆ جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دیاریکراوی بۆ عێراق و سوریا، دەرکەوتنی داعش وەکو کارەکتەرێکی نادەوڵەتی توندوتیژ وەرچەرخانێکی تازە بوو بۆ ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتیش، بۆیە لە بەرامبەردا هاوپەیمانییەتیەکی جیهانی لە دژ ڕاگەیەنرا.

ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دۆخێکی نوێی بۆ کارلێکی ئەم هێزانە دروست کردووە کە دەتوانن بە ئاسانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی پەیوەندییەکانەوە جوڵەی هێزەکان و بەرژەوەندییەکان بگۆڕن .

لەم ژمارەیەدا هەوڵدراوە لە ڕووی تیۆرییەوە ناساندنێکی باش بۆ ئەم هێزانە بکرێت ، پاشان مێژووی سەرهەڵدانیان و گەشەکردنیان پۆلێن بکرێت، پاشان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بخرێتە ڕوو.

# خوێندنەوەیەک بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان
# لێکۆڵینەوەیەک لە چوارچێوەی چەمکی تیۆریدا

نووسینی: شهرزاد ئەدمام
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

## پێشەکی


ئەگەر بوارە ئابووری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان و بوارەکانی چالاکی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بن کە لە پرسەکانی مافی مرۆڤ و یارمەتییە مرۆییەکان و پرسی کۆچبەری و تەندروستی و ژینگەدا چالاکن، ئەوا بواری سەربازی لەلایەن زۆرێک پێیان دەوترێت ئەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی وەک سەرکردەی جەنگەکان، میلیشیاکان، گروپە تیرۆریستییەکان، باندەکانی تاوانی ڕێکخراو ،گروپەکانی بازرگانیکردن بە چەک، چەتەی دەریایی، بزووتنەوە جوداخوازەکان و ڕزگاریخوازەکان، کۆمپانیاکانی ئاسایشی تایبەت هەموویان لە ڕاستییەکدا کۆدەبنەوە کە لەلایەن ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانەوە دەردەچن ، بەڵام خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربازی بەهێزن کە بتوانن هەڕەشە لە دەوڵەتەکان بکەن و کاریگەریان لەسەر تایبەتمەندییە سەروەرییەکانیان هەبێت.

گەشەسەندنی بەرچاوی ئەم شێوازە لە کارەکتەرەکان لە سەرانسەری جیهان بە گشتی و بازنەی عەرەبی و ئەفریقا بەتایبەتی توندترە، ئەمە جگە لە زیادبوونی کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی وڵاتان و گروپەکان و تەنانەت تاکەکان، بەتایبەتی دوای ئەو بزووتنەوەیەی کە ناوچە عەرەبیەکان ئەزموونی کرد. هەموو ئەم هۆکارانە پێویستییەکی ئەکادیمییان دروستکرد کە ناچاری کردین هەوڵبدەین لەم جۆرە کارەکتەرە تێبگەین، بە خستنەڕووی ڕێبازێکی مەعریفی بۆی، لەسەر بنەمای ئەم کێشەیەی خوارەوە:
چەمکی کارەکتەرە توندڕەوە نادەوڵەتیەکان چییە؟ لە ڕێگەی کام ڕێبازی تیۆریەوە دەتوانرێت شیکاری بکرێت؟ تا چەند کاریگەریان لەسەر تایبەتمەندییە سەروەرییەکانی دەوڵەتان هەیە؟
لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم کێشەیەدا بڕیارماندا کە لێکۆڵینەوەکەمان بەپێی ئەم میحوەرانەی خوارەوە بێت:
• پێناسەی کارەکتەرە توندڕەوە نادەوڵەتیەکان.
• ڕێبازە تیۆرییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکتەرە توندڕەوەکانی نادەوڵەتی.
•کارەکتەرە توندڕەوەکانی نادەوڵەتی: تایبەتمەندی، جیاوازی و پێوەرەکانی پۆلێنکردن.
• فاکتەری بڵاوبوونەوەی VNSAS و بازنەکانی چالاکیەکانیان (خۆجێیی/ ناوچەیی جیهانی).
• ڕێگاکانی کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی تایبەتمەندییە سەروەرییەکانی دەوڵەتان.
پێناسەی کارەکتەرە توندڕەوە نادەوڵەتیەکان:
کارەکتەرە توندڕەوەکانی نادەوڵەتی بە یەکێک لە جۆرەکانی کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان دادەنرێت و هەربۆیە تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە کارەکتەرانە داوای تێگەیشتن لە چەمکی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەکات بە شێوەیەکی گشتی.
پێناسەکردنی کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان لەلایەن (برایان هۆکینگ و مایکل سمیس) کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: "گروپێک یان ڕێکخراوێکە چێژوەرگرن لە سەربەخۆیی، واتە پێوەرێک بۆ ئازادی لە کاتی بەدواداچوونی ئامانجەکانی، نوێنەرایەتی، واتە نوێنەرایەتی شوێنکەوتوو و لایەنگرانی، و کاریگەری، واتە. توانای جیاوازیکردن بەرەو هۆکارێک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بە بەراورد بە کاریگەری کارەکتەرێکی دیکە لە هەمان حاڵەتدا.
لە لایەکی دیکەوە، پیتەر ویلێتس دەربڕینی ''کارەکتەرە فرەنەتەوەکان" وەک بەدیلێک بۆ دەربڕینی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەگرێتەبەر، خۆی لەو شتە بەدوور دەگرێت کە وەک ئاماژەیەک بۆ باڵادەستی ''دەوڵـەت'' بەکاردێت. ئەو پێناسەی دەکات کە "هەر لایەنێکی چالاک جگە لە حکومەتەکان و دابەشی دەکات بەسەر لایەنە شەرعی و ناشەرعیەکان، لە بەشی یەکەمدا ڕێکخراوە جیاوازە ناحکومییەکان و پارتە سیاسییەکان و کۆمپانیا سنوور بەزێنەکان سەبارەت بە بەشی دووەمیش چەتەکان ،

بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، و تۆڕە تاوانکارییەکان، کە لە وێنەی (١)دا هاتووە.


شێوەی(١)

نەخشەی کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان




شێوەی(٢)

کاریگەری نێونەتەوەیی و سیاسەتی دەوڵەت



لەم چوارچێوەیەدا جۆزێف نای و ڕۆبەرت کیۆهان پێناسەیەکی دیکە بۆ کارەکتەرە فرە نەتەوەکان دەخەنە ڕوو کە بریتییە لە "گروپی تایبەت یان تەنانەت تاکەکان کە کارەکانیان لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پێویستی بە ئاسانکاری ماددی هەیە لەناو دەوڵەتدا، بەڵام پێویستیان بە حکومەت نییە بۆ ئەوەی پراکتیکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەن". ڕەفتارەکانیان ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ کارەکتەرە فرە نەتەوەکانی تر یان حکومەتەکانی تر.
ڕەوتی کارکردنی ئەم کارەکتەرانە ئەوەیە کە ئاڵۆزی و وابەستەیی یەکتر لە کارلێکەکانی سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆدا دروست دەکات، کە لە پلانەکەی نای وکیۆهان لە وێنەی (٢)دا خراوەتەڕوو.

"وێڵتس پشتڕاستی دەکاتەوە کە هەندێک گروپ سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی ڕەنگی چالاکیەکانیان لە "تیرۆریست"ی تاوانبارەوە بۆ ئەو کەسە خێرخوازەی کە فەرمان بە پێزانین و ڕێز و هاوسۆزی لایەنە دەرەکییەکان دەکات"

ئەکادیمیا تایبەتمەندەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندین جۆری کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەن کە بەپێی پێوەرەکان جیا دەکرێنەوە کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:
أ. ئەو پێوەرەی کە پشتگیری لە چالاکی کارەکتەر دەکات: تیشک دەخاتە سەر ئەو سەرچاوەیەی کە کارەکتەر هێزی خۆی لێ وەردەگرێت و بەردەوامییەکەی مسۆگەر دەکات، هەروەها دەتوانێت لە ڕووی بەهاوە ماددی یان مەعنەوی بێت.
• پێوەری ماددی: لە خاوەندارێتی سەرچاوە ئابورییەکان بە تایبەت داراییەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کۆنترۆڵکردنی خاکێک یان بەشێکی و خاوەندارێتی ئامرازەکانی توندوتیژی و هێزی سەربازی.
• پێوەری بەها: بەپێی ئەم پێوەرە کارەکتەرەکە دروست دەکرێت یان سیفەتێک وەردەگرێت لێی کە بیروباوەڕ و ئایین و کولتوور و زمان لەخۆدەگرێت.
ب. پێوەری شوێنی: ئەو مەودای چالاکیە دەگرێتەوە کە بابەتەکە داگیری کردووە.
• پێوەری پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت: کە کارەکتەر یان کارەکتەرێکی حکومی بێت یان ناحکومی، یاسایی بێت یان نایاسایی.
• پێوەرەکانی ئامانجە حوکمڕانەکانی چالاکی کارەکتەر، کە ئەو ئامانجانەن کە کارەکتەر کێشاوێتی و کار بۆ گەیشتن پێیان دەکات، و ئەوانیش یان پاراستنی ئاگادارییە هەبووەکانن یان گۆڕینی و ڕاستکردنەوەین بۆ خزمەتکردنی کارەکتەر.
• پێوەری جۆری ئەو چالاکیەی ئەنجامدەر ئەنجامی دەدات: ئابوری بێت، مافی مرۆڤ بێت، سیاسی بێت یان ئەمنی.

چەمکی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەستەواژەی "کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی" ڕێککەوتنی ئەکادیمی لەسەر نییە، و بەزۆری لە بەرکەوتندایە لەگەڵ زاراوەی دیکەی وەک (گروپی چەکدار) یان (کارەکتەرە چەکدارەکانی نا دەوڵەتیەکان) و (گروپە نایاساییەکان) و (بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان) بەپێی پۆلێنکردنی پیتەر ویلتس.

(نداء جنيف) کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "گروپێکی ڕێکخراو کە ژێرخانی فەرماندەیی هەیە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت کاردەکات و هێز بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەم کارەکتەرانە نوێنەرایەتی گروپە یاخیبووەکان و حکومەتی قەوارە جۆراوجۆرەکان دەکەن کە بە تەواوی دانپێدانانیان پێدا نییە. ئەم پێناسەیە ڕزگاریخوازیش دەگرێتەوە بزووتنەوە و گروپەکان پۆلێنکراون وەک تیرۆریست، ئەوانەی بانگەشەی جیهاد دەکەن، و گروپەکانی بازرگانیکردن بە چەک کە هاوبەشی ئەو ڕاستییەن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتەکان کاردەکەن و توندوتیژی بەکاردەهێنن.
پیتەر وێڵتس چەمکی ئەم کارەکتەرانە سنووردار دەکات بۆ "ئەو گروپە جیاوازانەی کە لەسەر بنەمای کردەوە لە دەرەوەی سنوورە نیشتمانییەکانیانەوە بەشداری کردەوەی توندوتیژی یان ڕەفتاری تاوانکاری دەکەن". لەم ڕووەوە جیاوازی دەکات "لە نێوان ئەو ڕەفتارانەی کە لە جیهاندا بە تاوان دادەنرێت، وەک دزی و ساختەکاری و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و ئەو توندوتیژییە هەڕەمەکیانەی کە هاوڕێیەتییان دەکات، لەگەڵ هەندێک چالاکی کە پراکتیزەکارەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پاڵنەرێکی سیاسی ڕەوایان هەیە. بە تایبەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان یان جیابوونەوەخوازەکان" جیاکردنەوەی جۆرەکانی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەم جۆرە پێوەرانە زۆرجار ئاڵۆزی دروست دەکات، بەتایبەتی ئەگەر هەندێک لە تاوانبارەکان بڵێن پاڵنەر و ئامانجەکانیان بنەمای سیاسی هەیە، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر هەندێک گروپی سیاسی کە ئیدیعای ڕەوایان هەیە پێشێلکاری بکەن بەرامبەر بە مافی مرۆڤ، ئەشکەنجەدان یان کۆرپەکوژی یان جیاکاری ڕەگەزی

لەم ڕووەوە وێڵتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەندێک گروپ سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی چالاکیەکانیان لە "تیرۆریست"ی تاوانبارەوە بۆ "خێرخوازی"، کە ئەمەش فەرمانی پێزانین و ڕێز و هاوسۆزی لایەنە دەرەکییەکان دەکات. ئەمەش لە چوارچێوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکاندایە. بەڵام لە ئەگەری ئەوەی چەند مەرجێک هەبێت کە لەلایەن ویلێتسەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:
• کاتێک گروپەکە پاڵپشتییەکی بەرفراوانی شوێنکەوتووانی هەبێت.

• لە کاتی تەواوبوونی هەموو شێوازە سیاسییەکان.
• ئەگەر ئامانجی حکومەت  جۆرێکی پاوانخوازی نارەوا بێت.
• کاتێک ئەو ڕەفتارە توندوتیژانە ئاراستەی ئامانجە سەربازییەکان دەکرێت نەک دژی خەڵکی مەدەنی.
ئەمەش بە گوتەی ویلتس لەگەڵ ئەزموونی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا (ANC) و ڕێکخراوی گەلی باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا (CWAPO) یەکدەگرێتەوە، لە کاتێکدا گروپەکانی وەک سوپای کۆماریی کاتی ئێرلەندا و ڕێکخراوی ئیتا لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە مانەوە، چونکە توندوتیژیی بێ جیاوازییان گرتەبەر .
لای خۆیەوە (فیل ویلیامز) ئەم گروپانەی خوارەوە لە نێوان کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتیدا دەژمێرێت:
• سەرکردە جەنگییەکان: وەک ئەوانەی لە سیرالیۆن، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، بۆرما، و ئەفغانستان جێگیرکراون.
• میلیشیاکان(هێزی سەربازی): ویلیامز بە سەرکردەی جەنگ دەیانزانێت بەڵام بەبێ سەرکردەی کاریزماتیك ، وەک میلیشیاکانی سوپای مەهدی لە عێراق و پێشمەرگەی کورد و ئەو میلیشیایانە کە ئێستا لە ناوچەکانی بزووتنەوەی عەرەبی و کەنارەکانی ئەفریقا بڵاوەیان پێکراوە.
هێزە نیمچە سەربازییەکان لە توخمە مەدەنییەکان یان پێشمەرگە دێرینەکانی سەربازی پێکهاتوون کە ڕێککەوتنێکی بێدەنگ یان ڕاگەیەندراویان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە (وەک هێزەکانی بەرگریکردنت خۆیی لە کۆڵۆمبیا و جەزائیر). لەوانەیە ڕووبدات ئەم گروپانە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دەربچن.
• بزووتنەوە یاخیبوونەکان: کە ئامانجیان لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە نێوان ڕووخاندنی حکومەت و سەربەخۆیی لە حکومەتی هەبووەوە دەست پێدەکات.
• ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان ، ڕێکخراوە تاوانکاریەکان، باندەکان.
جگە لەم نەخشانە، سیهێم دجێبی دەبینینەوە، لە وتارەکەیدا بەناوی ئاوێتەی ململانێ ناوچەییەکان، ئەم گروپانەی خوارەوەی زیاد کردووە:
• تۆڕە سەربازییەکان کە لە هەڵمەتی چەکداری و شەڕی بە وەکالەتدا کاردەکەن کە پاڵپشتی لۆجستیکی لە وڵاتانی دراوسێ وەک (یاخیبووانی سیرالیۆن و پەیوەندییان لەگەڵ یاخیبووانی لیبریا).
• تۆڕە بەکرێگیراوەکان کە پێکهاتوون لە پێشمەرگە دێرینەکان کە وڵاتەکانیان شکست دەهێنن لە یەکگرتنەوەیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوای سیاسەتەکانی هێورکردنەوە و داماڵینی سەربازی وەک ( شەڕکەرانی پێشوو لە سیرالیۆن و لیبێریا و گینیا).
• باندەکانی بازرگانیکردن بە چەکی نایاسایی ڕێکخراون بۆ تۆڕی ناوچەیی کە مامەڵە لەگەڵ یاخیبووان و بەکرێگیراوان دەکەن وەک (باندەکانی ئەفغانستان).

• ئەمە جگە لە باندەکانی تاوانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە لەلایەن کۆمەڵێک کەسی سەر بە ڕێکخراوە هەمیشەییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە چالاکیەکانیان دەچێتە ناو سنووری وڵاتانەوە، و ئامانجیان بەدەستهێنانی سوودی دارایی و دەستکەوتی بازرگانییە لە ڕێگەی نایاسایی و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەوانەش بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی ئەوە ، پێکهاتەکانیان فۆرمێک وەردەگرن کە لە نێوان هەڕەمی، تۆڕی و خانەییدا دەگۆڕێت. بەزۆری جیاوازی لە نێوان وڵاتان دروست دەکەن یان ئەو جیاوازیانەی کە هەن توندتر دەکەنەوە. بە مەبەستی دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ چالاکیەکانیان.

هەروەها ئاماژە بە گەشەسەندنی بەرچاوی یەکێک لە جۆرەکانی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی دەکەین کە لەلایەن کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە نەتەوەکان و تەنانەت کیشوەرەکانیش تێدەپەڕێنن، کە شایەتحاڵی زیادبوونی خێرای ژمارەکانیان و فراوانبوونی سەرنجڕاکێشی ئەرکەکانیان بوون، بەتایبەتی دوای ئەم دواییانە شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق، کە بریتی بوون لە دیاریکردنی بنکە، دامەزراوەی پاسەوانی، پاراستنی کاروانە سەربازییەکان و پاسەوانی کەسی، ڕاهێنان و ڕاوێژکاری هێزە چەکدارەکان، پاراستنی سیستەمی چەک، لێکۆڵینەوە لە دەستگیرکراوەکان و هەندێکجار تەنانەت شەڕکردن. حکومەتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کۆمپانیاکانی دەرەوەی کیشوەری، ڕێکخراوە مرۆییەکان، میدیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کۆمپانیاکان بەشدار دەکەن بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتگوزارییەکانیان وەربگرن.

## ڕێبازە تیۆرییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی

سەرەتا پێویستە هەندێک ڕاستی پەیوەست بە تیۆریزەکردنی VNSAS پشتڕاست بکرێتەوە، کە بەم شێوەیەن: خێراکردنی زیادەڕۆیی لە سەرهەڵدانی ئەم کارەکتەرانە و گەشەی چالاکیەکانیان هاوتا نییە لەگەڵ خێراکردنێکی هاوشێوە لە پەرەپێدانی چوارچێوە تیۆرییەکان کە ڕێگە بە ئەوان دەدەن وەک کارەکتەری کاریگەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم جۆرە کارەکتەرانە بە یەکێک لەو کەسانە دادەنرێت کە کەمترین سەرنجی ئەکادیمی تیۆری وەردەگرێت، بەتایبەتی کاتێک بەراورد دەکرێت بەو گرنگییەی کە بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان لە لایەنی ئابووریدا تەرخانکراوە. بابەتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەلەقاژەیە کە بەرەو گریمانەی دابەزینی ناوەندییەتی دەسەڵاتی سەربازی لە ئاراستەکردنی کارلێکەکانی جیهانی دوای جەنگی سارد بە قازانجی دەسەڵاتی ئابووری ڕوویدا.

گرنگیدان بەم جۆرە کارەکتەرە تا دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ لە ژێر پەردەی "گروپی تیرۆریستی" لە فۆرمێکی بەسیاسیکردن و هەڵبژاردندا دیار نەبوو.
بزووتنەوەی تیۆری لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەمیشە گرنگییەکی زۆری بە شەپۆلی یەکەمی کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان داوە، کە مەبەستمان لەوانەیە کە چالاکانە لە بوارە ئاشتییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا. وەک کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پیشەیی و ئەمەش لەسەر هەژمارەیی شەپۆلی دووەمە کە نوێنەرایەتی ئەوانە دەکەن کە لە بواری سەربازیدا چالاکن، جا چ خاوەنی چەک بن، بازرگانی پێوە بکەن، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی بکەن، یان هەمووی ئەوان دوور لە کۆنترۆڵی دەوڵەتن.
""خێراکردنی زیادەڕۆیی لە سەرهەڵدانی ئەم کارەکتەرانە و گەشەی چالاکیەکانیان لەگەڵ خێراکردنێکی هاوشێوە لە پەرەپێدانی چوارچێوەی تیۆریدا هاوتا نییە کە ڕێگەیان پێدەدات وەک کارەکتەرێکی کاریگەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا باس بکرێن""
زۆرینەی ئەکادیمییە تەقلیدییەکان لەم بوارەدا هەمیشە لە ژێر دووبەرەکی "حکومی و ناحکومی"دا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە سەیری ئەم نەخشەی کارەکتەرەکانیان کردووە، بەڵام لە شیکردنەوەکانیاندا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانەیان پشتگوێ خستووە.
ئەم ڕوانگە جیاکاری سەبارەت بە ڕۆڵی کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان ئەوەیە کە بە درێژایی قۆناغی "باڵادەستی" ڕوانگەی ڕیالیستی لە بواری تیۆریزەکردن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵ بوو. ڕوانگەیەکە کە گریمانەکانی لەسەر بنەمای "بەرەی دەوڵەت و مەرکەزیەتی وەک تاکە کارەکتەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان" دامەزراون. بەڵام زیادبوونی کاریگەرییەکانی نەوەی یەکەمی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، گریمانە بنەڕەتییەکانی ڕوانگەی فرەیی لیبراڵی بەهێزتر کرد بەتایبەتی ڕێبازی وابەستە بە یەکتر کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای گرنگی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە بزوێنەری کارلێکەکانی سیاسەتی جیهانیدا دامەزراوە.
لەم چوارچێوەیەدا بەشدارییەکانی(جۆزێف نای) و (ڕۆبەرت کیۆن هات)دەکەوێتە چوارچێوەی جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بونیادنانی تێگەیشتنێکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێگا بۆ کارەکتەرە جیاوازەکان لە نێوان تاک و ڕێکخراو و دەوڵەتدا دەکاتەوە کە لە سروشتدا جیاوازن، بەڵام هەموویان هاوبەشی ئەو ڕاستییەن کە خاوەنی ئەو سەرچاوانەیە کە توانای ئەوەیان پێبدات کاریگەری دروست بکەن.
ئەم زەبری جیهانگیری و خێرابوون و زیادبوونی پەیوەندییە وابەستەکراوەکانی یەکتر کە جیهان شاهیدییەتی وایکردووە ڕیالیزم بخاتە ناوەڕۆکە نوێیەکانیەوە و پێداچوونەوە بە

هەندێک لە گریمانەکانیدا بکات لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێی دەگوترا ڕیالیزمی نوێ، کە بوونی هەڵوەشاندەوە کارەکتەرەکانی دیکە جگە لەو دەوڵەتانەی کە لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا کارلێک دەکەن. بەڵام ڕیالیستە نوێیەکان هێشتا دڵسۆزن بۆ بنەماکانی باوکانی دامەزرێنەر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جەختکردنەوەیان کە گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی یان بەردەوامییەکەی پەیوەستە بە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەناو ئەو سیستەمەدا و بەهێزترینیان ئەوانەن کە کاریگەرییان هەیە کە. بێگومان دەوڵەت بە تێڕوانینی ئەوان بەهێزترین دەمێنێتەوە و هەر ئەو دەوڵەتەیە کە هێزی کاریگەریی هەیە.

""زۆربەی ئەکادیمییە تەقلیدییەکانی ئەم بوارە لە ژێر دووبەرەکی "حکومی و ناحکومی"دا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە سەیری ئەم نەخشەیەی کارەکتەرەکانیان دەکرد، بەڵام لە شیکردنەوەکانیاندا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانەیان پشتگوێ خست""

لە لایەکی دیکەوە، بۆ نموونە ئەلێکساندەر وێندتی بونیادگەر دەبینینەوە کە قسە لەسەر کاریگەریی شوناسەکان و بیرۆکەکان و کارلێکی نێوان یەکەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەکات و ڕۆڵی لە گۆڕینی شوناسە خۆپەرستەکان بۆ شوناسە بەکۆمەڵەکان. بەم شێوەیە، ئەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەو ڕۆڵانەدا دەنێت کە ئەم لایەنە ترانز دەوڵەتانە دەیگێڕن، وەک چۆن مارتا فینمۆر لای خۆیەوە جەختی لەسەر ئەو ڕۆڵە جەوهەرییە کردەوە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە داینامیکی کارلێکە نێودەوڵەتییەکان وەک هەڵگری بەها نێودەوڵەتییەکان و ڕێساکانی ڕەفتاردا دەیگێڕن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ دەوڵەتەکان.

شایانی باسە کە ڕەوتی فیکری هەیە کە هەوڵ دەدات بۆ "مرۆڤیکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان" بە کردنی مرۆڤایەتی بە ناوەندی کارلێکەکانیان و چڕکردنەوەی سەرنج لە دەوروبەری؛ بە سوود وەرگرتن لەو کاریگەریانەی کە جیهانگیری لە بەشێک لە تایبەتمەندییە سەرووەرییەکانی دەوڵەتان هەیەتی ، کە قۆرخکاریی ئەم جۆرەیان لەسەر بەشێک لە ڕۆڵە بنەڕەتییەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی دەشکێنێت لە ڕەهەندە جیهانییەکەیدا، کە هاتووە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ئەو ئەجێندایانە هەبێت کە مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی وەک کێشەکانی کۆچکردن، پەنابەران ، هەژاری، ژینگە، گەشەپێدان، و ئەوانی تر دەکەن ، زۆر ڕێباز پەیوەست بوون بەم دیدگایەوە، وەک کۆمەڵگەی مەدەنی ، ڕژێمی جیهانی، و حوکمڕانی جیهانی، کە زیاتر بۆ تێگەیشتن لە واقیعی گەشەسەندنی ڕۆڵی نادەوڵەتی کارەکتەرەکان و زیادبوونی کاریگەرییان لە سیاسەتی جیهانیدا بەگشتی پشکنەری ڕێگاکانی هەوڵە تیۆریزەکردنەکان کە ئامانجیان بونیادنانی ڕێبازەکانە کە ئەم کارەکتەرانە و شێوازەکانی کاریگەرییان لەخۆبگرێت، بۆی دەردەکەوێت کە دوو ئاراستەی سەرەکییان پەیڕەو کردووە:

ئاراستەی یەکەم: هەوڵە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت کە ئامانجیان دووبارە خۆگونجاندنە لەگەڵ گەلاڵەی تیۆرییە تەقلیدییە سەرەکییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بابەتەکانیان بە مەبەستی لەخۆگرتنی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، وەک ئەوەی ڕوون کراوەتەوە، بەڵام ناوەندگەرایی دەوڵەت ئاماژەیەکە هێشتا ئەم هەوڵانە دەگرێتەوە.

ئەمەش لە دیارترین وتەکانیدا دیارە کە دەڵێت: "توانای کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتەکان پەیوەستە بە توانای گۆڕینی پەسەندکردن و سیاسەتی وڵاتانی گەورەوە."

ئاراستەی دووەم: بە دوو جۆر نمونە نیشان دەدرێت، ئەوانیش: جۆری یەکەم: کە بە شێوەیەکی گشتی کە دەتوانرێت وەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر جۆرە کارەکتەرێکی نادەوڵەتی لە بوارە جیاوازەکانیاندا، لەوانە:

زیادکردنەکانی جۆزێف نای و ڕۆبەرت کیۆهان لە "وابەستەیی ئاڵۆز بە یەکتر" ، کە پێشتر ڕوونمان کردەوە.

• بەشدارییەکانی ئۆران یۆنگ لەسەر کارەکتەرە تێکەڵەکان: ‹کارەکتەری تێکەڵ› زاراوەیەکە کە ئۆران یۆنگ لە وتارێکدا بەکارهێناوە کە هارۆڵد و مارگریت سپراوتدا هاوبەشی نووسینی کردووە. بەهانەی یۆنگ ئەوە بوو کە بنەماکردنی شیکاری سیاسەتی جیهانی لەسەر شێوەیەکی تاکە کارەکتەر چیتر ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت. بە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە پرسەکانی باڵادەستی و ملکەچبوون دەبێ لەسەر بنەمای بوارێکی پرسەکانی وابەستە بە سیاسەت یەکلایی بکرێنەوە نەک پێشوەختە مەرجی ئەوەی هەبێت کە هەندێک کارەکتەر بە ناچاری باڵادەست بن. لەسەر ئەم بنەمایە ڕوانگەی کارەکتەری تێکەڵاو وا دەکات جیاوازییەکی بنەڕەتی بە شێوەیەکی شیکاری لە نێوان ئەو پەیوەندییانەی کە کارەکتەرەکانی هەمان جۆر لەخۆدەگرن و پەیوەندی نێوان جۆرە جیاوازەکانی کارەکتەر، بۆ نموونە لە نێوان دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یان لە نێوان ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان نێودەوڵەتیەکان.

بەشدارییەکانی بادی و سموتس لەسەر کۆمەڵناسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئاڵۆزەکان: ئەم شیکارییە لە ڕێبازێکی کۆمەڵناسیەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان کە ئامانج لێی بونیادنانەوەی دوا پێکهاتەی تیۆری خۆیەتی. بەپێی پێشهاتە نوێیەکانی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی بەراوردکاری، یان ئەو ڕێبازانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوتی نێودەوڵەتییەوە هەیە.

ئەم ڕێبازە باس لەوە دەکات کە کارلێکەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی دووانەییەکی پێکەوەژیاندا هاوئاهەنگ دەبن لە نێوان هەردوو جیهانی "دەوڵەت" و جیهانێکی "فرەسەنتەری" کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بەشداربوو کە توانای کردەوەی

نێودەوڵەتییان هەیە، ئەمەش فۆرمێکی زۆر ئاڵۆز دروست دەکات لە پەیوەندییەکان، لە کاتێکدا جیهانی یەکەم لەسەر بنەمای تایبەتمەندی پەیوەندییەکان دامەزراوە زەمینەیەک لە ڕەوتی نێودەوڵەتی، کە لە بەرامبەردا ڕێگە بە سەرهەڵدانی چەندین جۆر دەدات، کە بەشێکیان لە ئەنجامی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و یەکێکی دیکەش کە لە کاریگەریی پێکهاتنی چەندین کردەی تاکەکەسیەوە سەرهەڵدەدات.

لەم چوارچێوەیەدا شایەنی باسە پێویستی بە پشکنینێکە بە تێزی "سەردەمی سەدەی ناوەڕاستی نوێ"ی هێدلی بوڵ کە دەتوانێت چوارچێوەیەکی بنەڕەتی بێت بۆ تێگەیشتنە تیۆرییەکان لە ئاسۆدا کە بتوانین لە خێراکردنی زیادەڕۆیی لە ڕیتمەکانی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی کە ئێمە - بەپێی ئەدەبیاتی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستی نوێ - بەرەو ئەزموونکردنی سەردەمی پەیوەندییە دوای نێودەوڵەتییەکان دەمانبات ، واتە سیاسەتی جیهانی کە بە کۆی زۆرێک لە کارەکتەرەکان دروست دەبێت، کە تێیدا دەوڵەت بڕیار نادات.

گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای دەرەبەگی بە بڕوای هێدلی، نەک هەر مژدەی کۆتایی هاتنی ڕەوتی سەروەرییە، بەڵکو مژدەی کۆتایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێت کە دەبێتە شتێکی پێشبینینەکراو کە کارلێکەکانی ملکەچی هەڵسوکەوتی ژمارەیەکی زۆر دەبێت لە کارەکتەرەکان ، هەروەها دابەزینی کاریگەری یاسای نێودەوڵەتی، یان تەنانەت لەناوچوونیشی ڕادەگەیەنێت.

جۆری دووەم: کۆمەڵێک شێوازی تایبەت لە بواری توێژینەوەی ئەمنی لەخۆدەگرێت، کە بەزۆری ئامانجیان پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و ڕاوێژکردنە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. بەڵام ئەوانە هەوڵی تیۆرین کە قورسایی لەسەر کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتییە، بە لەبەرچاوگرتنی کەمی بەشدارییەکان لەم بوارەدا. نموونەی ئەمەش مۆدێلی کابیر و تۆماس و بارتۆلۆمیە کە لەسەر بنەمای "تیۆری سیستەمی کراوە" پەرەیان پێداوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ئەو ژینگەیەی کە بریکار تێیدا کاردەکات لەگەڵ تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی و کارلێکە ناوخۆییەکانی.

ئەو توێژینەوە سێ کەسیەی کاسپەر و تۆماس و بارتۆلۆمی پێشکەشیان کردووە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیۆری سیستەمی کراوە هەموو ڕێکخراوەکان بە سیستەمێک دەزانێت کە تایبەتمەندی کارلێککردنیان لەگەڵ ژینگەکەیان بە شێوەیەکی دینامیکی هەیە، هەروەها بە وەسفکردنی کارەکتەرە توندوتیژەکان لە دەوڵەتە نارێکخراوەکانەوە، کارلێککردنیان بەپێی ئەم ڕوانگەیە سەرەکییە لە فۆرمێکدا کە ئاماژەیە بۆ دوو جۆر ڕەفتاری گشتگیر یەکەمیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان سیستەمێکی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و ژینگەکەیان یان سیستەمی سەروەر

(super system ) دووەمیان پەیوەندییەکانی نێوان "پێکهاتە ئاڵۆزەکان" دەگرێتەوە. یان بەشێک لە ڕێکخراوەکە کە بە "سیستەمەکانی لاوەکی" ناسراون؛ دووەمیان نوێنەرایەتی پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی کارەکتەرە توندوتیژە نا دەوڵەتیەکان دەکات، لە کاتێکدا یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕێکخراوەکان سیستەمی کراوەن لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەردەوامی زانیاری و دەسەڵات لەگەڵ چواردەورەکەی.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە فشارە ژینگەییەکان و لە بەرامبەردا بەرهەمی سنووردارکردن و دەرفەتە کۆنتێکستەکان دەزانێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم هەوڵە توێژینەوەیانە ئامانجیان دەستنیشانکردنی ئەم دیاردەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین بواری زانستییەوە. وەک ژینگە و ئەندازیاری و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

زۆرجار، پێویستە ڕێکخراوەکان بە جیا لە ژینگەکەیان شی بکرێنەوە و زیاتر گرنگی بە پێکهاتە ناوخۆییەکان بدرێت لەوانە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی، سەرکردایەتی، یاساکان، پەیوەندی فەرمی و کارایی کارکردن. لە کاتێکدا ڕێبازی سیستەمە داخراوەکان ڕاستییەکی جەوهەری پشتگوێ دەخات، ئەویش ئەوەیە کە ڕێکخراوەکە "دەبێت کارلێک لەگەڵ ژینگەدا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە ، بەڵکو زیاتر سەرچاوە وەردەگرێت و بەرهەم بۆ ژینگە بەرهەم دەهێنێت؛ وەک دانیال کاتز و ڕۆبەرت کەین دەڵێن: "سیستەمی زیندوو بوونەوەرە بایۆلۆجیەکان یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی وابەستەی ژینگەی دەرەکی خۆیانن"

بارتۆلۆمی و هاوکارەکانی پێیان وایە کە سیستەمی کراوە زۆر ئاڵۆزە، وەک تیۆریست ڕیچارد دافت کاتێک ژماردنی کرد: هەر ڕێکخراوێک ئامانجی بەدەستهێنانی سەرچاوەی پێویست بێت، کار بۆ لێکدانەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان دەکات، چاودێری و هەماهەنگی چالاکیە ناوخۆییەکان دەکات لە بەرامبەر تێکچوونی ژینگەدا ، و ئەمەش لە فۆرمێکی کارلێککارانەدایە لە نێوان Inputs و outputs بەم پێیە، شیکاری ڕێکخراوە جیاوازەکان، لەوانەش Vnsas، لە چوارچێوەی سیستەمی کراوەدا پێویستی بەوەیە کە لە سێ ئاستدا لێیان بکۆڵینەوە: ژینگە، سیستەمی سەرووەری(super system)، ڕێکخراوەکە ( سیستەمەکە)، و فاکتەرە ناوخۆییەکانی ئەو سیستەمانەی کە وزە و زانیاری لە ڕێگەیانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەنجامدانی شیکاری لەسەر پەیوەندییەکان لە ئاستەکانیان و لە ڕێگەیەوە.

ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

• کاریگەری و سەرکەوتنی ڕێکخراوەکە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەکەی و شێوەی ئەم ژینگەیە، یان توانای دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کارکردن تێیدا.

• ڕێکخراوەکان ئەم بەرهەم و خزمەتگوزاری و بیرۆکانە وەکو زانیاری بەکاردەهێنن بۆ

پاراستنی ڕێکخراوەکەیان و گەیشتن بە گەشەکردنیان
• کاریگەریی ڕێکخراوێک تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە توانای دابینکردنی پێویستی سیستمی ناوخۆ، لەوانەش دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەناو ڕێکخراوەکە و بەڕێوەبردنی پرۆسەی گۆڕانکاری و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکان هەروەها توانای گونجاندنی لەگەڵ ژینگە.
• پێشهاتەکانی ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراو فشار دروست دەکەن لە پێناوی گۆڕانکاری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ئینشێریا و سەقامگیری بەهێزتر دەکەن.
لە شیکارییەکانیاندا بۆ کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی، بارتۆلۆمی و هاوکارەکانی لە گریمانەکانی ڕێبازی سیستەمی کراوەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام ئەوان لەسەر بنەمای توێژینەوە بەردەستەکان و داتا ئەزموونییەکان پەرەیان پێداوە کە خۆیان کردوویانە ، بە سوود وەرگرتن لە بوارە جیاوازەکانی زانست و زانین ، کە ئاسۆی نوێ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لەم جۆرە کارەکتەرە وەک سیستەمێکی کراوە کە لە گەشەکردن و گونجاندن و زاوزێ و تەنانەت لەناوچوونیاندا لە زیندەوەرە بایۆلۆجیەکان دەچێت.
نووسەرانی توێژینەوەکە دەڵێن کە Vnsas ڕێگای توندوتیژی لە ژێر قورسایی کۆمەڵێک هۆکاردا دەگرێتەبەر، لەوانە کەمی سەرچاوە، فشارە دیمۆگرافییەکان، بێبەشبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابەشبوونی ناسنامە. بە بڕوای ئەو، ئەم ڕێکخراوانە لەناکاو نایەنە بوون، بەڵکو وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو، بە زنجیرەیەک قۆناغی سوڕێکی ژیاندا تێدەپەڕن کە لەم ماوەیەدا لە فۆرم و کارکردندا دەگۆڕدرێن، لە ئەگەری ئەوەی فاکتەری شکستی هێنانی دەوڵەت هەبێت لەگەڵ دابەشبوونی ناسنامە کە لە ڕێگەی کۆکردنەوە و هاندانەوە دەقۆزرێتەوە، قۆناغی پێگەیاندن ڕوودەدات کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ سەرهەڵدانی vnsas و یارمەتی دەدات؛ پاشان دەچێتە قۆناغی دروستبوون کە نوێنەرایەتی نموونەی سەرەتایی ڕێکخراوەکە دەکات. لەگەڵ هەبوونی هۆکاری فشاری تر، Vnsas بە شێوەیەک گەشە دەکات کە ڕێگەی پێدەدات خۆی لەگەڵ ژینگەکەیان بگونجێنن، ئەمەش ئاڵۆزی و گۆڕانکاری زیاتریان پێدەبەخشێت. وە ئەگەر بارودۆخەکان ڕێگەیان پێبدات پەرەبسەنن و خۆیان بگونجێنن تەنانەت لە ژینگەیەکی پشێویشدا، vnsas لەوانەیە بگاتە قۆناغێکی پێگەیشتن لە گەشەکردندا کە ڕەنگە بە هەمان ئاراستە بەردەوام بێت یان ئاراستە بگۆڕێت، ڕەنگە لە ئەنجامی ستراتیجییەکی هۆشیارانە، بەڵام زیاتر لەمە ڕوودەدات ئەوە بەهۆی سنووردارکردنی ژینگەیی، یان ڕێکخراوێکی تر بەرهەم دەهێنێت کە ڕەنگە هەمان ڕێڕەوی پەرەسەندنی خۆی پەیڕەو بکات یان لە سوڕێکی ژیانی نوێدا ئاراستەیەکی تر بگرێتەبەر. هەروەها ڕێکخراوەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ قۆناغی گەشەکردن یان تەنانەت دروستبوون و لەوانەیە بگاتە قۆناغی مردن؛ ئەمەش بەپێی توانای خۆی بۆ گونجاندن و ئیستغلالکردنی سەرچاوەکانی و کۆکردنەوەی وزەکانی.

پشکنینی شیکاری بۆ سوڕی ژیانی ئەم ڕێکخراوانە، شوێنپێهەڵگرتنی پەیوەندییەکانیان لەناو سیستەمی لاوەکییەکانیان لە لایەک و لەگەڵ ژینگەکەیان لە لایەکی دیکەوە، زانینی ئامانجەکانیان، پۆلێنکردنی ئەرکەکانیان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانیان، هەموو ئەو پرۆسانەن کە ڕێگەیان پێدەدەن دروستکردنی ستراتیجییەکی یەکگرتوو و کاریگەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان. ئەمە ئامانجی سەرەکییە کە بارتۆلۆم و هاوکارەکانی کاریان بۆ کردووە. بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری تیۆری سەبارەت بە ستراتیجی گونجاو بۆ مامەڵەکردن، بۆ نموونە لەگەڵ تیرۆر وەک یەکێک لە نەخشەکانی نساس لەگەڵ سەرکردەکانی جەنگ، سوپای تایبەت، ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ئایینیە توندڕەوەکان، گروپە نەتەوەپەرستە نەتەوەییەکان، نەیارانی جیهانگیری و ئەنارکیستەکان، کە لە نێو نەخشەکانی Vnsasدا دەژمێرن.

"پشکنینێکی شیکاری بۆ سوڕی ژیانی ئەم ڕێکخراوانە، بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکانیان لەناو سیستەمە لاوەکییەکانیاندا لەلایەک و لەگەڵ ژینگەکەیان لەلایەکی دیکەوە، زانینی ئامانجەکانیان، پۆلێنکردنی ئەرکەکانیان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانیان، هەموو ئەو پرۆسەیەن کە ڕێگە بدەن بە بونیادنانی ستراتیجییەکی یەکگرتوو و کاریگەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان دروست ببێت""

لە هەمان چوارچێوەی توێژینەوە ئەمنییەکاندا، بەشدارییەکانی ڕۆبەرت مەندەل دەبینینەوە، کە لە کتێبی "تێکچوونی ئاسایشی جیهانی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ئەرکەکانی سەقامگیری دەوڵەت دەگرن" پێشکەشی کردووە، هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی قووڵتر لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان؛ وەک بەکرێگیراو و یاخیبوو و تیرۆریست و سەرکردەی جەنگ. ئاشکرای کرد کە ئەمانە پەیوەندییان بە سەقامگیری ئەمنی لە ئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی و تەنانەت جیهانیشدا، لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ئەمنییەکان هەیە.

ماندێل بە پووچەڵکردنەوەی ئەو هێزە دەستی پێکرد کە مامەڵەی لەگەڵ کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەکرد وەک حزبی دژ بە گەیشتن بە ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی. بە قسەکردن لەگەڵ دیدێکی دژبەیەکدا، وا گریمانە دەکات کە ئەم کارەکتەرانە دەتوانن سەقامگیری بەرز بکەنەوە لەبری ئەوەی تێکی بدەن، تەنانەت نوێنەرایەتی فاکتەری کاریگەر دەکەن بۆ بەهێزکردنی حوکمڕانی ئەمنی. ئەمەش بەپێی ئەوەی کە لە توێژینەوەیەکەوە وەری گرتبوو کە دوانزە حاڵەتی لەخۆگرتبوو: چیچان لە ڕووسیا، دەرئەنجامی جێبەجێکردن لە سیرالیۆن، هێزی شۆڕشگێڕی چەکدار لە کۆڵۆمبیا، باندەکان لە سۆماڵ، حزبوڵڵا لە لوبنان، سوپای کۆماری ئێرلەندا لە بەریتانیا ، سوپای ئیسلامی عەدەن لە یەمەن، و سوپای بەرخۆدانی پەروەردگار لە ئۆگاندا ، مارا سالڤاتروچا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بوسیس لە جامایکا، تاڵیبان لە ئەفغانستان و یاکوزا لە ژاپۆن.

مەندەل کۆمەڵێک هۆکاری خستەڕوو کە بە دڵنیابوون لە کاریگەریی vnsas لە پێشخستنی سەقامگیریدا بینی. لەوانە بێتوانایی دەوڵەت لە گەیشتن بە ئاسایش و دادپەروەری، کە سووتەمەنی ئاژاوە و توندوتیژییە، هەروەها شکستی حکومەت لە جێبەجێکردنی یاسا و کۆنترۆڵکردنی ئاژاوەگێڕی؛ لەم هەلومەرجەدا ئەم گروپانە دەبنە تاکە دەرچە بۆ وەستاندنی توندوتیژی و ئەمەش زۆرجار لە ناوچە سنوورییە دابڕاوەکاندا ڕوودەدات، یان ئەوانەی کە ملکەچی هاوسۆزی خێڵەکانن نەک نەتەوەیی. جگە لەمەش، ماندێل جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕادەی لێبوردەیی و نەرمی و هەژمونی دەوڵەت بەرامبەر بە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و هەروەها ڕادەی کۆدەنگی ناوخۆیی ئەو گروپانە، جگە لە ڕێککەوتنی بیروڕای گشتی لە کۆمەڵگادا سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵەکانیان، هەموو ئەو هۆکارانەن کە ئەم کارەکتەرانە دەکەنە گەرەنتی بەدەستهێنانی سەقامگیری، بەتایبەتی دوای دروستبوونی فرەیی جوداخوازەکان و کێبڕکێیان بۆ مانەوە ، ئەمەش وایکردووە یەکێک یان زیاتریان تاکە چارەسەر بن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و کەمکردنەوەی ئاژاوە.

(کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتیەکان :تایبەتمەندی، جیاوازی و پێوەرەکانی پۆلێنکردن)

## (تایبەتمەندی و جیاوازییەکان)

فیل ویلیامز لە کتێبی "کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی"دا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتنێکی ورد لەم جۆرە کارەکتەرە پێویستی بە وەستان لەسەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە جیای دەکەنەوە لە کردارەکانی تر، کە سنووردار کراوە بەم خاڵانەی خوارەوە:

• کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی هەن کە حوکمی ناوچەکە دەکەن و گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی ڕێکخستنی نزیک لە دەوڵەتەکان وەکو (حزبوڵڵای لوبنان). لە کاتێکدا هەندێکی تر کەم دەبنەوە و دەبنە گروپی پێکهاتە سنووردارەکان.

• هەندێک لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی کۆنترۆڵی بەشێک لە خاکی دەوڵەتیان کردووە و پێکهاتەی ئیداریی خۆیان هاوتەریبە لەگەڵ دەوڵەت، یان لەبری دەوڵەت دامەزراوە. هەندێکی تر پێکهاتەی فەرماندەیی فراوان یان کۆکراوە دەگرنەبەر لەگەڵ کەمبوونەوەی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن بەسەر ئەندامەکاندا.

•ئەمەیە کە ڕێکخراوی قاعیدە و لەبەرگرتنەوە جۆراوجۆرەکانی جیا دەکاتەوە (قاعیدە لە ئەفغانستان، قاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، قاعیدە لە مەغریبی ئیسلامی، قاعیدە لە شام و عێراق).

• ڕەنگە هەندێک گروپ شاخ و لادێ و بیابانەکان بکەنە قەڵای گروپە تیرۆریستییەکان لە جەزائیر، هەندێکی تریش شار و ناوچە شارییەکان بکەنە شوێنێک بۆ چالاکیەکانیان

وەکو جەبهەتی نوسرە و سوپای ئازاد لە سوریا.
•هەندێکیان سەرنجیان لەسەر هێرشکردنە سەر ئامانجە سەربازییەکان وەک جۆرێک لە یاریکردن لە دژی دەوڵەت و گروپە چەکدارەکان لە باکووری سینا لە میسر. لە کاتێکدا گروپەکانی تر هێرشکردنە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی وەک ئامانجێکی ستراتیجی وەک گروپە چەکدارەکان لە میانمار و نەیجیریا وەک جۆرێک لە تەسفیەکردنی نەتەوەیی وەردەگرن.
پێکهاتەی هەندێک گروپ بەراورد دەکرێت بە هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی تەقلیدی (پیاو، ژن و منداڵ). لە کاتێکدا گروپەکانی تر تەنها لە شەڕڤانان پێکهاتوون.
هەروەها کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە ڕووی پشتبەستنیان بە هێز و زۆرکردن یان خۆبەخشی لە بەشداریکردندا جیا دەکرێنەوە.
(پێوەرەکانی پۆلێنکردنی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی هەمەچەشنن )
بەپێی پێوەرەکان کە گرنگترینیان ئەولەویەتی کۆنترۆڵکردنی خاک یان بەردەوام بن لەبوون ، (داهات و ئەندامێتی)و (داهات و ناسنامە).

## (ئەولەویەتی کۆنترۆڵکردنی خاکەکە)

بەدەستهێنان و کۆنترۆڵکردنی خاکێک نیشاندەری سەرکەوتنە بۆ ژمارەیەک لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی، چونکە ئەوان بە بەشێکی سەرەکی ستراتیجی ئامانجەکانیان دەزانن. ڕەنگە مەسەلەکە بگاتە ئەوەی کە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی (کۆمارەکانی سۆمالیلاند و ئەبخازیا) ڕابگەیەنێت، کە زۆرجار مامەڵەی ئاشتیانەیان هەیە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و هەندێک دەوڵەتی خاوەن بەرژەوەندی لە ناوچەی پەیوەندیداردا.

## (بەردەوامی لە مانەوە)

ماکس گلاس باس لەوە دەکات کە زۆرێک لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی ئامانجیان ڕووخاندنی سیستەمەکە نییە بەڵکو ڕەنگە خۆیان بە هۆکاری نائەمنی و ناسەقامگیری لە دەوڵەت یان دوژمنەکەی دیکە ڕازی بکەن. ئەمەش بە گوتەی گلاس ڕەنگە بەهۆی ئامانجێکی سنووردار یان کەمی چەک و تواناوە بێت. شایانی باسە هەندێک کارەکتەر سەرەڕای بێتوانایی لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، چالاکیەکانیان هەناردەی سنوورە نیشتمانییەکان دەکەن بە بڵاوکردنەوەی بنکەکانیان، هێنانی سەرچاوەی کۆکردنەوە، دامەزراندنی ئەندام و هێنانی چەک (بۆ نموونە پارتی بەرخۆدانی پەروەردگار لە ئۆگاندا، کە چالاکیەکانیان درێژدەبێتەوە بۆ کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و باشووری سودان).

## (ناسنامە و داهات)

ڕێگایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن و جیاکردنەوەی نەخشەکانی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی ئەوەیە کە تا چەند ناسنامە و داهاتەکان لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامەکانیاندا بەیەکەوە دەبەستنەوە. داهاتەکان لە نێوان ماددی و ئەخلاقی و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە ئەندامان جیاوازن. لایەنی ناسنامە بیرۆکەی دڵسۆزی و سەربەخۆیی دادەمەزرێنێت کە دیاری دەکات کە چۆن و چەند داهات بەدەست بهێنرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ناسنامە پەیوەندییەکانی ناو گروپ و دەرەوەی گروپەکە ڕێکدەخات. بەم پێیە گروپی نوێ دروست دەبن کە چالاکیەکان لە چالاکیە سەربازییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ چالاکیە سیاسییەکان و تەنانەت ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، وە هەروەها پەیوەندییە خێزانییەکان.

## (داهات و ئەندامێتی)

جێرمی ئەنیشتاین کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی بەپێی سەرچاوە و ئەندامێتی پۆلێن کردووە بە پاساوی ئەوەی کە چەندایەتی و کوالیتی ئەو سەرچاوانەی کە لە پێکهاتنی گروپدا بەردەستن، ئەندام و هاوسۆزەکانی دیاری دەکات، ئەو کارەکتەرانەی کە سەرچاوەی بەهای کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن (باوەڕ، زمان، ڕەگەز، کلتور و ئایدۆلۆژیا، تاکەکان ڕادەکێشن) وەک (گروپ و پارتی و حزبوڵای لوبنانی). لە کاتێکدا ئەو گروپانەی کە سەرچاوە ئابوورییەکان ، سەرچاوە سروشتییەکان، چالاکی دارایی تاوانکاری، و بازرگانی نایاسایی وەک باندەکانی تاوانکاری ڕێکخراو و چەتەی دەریایی بەکاردەهێنن ئەندامانی بە پابەندبوونێکی سنووردارەوە بۆ خۆیان ڕادەکێشن کە هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییە ماددییە کورتخایەنەکانیان وەکو (بەرەی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی سیرالیۆن و چەتەی دەریایی لە سۆماڵ). ڕەنگە هەندێک لە کارەکتەرەکان ئەو دوو نەخشەیە تێکەڵ بکەن.

## (هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی vnsas وە بازنەی چالاکیە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکانی)

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی

هەوڵدان بۆ ڕەگداکوتانی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە ڕووی مێژووییەوە وامان لێدەکات ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە زۆرێک لە فۆرمەکانی ئەم کارەکتەرانە بەقەد ئەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ دەیناسن کۆنن. لە شار-دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانەوە

بۆ دەوڵەت-نەتەوە بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە بڵاوبوونەوەی باندەکانی تاوانکاری ئاشنا بوو، وە سەبارەت بە سەدەی بیستەم شایەتحاڵی سەرهەڵدانی فۆرمێکی دیکەی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی بوو کە لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا نوێنەرایەتیان دەکرد. بەپێی ئەوەی ئەم سەدەیە فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتی بەخۆیەوە بینی.

ڕێگایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و جیاکردنەوەی نەخشەکانیان ئەوەیە کە تا چەند ناسنامە و داهاتەکان لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامەکانیاندا بەیەکەوە دەبەستنەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە زیادبوونی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و فرەچەشنی نەخشەکانیان و هەمەچەشنکردنی چالاکیەکانیان، هەموو ئەو هۆکارانەن کە تەحەدای ئاشکرا بۆ سیستەمی وێستفالی، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی شەپۆلی جیهانگیری کە جیهانی گرتووەتەوە.

جیهانگیری(عولمة) لە ڕێگەی ئەو میدیایانەی کە سنوور دەبەزێنن کاریان کردووە بۆ زیندووکردنەوەی دیاردەی پەیوەندی نەتەوەیی و ئایینی نێوان تاک و گروپەکان و ئاسانکاری بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی و جووڵە لە نێوانیاندا کردووە، ئەمەش وای لێکردوون لە جیاتی ئەو باوەڕپێکردنە تەقلیدیانەی کە لەگەڵ دارمانی هەندێک لە تایبەتمەندییە سەروەرییەکانی دەوڵەتدا دارما، وەفاداری نوێ وەربگرن و توانای پەرەپێدان و چوارچێوەدانیان لە شێوەی گروپی ڕێکخراودا پێبەخشی.

لە لایەکی دیکەوە ژینگەی پشێوی و کەمتەرخەمی کە لە ئەنجامی شکستی دەوڵەتەکانەوە هاتبووە ئاراوە، بەشدار بوو لە پێکهاتنی زۆرێک لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و کەشێکی بەپیتی بۆ زیادبوونی چالاکیە نایاساییەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی کەموکوڕیەکانی دامودەزگاکانی ئەم دەوڵەتانە کە توانای کۆنترۆڵ کردن و چاودێریکردنیان نەمابوو ، ئەمەش ئەو ژینگە کەمتەرخەم و شلۆقانەی پێکهێنا کە تیایدا ئاسانە گروپ بە هاوسۆزی نوێوە دروست بکرێت ، وە هەروەها دابینکردنی چەک لە دەوڵەتەوە جا لە ڕێگەی سنوورە ناپارێزراوەکانی دەوڵەتی شکستخواردووەوە بێت یان تەنانەت لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکانەوە بۆ هاوبەشکردنی چەکەکانی دوای دەستدرێژیکردنە سەر ناوەندە ئەمنییەکانی یان تەنانەت کۆگاکانی چەکی دەوڵەت ، وە یاخود هەستان بە کردنی بازرگانی نایاسایی کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی دارایی بۆ ئەم گروپانە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو بێهیواییەی کە تاکەکان تووشی دەبن بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت نەیتوانیوە پێداویستییەکانیان دەستەبەر بکات ، جا چ ئاسایش، ئابووری، کۆمەڵایەتی بێت هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروستبوونی جیابوونەوە لە ناسنامەیەکدا کە ئاسانە ئاڕاستەیان بکرێتەوە بۆ گەڕان بەدوای هاوسۆزی نوێدا کە ئەم گروپانەش دەرفەتەکان دەقۆزنەوە تاکو سەرکەوتوو بن لە ڕاکێشانی زۆرترین خەڵک بە لای

خۆیاندا.

**(بازنەی چالاکی vnsas)**

کایەی چالاکی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەوە دەست پێدەکات. توانای دەستڕاگەیشتن بە نێودەوڵەتی بۆ ئەم گروپانە پەیوەستە بە هۆکارەکانەوە، گرنگترینیان توانا سەربازی و داراییەکانیان، ژمارەی ئەندامەکانیان، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گروپەکانی دەرەوەی سنوورەکانیان و ڕادەی فشەڵی ئەو دەوڵەتانەی لە ناوچەکانی ئەواندان.

""ژینگەی ئاژاوەگێڕی و سستی کە لە ئەنجامی شکستی دەوڵەتەکانەوە سەریهەڵدا، بەشداریی کرد لە پێکهێنانی زۆرێک لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی، هەروەها ژینگەیەکی بەپیتی بۆ زیادکردنی چالاکیە نایاساییەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی کەموکوڕیەکانی دامەزراوەکانی ئەو دەوڵەتانە و تواناکانیان بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن""

بازنەی ناوخۆیی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە سنووری یەک دەوڵەتدا کاردەکەن لەم چوارچێوەیەدا (ئۆلگەر شرێکتێر) شێخ و سەرکردە جەنگییەکان ، باندەکان و میلیشیاکانی خێڵەکان لە ژێر ڕۆشنایی کۆنترۆڵکردنی هۆزەکان، سەرچاوەکان و دەستڕاگەیشتنیان بە پشتیوانی جەماوەری و کۆنترۆڵکردنی هەندێک ناوچە لە بەرامبەر دابەزینی کۆنترۆڵی دەوڵەت و لاوازی دەسەڵاتەکەیدا دەژمێرێت بۆ نموونە باسی "بەرەی نوسرە" لە سوریا و "کتائبی ما بعد الثورة" و " کتائب الثورة" لە لیبیا دەکەین.

**(بازنەی ناوچەیی)**

لەو شوێنەی کە مەودای چالاکی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی فراوان دەبێت بۆ ئەوەی ناوچەیەکی دیاریکراویش بگرێتەوە و ئەمەش لە ئاستی پشتیوانی و جوڵە و کاریگەری وەکو (حیزبوڵڵای لوبنان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و ڕێکخراوی "داعش" لە نێوان عێراق و سوریا).

**(بازنەی جیهانی)**

لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی چالاکی و کاریگەریی گروپەکە بۆ ئەوەی زۆرێک لە ناوچە و هەرێمەکان لەخۆبگرێت لە پشتیوانی و کاریگەریدا، هەندێکجار دەگاتە پێکهێنانی هاوپەیمانی ستراتیجی کە لە ڕێگەیانەوە کارەکتەری جیهانی کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ گروپە بچووکەکانی دیکە. وە نموونەیەکی دیارمان هەیە کە (القاعیدە) و لقە جیاوازەکانی لەخۆدەگرێت.

(شێوازەکانی کاریگەری Vnsas لە تایبەتمەندییە سەروەرییەکانی دەوڵەتەکاندا )
•ئەو فاکتەرانەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، بوونەتە هۆی پەرەسەندنی کاریگەریی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی دابەزینی هەندێک لە تایبەتمەندییە سەروەرییەکانی دەوڵەتان لەژێر فشارەکانی جیهانگیریدا ئەوانیش بەم شێوەیەن:

•کاریگەری لە ڕێگەی سازشکردن: ئەو کاریگەرییە تەقلیدییە کە دوای دانوستان لەگەڵ دەوڵەت دێت سەبارەت بە هەندێک بابەت کە دەتوانرێت بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو لایەن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت (ئەوەی لەم دواییانەدا لە نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکە ڕوویدا).
•گواستنەوە لە سازشی دەوڵەتەوە لەسەر هاوبەشی لە هەندێک لە ئەرکەکانیدا بۆ دزەکردنی هاوتەریب کە وا دەکات ئەم کارەکتەرانە ڕۆڵی هاوتەریب لەگەڵ ڕۆڵەکانی دەوڵەت بگێڕن کە دەگەنە ئاستی سەپاندنی یاساکانی خۆیان، بە تایبەت لە ئەگەری شکستی تەواوەتی دەوڵەت، یان کشانەوەی دەوڵەت لە هەندێک ناوچەی وەکو (بزووتنەوە چەکدارەکانی جیهادی لە مالی)
• خێراکردن لە دەستڕاگەیشتن بە نێودەوڵەتی: بە بەکارهێنانی ئامرازە جیهانگیرەکانی پەیوەندیکردن بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکان و فراوانکردنی بازنەی سەربەخۆیی و هاوسۆزی و پشتیوانی و دارایی و زیادکردنی کایەی کاریگەری.
• وەبەرهێنان لە ڕەهەندی ناوخۆیی و شوناسەکان : سەرەڕای گەیشتن بە ئاستی نێودەوڵەتی ژمارەیەک لەو کارەکتەرانە پەیوەندییە ناوخۆییەکانیان دەپارێزن بەتایبەتی لەڕووی دروشمەکانیانەوە وەکو (القاعیدە و گۆڕانی دروشمەکانیان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر).
• کاریگەری سەرەوە: لەسەر بنەمای جووڵە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیرۆکەی سنوورە تەقلیدییەکانی نێوان وڵاتان و ئیستغلالکردنی مەفرەزەکانی "کۆمەڵگەی جیهانی" لە لایەک (ئەو گروپە تیرۆریستییەی کە تیگنتۆرینیان کردە ئامانج لە جەزائیر کە تێکەڵەی چەندین نەتەوە بوون )، و دەرکەوتنی شکستی هەندێک وڵات لە لایەکی دیکەوە.
پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە vnsas کۆمەڵێک سیفەتی شەڕانگێز و نەرێنیشی هەیە وەک کوشتن، تیرۆر، ناسەقامگیرکردنی ئاسایشی دەوڵەتەکان، ئاوارەبوون، تاڵانکردن، قاچاخچێتی و ململانێ ناوخۆییەکان، واقیعەکە بوونی ژمارەیەک لەمانەی ئاشکرا دەکات ئەو کارەکتەرانەی کە شێوازی نزیکبوونەوە و هاوکاری دەوڵەت یان مافی مرۆڤیان گرتەبەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ململانێکان.ئێمە لەم چوارچێوەیەدا باس لە دەستپێشخەری جنێڤ کاڵ دەکەین بۆ قەدەغەکردنی مین لە ڕێگەی بەڵگەنامەی پابەندبوون، کە ئامانجی فراوانکردنیەتی بۆ بەڵێننامەکانی دیکەی

پەیوەست بە پاراستنی منداڵ و ژنان.
""کاریگەری ئەم کارەکتەرانە تادێت زیاتر دەردەکەوێت و فراوانتر دەبێت، ئەمەش پێویستی بە چڕکردنەوەی هەوڵە سیاسی، یاسایی، ئابووری و ئەکادیمییەکانیش هەیە؛ بۆ ئەوەی زیاتر لێی تێبگەین، و کۆنترۆڵی ڕێگا و گۆڕانکارییەکانی بکەن""
ئەم شێوازانەی کاریگەریی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی وای لێکردوون گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش بهێنێتە ئاراوە، کە ئێمە بەم شێوەیە کورتی دەکەینەوە:
• پێشێلکردنی سروشتی سەرەکی دەوڵــەت لـە خاکەکەیدا و کەمکردنەوەی قۆرخکارییەکەی بەسەر ئامرازەکانی زۆرەملێکردندا، بۆ نموونە حزبوڵڵای لوبنان و پابەندبوونی بە دەوڵەتی لوبنان لەڕێگەی چاودێریکردنی ناوچەیەکی گرنگییەوە، جگە لە خاوەندارێتی چەک و توانای بەکارهێنانی لە ناوخۆ و دەرەوە بە سەربەخۆیی تەواو و خاوەندارێتی تۆڕێک لە سەرچاوە ئابوورییەکان و تۆڕێک لە پەیوەندییە دەرەکییەکان.
• سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە شەڕ لەژێر ناوی شەڕی "ناهاوسەنگ"، کە تیایدا یەکێک لە حیزبەکانی کارەکتەرێکی نادەوڵەتییە و نەریتەکانی زۆر جیاوازە لە شەڕە ئاساییەکان لەسەر بنەمای بڕیاری ڕاگەیاندنی ئەوان کە نەخێر بۆ ماوەیەکی زیاتر لەلایەن دەوڵەتەکانەوە قۆرخکرا، ئەمەش بووە هۆی وەرگرتنی شەڕی گەریلا و شەڕی شارەکان، جگە لە ئیستغلالکردنی خەڵکی مەدەنی وەک قەڵغان.
• زیادبوونی کاریگەریی کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی و جددیەتی ئەو بابەتانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر پشتگوێیان دەخست، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچارکرد ڕێبازێکی دیکە بەرامبەریان بگرێتەبەر، بە ئامانجی نزیکبوونەوە لێیان، و هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی ڕێگاکانی هاوکاری لەگەڵیان لە ڕێگەی خۆیەوە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لە هەنگاوێکدا بۆ گۆڕینی ئەم کارەکتەرانە لە فاکتەری ناسەقامگیری ئەمنییەوە بۆ "گەرەنتیکەرێک"ی سەقامگیری (ئەزموونی جنێف کاڵ)

## کۆتایی

کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی، لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کارەکتەری نادەوڵەتی کە لەلایەن بەرژەوەندییە ئەکادیمییەکانەوە چاوپۆشییان لێ کراوە، بەهۆکاری پەلەکردن بۆ توێژینەوە لە کارەکتەرەکانی دیکە ، کە لە واقیعدا کاریگەری لەسەر ئەم بوارە هەیە، ئەمەش وا دەکات کە بەزەحمەت بتوانرێت پێشکەوتنەکان سەبارەت بەو بوارانە بخرێنە ڕوو و لە فۆرمێکی تیۆریدا چوارچێوەیان بۆ دابنرێت.
"کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کارەکتەر کە بەرژەوەندی ئەکادیمی پشتگوێ خراوە تیایدا""
کاریگەری ئەم کارەکتەرانە تادێت ڕوون و فراوانتر دەبێت، ئەمەش پێویستی بە چڕکردنەوەی هەوڵە سیاسی و یاسایی و ئابووری و ئەکادیمییەکانیش هەیە. بۆ ئەوەی

زیاتر لێی تێبگەین، کۆنترۆڵی ڕێڕەو و گۆڕانکارییەکانی بکرێت، کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕابگیرێت و ئەگەری دووبارە ئاڕاستەکردنەوەی چالاکیە توندوتیژەکانی بکرێت بەڵام چوارچێوەیەکی هاوبەشدا.

لە کۆتاییدا، تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی سەرەتا پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی ورد و تەوافوقی چەمکەکە هەیە، پاشان شیکارییەکی قووڵی پاڵنەرەکانی ڕەفتار و کارلێکە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان، پێشبینیکردنی کردارە توندوتیژەکانیان و هەوڵدان بۆ بینینی ئەوان لە داهاتوودا لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە بزووتنەوەکانی ئێستایان و زانینی سەرچاوەی پشتیوانی و خاڵە بەهێزەکانیان. بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاکانی مامەڵەکردنی عەقڵانی لەگەڵیدا وەک کارەکتەرێک کە کاریگەریی چەندایەتی و چۆنایەتی خۆی لە سیاسەتی جیهانی و ناوخۆییدا سەلماندووە.

سەرچاوە: گۆڤاری سیاسەتی عەرەبی

# کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ، ڕەوتی ئێستا و ئاڵنگارییەکانی داهاتوو

نووسینی: ئۆکتاڤیان گرۆزا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ناچارانە کەلێن هەیە لە توانای دەوڵەتاندا بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری ئەمنی و نەریتی و نا تەقلیدی. بۆ ئەم مەبەستە لە دەرئەنجامدا تۆڕەکانی حوکمڕانی ئاسایشی تایبەت سەریان هەڵداوە ، زۆربەی ئەم تۆڕانە لە بوارە یاساییەکاندا بوونیان هەیە و هەروەها هاوکاری نێوان حکومەتەکان و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە نا حکومی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرن، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەتوانن سوود لە بوارەکانی جوگرافی، تەکنەلۆجیا و سەرچاوە زانستییەکان وەربگرن لە کاتێکدا ناتوانن بەتەنیا ئەو لایەنانە کۆ بکەنەوە، نوسینەکانی تر لەم زنجیرە نوسینەدا سەرنج دەخاتە سەر ئەم تۆڕە شەرعیانە ، هەروەها سەرنجەکە لەسەر ئەو پرسیارانەیە کە کە بۆ چاودێری و لێپرسینەوە دەخرێنە ڕوو و تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە, هەروەها سەرنج دەخاتە سەر ئەو بابەت و ڕێگایانەی کە دەتوانن باشتر بەشداری بکەن لە باشترکردنی ئاسایشدا، ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر جۆرێکی جیاوازی کارەکتەری ئاسایشی نا دەوڵەتی یان کارەکتەری تایبەتی نادەوڵەتی، وەک کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان(NSAs) ،وەک تاکی نزیکی دووەمی شەرعییەکانیان ئەم کارەکتەرانە تۆڕی ئاڵۆزی حوکمڕانی ئەمنی پێکدەهێنن بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و هەروەها دابینکردنی

خزمەتگوزاری بۆ گەرەنتی کردنی مانەوەی خۆیان، لە هەمانکاتدا لە فەزایەکی ناشەرعیدا کاردەکەن.
بەشی یەکەمی توێژینەوەکە یەکێک لە جۆرەکانی کارەکتەری نا دەوڵەتی (گروپی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی )شیکاری دەکات ئەم جۆرە گروپانە بە گشتی لە چوارچێوەی شەڕی چەکداریدا چالاکی دەکەن، دووەم جۆر کە شیکاری لەسەر دەکات کارەکتەرە نادەوڵەتییە چەکدارە نایاساییەکانە وەک گروپی تاوانکارییەکان، باندەکانی گەنجان و میلیشیاکان و لە یاسا دەرچــووان، بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە هەردوو توانا وێرانکەرەکان و توانا پارێزەرەکان یاخود بونیادنانەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەخاتە ڕوو.

## بەشی١: گروپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان

### پێشەکی

زۆرینەی ململانێی چەکدارەکانی ئەمڕۆ لەناو ولایەتەکاندا ڕوودەدەن لەلایەن یەکێک لە گروپە چەکدارە نا دەوڵەتییەکانەوەیە، لەم ململانێیانەدا پێشێلکاری بەردەوام بەرامبەر بە بەها مرۆڤایەتییەکان ئەنجام دەدرێت لە لایەن کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و کارەکتەرە دەوڵەتییەکانیەوە، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەردەوام کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ئەو ناوچانەی هاوڵاتی سڤیلی تێدا دەژین و کۆنترۆڵیان دەکەن، لە ئەنجامدا هەوڵەکانی پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان تەنها بە دەوڵەت ناکرێت بەڵکو ڕەفتاری کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانیش بەشدارە لە پاراستنی هاوڵاتیان ، لێکۆڵینەوە لە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە مۆدێلی ئاسایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەما جیهانییەکانی(دەوڵەت سەنتەری دامەزراوەییە) جێی نابێتەوە، هەروەها سەبارەت بە گروپە چەکدارەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی نەریتی بە ڕکابەری بەبێ بەرپرسیارێتی فەرمی دادەنرێت، لە کاتێکدا حکومەتەکان پارێزەری باش بەڕێوەبردن و ئاسایش و دابینکەری مافی گشتین.
بەڵام هەتا دێت دان بەوەدا دەنرێت کە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان کارەکتەری سەرەکین لە ململانێ چەکدارییە هاوچەرخەکاندا و بنەمایەکی باش هەیە بۆ لێکۆڵیەوە لەسەریان لە هەردوو توێژینەوە ئەکادیمی و سیاسییەکاندا.
بەڵام لە ڕوانگەی یاساوە ، یاسای نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر دەوڵەت دەمێنێتەوە ،میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و پەیماننامەکانی ئێستا بە پلەی یەکەم لەسەر دەوڵەت دەمێننەوە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان ناتوانن دانوستان بکەن یان

بنە لایەنی پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان.
هیچ کۆدەنگییەک نیە لەسەر ئەوەی کە ئایا کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەشدارن لە پێکهێنانی یاسای نەریتی مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL).
لە زۆربەی کاتەکاندا ڕاوێژیان پێناکرێت کاتێک باس لە هەوڵەکان دەکرێت بۆ باشترکردنی پابەندبوون بەنۆرمە مرۆییەکان.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ڕێز لە یاسای نەریتی مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL) ومافی مرۆڤ بگرن و ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنیدا، بە واتایەکی تر دەتوانن بەشێک بن لە پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنیدا.

ئەم بەشەی یەکەمی توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ دیاردە و چەمکی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەکات ، هەروەها باس لە پێناسە و تایبەتمەندی و ڕێبازە پراکتیکییەکانی ئەم کارەکتەرانە دەکات، جەخت دەکاتەوە لە باشتر تێگەیشتن لە دیدگا و کردارەکانیان ، هەروەها بۆ پشتگیری لە جێبەجێکردنی کردارەکان دەکەن لە بەرژەوەندی پاراستنی تاک، هەروەها وا خۆی نیشان نادات کە بابەتەکە ئاڵۆز بکات بەو مانایەی بە گشتی باسی دەکات ، و هەندێک دیدگا و بەشداریکردن لە مشتومڕەکاندا پێشنیار دەکات سەبارەت بە کاریگەریی و ڕۆڵی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە شەڕی چەکداریدا وەک کەرتی ئاسایشی حکومی (SSG) و کەرتی ئاسایشی چاکسازی (SSR).

## پێناسە

هیچ پێناسەیەکی گشتگیر و پەسەند کراو نییە بۆ چەکدارە نادەوڵەتییەکان بۆ . لەم توێژینەوەیەدا گروپە نا دەوڵەتییەکان بە هەر گروپێک پێناسە دەکرێت کە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی فەرماندەییان هەبێت کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت کاردەکەن و هێز بەکاردەهێنن بە مەبەستی گەشتن بە ئامانجە سیاسەکانیان. ئەم کارەکتەرانە لەناویاندا " ئەو گروپانەی کە لە لە یاسا دەرچوون و هەوڵدەدەن دادپەروەری دەستەبەر بکەن " ، قەوارەی ئەو حکومەتانە دەگرێتەوە لەلایەن دەوڵەتانەوە دانیان پێدا نەنراوە.
ئەم پێناسەیە ئەوە بەدەر دەکات کە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتدان. بەڵام ئەوە بەدەر ناکات ئەگەر دوو گروپی نا دەوڵەتی شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن، پێوەر بۆ هەیکەلیەی فەرماندەی بنەڕەتی گرنگە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ پەیڕەوکردنێکی مرۆڤ دۆستانە، چونکە لە نەبوونی زنجیرەی فەرماندەیدا کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان زیاتر لە گروپی شلۆق و تاکی چەکدار دەچن نەک وەک کارەکتەری دیاریکراو.
بە شێوەیەکی ئاسای سەرنجی لێکۆڵەرەوانی جەنگی چالاکوانی مافی مارۆڤ لەسەر ئەو گروپانەیە کە بەشێوەیەکی سیاسی هاندەدرێن بۆ نمونە ئەوانەی کە ئەجندایەکی

سیاسی پەیڕەو دەکەن وەک لە تایبەت ( بواری ئابوری لە نێوانیاندا ) بەبێ پێویستی بەدەستێوەردانی کارنامەی سیاسی .ئەو چەمکەی کە زۆرێک لە توێژەران و نوخبەی سیاسی بەکاری دەهێنن زاراوەی "گروپی چەکدار" یان "گروپی چەکداری نادەوڵەتی"یە، لەکاتێکدا زۆرێک لە ئەکادیمییەکان زاراوەی وەک "گروپە یاخیبووەکان" و "یاخیبووان" بەکاردەهێنن .

بەڵام هەندێک کارەکتەری نادەوڵەتی هەیە کە بوون بە جێگرەوە و کۆنترۆڵی خاکێکی دیاری کراویان کردووەو بەڕێوەی دەبەن وەک ئەوەی کە دەوڵەتێک بن و گەشتوون بە ئاستێکی ڕێکخستنی هاوشێوەی دەوڵەتان و لە ململانێی بەردەوامدان و لە دۆخی "بێ ئاشتی،بێ جەنگ" دان لەگەڵ دەوڵەتدا. بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی (NSA)دایە بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان چونکە ئەو کارەکتەرانەی باس کراون زاراوەی "گروپی چەکداری نا دەوڵەتی" نایانگرێتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان.

سەرەڕای هەندێک لێکچوون لە نێوانیاندا، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە گروپی هەمەجۆری نا دەوڵەتی دەکەن هەندێک لەو گروپانە ئامانجی سیاسی ڕوونیان هەیە، لە کاتێکدا ڕەنگە ئەم ڕوونیە لە حاڵەتەکانی دیکەدا کەمتر ڕووبدەن ، هەروەها ڕەنگە هەنێکیان خاکیان کۆنترۆڵ کردبێت و پێکهاتەی کارگێڕییان هاوتەریبی دەوڵەت یان لە بری دەوڵەت دامەزراندبێت و هەندێکیکە لە گروپەکان کۆنترۆڵی کەمیان هەبێت بەسەر ئەندامەکانیاندا و لە ناوچە گوند نشینەکانیشدا چالاکیان هەبێت ، ئەنجامدانی شەڕ وەک گەریلا ، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانیتر بیرۆکەی خەباتی ناو شارن ، هەروەها هەندێکیان سەرنجیان لەسەر هێرشکردنە سەر ئامانجە سەربازییەکانە و هەندێکیکە لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان وەک پرسێکی ستراتیجی هێرش دەکەنە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی، لەوانەیە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە پیاوان ، ژن و منداڵ پێکهاتبێتن لە هەندێک گروپدا ئەندامانی شەڕکەری مێینە زۆرە ، ئەندامەکان دەکرێت لە ژێر فشاردا وەربگیرێن و یان بە خۆبەخشانە پەیوەندی بکەن ، هەندێک لە گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان پێکهاتەیان داناوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و چاودێریکردنی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەندامەکانیان.

سێ پرس کە دەتوانرێت بەپێی ئەوان لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان تێبگەین و جیابکرێنەوە لە یەکتر ، لەخوارەوە بە وردی لێکۆڵینەویان لەسەر دەکرێت بەپێی ، خاک، ناسنامە،سەرچاوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی فراوانتر.

## خاک

هەندێک لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بە ئاشکرا لە کۆڕبەندە جیهانییەکاندا بەشداری دەکەن و نوێنەریان هەیە لە وڵاتە جیاوازەکاندا، لە کاتێکدا هەندێکی تریان بە نهێنی کار دەکەن، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان چۆن دەتوانن لەسەر ئاستی دەوڵەتان کار بکەن و تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگە نێودەوڵەتەکانەوە دیاری دەکرێت بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دەوڵەتە پەیوەندی دارەکان و دراوسێکانەوە دیاری دەکرێت.

هەروەها جگە لە ڕەچاوکارییە سیاسییەکان ئەو شێوازەی کە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە کارەکتەرە دەرەکییەکان نزیک دەبنەوە پێی لە ناویاندا کارەکتەرە مرۆییەکان دەکەوێتەوەوە سەر ئەو پەیوەندیەی کە خاک و ناوچەکانیان بۆی دروست کردوون .

لە ڕاستیدا زۆرێك لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر هەموو جموجۆڵەکانی ناو خاکێکی دیاریکراو بەو هۆیەشەوە ژیانی هەزارەها هاوڵاتی کۆنترۆڵ دەکەن یان کاریگەریان لەسەر دادەنێن، نمونەی بەرچاوی ئێستا و ڕابردووی کارەکتەرە نا حکومییەکان کە پێگەی ئەوەیان هەبوبێت ناوچەیەکی دیاری کراو کۆنترۆڵ بکەن بریتییە لە بەرەی ڕزگاریخوازی ئیسلامی مۆرۆ لە فلیپین، پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی تامیل ئیلام لە سریلانکا، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی سودان، سوپای باشووری سودان و پارتی شیوعی نیپاڵ-ماویەکان.

زۆر جار پانتایی ئەو خاکەی لەلایەن کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت ئامرازێکە بۆ "سەرکەوتووی" ئەو کارەکتەرە نا دەوڵەتییە. لە ئاستێکی بەرزتری خاک کۆنترۆڵ کردندا هێزە جێگرەوەکان یاخود ئەو گروپانەی کە لە نێودەوڵەتیدا دانیان پێدا نەنراوە یان بەشێکی دەوڵەتەکان دانیان پێدا ناون دەدۆزینەوە ، وەک کۆماری سۆماڵ و ئەبغازیا. ئەم کارەکتەرە نا دەوڵەتیانە ئەوانەن کە بەشێوەیەکی سنوردار سەرکەوتوو بوون لە ئازادکردنی خاکەکانیاندا .

زۆرجار دۆخەکە لە ڕێگای پشتیوانی سەربازی و سیاسی و ئابووری ئەو دەوڵەتانەوە دەپارێزرێت کە هاوپەیمانی دەوڵەتەکەن ، ئەم دەوڵەتانە هەندێک جار بەشە کارگێڕییەکانی هاوشێوەی ( حکومەت، پەرلەمان، وەزارەتەکان، پۆلیس و سوپای چەکدار، هتد....) دادەمەزرێنن ، لە کاتی کار کردن لەسەر ئەم جۆرە خاکانە کارەکتەرەکانی وەک مرۆیی و کارەکتەرەکانی دیکە پێویستیان بە مۆڵەتی ئەم کارەکتەرە نادەوڵەتییانە هەیە، بەڵام ڕەنگە ئامادە نەبن کە وەک کارەکتەری نا دەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ نمونە داواکارن کە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە توانا و قەبارەی خۆیانەوە وەک دەوڵەت واژۆ بکەن.

کۆنترۆڵ کردنی خاک تاکە هۆکاری دەرخستنی سەرکەوتنی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان نییە بەڵکوو بەتەنها هەبوونی گروپەکە و بوون بە هۆکاری تێکدانی دەوڵەتێک یان دوژمنێکی تر بەس بێت بۆ دەرخستنی سەرکەوتووی گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان،

لە ڕاستیدا هەتا ئەو کاتەی کە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەردەوام بن و چالاک بن لە دەوڵەتێکدا و هەوڵی گەشتن بە ئامانجەکانیان بدەن دەوڵەتە پەیوەندیدارەکە بە ڕوداوەکەوە دۆڕاوە، وەک ماکس گلازەر ئاماژەی پێدەکات زۆرێک لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان مەرج نییە ئامانجیان گۆڕینی ڕژێم یان دەستبەسەرداگرتنی تەواوی دەسەڵات بێت، بەڵکو ستراتیجی بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی نەیارەکانیان بەهۆی نائاسایشی و ناسەقامگیرییەوە.
ئەمەش دەکرێت بەهۆی ئامانجێکەوە بێت لە ئاستێکی نزمدا یان خاڵی لاوازیان هەبێت لە (چەک، کاریگەرییەکان، ئامرازە داراییەکان و هتد...)، هەروەها ئەو کارەکتەرە نا دەوڵەتیانەی کە خاکیان کۆنترۆڵ نەکردووە وەک سوپای ڕزگاری کۆڵۆمبیا، سوپای بەرگری حیزبوڵڵا، بەڵام لە هەمانکاتدا جێگای سەرنجە کە بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی خاکی ئەم جۆرە کارەکتەرە نا دەوڵەتییانە زۆر جار لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کار دەکەن (بۆ بنکەکانیان ، کۆکردنەوەی سەرچاوە و دامەزراندنی ئەندامان) ئەمە بە تایبەتی بۆ سوپای بەرگری حیزبوڵڵا دەبێت کە هێرشە توندەکانی نەک تەنها لە ئۆگەندای زێدی خۆیدا کاریگەری لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی هەیە بەڵکو کاریگەری هەیە لەسەر کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ و کۆماری ئەفریقا ی ناوەڕاست و باشوری سودان.

### ١.ناسنامە و سەرچاوەکان.

ڕێگایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن و جیاکردنەوەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان ئەوەیە کە هەتا چەند پشت بە ناسنامە و سەرچاوەکان دەبەستن بە مەبەستی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامەکانیان.
تەنانەت دەتوانرێت کە خاک وەک جۆرێک لە سەرچاوەی بەنرخ تێبگەین کە کارەکتەرێکی نا دەوڵەتی هەیبێت یان بجەنگێت لە پێناو بەدەستهێنانیدا، کە وای لێدەگات دەستی بگات بە سەرچاوەکانی تریش ، وەک سەرچاوە ماددیەکانی ڕۆژانەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان وەک چەک ، پارە، پۆشاکی سەربازی ، ئامرازەکانی گواستنەوە و پەیوەندی کردن و جۆرەکانی تری ئامێرەکان.
لەگەڵ ئەو کاڵا ماددییانەدا کە لە لایەن کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە بەردەستە، چەند هەوڵێکی خزمەتکردنی دیکەیان هەیە وەک ، چەسپاندنی دادپەروەری، چاکسازی لە خاک و کەمپینەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی تەندروستی ، دەتوانرێت ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش بە ئەندامان و لایەنگران بکرێت هەروەها ئەو ئەندام و کەسانەی کە لەژێر کاریگەری کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکاندان یان ئەندامی خۆیانن، بۆ نمونە لە ویلایەتی شان لە بۆرما و ناوچەکانی(LTTE)ی سریلانکا، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان هەوڵیاندا بە مەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەکانیان بەسەر

ناوچەکانی ژێر هەژموونی خۆیان و دابینکردنی پاراستنی بەرجەستەیی و هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.
لە ڕاستیدا ، یەکێک لە گرنگترین ئەو شتانەی کە لەلایەن کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە دابیندەکرێت بریتییە لە ، ئاسایش بەتایبەتی ئاسایشی پاراستنیان لە حکومەت و هێزە نیمچە سەربازییەکانیان، هەروەها دابینکردنی " دادپەروەری شۆڕشگێڕانە" وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی پشتیوانییەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەندێک جار لە ڕێگایەکی زۆر توندوتیژەوە ئەنجام دەدرێت.
بەڵام کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە تەنها خاوەن و دابینکەری سەرچاوە ماددییەکان نین، ناسنامەی بەکۆمەڵ و تاکەکەسیش دروست دەکەن و بەرهەمیان دەهێنن .
سەرچاوە نا ماددییەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بریتین لە دڵسۆزی، هەستکردن بە پەیوەندی، پێگە لە ناو گروپ و لە دەرەوەی گروپ، لێهاتووی و زانیاری، لەناو خەڵکانی تردا بەمانە جیا دەکرێنەوە ، هەروەها کاتێک تاکێک دەچێتە ناو یەکێک لەم گروپانەوە ناوی خوازراو یان ناوی جەنگ بۆخۆیان دادەنێن ئەمەش تەنها بۆ پاراستن نییە بەڵکو وەک سەرەتایەکە .
بۆ ڕێوڕەسمێک کە وایان لێدەکات ببنە کەسێکی تر، ئەمەش ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەبنە خاوەنی ئەندامی تاک ناسنامە لەسەر حسابی ناسنامەکانی دیکە وەک ( خێزان، کۆمەڵگا، هتد....) . بە تایبەتی بۆ هەندێک لە ئەندامە گەنجەکانی، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و ئەندامەکانی دەبنە خێزانێکی نوێ، جێگەی ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە ڕەنگە سووکایەتییان پێکردبێتن یان بێهیوایان کردبێتن (هەرچەندە ئەمە مەترسی خراپ بەکارهێنانی نوێ دروست دەکات) ناسنامە نوێیەکە تەنها سەربازی نییە، بەڵکو شێوازێکی ژیان پێک دەهێنێت کە لایەنی ئەرێنیشی هەیە وەک لایەنەکانی کات بەسەربردن و پێکهاتنی سیاسی و سەربازی ، دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێ و هاوسەر ئەگەر ڕێگەپێدراو بێت لەسەر بناغەی خێزان ، بۆ پشتگیری لەو ناسنامەیە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان نۆرم، بەها، ڕەفتار و هتد... بۆخۆیان دادەنێن، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی سنوری چاوەروانکراوی کۆمەڵایەتی لەناو گروپە چەکدارەکەدا.
یاساکان بۆ پەیوەندییە دەرەکی و ناخۆییەکان دادەمەزرێن و زۆرجار سەرپێچیکار بە توندی سزا دەدرێت. جێرمی وانیشتاین کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانی بەپێی سەرچاوە و ئەندامێتی پۆلێن کردووە و دەڵێت ستراتیجییەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان هەڵبژێردراو نین و بەڵکو بەهۆی بارودۆخی دەرەکییەوە بەسەریاندا سەپێندراون، ئەو پێی وایە جۆر و بڕی ئەو سەرچاوانەی کە لەکاتی دروستبوونی گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکاندا بەردەستن، ئەو تاکانە لە قاڵب دەدات کە مەیلی بەلای بەژداری کردنە لە یاخیبوون و یاخیبووان هەڵدەبژێرێت، ئەو جۆرە ڕێکخراوەی کە پێکدەهێنرێت

ستراتیجی توندوتیژی بەکاردەهێنێت.
سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان وەک(بیروباوەڕی هاوبەش، چاوەڕوانییەکان و نۆرمەکانی ئاینی/فەرهەنگی/ئایدۆلۆجی) دەبنە هۆی دامەزراندنی تاکەکان بە شێوەیەک کە زۆر پابەندن، لە کاتێکدا کە دەرهێنانی سەرچاوە ئابوورییەکان وەک (دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، باجدان، کردەوەی تاوانکاری یان پاڵپشتی دەرەکی) دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کەسانی کەم پابەندبوو وەک ئەو کەسانەی کە بەدوای قازانجی کورت خایەندا دەگەڕێن.
ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی چالاکوان دژی هەلپەرست لە گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکاندا , بۆ نموونە گروپی کارەکتەری چالاکوان وەک یەکەکە،لە کاتێکدا بەرەی شۆڕشگێڕانی یەکگرتووی سیێرا لیۆن دەتواندرێت وەک کارەکتەری نادەوڵەتی هەلپەرست لەقەڵەم بدرێت.
بەڵام لەڕاستیدا زۆرجار گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان تێکەڵەیەکن لە نێوان ڕێکخراوە چالاکوانەکان و ڕێکخراوە هەلپەرستەکاندا کە بنچینەی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ناسنامە و سەرچاوە دادەنێن ، هەروەها هەڵبژاردنەکانیان لە ڕووی بەکارهێنانی توندوتیژی و پابەندبوونیان بە بنەما مرۆییەکانەوە لە سەرچاوەیەکی فراوانترەوە سەرچاوە دەگرێت.
بەدەر لەوەش ، لە کاتێکدا زۆرێک لە گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان وەک "چالاکوان" دەست دەکەن بە کار کردن زۆربەی جارەکان کەمبوونەوەی ژمارەی ئەندامەکانیان دەبینرێت کاتێک بەشێوەیەکی خێراتر دەست دەکەن بە گەشەکردن و بەشێکی تر لە هۆکاری کەمبونەوەی خێرای ئەندامەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توانای هەڵبژاردنی ئەندام و ڕاهێنان پێیان نییە .

### ٤.پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگایەکی فراو انتر.

جگە لە جموجۆڵەکانی ناوخۆ ، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان چەندیین پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراو و کارەکتەرەکانی تردا هەیە، بەم شێوەیە سێیەم داینەمیک بۆ تێگەیشتن لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان، تێگەیشتنە لە ئاستی پەراوێزخستن و پەیوەندییە گشتییەکانە لەگەڵ کۆمەڵگا فراوانترەکاندا ، بەتایبەتی کۆمەڵگا مەدەنییەکان . باس لەوەشکراوە کە توخمەکان پەیوەستن بە نیگەرانییە ئەمنییەکان و نهێنییەکان ، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش دەبنەوە و بونیادنانی مەعریفەی خۆیان . هەموویان بەشدار دەبن لە بەهێزکردنی هاودەنگی گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لەهەمان کاتدا بەدەریان دەکەن لە کۆمەڵگەی گەورەتر، لە ڕاستیدا ئەم کەیسە زۆر جار بۆ ئەوانە ڕاستە کە بە گروپی تیرۆرستی یا

باندی تاوانکاری ناوزەند کراون.
گروپە تەواو پەراوێزخراوەکان وەک شانە تیرۆرستییەکان هەتا ڕادەیەک دەتوانن کە ستانداردی کارکردنی خۆیان بە "ڕەفتاری گونجاو" دابنێن، زۆربەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بە تەواوی خۆ بەدەرکەر نین، ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی ناوخۆ و ڕێکخستنی، هەروەها بەدوای پەیوەندی دەرەکیدا دەگەڕێن و کارتی بازرگانی و ماڵپەڕیان هەیە، هەرچەندە دەسەڵاتی ڕێکخراوێک بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەندامانی خۆی کارپێکراوە، لە ڕاستیدا ئەمە بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان گونجاو نییە چونکە ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر هەندێک هاوڵاتییەوە هەیە کە بە ئەندام هەژمار ناکرێن سەرەڕای نایاسایی و نهێنی بوونیان، کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بە گشتی چەندین پەیوەندی جیاوازی و فرەجۆریان لەگەڵ کەسان و گروپانی جیاوازدا هەیە.

## ڕێکخراو و کۆمەڵگاکان.

ماریی جۆوڵ زەهار ئاماژەی بەوە کردووە کە دەتوانرێت کە پەیوەندی نێوان میلیشیاو مەدەنی لەڕووی ناسنامە و کۆنترۆڵەوە شیبکرێتەوە ، بەو گریمانە گشتیەی کە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکە ناسنامەی لەگەڵ دانیشتواندا هەبێت بە باشی مامەڵی لەگەڵدا دەکات ئەگەر نا ئەوا هەوڵ دەدات بە توندو تیژی کۆنترۆڵی بکات ، سەرەڕای ئەوەش ناسنامەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان نابێتە هۆی ئەوەی کە گروپەکان خۆیان لە هەوڵەکانی کۆنترۆڵ کردن بە دوور بگرتن جگە لەوەش "کۆنترۆڵکردن" تەنها پرسی کۆنترۆڵی سەربازی نییە، بەڵکو کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان پشت پێ بەستن بە هاوڵاتیانی مەدەنی دروست دەکەن بە مەبەستی جیاواز، وەک ئاسایش، پەیوەندییە ئابورییەکان، ئەوان خۆیان پشتپێبەستووی هاوڵاتیانن بە مەبەستی دامەزراندی ئەندام بۆ گروپەکانیان، هەروەها داهات (ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت )
هەروەها پشتگیری. جگە لەوەش تێریزا کۆڵۆما بێک تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەربەخۆیی تەواوەتی ئەنگۆلا (UNITA) بەشێک لە ئەندامانی خۆی بەزۆر وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا لە هەوڵدا بووە بۆ تێکەڵکردنی چەکدارەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای فراوانتردا بەتایبەتی بە هاندانیان بۆ هاوسەرگیری کردن و ژیان کردن لەگەڵ خێزانەکانیاندا، لێرە بە دواوە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەدوای ئاستی جیاوازی ناسنامە یان جێگیربوون لە کۆمەڵگەی گشتیدا دەگەڕێن و بەدەستیان دەهێنن، ئەمەش وایان لێدەکات کە تەواو جیاوازبن لە گروپە تەواو پەراوێز خراوەکان.

دەرئەنجام و چارەسەرکردنەکان.
هەرچەندە ئەگەر ئەوان کۆنترۆڵی خاکێکی دیاری کراو بکەن ، خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن بە ئەندامەکانیان و بازنەی هەڵبژاردن دیاری بکەن یان لەناو کۆمەڵگەی فراوانتر چەسپاوبن لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان توانای ئەوەیان هەیە کە ژیانی کۆمەڵگاکان بخەنە مەترسییەوە، لەوانە ڕێگریکردن لە یارمەتییە مرۆییەکان، چاندنی مینی چێندراو، بەکارهێنانی منداڵ وەک سەرباز و بازرگانیکردن و خراپ بەکار هێنانی چەکی سووک و چەکی قورس. ئەم جۆرە کردەوە توندوتیژانە هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی ئامادەبوونی گروپی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ململانێی چەکدارییە ناوخۆییەکاندا بەشداری مرۆیی کراوە بە بابەتێکی جێگەی بایەخ بۆ جێبەجێکارانی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ، لە ڕاستیدا هەر بە تەنها بوونی گروپی کارەکتەری نا دەوڵەتی لە خاکی هەر دەوڵەتێکدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتێک بێ توانایەو ئامادە نییە سەروەری یاسا لە هەمو خاکەکەیدا بچە سپێنێت لێرە بە دەواوە پێویستی بە هاوکاری دەرەکی هەیە، (لێرەدا وەک ڕێوشوێنی گشتگیر و زۆردار تێدەگەین کە لە دەرەوە بۆ گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان گیراوەتەبەر، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی هەبێت وەک ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی و دانیشتوانی ئاشتیخواز هەیە)

هەوڵەکان بۆ باشترکردنی پاراستنی کەسانی مەدەنی.
بوونی گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بە ئەجێندای سیاسی دیاریکراوەوە یان بەبێ ئەجێندای سیاسی دیاریکراو وە ئەمە تەنها دیاردەیەکی هاو چەرخ نییە بەڵکو چالاکییەکانی گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان هەر لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٩ وە باس کرابوو.

بەگشتی لە سەدەی پانزەی پێش زایینی بەهۆی گرنگییەکانی و کاریگەرییەکانیانەوە بۆ دەستپێکردن و بەردەوامبوونی شەڕی چەکداری ، گروپە چەکدارە نا دەوڵەتیەکان هەمیشە تا ڕادەیەک بابەتی لێکۆڵینەوەبوون ، سەرەڕای ئەوەش هەرچەندە کە دیاردەی کارەکتەری نادەوڵەتی بۆخۆی نوێ نییە بەڵام تێڕوانین بۆ ئەم گروپانە و چۆنییەتی پەیوەندی کردنیان گۆڕاوە، بۆ نمونە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕازیبوون بە یاسا نێودەوڵەتییە مرۆییەکان (IHL) و مافەکانی مرۆڤ ، چالاکوانان زیاتر دەنگیان بەرز بووەتەوە سەبارەت بە بێڕێزیکردن بەم یاسایە ، هەندێک جار بەناوی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە

هەندێک لە هەوڵەکان و ڕێگا نا سەربازییەکان بۆ بەرپرسیارێتی پێدانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بریتین لە :

هەوڵە گشتگیرەکان:
گفتوگۆ/دانسوستان و بڵاو کردنەوە ، ڕاهێنان/بونیادنانی توانا ، نێوەندگیری لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ.

خزمەتگوزارییەکان.
هەوڵە زۆرەملێکان:
ئیدانەکردن/ناونانی و شەرمەزارکردن، سزا، لێپێچینەوەی تاوانکاری تاکەکەسی و ڕیزبەندی تیرۆریستی.

هەوڵە جیاوازە گشتگیرەکان سەرنج دەخەنە سەر تێگەیشتن و بەشداریکردنی گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان ، هەوڵدان بە مەبەستی دروستکردن و چاندنی هەستکردن بە خاوەندارێتی نەریتە مرۆییەکان لەناویاندا، ئەوان ئەگەرەکانی پەرەپێدان و وەرگرتنی پابەندبوونی جیاواز بۆ گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەرەخسێنن، هەروەها دروستکردنی هۆشداری لەلایان و ڕاهێنان و چاودێریکردنیان
پاراستنی باشتری هاوڵاتیانی مەدەنی ئامانجی سەرەکی ئەم هەوڵانەیە لە ڕێگەی هاندانی گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەریان ، ئامانجە لاوەکییەکان بریتین لە دروستکردنی متمانە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان (لەڕێگەی دانوستان یان ڕێکەوتنی مرۆییەوە) هەروەها بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان، دەتوانرێت هەوڵە زۆرەملێکان لەگەڵ هەوڵە گشتگیرییەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵام بەگشتی بەکاردەهێنرێت لەلایەن کارەکتەرانی ترەوە جگە لە چالاکوانانی مافی مرۆڤ یان چالاکوانە مرۆییەکان ، هەوڵە جیاوازەکان دەتوانن بە بەهێزتر کاربکەن یان دژی یەکتری کاربکەن ، بەگشتی شێوازی کارکردنیان بەندە بە کاردانەوەی گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە بەرامبەر ڕێبازە زۆرەملێکان، بە گشتی، میکانزمە زۆرەملێکان نەسەلمێندراون کە کاریگەربن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان لەسەر گروپە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان .
هەوڵە گشتییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری گرنگ دەبنەوە، یەکەم دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان هەندێک جار ئامادەنین ئاسانکاری بۆ ئەم جۆرە کارانە بکەن لەلایەن ڕێکخراو و دەزگا ناحکومییە نێودەولەتییەکان و نیشتیمانییەکانەوە، لەڕاستیدا دەکرێت دەوڵەتەکان دوودڵ بن و نەتوانن بە شێوەیەکی ئاسان دان بنێن بە بوونی ململانێیەکی چەکداری ناوخۆیی لەسەر خاکەکانیان، بیانەوێت خۆیان لە

لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بەدوور بگرن لەوەی کە ئەوان بەکاروباری ناوخۆیی دەزانن و ترسیان دەبێت لە پەرەپێدانی دروستبوونی گروپی کارەکتەرێکی دیاریکراوی دژبەر.
هەرچەندە ، نووسراوی ٣ی پەیوەندیدار بە کۆڕبەندی جنێڤی ١٩٩٤ کە گوزارشت لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی دەکات، ڕێگری دەکات لە هەر کاریگەرییەک لەسەر حاڵەتی یاسایی پارتە نادەوڵەتییەکان بۆ شەڕ و پێکدادان. دووەم، بوونی ژمارەیەکی جیاواز لە لیستی تیرۆرستی ئاستەنگ بۆ کاری کارەکتەرە مافپارێزەکان دروست دەکات بەتایبەتی لە دانانی بەربەست و سنووری سیاسی و لۆجیستیکی بۆ کۆبوونەوەو و چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ دۆستانە(بەشێوەیەکی بەرچاو مەشقکردن). لە کۆتایدا، ستراتیجی و ئامانجی هەندێک لە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان ئەگەری هەیە بەربەست و ئاڵنگاری لە پرۆسەکەدا دروستبکەن. بۆ نموونە، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئەگەری هەیە ڕێز لە نۆرمە مرۆڤایەتییەکان نەگرن لەبەر ئەوەی ئاشنانین پێی یاخود هەست بکەن بەربەست دەخاتە بەردەمیان ،یاخود زۆر بە سادەیی ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە مانای عەدالەت کۆتایی پێدێنێت.

## کۆتایی

دەتوانین لە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان تێبگەین وەک ئەو یەکانەی لەلایەن تاکەکانەوە بنیادنراون، وەک دەوڵەت، کۆمپانیا، خێزان، هتد. کە داینامیکی ناوخۆیی خۆیان هەیە. بەشی یەکەمی نووسراوەکە وەک ڕێکخراوێک کە هەوادار و شوێنکەوتووی هەیە سەیری کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانیانی کردووە.

**خاسییەتەکان:**

بەکارهێنانی توندوتیژی (سیاسی) وەک شێوەی دیاریکراوی چالاکییەکانیان.
-پەیوەندییەکی دیاریکراو بە ناوچەوە:
-بەڕێوەبردنی هەندێک لە قۆناغە بابەتی و نابابەتییەکان (ناسنامە لە نێویاندا) سەرچاوەن بۆ ئەندامانی گروپ، وە بۆ کۆمەڵگای دەوردراویشیان.
-قۆناغی جۆراوجۆر لە پەراوێزخستن و لەخۆگرتن لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی فراوانتر.

پەڕاوەکە گرنگی دۆزینەوەی ڕێگاکان تاوتوێ دەکات بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە پێکدادانەکانی ناوخۆی دەوڵەت لە ئەمرۆدا. بە دڵنیاییەوە، ویست بۆ پاراستنی مەودای مرۆڤایەتی لە جەنگ و پێکدادانەکان جەختی زۆری لەسەر دەکرێتەوە و گرنگییەکی ئێجگار زۆری پێدەدرێت لەبەر ئەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی گەورەترین خەسارە و باج دەدەن لە پێکدادانە چەکدارییەکاندا. بە پشتبەستن بە ئەزموونی ناوازەی بانگەشەی جنێڤ و هەوڵدانە فراوانەکانی، بیروباوەڕمان وایە کە تێگەیشتن و تێوەگلاندنی کار

ەکتەرە نادەوڵەتییەکان گرنگە، نەک تەنها بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان لەسەر مرۆڤایەتی و هاوڵاتیانی مەدەنی، بەڵکو بۆ پەرەپێدان بە سەرکەوتن لە پرۆسەی کەمکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی ڕامالینی چەک، دووبارە دروستکردنەوە، هەروەک لە حکومەتی ڕژگایخوازی سوریا و سێکتەری ئاسایشی سوریدا لەدوای جەنگ دەرکەوت.

## بەشی٢: کارەکتەری نادەوڵەتی چەکدار

### لە ئاسۆدا

بەشی دووەم باسێکی کورتی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەکات کە جیاوازن لە گروپە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکان و چۆن لە حاڵەتی بێ ململانێیدا مامەڵەدەکەن. ئەم بەشە وادەردەکەوێت کە قووڵ بێت. هەرچەندە، هەوڵدەدەین کە لە ژمارەیەک لەو کارەکتەرانە بڕوانین کە پێناسەکە دەیانگرێتەوە و دەکەونە نێو تێگەشتنی نەریتی ئێمەوە بۆ کارەکتەری نادەوڵەتی و گرنگیان زیاد دەکات لە ساڵانی داهاتوودا.

### ئاسایشی تایبەت

ساڵی ١٩٩٠کان ساڵانی گەورەبوون بوو لە جیهاندا بۆ سیاسەتی تایبەت وە نەبوونی ئاسایش فشاری دەخستە سەر هاوڵاتیان و دامەزراوەکان بۆ پارێزگاریکردنیان لە کارەکانی دەوڵەت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە، پۆلیسی تایبەت لە هاوبەشە گشتییەکانیان زیاتربوون بە ڕێژەی ١ بۆ٣. بۆ بابەتی کەیسی فۆرمە بەرگریکارییەکان لە خوارەوە باسی لێدەکرێت، هاوڵاتیان بە شێوەیەکی بەرگریکارانە ڕووبەڕووی نائارامی و نا ئاسایشی دەبنەوە. ئەوانەی کە توانای ئابووریان هەیە بۆ ئەوەی خەرجییەکان لەخۆبگرن، لە ناوچە شارنشینە پارێزراو و تایبەتەکاندا خۆیان بەدوور دەگرن، کە لەو کۆمەڵگا دەورەدراوانە بە تەلبەندی کارەبایی، دیواری بەرز، کامێرای چاودێری و کارمەندی ئاسایشی چەکدار. نموونەی ئەو ناوچانە وەک سانتا فی لە شاری مەکسیکۆ سیتی، کە تێیدا هەموو ناوچەکە وەک قەڵایەکی مۆدێرن دیزاین کراوە بە سیستەمێکی پێشکەوتوو کە هاتوچۆی هاوڵاتیان زۆر سنووردارییێت لەسەری. شێوازی چاودێری کامێرا و پاسەوانی تایبەتی سانتا فی لە ناوچەکانی دیکەی شارەکە و شارە هاوشێوەکانی دیکە لە جیهاندا لاسایی دەکرێتەوە. پەیدابوون و زیادبوونی پاسەوانی تایبەت پرسیار دەربارەی ئازادی دروست دەکات ، بەتایبەتی، لە بابەتی هێزی تایبەتی دەرەوەی پێکهاتەی بەرپرسیارێتی دەوڵەت. ئەم پرسیارانە زیاتر ڕوون دەکرێنەوە لە بەشەکانی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا. شایەنی ئاماژەپێکردنە لە

ئێرەدا، سەرەڕای ئەوەی ئاسایشی تایبەت هاوئاهەنگییە دیدگایەکی تەسک و کورتی بۆ کێشەی نائاسایشی گشتی هەیە و بەدەگمەن ئاژانسە حکومییەکان و دامەزراوە دیموکراتییەکان تێوەدەگلێنن، دامەزراوەکان پەیوەندییان بە ژوورەکانی بازرگانی و ئاڵۆگۆڕ و یەکەکانی سێکتەرە تایبەتەکانەوە هەیە، زیاتر گرنگی بە کێشەکانی وەک تاوان و گەندەڵی پۆلیس دەدەن لەبەر ئەوەی ئەوان ژینگەیەک دروست دەکەن کە قازانجی ئابووری لەپێشینە دادەنێت، وە بە دروسکردنی بێهیواییەک بۆ وەبەرهێنەرە تایبەتەکان بێت یاخود بە دوورخستنەوەی بەکارهێنەرە ئەگەرییەکان بێت. نەک بەهۆی ترسیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی. لە میانەی ئەم چوارچێوەی کارەدا، ترس و دڵە ڕاوکێی لەبارەی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ زۆر چەقی بابەتەکان نین، لە کاتێکدا ئەو تەکنیکانەی ئەم ڕێکخراوانە لەلایان پەسەندە زیاتر پێکهاتووە لە کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتن... زیاتر لەوەی پابەندبن بە دیموکراسی و پرۆسەی دیارخەر و فەرمانڕەوایی کردنی یاسا بە گشتی پەیوەست بە وتوێژ لێرەدا ئەو ڕاستییەیە کە کۆمپانیا ئاسایشە تایبەتەکان هەندێک کات وەک ڕکابەر خۆیان دەنوێنن وەک لەوەی لە غەمدابن لەگەڵ دەوڵەت کە مافی سەرەکی هەیە لە پاراستنی هاوڵاتیان. سیاسەتی تایبەتی ئەگەری هەیە بەڵگە لە دەوڵەت بشارێتەوە ، یاخود ئەگەری هەیە ئۆفیسەرە گشتییەکان خۆیان بەدووربگرن لە هاریکاریکردن لەگەڵ هاوپیشەکانیان بۆ هۆکاری پاراستنی دەسەڵاتی دەستووری خۆیان. ئەگەری هەیە سێکتەرە تایبەت و گشتییەکان پێشبڕکێ بکەوێتە نێوانیان لە بواری کارمەندی ئەزموونداری، کە ئەمەش هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی تاکی ئەزموونداری و شارەزا لە کەرتی گشتیدا و ڕاکێشانیان بۆ کەرتی تایبەت. دووبارە، لە بەشەکانی دیکەدا ئاماژەمان بەوەداوە کە ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ژینگەی کۆنترۆڵکراوی بازاڕ و خود ڕێکخەر و یاسا و میدیایی هۆکارن بۆ وجود دانان و هەژمارکردن بۆ ئاسایشی تایبەت. بەدڵنیاییەوە، وەڵامدانەوە بە فشارکردنی کۆمەڵگا و کارەکتەرەکانی کەرتی تایبەت زۆرینەی کات هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەستێکی یەکگرتووی گشتی دروست بکەن بە دیاریکردنی ئامانجەکانیان لە پاراستنی بەهای کۆمەڵایەتی گەورەتر. تاک ناتوانێت خۆی لەو ڕاستییە بشارێتەوە ، کە ئاسایشی تایبەت لەم بەرگ و فۆرمەدا تەنها بۆ ئەو تاکانە بەردەستە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانن خەرجییەکانی لە خۆبگرن. لە نێو ئەوانەشدا کە ناتوانن ، ئەو کەسانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە دەبن بە میلیشیا و ئەوانەشی دەستیان ناگات بە ماددە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵدرێن بۆ چاودێرییە پینەکراوەکەی دەوڵەت، لەگەڵ تاوانی ڕێکخراو، گروپی مافیا و چەتەگەرایەتی، یاخود هیچ پاراستن و ئاسایشێکیان بۆ فەراهەم ناکرێت. ئێمە سەرنجمان دەخەینە سەر ئەم دوو پۆلێنکردنەی کۆتایی.

## گروپە تاو انکارەکان

لە کاتێکدا تاوانی ڕێکخراو دیاردەیەکی گەورەی ئابوورییە ، لە چەندین دەوڵەتدا، وەک ڕۆڵێکی گرنگی دامەزراوەیی مەزەندە دەکرێت، بە شێوەیەک لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەی لەلایەن دامەزراوە حکومییەکان یاخود بەهۆی لاوازبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دروست دەبێت تۆڕی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە مەکسیک بە نموونە وەردەگرین، کە لەژێر سایەی پاراستنی فەرمیدا گەشەیان سەندووە. بازرگانی نایاسایی ماددەی هۆشبەر،چەک، مرۆڤ، پێویستی بە هێزی چەکدارە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانیان و پاراستنیان. ئەم ڕاستییە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان تاوانی ڕێکخراو و خزمەتگوزارییە ئاسایشییەکان دروست دەبێت، لەگەڵیشیدا جیاکاری جوگرافی لە زۆنی کارەکانیان هۆکارە. وەک چۆن دایان داڤیس تاوتوێی دەکات لە توندترین ئاستدا، گروپە تاوانکارەکان توانای کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگایەکی تەواوەتییان هەیە، دەتوانن ئەوەندە خۆیان بخزێننە قوڵاییەوە کە وجودیان وەک کارێکی ئاسایی سەیربکرێت. ئەم گروپانە،( کە ئێمە لە حاڵەتی ئاسایدا وەک کارەکتەری نا دەوڵەتی سەیریان دەکەین) سیستەمی دەسەڵاتی هاوتەریب بونیادنانێن. ئەوان نیەتیان نییە کە دەوڵەت بڕوخێنن و هیچ هاندەر و تموحێکی سیاسییان نییە. لەبری ئەوە، ئەوان شێوەیەکیان بنیادناوە کە نە وجودی هاوتەریب ناوزەند دەکرێت کە سوود لە لاوازییەکانی دەوڵەت دەبینێت. بە پێچەوانەی کردەی یاخییەکان دژی دەوڵەت، ئەم گروپانە لە بری دەوڵەت کاردەکەن. وەک ئەوەی دەیڤس پێشنیاری کردووە هێزە مافیا چەکدارەکان دژواری نابینن بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی سیاسی، کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت یاخود پێکهاتەی سیاسی بە پێچەوانەی باڵادەستی ئابووری و ناوچەیی و داگیرکاری بۆ کۆنترۆڵکردن و کردنەوەی گرێکانی ناوچەکە و تۆڕی ئاڵوگۆڕکردن بۆئەوەی چالاکییە ئابوورییەکانیان کردەیی بێت. ئەم گروپە نادەوڵەتییانە لە بنچینەدا کارەکتەری ئابوورین، کە ناوچە نیشتەجێیەکان بەکاردەهێنن بۆ چالاکییە نا یاساییەکان. بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەردەست بخەنەوە بۆ خەڵک خزمەتگوزاری بەردەستدەخەن، ڕەوایەتی بونیاددەنێن لە ڕێگەی پەیوەندی ئاڵۆزو بەرژەوەندی هاوبەش. ئەم خزمەتگوزارییانە بەنرخن لەبەر ئەوەی دەوڵەت ناتوانێ بەردەستیان بخات، ئەمەش ویست لەسەریان دروست دەکات. بەرهەمی بە قاچاخ هاوردەکراو و گەیاندنی پێویستی بە پاراستنی چەکداری هەیە بەڵام ئەم پاڵپشت و پارێزگارییە زۆرینەی کات لەلایەن گروپە ناوخۆیی و ناوچەییەکانەوە ئەنجامدەدرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان. پاڵپشتی کۆمەڵگا یەکێکە لە فاکتەرە بنەڕەتییەکان بۆ بەردەوام بوونی گروپە چەتەییەکان، بەتایبەتی بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری بە هێزەکانی دەسەڵات. نموونەیەک وەردەگرین، لە هەندێک ناوچەی هەژار نشینی ڕیۆدیجانیرۆ و ساوپاولۆ دانیشتوانەکان تا ئێستاش

پاڵپشتکردنی بازرگانی مادده هۆشبەرەکان و سەربازی پاراستنە تایبەتەکانیان لا پەسەندترە ، لەبەر ئەوەی دڵنیایی لە پاراستنی باشتر دەدەن وەک لە پۆلیس و دەوڵەت. دەستتێوەردانی پۆلیس زۆر دەگمەنە لە ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی یارمەتیدانی تاوانبارەکانیان لا پەسەندترە کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. شانبەشانی هێزەکانی پۆلیس و چاودێریکردن، دادپەروەری بابەتێکی دیکەیە کە تێیدا ئاسایشی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان فەراهەمی دەکەن لەو ناوچانەی تێیدا چالاکن. بۆ هاوڵاتییە هەژارەکانی زۆرینەی شارەکان، دادپەروەری و عەدالەت و ئەنجامەکانی دڵنیایی نادات، هۆکارە بۆ دروستبوونی(دووبەختی لە بەدەستهێنانی دادپەروەریدا) . بۆ نموونە، لە ژمارەیەک زۆری ناوچە هەژار نشینەکانی ڕیۆدیجانێرۆ، پشتگوێخستنێکی زۆر بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەلایەن دەوڵەتەوە هۆکاربووە بۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵکردنی گروپە تاوانکارەکان کە لە ئێستادا باڵادەستن لە ڕێککەوتنەکان و حوکمدەکەن . بەدەستهێنانی دادپەروەری جۆراوجۆرە بەڵام ئەم گروپانە هێزێکی تایبەتییان هەیە بۆ بڕیاردان لەوەی کە چی ڕێگەپێدراوە لەژێر سیستەمێکی دادپەروەری ڕاگەیەندراو ، هەروەها سزاکان بلاودەکرێنەوە بۆ ئەوانەی یاسا دەشکێنن. ئەمە زۆرینەی کات سزای زۆر توند لە خۆدەگرێت بۆ تاوانەکانی وەک دزیکردن و دەستدرێژیکردن. پێوانەی توند ( لەنێویاندا سزاکانی دەوڵەت) پاڵپشتی دەکرێن لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا دابڕاوەکان لە بنچینە دادپەروەرییە فەرمییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. گروپە تاوانکارەکان لە ناوچەی دیکەشدا چالاکن کە بیروباوەڕ تێیدا بڵاوە، بیروباوەڕی خۆشگوزەرانی و یەکسانی بەکاردەهێنن بۆتەجنیدکردن و ڕاکێشانی ئەندام ،بونیادنانی پاڵپشتی. بە نموونە "زێتاکان" لە مەکسیک وەردەگرین، کە سەرکەوتووبوون لە بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تاکێتی لە ڕێگای ڕەخساندنی هەلی کارەوە، بە بونیادنانی بنچینەیی و ڕەخساندنی شتومەک و خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگاکە.ئەم خزمەتگوزارییانە بەگشتی پارە پێدان بۆ چارەسەری پزیشکی , خۆراک یاخود کۆمەک بۆ ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، هەلی دامەزراندن و قەرزی فریاگوزاری لە کاتی پێویستیدا. لە هەندێک گروپە تاوانکارەکانی ڕیۆدیجانێرۆدا، زۆرینەی کات فستیڤاڵ و ئاهەنگەکان بەڕێوەدەبەن، دیاری دەبەخشنە منداڵان لە بۆنەکاندا، چاکسازی لە ماڵەکاندا دەستەبەر دەکەن و لە پرۆژەکانی بونیادنانندا بەشدارن( بە نموونە باشترکردنی کوالیتی ئاو ). لە ڕیۆدیجانێرۆ، پاڵپشتی دانیشتوانەکان وەک نێوەندگیری نێوان هەژار نشینەکان و گروپە تاوانکارەکانە یارمەتییاندەدەن بۆ کارکردن لە نێو پێوانە (نۆرمە) ناوخۆییەکان و هاومامەڵەکردن لەگەڵیان، بۆ هێشتنەوەی پاڵپشتی گشتی. لەزۆرینەی کاتەکاندا ئەم گروپانە ڕەوایەتی تەواویان نییە بۆ بنادنانی پێکهاتەی تەواوەتی بەتەنها و لە ئەنجامدا، ناچارن بۆ کارکردن لە ڕێگای تۆڕە ناوخۆییەکان کە متمانەیان پێیان هەیە بۆ بونیادنانی پاڵپشتی بۆ چالاکییەکانیان. تاوانبارەکان و دەوڵەتیش بەیەکەوە کار دەکەن لە کاتی

تایبەتدا بەڵام، وەک هاوکاری دانیشتوانەکان نییە، ئەم هاوبەشیکردنە بە شێوەیەکی زۆر لە چاو و ڕای گشتی دەشاردرێتەوە لەبەر ئەوەی ڕەوایەتی و فەرمی بوونی دەوڵەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە کۆمەڵگا هەژارنشینەکانی ڕیۆدیجانێرۆ شێوازێکی کرێارانە هاتۆتە سەرحوکم، کە تێیدا بازرگانەکان بڕێکی زۆر پاڵپشتی دەستەبەر دەکەن. سوودەکەشی بۆ ئەوان بریتییە لە بەدەستهێنانی دەنگ و کڕینی دەنگەکان، ئەگەر بە تەواوەتیش پاڵپشتیان بەدەست نەهێنن.
یارمەتی دانیشتوانەکان، لێرەشدا ڕۆڵ دەبینێت، بە ڕۆڵبینین وەک نێوەندگیر لە نێوان بازرگانەکان و کارەکانی دەوڵەت و دامەزراوە نادەوڵەتییەکان، کە هەموویان هاوسەنگەری هەوڵی بازرگانەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگاکە. هاریکاری دانیشتوانەکان، لە بەرامبەری پاڵپشتییەکانیان، تەنها هەوڵە بۆ سنووردانان بۆ توندوتیژییەکان.

## میلیشیاکان، خۆقانوونگێڕەکان و چەتەکان

بە پێچەوانەی ڕێکخراوە تاوانکارییەکانەوە، دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا ئەرکێکی لەپێشینەییە و سەرەتاییە نەک ئەرکێکی لاوەکی بۆ گروپە میلیشیاییەکان
میلیشیاکان وا باس کراون کە وەک جۆرێک لە یارمەتیدانی خۆیانیان بەکارهێناوە بە مەبەستی دەربازبوون لە دۆخێکی تایبەت کە تیایدا ناکارایی و ئاڵۆزی کارگێڕی بێتوانایی دەست گەیشتن بووە بە یاسا، لەو شوێنانەی کە تیایدا هەوڵی پاراستنی دەوڵەت لە توندوتیژی کەمە و سەرچاوەی بەدیهێنانی ئاسایشی تایبەتیان کەمە یان هەر نییە ، هیچ بژاردەیەکیان لەبەردەمدا نامێنێت جگە لە پەنابردن بۆ دادپەروەری لە ڕێگای "هۆشیاری ورد و سەرەتایی" و هەروەها " خۆ یارمەتیدانی یاسایی" میلیشیاکان بەرهەمی دروست بوونی نا ئاسایشیەکی لەڕادە بەدەرن، یان بەرهەمی دروست بووی ئەو کۆمەڵگا نا ئارامانەن کە هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ کوشتن و دادپەروەرییەکان نییە. عێراق لەم ساڵانەی دوایدا بووە بە نمونەیەکی کۆنە پەرستانە لەگەڵ لەناوچوون و تایبەتمەند کردنی ئاسایشی گشتی کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی میلیشیا خێڵەکییەکان و دەنگۆ پاراستنە ناوخۆییەکان، هێزە شەعبییەکان کە ئیلهامیان لە تێکەڵەیەک لە خێڵو عەشیرەت وەرگرتووە، بە هەمان شێوە لە کۆڵۆمبیا، میلیشیا جەماوەریەکان وەک ڕێگەیەک لە پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی لە توندوتیژی سەریان هەڵداوە.
لە شاری جۆهانسبێرگ کرێکارە هەژارە کۆچبەرەکانی کوازولو کۆمەڵگەی قەڵاداریان بنیادنا بە مەبەستی پاراستنی خۆیان لەو توندوتیژییەی کە لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە .
لە هەرسێ بار و شوێنەکەدا گەشەی میلیشیاکان بەهۆی نەبوونی هەوڵی پاراستنی

دەوڵەتەوە بووە لە توندووتیژی و پشتگیری کراوە لەلایەن دەسەڵاتدارە هاوبەشەکانەوە و پشگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایان هەبووە .

لە هەر سێ نموونەکەدا میلیشیاکان هەتا ڕادەیەکی کەم یان زۆر، زۆربەی ئەرکە ئەمنییەکانی دەوڵەتیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە .

ئەو گروپانەی کە لە چوارچێوەی یاسادانین و هەوڵدەدەن دادپەروەری دەستەبەر بکەن دەتوانن لە ئاستی زۆر نزمدا چالاکی و کار بکەن لەوانە وردە وردە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، یان ئامادەگییەکی تەواو لەناو کۆمەڵگاکاندا دابمەزرێنن.

لەم کارنامەی دووەمەدا دەتوانن وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ دەست بکەن بە کارکردن، دابینکردنی ئاسایش، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پێشخستنی "بەهاکانی کۆمەڵگا" یان جۆرێک لە "بوژانەوەی ئەخلاقی.

لەم واتایەدا هەردووک ڕکابەر و هاوبەشن. هەبوونی خۆقانوونگێڕەکان لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی تاوان و توندوتیژی لە کورت مەودا، بەڵام زیاتر هۆکارە بۆ نارێکی و زیادبوونی توندوتیژی لە درێژمەودادا . وەکو جۆرەکانی تری ئاسایشی تایبەت خۆقانونگێڕی نایەکسانی دروست دەکات لەنێوان ئەوانەی کە دەتوانن دادپەروەری بەدەست بهێنن و ئەوانەشی کە ناتوانن بەدەستی بهێنن .

باندە چەتەییەکان بەشێکی دیکەی جیاوازن لە پۆلێنکردنەکەدا، هەرچەندە لەو شوێنانەی کە پەیوەندی بە خۆ پاراستنەوە هەیە هاوبەشن هەروەها چەندین تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ گروپە میلیشیاکاندا، گروپە چەتەییەکان زۆربەی جار خۆیان لەگەڵ گروپە تاوانکارییە ڕێکخراوەکان جیادەکەنەوە بەوەی کە ئەوان بەشێوەیەکی زۆر کەمتر پەیوەندی و بەشداریان لە بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، خەڵک، چەک و کاڵاکانی ترەوە و کەمترین پەیوەندیان بەو چالاکیانەوە هەیە کە توندوتیژی تیادا بەکاردێت .

لە ڕاستیدا دروستبونی گروپە چەتەییەکان زیاتر پەیوەندی بە دەرەنجامی توندوتیژییەوە هەیە نەک هۆکارێکی دیکە لەوانەی کە لەسەرەوە باس کران، هەروەها باندەکان زۆربەی کات لەو شوێنانەدا دروست دەبن و گەشە دەکەن کە بۆشای دەسەڵاتیان تێدایە یان کەمی یان نەبونی جیبەجێکردنی ڕێکارە ئەمنییەکان تەنانەت لەو شوێنانەی کە حکومەتێکی شەرعی بونی هەیە ، هەروەها باندەکان دەتوانن گەشە بکەن لەو شوێنانەی کە توانای سەربازی دەوڵەتەکە بوونی نەبێت ، هەروەها لەگەڵ زیادبوونی ئەنجامی شکستی حکومەتێک لە جێبەجێکردنی مافەکان لە چوارچێوەی قەزای جوگرافی دیاریکراو بۆ گروپە کۆمەڵایەتی یان نەتەوەییەکان ئەگەری دروست بوونی باندەکان زۆر دەبێت.

وەک دەزگایەکی پاراستنی جێگرەوە، بوون بە بەشێک لە باندێکی چەتەیی وادەکات کە تاکێک بتوانێت پارێزبەندی و جێبەجێکردنی یاسا بەدەست بهێنێت کە بەدەر لە

ئەندام بوون ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت، هەروەها باندەکان ڕەنگە کە ئاسۆی تەواوی ئابووری پێشکەش بکەن لە دۆخێکدا پێشکەشی بکەن کە ڕەنگە جێگرەوەکانی زۆر نەبێت.

باندەکان دەرفەتی ئابووری و پێکهاتە پێشکەش بە گەنجان و مافخوراوەکان دەکەن ، دەرفەتەکان بەو کەسانە پێشکەشدەکرێت کە نەیانتوانیوە کە " هیچ سەرچاوەیەک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەستەجێی خۆیاندا بدۆزنەوە و ئەو هۆکارانەیان بۆ دابین بکات کە خێزانەکانیان و دامەزراوە ئابوورییەکان نەیانتوانیوە پێیان ببەخشن.

## دەرئەنجامەکان

تایبەتمەندکردنی ئاسایش ، لەوانەش ئەو شێوازانەی کە لەسەرەوە باسکراون دەبێتە هۆی لەناوبردنی بونیادنانی دامەزراوەیی سەروەری یاسا ، لەبەر ئەوەی کە ئەوان بەرپرسیارێتی دەگوازنەوە بۆ خۆقانونگێڕەکان هەروەها پاراستنی یاسای گشتی دەگوازنەوە بۆ دەستەیەکی تایبەت ، لە کۆتاییدا ئاسایش و سەروەری یاسا تەنها بۆ ئەوانەیە کە پارە دەدەن لەڕووی ئابوورییەوە (لە ئەگەری بوونی پاسەوانی تایبەتدا) یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە (لە ئەگەری بوونی میلیشیا یان باندە چەتەییەکان )

ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی گەورەتر و گەرەنتی گشتیەکانی مامەڵە یاساییە دادپەروەرییەکان ، لە بەرامبەردا ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە کێشە و توندوتیژییە بچوکەکان لە کۆنترۆڵ دەربچن و ببنە پرسی گەورەی ئاژاوە و نائاسایشی.

لە لێدوانێکیدا لەسەر بابەتی باشوری ئەفریقا ، جی سیمپسن دەڵێت کە "چەسپاندنی هەستی بەربڵاوی نا ئەمنی و ترس ئەنجامی دەستبەجێی توندوتیژییە لەم جۆرەیە، کە لەبەرامبەردا دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرەکانی تری توندوتیژی کە وا پاساوی بۆ هێنراوەتەوە کە سروشتی بەرگریکارانەیان هەیە"

هەروەها دێسمۆند ئاریاس باس لە گەڕێکی بۆ گەڕاوەی تردەکات کە پەیوەندی بە تایبەتمەندکردنی ئاسایشەوە هەیە، کە تیایدا "بە مەبەستی خۆ دەوڵەمەند کردن و بەدەست هێنانی دەنگ بەرپرسانی گەورە و گەندەڵی دەوڵەت لەگەڵ تاوانبارانداا کار دەکەن، تاوانباران لەگەڵ یەکتردا توشی ململانێ دەبن، لە ترسدا دانیشتوان ناچارن داوای زیاتری سەرکوتکردنی پۆلیس بکەن و توندوتیژی لەژێر کۆنترۆڵ دەردەچێت.

ئەوەی کە ڕەنگە زۆر نیگەرانکەربێت ئەوەیە کە سوڕی تایبەتمەندکردنی ئاسایش و سوڕی لابردنی ڕەوایەتی لە حکومەت کە ڕەنگە دنەدانکەربێت، سەرەڕای ئەوەش کە هەندێک لەو کارەکتەرە نا دەوڵەتییانەی لە سەرەوە باسمان کرد ڕەنگە هەوڵی ڕووخاندنی دەوڵەتەکە خۆی نەدەن ، لە ڕاستیدا سەرەڕای سروشتی ئاسایشی هەندێک کە لە گروپی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان، ڕەنگە بەقەد یاخیبونێک دژی دەوڵەت

زیان بە دەوڵەتەکە بگەیەنێت، بەتایبەتی کاتێک ئەو توخمانەی کە تاوانکارییەکان دەکەن بتوانن کە دزە بکەنە ناو دەوڵەت و بتوانن دەسەڵات وەربگرن کاریگەریان هەبێت لەڕێگای قۆرخکاری و سیستمە بەرامبەرایەتییە نهێنیەکان کە مەبەست لێی پڕاکتیزەکردنی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکانە لەگەڵ ئەوانیتردا بۆ سوودبینینی هاوبەش

لێرەدا کێشەکە شکستی دەوڵەت نییە بەڵکو جۆرەکانی پەیوەندی نێوان کارەکتەرانی دەوڵەت و تاوانبارانە کە شێوازی ئەو پەیوەندیانە دەبێتە هۆی بڵاوەپێکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەجۆرێک کە سەروەری یاسا تێکبدات و ڕێکخستنێکی جیاواز و ناوچەیی دابمەزرێنێت.

حوکمڕانی دیموکراسی بەندە بە توانای دەوڵەتەوە بۆ درێژکردنەوەی سەروەری یاسا و پاراستنی بنەڕەتی بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان .

یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو تایبەتکردنەی کە لە سەرەوە باس کراوە ئەوەیە کە فشاری چاکسازی لەسەر حکومەت لادەبات بەو هۆکارە چاکسازی لە دامەزراوە ئەمنییەکانی دەوڵەتدا لاوازدەبێت، دۆخێک کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خراپ کراوە بووەتە هۆی تەسک کردنەوەی پێناسەی ئاسایشی گشتی و شکستهێنان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی .

سەرچاوە: سەنتەری جنێڤ بۆ کۆنترۆڵکردنی دیموکراسی هێزە چەکدارەکان.

# لایەنەکانی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و فۆرمەکانی توندوتیژی لە جیۆپۆڵەتیک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

نووسینی: کۆزمین ئەدریان میرۆن، ئۆکتاڤیان گرۆزا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە بکات لە سروشت و گۆڕانی ڕۆڵی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی تیشک بخاتە سەر گروپە کوردییەکان، شیعەکان و گروپەکانی دەوڵەتی ئیسلامی. تێگەیشتن لە ڕادەی گۆڕانکاری لە جیۆپۆلۆتیکی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها پێویستە ڕوانگەکانی ئەزموونی و شیکاریە نوێیەکان لەسەر کاریگەری کارەکتەرە نادەوڵەتییە گرنگەکانی ناوچەکە ڕوون بکرێتەوە کە ئەوانیش داعش، میلیشیای شیعەن و بە شیکردنەوەی بابەتەکە بە قوڵی و بە وردی لە چەندین لایەنی جیاوازەوە، دەتوانین سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی هێڵکاری سەروەری، جیۆپۆڵەتیک و ئایدۆلۆژیا، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینەکانی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکان لە دوای کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ کە بە (بەهاری عەرەبی) ناسراوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە، بەشدارە لە لێکۆڵینەوە لە جیۆپۆڵەتیک لەگەڵ کاریگەرییەکانی توندوتیژی لە توێژینەوەکانی سروشتی ڕەخنە گرانە لەسەر ئاسایش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ئایدۆلۆژیا و ستراتیجییەکانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان.

بەپێی شیکاری بیبلۆگرافی و نێوەندگیرەکان یان بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاستییە جیۆپۆڵەتیکە جیاوازەکانی جیهانی هاوچەرخدا، ئێمەی گەیاندووە بەو بیرۆکەیەی کە توندوتیژییە جیهانییەکان (سەربازییەکان) لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی سارد دا گۆڕانکاری گەورە و قووڵی لە سروشت و چڕی و ڕەهەندە داینەمیکییەکان دروست کردووە

وشە سەرەکییەکان: کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان، جیۆپۆڵەتیکی سەربازی، ئاسایش، توندوتیژی، ڕەهەندە داینەمیکییەکان.

## پێشەکی

بیرۆکەی سەرەکی ئەم شیکارییە ئەوەیە کە توندوتیژی جیهانی لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردەوە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە لەڕووی سروشت و چڕی و ڕەهەندی داینەمیکییەوە، ژمارەی شەڕەکانی ساڵی ٢٠١٨ کەمێک زیاتر بووە لە ساڵی ٢٠١٧ و زۆر بەرزتربووە لە ژمارەی شەڕەکانی ١٠ ساڵی ڕابردوودا.

هەروەها ژمارەی قوربانیانی تۆمارکراو لەم ماوەیەدا بەتێکڕای لەخوار ئاستی مامناوەندەوە بووە بە بەراورد بە ماوەی جەنگی سارد، کێشە سەرەکییەکە وەک ململانێیەکی جەنگی مەدەنی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە بە بەشداری پارتە دەرەکییەکان، کە زۆرینەی قوربانییەکان لە ساڵی ٢٠١٨ دا تۆمار کراون. ڕۆژهەڵاتی نوێ مەتەڵێکە لەناو مەتەڵەکاندا. سەرهەڵدانی کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان(ANSA) یەکێک بوو لەو پێشبینییانەی کە بە دەگمەن دەتواندرا بە کلیلی بەرژەوەندی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت، لە خۆکوژەکانەوە بۆ چەکدارە بیانییەکان دیاردەکە بووەتە هۆی پێکهاتەیەکی سەرەکی و ئەجندای ترسناک و مەترسیدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرتاسەری جیهاندا.

هەرچەندە گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ئاڵنگاری ڕاستەوخۆ سەبارەت بە سروشتی دەوڵەتەکان و هاوسەنگی ستراتیجی نێوان دەوڵەتە ناوچەییەکان دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەمانە دیاردەی نوێ نین لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا. بوونی ئەم جۆرە کارەکتەرانە ماوەیەکی زۆر پێش بەهاری عەرەبی پرسێکی ئەمنی جدی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جوگرافیای ئابووری-کۆمەڵایەتی کەنداو بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن زلهێزەکانەوە دەستی تێوەردەدرا و سەردەمی مۆدێرنیشی لە خۆ دەگرت بەڵام سنوردار نەبوو بۆ عوسمانییەکان، ڕووسیەکان، بەریتانیەکان،و ئەمریکا و لە بەرامبەردا زیاتر بە تورکیا، فەرەنسا و هۆڵەندا سنوردار کرابوو، سەردەمی ئێستا هەتا ڕادەیەکی زۆر بە کاریگەری ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی هەتا ساڵی ١٩٧١ و هەروەها پێناسە دەکرا وە دواتر بە سەردەمی ئەمریکا پێناسە کرا کە لە ساڵانی دواتردا دەستی بە جوڵە کرد.

ناوچەی کەنداو لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا وەک ناوەندێکی ستراتیجی گرنگ ماوەتەوە . لە سەرەتادا وەک دەروازەیەک بۆ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار و دڵنیای و خزمەتکردنی هندستانی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بەڵام لەدوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەمەوە وەک ناوەندێکی سەرەکی بازارەکانی وزەی جیهانی ڕۆڵی بینیوە، هەروەها ئەمریکا ڕۆڵێکی گرنگی بینوە لە دڵنیابونەوەیدا نەک تەنها لە کەنداودا لەوەتەی بەریتانیا ئەو ناوچە لاوەکییەی بەجێ هێشتووە بەڵکو ڕەنگە لەوەش گرنگتر، گەروەکەیە تەنانەت لەکاتی ململانێکانیشدا کە ڕەنگە بوبێتە ناوەندی نیگەرانی لە کەنداو و بازارەکانی وزەی جیهانی کەنداو بە گشتی لەسەر ئاستەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی زنجیرەیەک گۆڕانکاری قووڵ و گەورەی بەسەردا دێت ، لە ساتێک لە ساتەکانی مێژوودا، ئەو ساتە وەختە مێژووییەی کە باڵانسی هێز لە نێوان زل هێزە بیانییەکاندا دەگۆڕێت لەو بارەیەوەی کە ئەمریکا زاڵە بەسەریاندا بۆ ئەوەی کە شایەتحاڵی زیادبوونی کاریگەرییەکانی چین و ڕووسیا و هندستانە.

## مێتۆدۆلۆجی

شێوازی سەرەکی شیکردنەوەکان بریتییە لە شیکردنەوەی بیبلۆگرافی و وێبۆگرافی، بەتایبەتی ئەو ماڵپەڕانەی تایبەتمەندن لە بابەتەکانی شیکردنەوەی شەڕە چەکدارییەکان و توندوتیژییە ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای ئەو زانیاریە ئامارییانەی کە لە لایەن ئەم سەرچاوانەوە پێشکەش دەکرێت، ئێمە بنکەیەکی زانیاریمان دامەزراند کە شیکاری و کۆکردنەوەی ئامار و نەخشەسازی دەکات. ئەو بەشەی کە شیکارییەکە تیشکی دەخاتە سەر بریتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(وێنەی١)





شێوەی١ : ناوچەی لێکۆڵینەوە - ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کە ناوچەیەکی ترانزکۆنتینتاڵە کە ڕۆژئاوای ئاسیا (بەبێ وڵاتانی قەوقاز) لەخۆ دەگرێت، تەواوی کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی ٢٤١ ی ساڵی ٢٠٢٠ بە ناوی جیۆبەڵکانیکا خاکی تورکیا (بە بەشەکەی ئەوروپاشییەوە) هەروەها میسر (کە دەکەوێتە باکوری ئەفریقاوە) بەکارهێنانی زاراوەکە زیاتر فراوانتر بووە وەک جێگرەوەیەک بۆ زاراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(ڕۆژهەڵاتی دوور) ، هەروەها چەمکی بەربڵاوتری (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) یان ( MENA) وڵاتەکانی (مەغریب، سودان ، جیبۆتی،سۆماڵ، ئەفغانستان، پاکستان، هەروەها چەند وڵاتێکی تر تەنانەت ناوەڕاستی ئاسیا و ترانس قەوقاز. بەپێی تێپەڕبوونی کات زاراوەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بووەتە هۆی سەرشێوان لە گۆڕانکارییەکانی پێناسەکانیدا، هەرچەندە ئێمە ڕیزبەندی ئەو ١٦ دەوڵەتە دەکەین کە سەر بەم هەرێمەن.

**داتا و ئامارە بەکارهێنراوەکان.**


سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیارییەکان بریتیبوون لە: بانکی نێودەوڵەتی، SIPRI ستۆکۆڵم، ACLED شوێنی ململانێ چەکدارییەکان و داتای ڕووداوەکان و زانکۆی ئوپسالا. ئەو کێشانەی کە لە بەدەستهێنان و دابینکردنی داتا بەیسەکەدا ڕووبەڕووی دەبوونەوە و هێشتا هەر کێشەن، نەبوونی کۆد بوو لە داتابەیسە سەرەکییەکاندا و سەختی تێگەیشتن و فەرمانپێدان بە مێتاداتاکاندا. داتابەیسەکە لەسەر ئاستی دەوڵەت لە ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ٢٠١٨ لەسەر بودجەی بەرگری، لێشاوەکانی بازرگانی چەک لەسەر ئاستی هەرێمی ، ژمارەی ململانێ ناودەوڵەتییەکان، کارەکتەرە بەشدار بووەکان، کارلێکەکانی نێوانیان، شوێنی ڕوداوەکان کە بە پانی و درێژی لە وێنەی ژمارە ٢ دا نیشاندراوە:




شێوەی ٢ : ناوچەی سەرهەڵدانی ڕووداوەکان لە نێوان ٢٠١٤- ٢٠١٩ و جۆرییەکانیان
سەرچاوەی زانیاری: 2018 ACLED

هەروەها ژمارەی مردن و کوژراوەکان لە وێنەی ژمارە ٣ پشاندراوە ، هەروەها جۆرەکانی ڕووداوەکان بۆ ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوو لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٨ پۆلێنکراوە بۆ ٦ جۆر (شەڕ، تەقینەوە، توندوتیژی، نارەزایەتی، ئاژاوە، پەرەپێدانە ستراتیجییەکان، توندوتیژی دژی خەڵکانی مەدەنی).


لەڕێگای شیکاری ئاماری و کارتۆگرافیکی داتابەیسەکان لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە لایەن دامەزراوە سەربەخۆکانەوە ئەنجامدراون ، توێژینەوەکەمان پۆلێنکردنێک ئەنجام دەدات لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی چەکداری لە بەرامبەر توندوتیژییە بەسەربازیکراوە تۆمارکراوەکان هەروەها داینەمیکەکانی دوای نەمانی بلۆکە ستراتیجییەکان. جێگرتنەوەی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆجییەکان بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان، وەک هۆکاری سەرەکی دەستپێکردن و سەرهەڵدان و پەرەپێدانی ململانێ سەربازییەکان(یان بە سەربازی کراوەکان) گۆڕاون لە ڕووی سروشتی و چڕییەوە بەتایبەتی لە لایەنی دیاردە جوگرافییەکانیەوە. لە ململانێ ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ بەسەربازیکراوەکان و هەروەها جوگرافیای کۆمەڵایەتی ئابووری. لەنێوان بلۆکە ئایدۆلۆجییەکان یان لەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بەرە بەرە گواستنەوەیەک ڕوویداوە بۆ ململانێی نێو نەتەوەییەکان، نێو و نێوان هەرێمییەکان، نێوان ئیتیکییەکان، نێوان دانپێدانانەکاندا تەنانەت لە نێوان ململانێ مەدەنییەکانیشدا ئەگەر بەو شێوەیە بوایە ئەوا بڕوامان وابوو کە ئەو تێزە لەلایەن ساموێل ئێس هەنتینگتۆنەوە بڵاو کراوەتەوە . ڕووبەڕووبونەوە سەربازییە سیستماتیک و هاوشێوەییەکان جێگای زۆری بۆ ئەوانە کردۆتەوە کە نا سیستماتیک و ناهاوشێوەیین لە شێوازە دووانییەکانێ لە زۆربەی جارەکاندا کە بە شێوەیەکی نهێنی زۆربەی جارەکان لەگەڵ حکومەتەکاندا، گروپ و کوتلە و ڕێکخراوە جیاوازەکان کۆدەبنەوە .





شێوەی ٣:جۆری ڕووداوەکانی پەیوەست بە مردنەوە لە ساڵی ٢٠١٤- ٢٠١٩
سەرچاوەی زانیاری : ACLED 2018

## دەرەنجام و گفتوگۆکان

لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە ئاستی ئاشتی وڵاتانی جیهان بەرەو بارێکی خراپ ڕۆشتووە، لەو ماوەیەدا تەنها دوو ساڵ هەبووە کە ئاشتی جیهانی بەرەو باشی پەرەی سەندووە، دابەزینی پێوەرەکانی ئاشتی ئەم دەیەیە بەهۆی چەند هۆکارێکی بەرفراوانەوە بووە ، لەوانە زیادبوونی چالاکیە تیرۆرستییەکان، چڕبونەوەی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا کە ئەم دوو هەرێمە لە ئێستاشدا بە کەمترین ئارامییەوە ماوەتەوە. بەڵام سەرەڕای بەردەوامی ململانێ چەکداری و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام ساڵی ڕابردوو کەمێک ئارامتر بۆتەوە ، لایەنی ئاسایش ئەو لایەنەیە کە زۆرترین گۆڕانکاری تیادا ڕوویداوە ، بەتایبەتی لەڕووی کاریگەرییەکانی تیرۆرستان و ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە لە ململانێکاندا هەڵدێن. خەرجییە کۆکراوە سەربازییەکانی وڵاتەکان بەپێی داتاکانی (SIPRI) لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زیادی کردووە کە لە داتاکانی ساڵی ٢٠١٧ بەردەستە و تیایدا دیارە کە خەرجی لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٥ بە بەردەوامی بەرز بۆتەوە، کە لە ئەنجامدا کۆی گشتی زیادبوون بە نزیکەی ٤١ لە سەد بووە، بەڵام ڕێژەی خەرجی سەربازی لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ بەڕێژەی ١٦ لە سەد دابەزیوە. دووبارە لە ساڵی ٢٠١٧ دا خەرجییەکانیان زیادی کردۆتەوە بەڕێژەی ٦.٢ لە سەد، بەڵام کۆی گشتی بەرزبوونەوەکەیان هێشتا زیاترە و ١١ لە سەد بووە کەمتر لە بەرزبوونەوەی ساڵی ٢٠١٥ لەو ڕوانگەیەوە کە چەند بەرهەمی گشتی ناوخۆیی تەرخان کراوە بۆ بابەتی بەرگری دەتوانرێت چەند بوارێکی گرنگ جیابکرێنەوە کە لە نێوانیاندا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەوانە لە وێنەی ژمارە ٤ دا ئاماژەی پێکراوە، دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەن پشکێکی بەرچاوە لە کۆی گشتی داهاتی ناوخۆیان بۆ مەبەستی سەربازی دابین بکەن. ئەمەش بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە چۆن پێگەی سەربازی خۆیان دەبینن. لە بارەی سعودییەوە ئەم ڕێژەی سەدییە ئاماژەیە بۆ گرنگیدان بە ڕکابەرە سەرەکییەکەی کە ئێرانە، هەر لەسەر ئەم بابەتە جەنگ لە ناو وڵاتانی سوریا و یەمەن فشار دەخاتە سەر وڵاتانی دەوروبەریان و ناچاریان دەکات کە خەرجییە سەربازییەکانیان زیاد بکەن دەستخستنی چەکی نوێ و گەیشتن بە ئامانجەکانیان .




شێوەی ٤: خەرجی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٢٠١٨. سەرچاوەی داتا: SIPRI 2018




| $ ملیار | دەوڵەت |
|---|---|
| ٣٨١٠ | عەرەبستانی سعودی |
| ١٤٨٤ | مسر |
| ١١٠١ | ئیمارات |
| $ ملیۆن | |
| ٨٨٠ | کوێت |
| ٨١٦ | قەتەر |
| ٦٨٥ | تورکیا |
| ٥٩٦ | عێراق |
| ٤٩٨ | ئیسرایل |
| ٣١٦ | عوممان |
| ٣١٥ | ئەردەن |
| ١٨١ | سوریا |
| ١١٣ | لوبنان |
| ٤٨ | بەحرەین |
| ٩ | یەمەن |
| ٤ | ئێران |
| ١ | یەمەن(چەکدارەکان |

شێوەی ٥. چەکی هاوردەکراو لەلایەن دەوڵەتانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ساڵی ٢٠١٨ سەرچاوەی زانیاری : SIPRI 2018

هاوردەکردنی چەک لەلایەن وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە وەک (لە وێنەی ژمارە ٥) دا دیارە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ - ٢٠١٣ و ٢٠١٤ - ٢٠١٨ بە ڕێژەی ٨٧٪ زیادی کردووە. لە ١٠ وڵاتی سەرەکی تایبەت بە هاوردەکردنی چەک لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ - ٢٠١٨ چوار وڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لەوانەش: سعودیە کە ٣٣٪ ی گواستنەوەی چەکی بۆ ناوچەکە بەرکەوتووە و میسر (١٥٪)، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (١١٪) و عێراق (١١٪) ی بەرکەوتووە. هەروەها ئەمریکا ٥٤٪ ی کۆی گشتی گواستنەوەی چەکی بۆ ناوچەکە و ڕووسیا ٩.٦٪ و فەرەنسا ٨.٦٪ ی دابینکردووە. هاوردەکردنی چەک لەلایەن بەشێک لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ - ٢٠١٣ تا ٢٠١٤ - ٢٠١٨ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم زیادبوونانەش بریتییە لە بێ متمانەیی وڵاتان بە یەکتر لە نێویاندا ئێران لە لایەک و سعودیە و ئیمارات لە لایەکی دیکە، هەروەها شەڕی یەمەن کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا دەستی پێکرد، و لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ پەیوەندیەکی دوژمنکارانەی نێوان قەتەر لە لایەک و سعودیە و ئیمارات لە لایەکی ترەوە درووست کردووە. کێبڕکێ بۆ هەژموونی ناوچەیی ڕاستییەکە کە لەم ژیانە هەیە و لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و لەم ناوچەیەی جیهاندا زۆر بە باشی پێناسە کراوە ، هەروەها ڕکابەری لە مێژینەی وەک ئەوەی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقدا هەیە یان زیاتر ڕکابەری هەنووکەیی وەک ئێران و شانشینی سعودیەیە. بەشێکی گرنگی ئەم کێبڕکێیە هەژموونگەرییە کە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە سپۆنسەری گروپە توندڕەوەکان دەکەن وەک بەشێک لە سەرپەرشتی کردن بۆ پێداچوونەوە یان پاراستنی دۆخی ئێستای ناوچەکە. لە ئەنجامی شەڕە ناوخۆییەکان یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن وڵاتە زلهێزە بیانییەکانەوە، چوار وڵاتی ناوچەکە هەن ئەوانیش وڵاتانی (یەمەن، عێراق، سوریا و لیبیا) کە وەک دەوڵەتانێکی شکستخواردوو نوێنەرایەتی دەکرێن، کە توانای دابینکردنی پەناگەیەکیان هەیە بۆ زۆرێک لە توندوتیژییەکان و بەرخۆدانی کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA)، لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرفراوانی باندە تاوانبارەکان و قازانجخوازانی جەنگ. بەڵام ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠١ بە شێوەیەکی جەرگبڕ لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە، هاتنە ناوەوەی هێزی تێکدەری کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکانە (VNSA) و گروپ و نێودەوڵەتییەکانە کە دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی توندڕەوی بۆ ناوچەکە، پێویستیان بە گۆڕینی مامەڵەی توندوتیژی جیهانی ئیسلامی لە وڵات و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. چەندین دەوڵەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قۆرخکاریان نییە لەسەر بەکارهێنانی هێز لە سنوورەکانیاندا و ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە ئێستادا کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) دەسەڵاتێکی بنچینەیی و یەکلاکەرەوەیان هەیە لە کاتی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەدا. پێدەچێت پلە و ئاست و سروشتی ئێستای ململانێکان لە ناوچەکەدا زیاتر ئەو دەسەڵاتانە لاواز بکات کە دەوڵەت هەیەتی.

ئەمەش نەک تەنها ڕێگە بە کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) دەدات کاریگەریان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە هەبێت، بەڵکو ڕێگە بە زیاد بوونی سەدان گروپی دیکەش دەدات کە وەک فاکتەری گرینگ لە ڕەوت و خێرایی گۆڕانکاری سیاسیدا کار بکەن. بە پێی شیکردنەوەکانی هۆبز، پێدەچێت ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورتتر بێت، تەنانەت دڕندەتر و بەڕواڵەت بێهیواتر بێت. کۆمەڵێک گروپی بەرفراوان و گەورە هەن کە لە ژێر سێبەری بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکانی ئیسلامیدا کاردەکەن و وەک هاوبەشێکی نیمچە سەربازی ستراتیجی بۆ کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) و گروپە دامەزراوترەکانی وەک حەماسی فەلەستینی یان حزبوڵڵای لوبنانی خزمەت دەکەن. سروشتی پەیوەندییەکانیان بەگشتی مەبەستێکی تاریک و ناڕوونی لە پشتە بۆ ئەوەی ئاستێکی دیاریکراو لە پارێزبەندی سیاسی بدرێت بە کەسایەتییە جیاوازەکان کە کارەکتەری نادەوڵەتی بەرچاویان هەیە . گروپەکانی وەک گروپی جیهادی ئیسلامی فەلەستین (PIJ)، و لیوای شەهیدانی ئەقسا(AAMB)، دەیان ساڵە بەردەوامن لە چالاکییەکانیان لە ناوچەکەدا، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی ماونەتەوە و ئەندامێتی خۆیان بە شێوەیەکی تایبەت پاراستووە و زۆر سنوورداریان کردووە. جگە لەو کردەوە توندوتیژانەی کە گروپەکان لە ئاستێکی دابڕاو و نادیاردا ئەنجامی دەدەن، زۆرجار وەک هاوبەشی ستراتیجی بۆ گروپە گەورەکانی دیکەش کار دەکەن کە وەک بزووتنەوەی جەماوەری داڕێژراون. هەروەها چەند گروپێک هەن کە وەک بریکاری ناوخۆیی حکومەتە بیانییەکانی وەک ئێران یان کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک قاعیدە کاردەکەن. ئیسلام ئیلهام بەخش بوو لە ڕوانگەی سیاسییەوە بۆ هەر چوار ڕێکخراوەکە کە هەوڵ دەدەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنجیان بخەمەسەر. بەڵام وەک هەمیشە، هەموو ڕێکخراوێک یان پەیمانگایەکی ئیسلامی جیاواز وەردەگێڕێتە سەر کردە سیاسی و توندوتیژیەکان. هەر چوار گروپەکە (یان هاوبەشەکانیان) لە خاڵێکی هاوبەشی توندوتیژیدا گیراون و دەستبەسەرکراون. هەموویان توانای کێبڕکێیان لەگەڵ هەردوو گروپی کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA)ی ڕکابەریان هەیە لە بەرەکانی شەڕدا یان لەگەڵ هێزە سەربازییەکان کە شێوازی ڕۆژئاوایی بەکار دەهێنن لە شەڕی ئاساییدا.

١. حەماس - گروپێکی فەلەستینی ئیسلامی سوننەیە کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە، کە تایبەتە بە پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆی فەلەستینی.

٢. حزبوڵڵا - گروپێکی ئیسلامی شیعەی لوبنانییە کە لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە، تایبەتە بە مافە سیاسییەکانی پێکهاتەی شیعە لە لوبنان و بۆ بێهیواکردنی ئیسرائیل.

٣. قاعیدە و لقەکانی (AQ) گروپێکی جیهادی سەلەفی سوننەی نێودەوڵەتییە کە ناوەڕۆکەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوای شەڕی یەکێتی سۆڤیەت و ئەفغانستان پێکهێنراوە، سەرنجی لەسەر گەڕاندنەوەی خەلافەت بوو، بەڵام زیاتر سەرنجیان لەسەر جیهادی بەرگری بوو بۆ شکستپێهێنانی دوژمن جگە لەوەش، ئەوان بانگەشەی

ئەوە دەکەن کە هۆکاری سەرەکی ستەمکاری باوەڕدارانی ئیسلامی بوون مەبەست لێی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، وەک ئەمریکا، کە پشتگیری لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، کە بە لادەریان دەزانن.

٤. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) و هاوبەشەکانی گروپێکی سەلەفی-جیهادی سوننەیە کە لە ساڵی ٢٠١٤ وەکو بەشێکی جیابووەوە لە چەکدارانی قاعیدە پێکهێنرا. ئەوان تیشکیان خستە سەر دامەزراندنی خەلافەت لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا و لێپێچینەوە لە جیهادی هێرشبەری جیهانی بۆ فراوانکردنی ڕووبەری جوگرافیای خەلافەت.

## دەرئەنجام

کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێڕن. لێکۆڵینەوەکانمان تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵێک ڕێکخراوی دامەزراو کە بە تێپەڕبوونی کات سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی هەڵمەتی پاڵپشتیکراو بە توندوتیژیی ستراتیجی دژە حکومەت بۆ گەیشتن بە ئامانج و دیدگا سیاسییەکانیان، بە ڕێگەی جۆراوجۆری وەک بەکارهێنانی تیرۆر، شەڕی گەریلا، سزای ئاسایی و شەڕ بۆ وروژاندنی حکومەتەکان بۆ هەندێک لە خاکی وڵاتان. گروپە نیشتیمان پەروەرەکانی سوریا کە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد دەدەن و گروپە نیشتیمان پەروەرە ئیسلامییەکانی وەک حەماس و هەسەدە، سەرنجیان لەسەر پڕۆژەکانی بنیادنانی دەوڵەتە لە چوارچێوەی سنوورە نێودەوڵەتییە دانپێدانراوەکانی دەوڵەتە تایبەتەکانیاندایە. بەڵام بزووتنەوە سەلەفی-جیهادییە نێودەوڵەتییەکان و تۆڕە هاوبەشە فراوانبووەکانیان بەدوای جیهادی جیهانی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن و ناسراوترین سنوورەکانی دەوڵەت فڕێ دەدەنە ناو بێ بایەخییەوە. ئەوان هەوڵ دەدەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەزمی نێودەوڵەتی جیابکەنەوە، وەک ئێمە دەیزانین، بەپێی لێکدانەوەیان بۆ ئایدۆلۆژیای دامەزرێنەرانی ئیسلام بە مۆدێل بکەن. شەڕە ناوخۆییەکانی یەمەن و لیبیا لە ساڵی ٢٠١١ وە بێ وەستان بەردەوام بوون و شکستێکی قووڵ و جەرگبڕی لێکەوتەوە، ئەمەش ڕێگەی بە جۆرەها گروپی وەک کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) داوە گەشە بکەن و پارچەکانی ئەم وڵاتانە بەڕێوەببەن. کارەکتەرە توندوتیژە نادەوڵەتییەکان (VNSA) ڕکابەری ترسناکن لە شەرعیەت و ئاسایشی سیستەمی دەوڵەتی هەنووکەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوانەی کە ئەم دەوڵەتانە بەڕێوەدەبەن.

سەرچاوە: کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی جیۆبالکانیکا.

# کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئامانجە جیۆپۆلیتیکەکان و ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینی: حەفسە حەلاوە
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

لە ململانێکانی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە بە شێوەیەکی نایاسایی دەستیان بەسەردا گیراوە و بەکارهێنراون بۆ ئامانجە جیۆپۆلیتیکەکانیان. بە هۆکاری ئەمەش پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ستانداردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گروپە چالاکە سەربازییەکان بە ناڕوونی ماونەتەوە.

بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ململانێ توندوتیژییەکاندا، بە تایبەت نموونەیەکی بەهێز لە بە جیۆپۆلیتیکیکردنی کارەکتەرە مەدەنییەکان دەخاتە ڕوو. ململانێکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا(MENA) زیاتر لە دە ساڵە وەک خۆیان ماونەتەوە لە دوای ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١ وە کە لە ڕاپەڕینەکانەوە بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە. لە سوریا، سەرۆک بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا شەڕی دژی گەلەکەی ڕاگەیاند و لە ئەنجامدا گەورەترین ئاوارەبوونی دانیشتووانی وڵاتەکەی لە مێژوودا بە دوای خۆیدا هێنا، لە کاتێکدا لە یەمەن، شەڕی هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتی سعودیە دژی حوسییەکان گەورەترین قەیرانی مرۆیی جیهانی لێکەوتەوە.

لە شوێنێکی دیکەدا، لیبیا بووەتە شانۆیەک بۆ بەشداریکردنی نوێنەری کارەکتەرە ناوچەییەکان و هەروەها وڵاتە زلهێزە جیهانییەکانی وەک ڕووسیا؛ دەوڵەتانی ئەوروپا بەپێی ئەجێندای نەتەوەیی خۆیان لەم ململانێیەدا پشتگیریان لە لایەنە جیاوازەکان کردووە. ململانێی بیست ساڵە لە عێراقدا کە مانەوەیە وەک ململانێیەکی ناوخۆیی هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ببێتە شەڕێکی ناوخۆیی نوێ، لە کاتێکدا لە سودان، هەموو وڵاتە زلهێزە گەورەکانی ناوچەیی و جیهانی لە دۆخێکی کێبڕکێدا کۆدەبنەوە، لەکاتێکدا وڵاتەکە لە ساڵانی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی عومەر ئەلبەشیردا دەجووڵێت.
کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بۆ هەموو ئەم ململانێیانە زۆر گرنگ بوون، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ئەم کارەکتەرانە سەرقاڵی توندوتیژی بوون. گروپ و وڵاتانی بەرژەوەندخوازی جۆراوجۆر کە زۆربەیان لە شوێنێکدا هاوکاری یەکتر دەکەن لە کاتێکدا لە شوێنەکانی دیکەدا دژایەتی یەکتر دەکەن، لەم ململانێیانەدا پشتگیریان لە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان کردووە. بە تایبەتی لە شانۆی ململانێکاندا کە دەوڵەتە زلهێزەکان هەوڵیان داوە کە فەرماندەیی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بکەن بە ئامانجە جیۆپۆلیتیکییەکانیان ، کە زۆرجار بە هۆکاری ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوە ستانداردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (CSO) و گروپە چالاکە سەربازییەکان بە ناڕوونی ماونەتەوە.
زۆرێک لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA)کە ئێستا لە ململانێدان، پێش ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ کۆمەڵگایەکی مەدەنی بوون کە چالاکیان کەم بوو یان هیچیان نەبوو. پاشان وڵاتە زلهێزە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانیەکی یەکجار زۆری ئابووری و سەربازییان ڕژاند بەسەر ئەو ناوچانەی کە بەرەنگار بوونەوەی بەردەوامی تێدا بوو وە تەندرابوو بە کارەکتەری نادەوڵەتی وگروپی چەکدار و بێچەک بە پانتایی دەوڵەتەکە. لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕەکان، بە دیجیتاڵکردنی ململانێکان جەمسەرگیری قووڵتر کردووەتەوە. سۆشیال میدیا ئامرازێکی سەرەکی بووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و زانیاری نا درووست و لە پەروەردەکردنی شەڕی کولتووری کە کەوتۆتە ناو کۆمەڵگاکانەوە و شکاوییە کۆمەڵایەتیەکانی قووڵتر کردووەتەوە، کە لە دوای وەستانی شەڕەکانیش بەردەوامن و زۆر زیاتر دەمێننەوە. ئەمەش لایەنێکی دیکەیە کە جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی کایەی نادەوڵەتی لە ململانێکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا (MENA) مەرجدار کردووە. لە کۆتاییدا، پاڵپشتی کردنی دارایی لە کارەکتەرە دەرەکییەکان ئاڕاستە کراوە بەرەو کاریگەری دانان لەسەر دادگای ڕای گشتی بۆ هاندان و پشتگیری بۆ هەڵوێستی ئەم کارەکتەرانە لە ململانێکاندا.

**داینامیکی ململانێی ناوچەیی و کۆمەڵگای مەدەنی**

پشتگیری چەکداری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەرەکی خزمەتێکی بەرفراوانتری بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان کردووە، چونکە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) زیاتر دابەزیونەتە ناو شەڕەوە. ئەم پشتگیرییە بریتیە لە تێوەگلانی ڕووسیا لە شەڕی سوریادا، چالاکییەکانی کۆبونەوەی چوار قۆڵی نێوان وڵاتانی میسر، فەرەنسا، ڕووسیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (UAE) لە لیبیا، پەیوەندییەکانی قەتەڕ و تورکیا لە لیبیا و سوریا و لە سەروو ئەوەش هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی سعودیە لە یەمەن. بەڵگەدارترین دەستێوەردان لەلایەن کارەکتەرێکی بە وەکالەت و یەکێک کە هێڵێکی گەورەی هەڵەی جیۆپۆلەتیکی لە سەرانسەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا (MENA) دا دروستکرد دەستتێوەردانی سەرکردایەتی قەتەڕ بوو کە پشتگیری لە ئیسلامییەکان دەکرد، کە هەوڵیان دەدا ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییەکان هەم لە گواستنەوەی تازەپێگەیشتووی دیموکراسی و چ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ململانێ یان دژە شۆڕشەکاندا بەرەوپێش ببەن.
کارەکتەرە مەدەنییەکان خۆیان بینیوە کە هەم لە ڕووی فیزیکی و هەم لە ڕووی پاڵپشتی داراییەوە لە هەناوی جیۆپۆلەتیکی ململانێکاندا گیریان خواردووە بەهۆی جەنگی پاشکۆیەتی فراوانتر کە لە ئارادان. جەنگی نێوان دڵ و دەروون و بیری هاوڵاتییە مەدەنییەکان بە درێژای ناوچەکە گۆڕا بۆ جوڵە لە لایەن کارەکتەرە بە وەکالەتەکان بۆ فراوان کردنی پاڵپشتی پێکدادانەکان بۆ میانە کردنی هێزە کلتوورییە بێ چەکەکان و کارەکتەرە مەدەنییە بێ مەترسییەکان وەک واتایەک بۆ ئەم هێزە نوێنەرانە کە بە هۆی ئەمانەوە پەرە بە سیاسەت و پەیامەکانیان بدەن. زۆرترین نموونەی ئەم ڕێبازە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕاپۆرتی لەسەرکراوە، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ڕووسیایە لە شەڕی سوریادا. لەم حاڵەتەدا پشتگیرییەکی زۆرهەبووە بۆ کارەکتەرە مەدەنییە نالیبراڵەکان کە هاوکات بووە لەگەڵ پشتگیرییەکی بەرچاوی سەربازی.

**بەشداریکردنی ڕووسیا لە سوریا**

لە کاتێکدا کە بۆمبەکانی ڕووسیا بۆ سەر حەلەب کەوتنە خوارەوە و بووە هۆی گەمارۆدانی سەرتاسەری بۆ سەر ملیۆنان کەس لە دانیشتووی شارەکە، ڕووسیا سوودی لە کارەکتەرە مەدەنییەکانی سوریا و عەرەب وەرگرتووە بۆ پێشخستنی سیاسەتەکانی و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و ناڕاست سەبارەت بە ڕۆڵی خۆی لە شەڕەکەدا و ڕژێمی ئەسەد و مەشقەکانی و هەروەها ئەو ئۆپۆزسیۆن و یاخیبووە چەکدارانەی کە ڕووسیا و سوریا دژی شەڕ دەکەن. هەروەها پشتگیری لە کارەکتەرە

نادەوڵەتییەکان لە سروشتی خۆیدا پشتگیرییەکی سەربازی بووە، ئەمەش لە نموونەیەکی ڕاستەوخۆی تایبەتدا لە کەرەستەی ئامرازە جیۆپۆلەتیکیەکان کە لە تاکتیکی نەریتی دەوڵەت بە دەوڵەت درێژدەبنەوە. لە سوریا، ڕووسیا پشتیوانی خۆی بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان کردۆتە ئامانج بە دابینکردنی بودجە بۆ بەرزکردنەوە و گێڕانەوەی گروپەکانی لایەنگری ڕژێم و بە بونیادنانی پەیامەکانی ڕژێم لە تۆڕ و پلاتفۆرمەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.
ئەم جۆرە پشتگیرییە کاریگەرییەکی دیاریکراو و دوولایەنەی هەبووە. یەکەم: لەبەر ئەوەی زۆرێک لەم کارەکتەرە نادەوڵەتیانە دەنگی ژن لەخۆدەگرن، پشتیوانیکردنیان بە شێوەیەکی دیار پرسی جێندەری لە مشتومڕی فراوانتری کۆمەڵگای مەدەنیدا بە سیاسی و جەمسەرگیری کردووە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆڵی داکۆکیکارانی مافی ژن و بزووتنەوە فێمینیستەکان لە ناوچەکەدا هەبووە، کە پێشتر لەلایەن کۆمەڵگایەکی پیاو سالارەوە بێبەش بوون و زیاتر بە شێوەیەکی بەرفراوان بە شێوەی ئۆنلاین دەکرانە ئامانج. دووەم: پاڵپشتی دارایی بۆ بیرکەرەوەکان (کۆمەڵێک پسپۆڕن کە ئامۆژگاری و بیرۆکە سەبارەت بە کێشە سیاسی یان ئابوورییە تایبەتەکان پێشکەش دەکەن) و دامەزراوەکانی پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد، سیاسەتی نالیبراڵی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەدا بەرزکردۆتەوە، بزووتنەوەکانی داکۆکیکردن و دابەشکردنی بزووتنەوەکانی داکۆکیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر سیستەمی فرەلایەنەی ژەهراوی کردووە، لەوانەش بە سیاسیکردنی هەوڵە سەرەتاییە مرۆییەکان بۆ ئەو ناوچەنەی کە جەنگیان تێدایە.

### بە دیجیتاڵکردنی ململانێکان

لە کاتێکدا سۆشیال میدیا بووەتە شوێنێکی نوێ بۆ هاوبەشکردن و مشتومڕکردنی پرسەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا و بەم پێیەش بووەتە گۆڕەپانی یاری نوێ بۆ کارەکتەرە دەرەکییەکان. ترۆڵە ئۆنلاینەکان کاریان کردووە بۆ شەرمەزارکردن و بێدەنگکردنی دەنگە لیبراڵەکان لە فۆرمە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەوانەش لە ڕێگەی هەڕەشە و تۆقاندنەوە، کە گروپەکانی ناچارکردووە کەمتر دەربکەون و زیاتر سەرنجیان لەسەر دەرئەنجامە بچووکەکان بێت کە پەیوەندییان بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگاوە هەیە لە مەودایەکی بچووکتردا. کە ئەمەش لە بەرامبەردا مەترسی لەسەر پاڵپشتی دارایی ئەم ڕێکخراوانە دروستکردووە لەلایەن هاوبەشەکانەوە کە ئەنجامێکی کەمتر و کاریگەری کەمتر دەبینن لە چوارچێوەی ململانێیەکدا کە گێڕانەوەکە لە بنەڕەتدا لەسەر کوتلە چەکدارەکان و بەردەوامی شەڕکردن دەمێنێتەوە.
لە کاتێکدا پێشتر سوپای بۆتەکانی هەماهەنگی دەرەکی (کۆمەڵەیەکی گەورەی ئامێرەکانی

پەیوەست بە ئەنتەرنێتەوەن کە هەموویان بۆت بەکاردەهێنن کە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک کار دەکەن، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی نەخوازراو (spam)، یان هێرشکردنە سەر کۆمپیتەرەکانی تر و لە کار خستنیان بە شێوەیەکی درووست) بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان جێگیرکراون، ڕەوتێکی نوێ و نائارامکەر هەیە بەرەو ئەوەی دەسەڵاتە دەرەکییەکان پاڵپشتی دارایی بۆ کارەکتەرە مەدەنییە نالیبراڵەکان دابین بکەن کە زانیاری ناڕاست سەبارەت بە ململانێکان بڵاودەکەنەوە، پشتگیری لە ڕژێمە تاکڕەوەکان دەکەن و دەیکەنە ئامرازێک بۆ ڕەشکردنەوەی میدیاکان لە زۆرێک لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا. لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئێستادا، میدیاکانی پاڵپشتی دەوڵەت بە پاڵپشتی کارەکتەرە بە وەکالەتەکانی وەک قەتەر، ڕووسیا، سعودیە و ئیمارات هەوڵیان داوە ئەو ڕاستیانە بخەنە ژێر پرسیارەوە کە لە لایەن ئەوانەوە پێشکەشکراون کە لەسەر ئەم زەمینەن و ڕۆژنامەنووسانی هاونیشتیمانی شەرمەزار بکەن و گەشتی وڵاتان پێشکەش بە کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا بکەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن بۆ ئەوەی نیوەی ڕاستییەکان سەبارەت بە دۆخی وڵاتێک و ململانێکان بخەنەڕوو.

تاکتیکێکی تری دیار ئەوە بووە کە وڵاتە زلهێزە جیۆپۆلیتیکییەکان پەرەپێدەرانی ناوخۆیی و سۆشیال میدیا بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ڕێکخراوەکانی حکومەت (GONGOs) لە وڵاتانی بە وەکالەت بەکاربهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکە ناڕاست و دروستکراوەکان سەبارەت بە شەڕەکانی دراوسێ. بۆ نموونە، تێوەگلانی هێزی سەربازی میسر لە لیبیا و میدیای سەرەکی میسری کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکان سەرپەرشتی دەکرێت، پشتگیریان لەو گێڕانەوەیە کردووە کە بەرژەوەندی میسر بۆ ئاشتی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لیبیا بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەر بەدی دێت.

بە پێشخستنی ئەم ئەجێندایە لە ڕێگەی نیشتەجێکردن و دەستەبەر کردنی لایەنی دارایی لایەنەکانی ململانێی لیبیا، میسر و ئیمارات وەک سەکۆیەک مامەڵەیان کردووە کە لێیەوە گێڕانەوەکانیان سەبارەت بە ململانێکان دابڕێژن و لایەنگرانی خۆیان کۆبکەنەوە. بە پێی پێشکەوتنی گێڕانەوەی بەرەنگاربوونەوەکانی حکومەتی سەر بە ئیخوان موسلیمین لە تەرابلوس، ئەو دوو وڵاتە گۆڕانکارییەکی بەرچاویان لە شیکاریی ململانێکان کردووە و کاریگەرییان لەسەر دروستکردووە. بەم کارەیان بە سەرکەوتوویی سووکایەتیان بە چەندین کارەکتەری مەدەنی کردووە و بە ئیسلامییە مەترسیدارەکان وەسفیان کردوون. ئەم جۆرە گێڕانەوانە بەشێکیان توانایی ئیشکردنیان هەبووە بۆ پشتگیریکردن لە گەمارۆی ناوچەیی قەتەر کە بۆ چەندین دەیەی ڕابردوو بەردەوام بووە. فەزای میدیا، دیجیتاڵی و شارستانی وەک بەشێکی فراوانتر لە سنوری داینامیکی ململانێی جیۆپۆلەتیکەکان تێوەگلاون.

**تاکتیکی نوێنەرەکان**

هاوکات لە هەندێک شوێنەکانی تریش حکومەتەکان دابەشکاری تائیفی وەک بەشێک لە تێوەگلانی خۆیان لە ململانێیەکدا بەکاردەهێنن و دەیانجوڵێنن. ئێران نوێنەرەکانی وەک حزبوڵڵا و هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، پەیوەندییە سەربازییەکانیان لە ناوچەکەدا فراوانتر کردووە بۆ ئەوەی کردەوەی زیاتر لە کایەی مەدەنیدا بگرێتەخۆ. پشتگیری ئێران بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی لە شێوەی بنیادنانی شەرعیەتی بنەڕەتدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک چاودێری تەندروستی و یارمەتیدانیان بۆ پێویستیە بنەڕەتییەکانیان و زیارەتی ئاینی ئەربەعین هاتۆتە ئاراوە. ئەم جۆرە پشتگیرییە دەرەکیانە بۆ ئەو کارەکتەرە نادەوڵەتیانە درێژبووەتەوە کە هاوبەشی لەگەڵ گروپە چەکدارەکان دەکەن، هاوپەیمانی کارەکتەرێکی سیاسی یان گروپێکی تائیفی دیاریکراون، یان تەنها لەو بوارانەدا چالاکن کە وەک جۆرە گروپانێکی بەهێزن. لە هەمان کاتدا ئێران و نوێنەرەکانی تا دێت تورەییان بەرامبەر بە هەندێک کارەکتەری مەدەنی چاکسازیخواز زیاتر دەبێت کە پیلانگێڕییان لە دژی ڕۆژئاوا وروژاندووە. گروپە مەدەنییەکان لە عێراق بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکرێت و دەترسێنرێن و تۆمەتبار دەکرێن بەوەی کە نوێنەری بیانین لە هەوڵی لەناو بردنی چالاکییەکانیانان، بەتایبەتی هەوڵەکانیان بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی میلیشیاکان لە کایەی گشتی و سیاسی عێراقدا. لە میانی نارەزایەتییەکانی عێراق لە ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢١، سەرکردەی میلیشیاکان داوای دوورخستنەوەی دەستتێوەردانی بریکارە بیانییەکانیان کرد لە کاروباری وڵاتدا، بەمەش توندوتیژییان بەرامبەر بە هەزاران گەنج و ئافرەتی بێچەک ئەنجامدا، کاتێک ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر سەرکردەکانی وڵاتەکە.
لە عێراق و لیبیا و لە چوارچێوەی ململانێکانی تریشدا، تاکتیکی هاوشێوە لە وڵاتانی تر لەلایەن کارەکتەرە بە وەکالەتەکانی ترەوە بەکارهێنراوە، وەک میسر، سعودیە، تورکیا، ئیمارات و ئەوانی تر. لەو شوێنانەی کە پاڵپشتی دارایی بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان فاکتەری کەمتر بەرچاوە، دەستڕاگەیشتن بە میدیای تەقلیدی و سۆشیال میدیا و دەستڕاگەیشتن بە ڕژێمەکانی دیپلۆماسی، ئامادەییەکی بەنرخ و بەرچاویان بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان دابین کردووە کە پارتە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان ناتوانن پێی بگەن. لەم دواییانەدا، ئۆفەری نیشتەجێبوون لە میسر و قەتەر و ئیمارات و ڕەگەزنامە لە تورکیاوە، بۆ پشتگیریکردن لە کارەکتەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە ڕاستەوخۆ پشتگیری داراییان بۆ دابینکراوە یاخود لە ڕووی سیاسییەوە هاوتەریبن. توانای دابینکردنی ڕێگایەک بۆ ئاسایش و سەلامەتی بووەتە کاڵایەکی بەنرخ لە پێشخستنی گروپە سیاسییەکان یان کارەکتەرە بە وەکالەتە پشتگیریکراوەکان.

## ڕۆڵی ناوچەیی تورکیا

نیگەرانییە جیۆپۆلەتیکییەکانی تورکیا بە هەمان شێوە کاریگەرییان لەسەر کردەوەکانی وڵاتەکە بەرامبەر بە کارەکتەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبووە سەبارەت بە پرسە پەیوەندیدارەکان بە ململانێ. تورکیا لە ئەندامێتی خۆی لە ڕێکخراوی پەیماننامەی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆڵی ئەمنی خۆی لە ناوچەکەدا کەڵک وەردەگرێت، سەرەڕای ئەوەی زیانێکی گەورەی بەرکەوت وەک هێزێکی سەربازی ڕاستەوخۆ لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا بە ناوی بەرگریکردن لە خۆی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).
تورکیا تا زیاتر لە ململانێ درێژخایەنەکانی دژ بە پەکەکە و هاوپەیمانەکانی بەردەوام بێ کە کوردەکان پشتیوانیان لێدەکەن، ئەوا چەسپاندنی ڕێسای یاسایی و کۆمەڵایەتی و دارایی زیاتر بەسەر ئەو گروپانەی کۆمەڵگای مەدەنیدا کەڵەکە دەکات کە پەنایان بۆ ئەو وڵاتە بردووە. لەوانەش سەدان ڕێکخراوی سوریا کە لە ساڵی ٢٠١١ وە بەدواداچوون بۆ ئاوارەبوونی زیاتر لە ٣.٧ ملیۆن هاوڵاتی سووری دەکەن کە ڕوویان لە تورکیا کردووە. زۆرێک لە گروپەکان باس لەوە دەکەن کە پێویستیان بە نەرمکردنەوەی ئاخاوتنەکانیان هەیە یان لە هەندێک حاڵەتدا کارەکانیان بە تەواوی لە ناوچە تایبەتەکانی سوریا ڕابگرن بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە تورکیا یان پێگەی یاسایی خۆیان بهێڵنەوە، وەک ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا فەرمانیان پێداون.

## کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵگای مەدەنی لە ململانێدا

لەگەڵ چڕبوونەوەی ئەم داینامیکە جیۆپۆلەتیکیانە، کاریگەرییەکی گەورە لەسەر هاوبەشییە تەقلیدی و درێژخایەنەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) هەیە. هێڵە هەڵەکانی جیۆپۆلەتیکی بەردەوامن لە گۆڕانکاری هێندە گەورە کە لە ئێستادا نارەزایەتی لە نێوان بەخشەر و هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ڕۆژئاوایی لە زیادبووندایە. ئەو کارەکتەرە مەدەنیانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن ، خۆیان دەبیننەوە کە چۆن سیاسەت و دەسەڵاتی ئەخلاقی هاوپەیمانەکانیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.
قەیرانی ناسنامە و ئاڵنگاری هێز، بە تایبەتی لە دوای ئەنجامی شەڕی سوریا، وایکردووە ئەم گروپانە بەدوای ڕێگەی بەدیل و سەربەخۆتردا بگەڕێن بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانیان. کۆمەکی ئابووری و گەڕان بەدوای بەخشەرە خێرخوازیەکان، لەنێویاندا لە ناوچەکەدا، لەبری پارەی حکومەت، بوونەتە ڕیشاڵی چالاک لە

ستراتیژییەکانی بودجە. هەندێک لە گروپە مەدەنییەکان بڕیاریان داوە سیاسەتەکانیان یان ئامانجەکانی داکۆکیکردنیان لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا دوور بخەنەوە. ئەم جێگیرکردنەی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕووی بوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانییەکانی لە ناوچەکەدا، لێکەوتەی جیۆپۆلەتیکی هەیە.

زۆربەی ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانرێت لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی ناوخۆیی لە ململانێدا و نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) دا جێگیر بکرێت. لە سوریا، تۆمەتە بەردەوامەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە نەتەوە یەکگرتووەکان هاوپەیمانی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دروستکردووە بۆ دەستەبەرکردنی بڕێکی ڕووکەشی پارە و سەرچاوەی گرنگ، کە زیانیکی گەورەیان بە پەیوەندییەکانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی گەیاندووە. لە لیبیا، نەتەوە یەکگرتووەکان هەمان ڕەخنەیان لێدەگیرێت، هەرچەندە ئەنجامەکانی کەمتر کوشندەن، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی سزای بەردەوامی ڕێکخراوەکە دەدات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی ساڵی ٢٠١٢ کە بە بەردەوامی نەیتوانیوە پشتگیریی پێکهاتە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتەکە بەدەستبهێنێت.

جگە لەوەش، سەرەڕای پەیوەندییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی، ئەمریکا قەیرانی ناوخۆیی خۆی لە بەهاکاندا ئەزموون کردووە. بەمەش بەشداری کردووە لە دوورکەوتنەوەی زیاتر لە سیاسەتەکانی بەها و بنەماکان لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە کارەکتەرە مەدەنییەکان وەک بەخشەر و پشتیوانێکی سەرەکی لە ئەمریکا دوور بکەونەوە. هەرچەندە ئەم ڕەوتە لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا دا خراپتر بوو، بەڵام گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی دیموکراتەکان لە سەردەمی سەرۆک جۆ بایدن سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، ئەو وەرچەرخانە بەدواداچوونەی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە بۆ پشتیوانیکردن لە پاوانخوازان لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگای مەدەنی هەست بە لاوازی زیاتر بکات لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان. کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان دەستێوەردانەکانی جیۆپۆلەتیکی ڕووسیا و دەوڵەتانی کەنداو و زلهێزەکانی دیکە لە لایەک و بێ بڕیاری کارەکتەرەکان لەوانە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەکی دیکەوە زەبری زۆری بەرکەوتووە.

ئەم دۆخە بۆشاییەکی گرنگی بۆ ئەوروپا خستووەتەڕوو بۆ پڕکردنەوەی پشتگیری لە کۆمەڵگای مەدەنی کە بە شێوەیەکی نەریتی هاوبیروڕان، چونکە کارەکتەرە مەدەنییەکان لە ناوچەکەدا بە گشتی ئەجێندای ئەوروپا بە نەرمتر دەزانن وەک لە ئەجێندای ئەمریکا. بەڵام هێشتا یەکێتی ئەوروپا بە تەواوی هەنگاوی نەناوە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بگێڕێت. یەکێتی ئەوروپا وەک بەشێک لە کارنامەی جیۆپۆلەتیکی خۆی پاڵپشتی دارایی بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دابین کردووە بەڵام لە هەمان

ئاستی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆدا وەک دەسەڵاتە دەرەکی و بە وەکالەتەکانی دیکە کێبڕکێ ناکات.
جگە لەوەش، شەڕێکی پڕوپاگەندەیی دوو ستاندارد لە نێو شەڕی بەردەوامی ئۆکرانیادا سەریهەڵداوە: زۆرێک لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) هەست بە تاڵی دەکەن کە یەکێتی ئەوروپا ئەو جۆرە پشتگیرییە بەهێزە پێشکەش بە کۆمەڵگای مەدەنی ئۆکرانیا دەکات و بەڵام ڕەتیکردۆتەوە ئەو جۆرە پشتگیرییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش بکات، سەرەڕای نزیکی پێگەی جوگرافیای ناوچەکە لە ئەوروپاوە. هەرچەندە بۆ یەکێتی ئەوروپا، ئامانجی جیۆپۆلەتیکی فراوانتر بۆ پشتگیریکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی لیبڕاڵ مەترسی بە بێگانە کردنی هاوبەشە مەدەنییەکان دەکات بە جێبەجێکردنی شانبەشانی ئامانجەکانی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی ڕووسیا و خزمەتکردنی ئەولەویەتێکی ناوخۆیی پێش پابەندبوونێکی ناوچەیی. بە کورتی، پشتیوانی کۆمەڵگای مەدەنیش بووەتە بەشێک لە حیساباتی جیۆپۆلەتیکی یەکێتی ئەوروپا لە ناوچە جێناکۆکەکاندا.

## ڕێکخستنێکی جیۆپۆلیتیکی

کاریگەرییەکانی هەموو ئەم ڕەوتانە ئەوەیە کە داینامیکی جیۆپۆلەتیکی دابەشبوونی نوێ لە کۆمەڵگای مەدەنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) دا دەباتە پێشەوە. بۆ زۆرێک لە کارەکتەرە مەدەنییەکان کەم شوێن و ناوچە ماوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆی. کۆمەڵگاکان دابەش بوون چونکە پارەی کارەکتەرەی ململانێکانی وەک میسر، دەوڵەتانی کەنداو، ئێران، ئیسرائیل، ڕووسیا ، تورکیا و هاوپەیمانییە تەقلیدییەکان لەناو کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا دابەش دەکات کە لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی یەکگرتوو بنیاد نراوە. زۆرێک لە چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی ئێستا خۆیان دەبیننەوە کە بە بەردەوامی بە شێوەی ئۆنلاین یان بە شێوەی کەسی لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارە کۆنەکانیان دەمەقاڵێ دەکەن  بەهۆی ململانێ و هەڵوێستە سیاسییەکانەوە کە بە شێوەیەکی جەرگبڕ دابەشکراون. هەروەها زۆرێک بەهۆی کارەکانیانەوە خۆیان دەبیننەوە کە بە شێوەی ئۆنلاین هەڕەشەی جەستەییان لەسەرە و گیانیان لە مەترسیدایە یان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆیی لە وڵاتانی نیشتەجێبوونیاندا هەراسان دەکرێن. ئەمەش مەترسییەکی تایبەتە بۆ سەر گیانی کارەکتەرە ئافرەتە مەدەنییەکان بە تایبەت.  بێمتمانەیی و توڕەیی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و گومان لەسەر ئەوەی کێ پارە بۆ کێ و بۆچی دابین دەکات، ئەوەندە بەرچاوە کە نە یەکێتی و نە هیچ هەوڵێکی بەرچاو هەیە بۆ دووبارە کێشانەوەی فەزای مەدەنی بە

شێوەیەک کە تەنیا لەگەڵ بەهاکان یان پابەندبوونەکان بە بەشداریکردنی کۆمەڵگای مەدەنیدا بگونجێت.
کارەکتەرە مەدەنییەکان لە ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیدا گیراون بۆ کاریگەری و دەسەڵات و پارە کە زۆر دیاری کردووە و خستویەتییە بەر چاو نەک تەنها ململانێ ڕوودەدات یان ڕووناداتو و کێ لە بەرەی ڕاستدا دادەنیشێت بەڵکو تەنانەت ئەو بنەما و بەهایانەی کە دەبێ فەرمان بە بەشداریکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و ئاراستەی بکەن. لە سەرانسەری ناوچەکەدا، ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان و سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن هەموویان خەریکی ڕەوتە بەرفراوانەکانی پرسیارکردنن لە ڕاستییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و زانیاری ناڕاست و هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە تەقلیدییەکانی داکۆکیکردن و حوکمڕانی خوازراو بوون. لەم نێوەندەدا، دوو ستاندارە هەستپێکراوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا لە بەرەوپێشبردنی بەهاکاندا قەیرانێکی بەناو هاوپەیمانی لیبراڵی دروستکردووە.
لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێڵەکانی هەڵەی جیۆپۆلەتیکی خەریکە جێگیر دەبن کە هاندەری یەکەمایەتی دانانی نزیکبوونەوە و وەستاندنی یەکترە بەسەر دابەشبوون و ململانێدا. لەم چوارچێوەیەدا، پێدەچێت کارەکتەرە مەدەنییەکان نزیک لە مەحاڵەوە یارییەکە ڕێک بخەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ فۆرمێکی ستانداردتر لە بازرگانیکردن. بەڵکو ئەگەری ئەوە زیاترە کە ئەو هێڵە جیۆپۆلەتیکیانەی کە لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا لە سەرانسەری کۆمەڵگای مەدەنیدا کێشراون، بە سیاسەتی هاوپەیمانان و پشتیوانان دیاری بکرێن، تەنانەت لەو شوێنانەی کە دابەشبوونە دامەزراوەکان هەڵدەوەشێنەوە و دیپلۆماسییەکی کەمتر توندوتیژ جێگەیان دەگرێتەوە.

## دەرئەنجام

ململانێ کۆتایی بە تایبەتمەندییە درێژخایەنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوە و سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوای بە بێ ئامانج هێشتووە. ڕوون نییە کە دەتوانرێت یان دەبێت ڕێکخستنەوەی بۆ بنەمای بنەمادار بە بەهاکان کە بەپێی ئەوان دەرخەرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پارەدان لە ناوچە ململانێییەکان دادەنرێت. بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵگای مەدەنی ناوچەیی بە هەمان شێوە پێویستە دان بەوەدا بنێن کە ڕۆڵی نوێی کارەکتەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لە بەرپەرچدانەوە و گێڕانەوەی زانیاری هەڵە کە لە نێوان خۆیاندا بڵاوبوونەتەوە، لەناو کۆمەڵگاکانی خۆیان و سەبارەت بە هاوپەیمانەکانی پێشووی خۆیان.
لە هەمان کاتدا، بۆ ئاگادارکردنەوەی وەڵامە شیمانەییەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر لە ڕێگاکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوە لەسەر

کارەکتەرە مەدەنییەکان و ڕەوتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەنجام بدات. تەنیا چوارچێوە کردنی کارەکتەرەکان بۆ ناو ناوەڕۆکی لایەنگری لیبراڵی یان دژە لیبراڵی، ئاڵۆزییەکانی ململانێ و دینامیکی ناوچەکە پشتگوێ دەخات و دۆخەکە بە ناپاکی نیشان دەدات. سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ گۆڕانی دینامیکی ململانێکان لە نێوان ڕێکخستنەوەی جیۆپۆلەتیکی فراوانتری کارەکتەرەکاندا، هۆکارە جیهانییەکان لەوانەش دەستڕاگەیشتن بە وزە، ڕۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان، شۆکی کەشوهەوا و دەستڕاگەیشتن بە خۆراک، خۆراک پێدان و چاودێری تەندروستی وڵاتان و کارەکتەرە مەدەنییە بە وەکالەتەکانیان ناچار دەکەن کە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر درووست بکەن . لەوانەیە ئەم هۆکارانە تەنانەت دەوڵەتەکان و بریکارەکان ناچار بکەن کە هێڵە دابەشکەرەکانیان ببڕن بۆ چاککردنەوەی درزەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیان دوور لە سیاسەتی ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی داراییان بۆ دابین دەکەن و چەکداریان دەکەن.

سەرچاوە: کۆگای فیکری کارنیج یوروپ بۆ شیکاری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش

# کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: و ئامانج و بنچینەیان

نووسینی: کریستۆفەر پی دالاس فینی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئەمە بەشێکە لە ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: کەرتەکان، ناجێگیری و گۆڕانکارییەکان هەروەها کێشەکان.

مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شێواوە بەهۆی ململانێ و توندوتیژییەوە بە شەڕی نێوان هەرێمەکانەوە هەروەها شەڕی ناوخۆ، یاخیگەران، شۆرشگێران، کودەتاچیان، لەشکرکێشی لەلایەن وڵاتە بیانیەکان وکێشمەکێش لە ڕەگەزی و تایەفەگەری. بەتایبەت لە کاتی شەڕی نێوان ئیسرائیل و کۆمەڵێک نەتەوەی عەرەبی کە لەساڵی ١٩٦٧ کە لەلایەن میصرەوە ڕابەرایەتی دەکرا. ئاشتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوورەپەرێز بووە (کوانت ٢٠٠٥، دێنیس ٢٠٠٤). سەربەخۆی گروپەکان لەم بەشەدا باسدەکەین. چەندین هەلومەرجی پێکهاتەی جۆراوجۆر لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە کە ڕێگە بە چەندین دەستەی کارەکتەری سیاسی دەدات بە توندوتیژی بەرگری بکەن یان تەنانەت شکست بەدەسەڵاتی دەوڵەت وهاوپەیمانەکانی بهێنن.
کێبڕکێ بۆ هەژموونی ناوچەیی ڕاستیەکی ژیانە لە سیستەمی نیودەوڵەتیدا هەروەها بە تایبەت لەم ناوچەیەی جیهاندا ڕوون و ئاشکرایە، جا چ بەربەرەکانێی ئێران بەرامبەر عێراق (ولیامسۆن، ودس ٢٠١٤) یاخود بەربەرێکانییەکانی ئێستای ئێران بەرامبەر

سعودیە( گاوس ٣ ی ٢٠١٤ ). وەک بەشێک لە کێبڕکێی هەژموونگەرانی، دەوڵەتەکان پشتیوانی کارەکتەرە نا دەوڵەتیە توندڕەوەکان دەکەن وەک بەشێک لە داواکاری بۆ پێداچوونەوە یاخود پاراستن و هێشتنەوە لە دۆخی ئێستا. (بایمن ٢٠٠٥),لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن هێزە.(یەمەن، عێراق، سوریا، و لیبیا) دەوڵەتی شکستخواردوو یان لە شکستدان کە جێپەنایە بۆ زۆرێک لە توندوتیژترین و خۆڕاگرترین توندوتیژەکان دابین دەکەن کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵێکی جۆراوجۆر و بەرفراوانی باندە تاوانبارەکان لەگەڵ سوودمەندبووانی جەنگ.

بەڵام ئەوەی لانیکەم لەساڵی ٢٠٠١ەوە بە شێوەیەکی مەترسیدار لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە(گێرگس ٢٠٠٥)، هاتنە ناوەوەی هێزی تێکدەرەکانی کارەکتەرە توندڕەوە نادەوڵەتییە فرەنەتەوەییەکانە کە دیدگا و تێڕوانینی ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵایەتی توندڕەویان بۆ ناوچەکە هەیە کە داوای گۆڕینی توندوتیژی جیهانی ئیسلامی دەکات کە لە ماڵی ئیسلامیەوە دەستپێدەکات کە خاک و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لەم بەشەدا، تیشک دەخرێتە سەر بنچینە و ئامانجە سەرەکییەکانی چوار ڕێکخراوی سەرەکی کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان کەنوێنەرایەتی ڕێکخراوە گەورەکان دەکەن کە لەتوانیاندا هەیە هەڵمەتی بەردەوام لە توندوتیژی ستراتیجی دژ بە حکومەت ئەنجام بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بەکارهێنانی تیرۆر و جەنگی گەریلا وە هەروەها سزادان.هەروەها، لەکاتی گونجاودا شەڕی نەریتی کە مەبەست لێی شەڕی فەرمییە کە بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت بۆ بەگژداچوونەوە و ئالنگاری حکومەتە دەسەڵاتدارەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان(جۆنز ٢٠١٦: ساڵحیان ٢٠٠٩).

کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە هەمەجۆرە وەک گروپە سەلەفییە جیهادییەکانی وەک داعش و لقەکانی و قاعیدە و لقەکانی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکەن، هەروەها گروپە نەتەوەپەرستە شیعە لوبنانییەکانی وەک حیزبوڵڵا و گروپە نەتەوە پەرستە فەلەستینییە سوننەکانی وەک حەماس. جا یاخود بە دژایەتی دەوڵەت یان وەک هاوبەشێکی دەوڵەت (بۆ نموونە حیزبوڵڵا لە سوریا).

کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان, کارەکتەری سیاسی گرنگن لە بەرفراوانبوونی ناکۆکی و ململانێ سیاسی و سەربازییەکاندا کە بۆتە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبوونی دەیان ملیۆن هاوڵاتی لەگەڵ کاردانەوەی جیهانی(چاودێری مافەکانی مرۆڤ ٢٠١٨ و ١٩٩٢).

لە کاتێکدا ئێمە لەم بەشەدا بەتەنها لێکۆڵینەوە لە بڕێکی کەم لە بەناوبانگترین کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان دەکەین ,ئەوان بە تەنها لەململانێ و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کار ناکەن, چەندین جۆر کارەکتەری دیکە هەن لە ناوچەکەدا

کە پێویستە بایەخیان پێ بدرێ بە هۆکاری تێگەیشتنێکی تەواو لە "دروستبوونی" کارەکتەرە نادەوڵەتییە توندوتیژەکان، کە ئاستی ململانێکان لە ناوچەکەدا و ئەو ئەنجامە سیاسییە پەیوەندیدارانە کە لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییانەوە دێتە ئاراوە دیاری دەکەن, بەڵام بە ڕوونی ژمارەیەکی زۆر گروپ هەن کە ناتوانرێت لەم بەشە کورتەدا بەشێوەیەکی باش و گونجاو باس بکرێت.
بۆ تێگەیشتنیان لە پێوەر و مەودای دروستبوونی کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندوتیژەکان لە ناوچەکەدا ، کورتەیەک دەربارەی سروشتی سەدان کارەکتەری نا دەوڵەتییە توندوتیژەکانی تر پێشکەشدەکرێت کە ئێستا لە ناوچەکەدا کار دەکەن، پاشان لە نزیکەوە سەیری ئەو گروپە کەمانە دەکەین کە بە بڕوای من لە بیست ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەشێوەیەکی دیار و جیاواز داڕشتووە یاخود لەقالب داوە هەروەها بەڵێن دەدەن بۆ داهاتوویەکی نزیک کە ئەو کارە بکەن.

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتییە توندوتیژەکان و "سەرهەڵدان و دروستبونیان" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

چەندین دەوڵەت توانای دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکاریان نییە لە ناوچەکەدا لەسەر بەکارهێنانی هێز لە ناو سنورەکانیاندا، ئەمەش بەو مانایە دێت کەلانی کەم لە ئێستادا، کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان کە هێز و دەسەڵاتێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان هەیە لە ماوەی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەدا ئاستی ئێستا وە هەروەها سروشتی ململانێکان لە ناوچەکەدا، لە ڕاستیدا، ئەمەش وا دەریدەخات کە دەسەڵات و هێزی دەوڵەت زیاتر لاوازبکات.
ئەمەش نەک تەنیا ڕێگا بە کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان دەدات کاریگەریيان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە هەبێت بەڵکو لەسەر "دروستبونی" سەدان گروپی دیکەش کە وەک فاکتەرە گرینگەکان لە ڕەوت و خێرایی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا کاردەکەن.
بەلێکدانەوەی فەیلەسوفە سیاسییەکان لەوە دەچێت ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورتتر بێت، تەنانەت سەختتر و بێ هیواترە لەوەی کە دەردەکەوێت.
چەندین گروپی جۆراوجۆر هەن کە لە سێبەری بزووتنەوە جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامیدا کاردەکەن و وەک هاوبەشێکی ستراتیجی نیمچەسەربازی بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکان و دامەزراوەکانی تری وەک حەماس و حیزبوڵلا خزمەت دەکەن.
سروشتی پەیوەندییەکەیان بە شێوەیەکی گشتی بە مەبەست شاراوەیە بۆ ئەوەی ئاستێکی پاراستنی سیاسی بدات بە باڵی سیاسی گروپی ڕەچەڵەکیان.
گروپەکانی وەک جیهادی ئیسلامی فەلەستینی (فلێچەر ٢٠٠٨) و لیوای شەهیدانی ئەقسا (فلێچەر ٢٠٠٥) بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بوون بەڵام بە نهێنی دەمێننەوە و

ئەندامێتییەکی زۆر سنووردار و تایبەتیان هەیە.
جگە لە کردەوە توندوتیژەکانی گروپەکە بە تەنها، زۆرجار وەک هاوبەشێکی ستراتیجی بۆ گروپە گەورەکانی دیکە کار دەکات کە وەک بزووتنەوەی جەماوەری (جیهادی ئیسلامی فەلەستینی و حەماس و لیوای شەهیدانی ئەقسا لەگەڵ فەتح و حەماس).
هەروەها چەند گروپێک هەن کە وەک بریکاری ناوخۆیی حکومەتە بیانییەکان کار دەکەن وەک ئێران یان کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانی وەک قاعیدە.
ئەنسار ئیسلام (زانکۆی ستانفۆرد) و کەتائیب حیزبوڵڵا (زانکۆی ستانفۆرد) لانیکەم بۆ ماوەی ١٠ ساڵ وەک ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان تۆمارکراون لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە.
ئەنسار ئیسلام گروپێکی سوننە مەزهەبە کە لەسەر بنەمای جیهادی سەلەفی دامەزراوە کە ئەرکی سەرەکییان بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردی بووە لە عێراق و بەرەوپێشبردنی توانای دەسەڵاتی ئیسلامی سوننە لەو ناوچەیەی عێراقدا.
دامەزرێنەرەکانی لە کەمپەکانی قائیدە ڕاهێنانیان پێکرابوو لە ماوەی جەنگی ئەفغانستان و دوای جەنگی ئەفغانستان و لە ئێستادا پەیوەندییان بە گروپەکانی قاعیدەوە هەیە لە ناوچەکەدا.
هەندێک جار لەگەڵ داعشیش هاوکاری و شەڕی کردووە.
کتائیب حیزبوڵڵا گروپێکی نیمچە سەربازی شیعە مەزهەبی تاڕادەیەک گەورەیە کە بەپێی ڕاپۆرتەکان لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت و هەوڵدەدات توانای ئێران بەهێز بکات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق هەبێت لە بەرژەوەندی پێکهاتەی شیعەی زۆرینە لەعێراقدا.
ڕۆڵێکی گرینگ و دیاری بینیوە لە یەکەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق, هێزی سەربازانی کتائیبی حیزبوڵڵا (توماج ٢٠١٦), کە تێبینی کراوە کە نزیکەی ٣٠،٠٠٠ هەزار شەڕکەری مەدەنییە, کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا بۆ بەرگریکردن لە عێراق. لە بەرامبەر داگیرکاری داعش لە عێراق بانگهێشت کرابوو.سەدان کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندڕەوەکانی دیکە هەن کە سەریان هەڵداوە بەدیارکەوتن دوای جەنگەکانی عێراق، سوریا، یەمەن و لیبیا.
هەندێک لەو گروپە دیارانەی کە لە ماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵی ڕابردوودا سەریهەڵداوە بریتین لە (جيش الرجال الطريقة النقشبندية) (نەتەوەپەرستی سوننەی) لە عێراق. (زانکۆی ستانفۆرد).
ئەحرار شام لە سوریا (نەتەوەپەرستانی سەلەفی جیهادی سوریا)، حوسییەکان لە یەمەن (ناسیۆنالیستە شیعەکانی یەمەن) (گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی ٢٠١٤)، و گروپی شەڕکەری ئیسلامی لە لیبیا (نەتەوەپەرستی سەلەفی جیهادی لیبیا), (ویتێر ٢٠١١).
ئەم گروپانە لە قەبارە و توانا و ئایدۆلۆژیای سیاسیدا جیاوازن، بەڵام هەموویان ڕۆڵی

گرنگیان گێڕاوە لە بوارە سیاسی و سەربازییەکانی خۆیاندا.
سەرەڕای ئەوەش، گروپی نوێی کارەکتەرە توندڕەوی نا دەوڵەتی لە میسر سەرهەڵدەدەن لە کاردانەوەی ڕژێمی ستەمکار دەسەڵاتداری سەرۆکی ئێستا عەبدولفەتاح ئەلسیسی. (بی بی سی نیوز ٢٠١٤). گروپەکانی وەک حاسم و لواء الثورة لە میسر (ئێلگوندی ٢٠١٧)هێشتا تەمەنیان کەمترە لە ١٨ مانگ، بەڵام هەتا بێ زیاتر چالاک دەبن لە هێرشەکان بۆ سەربەرپرسانی حکومەت و ئامانجە سەربازییەکان. هەرچەندە ئەو دەنگۆیە هەیە، بەڵام ڕوون نییە کە ئەگەر پەیوەندییەکیان بە گروپە چالاکوانییە درێژخایەنەکانی میسرەوە هەبێت وەک ئیخوان موسلیم یان بەشێوەیەکی نهێنی داعش بن. ئەوان هەوڵ دەدەن سەرۆکی میسر ئەلسیسی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ببەزێنن و کۆمەڵگایەکی میسری لەسەر بنەمای ئیسلام دامەزرێنن.

## تیشک خستنە سەرگفتوگۆکە

ئیسلام ئیلهامبەخشی تێڕوانینە سیاسیەکانی هەر چوار ڕێکخراوەکەیە کە لە ئەم بەشەدا تیشکی خراوەتەسەر، بەڵام هەر یەک لە ڕێکخراوەکان ئیسلام بەشێوەیەکی جیاواز وەردەگێڕێت بۆ کردەی سیاسی و توندوتیژی. هەر چوار گروپەکە (یان لقەکانیان) لە یەک کاتدا بەهۆی توندوتیژی و توندڕەویەوە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە هەموویان توانای ئەوەیان هەیە کێبڕکێ بکەن لەگەڵ هەردوو ڕکابەری کارەکتەرە نا دەوڵەتیە توندڕەوەکان لە مەیدانی جەنگ یان شێوازی هێزی سەربازی ڕۆژئاوای لە شەڕە ئاساییەکاندا. ئەم چوار گروپە بریتین لە:
**حەماس:** گروپێکی ئیسلامی سوننە مەزهەبە کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە و تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی نیشتمانێکی سەربەخۆی فەڵەستین.
**حیزبوڵڵا:** گروپێکی لوبنانی ئیسلامی شیعە مەزهەبە کە لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە و تەرخانکراوە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی شیعە لە لوبنان و پێشگیری کردن لە وڵاتی ئیسرائیل.
**ئەلقاعیدە و لقەکانی:**گروپێکی جیهادی سەلەفی سوننە مەزهەبە کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوای جەنگی نێوان سۆڤیەت و ئەفغانستان پێکهات، تیشکی خستبووە سەر دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەت ، بەڵام زیاتر ڕاستەوخۆ لەسەر جیهادی بەرگری بۆشکستپێهێنانی "دوژمنی دوور" کە دەڵێن هۆکاری سەرەکی سەرکوتکردنی دڵسۆزانی ئیسلامی بوون واتە :ئەمەش لە کاتێکدایە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا وەک ئەمریکا پاڵپشتی لەو سەرکردانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن کە بە دیندەر (کافر) یان دادەنێن.
**دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) و هاوپەیمانەکانی :** گروپێکی سەلەفی جیهادی سوننەیە کە وەک جیابونەوەیەک لە ئەلقاعیدە پێکهێنرا لە ساڵی ٢٠١٤،

ئەوان تیشکیان خستە سەر دامەزراندنی خەلافەت لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا وە بۆ بەرەوپێشبردنی وبەردەوامبوونیان بۆ جیهادی جیهانی بۆ مەبەستی فراوانکردنی مەودای جوگرافی خەلافەت.

**حەماس:**

حەماس لە ساڵی ١٩٨٧ەوە بوونی هەیە هەتا ئێستا، لەگەڵ خۆڕاگرییەکەی لەگەڵ ڕکابەرەکەی بزوتنەوەی فەتح لە ساڵی ٢٠٠٧ ، گەورەترین بزووتنەوەی چەکداری فەلەستینییە. حەماس لقێکی بزووتنەوەی ئیسلامی سوننەیە کە بە ئیخوان موسلیمینی فەلەستین ناسراوە کە لە ساڵی١٩٣٥ لە ناوچەی فەڵەستین دامەزراوە.

حەماس بەوە ناسراوە کە دەتوانێت لە بەیاننامە گشتییەکانیدا ناڕوون بێت و بیرکردنەوەی خۆی لەسەر کێشە سەرەکییەکان گەشەپێداوە (بۆ نموونە مەرجی ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر دەوڵەتی فەڵەستین، ڕۆڵی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکان لە ناوخۆدا ڕۆڵی ئیسلام لە حوکمڕانی کۆمەڵگادا)، ڕێکخراوەکە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە و لەم دواییانەشدا لەسەریەک بە بەردەوامی سەرنجی خۆی هێشتۆتەوە لەسەر دوو لەپێشینەیی کاری سەرەکی.

یەکەم: حەماس بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستییە کە لە ئیسلامەوە ئیلهامی وەرگرتووە. وە بەدوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی دەگەڕێت کە لە غەزە و کەناری ڕۆژئاوا پێک هاتبێت.

ئەمەش بە جەختکردنەوە لەسەر دۆخی نالەباری فەلەستینییەکان لە بەرامبەر کۆمەڵگەی موسڵمانی گەورە. سەبارەت بە چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی،

پرۆفیسۆر و زانای سیاسی (گانینگ) ئاماژە بەوە دەکات کە حەماس لەم دواییانەدا ملکەچی ئەوەبوو کە ئیسلام دەبێت لەلایەن خەڵکەوە بەخواستی خۆی بێت ( بە ئیرادەی خۆیان )و تەنها کاتێک دەتوانێت بێتە ئاراوە ئەگەر زۆرینەیەکی ئازاد پشتگیری لە دامەزراندنی بکات.( گانینگ ٢٠١٠)

بیری دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی بۆ حەماس دانوستانی لەسەر ناکرێت، بەڵام سنوورەکانی و بنەمای یاساکانی کۆمەڵگا دانوستانی لەسەر دەکرێت (واتە ئیسلام لەبەرامبەر مۆدێلی عەلمانی).

دووەم: حەماس پابەندە بە بەردەوامبوونی بەرگریەکی پتەو بەرامبەر داگیرکاری، و دواتربە جۆرێکی ناتوندوتیژی جیاواز (ئابلوقەدان/گەمارۆدان) لەلایەن ئیسرائیلەوە، وە هەروەها بەپێی پێویست توندوتیژی دژی هەردوو لایەنی سەربازی و هاوڵاتی مەدەنی لە ئیسرائیل بەکاردەهێنێت بۆناچارکردنی ئیسرائیلییەکان بۆ ئەنجامدانی دانوستانێکی دادپەروەرانە و یەکسان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین.

حەماس لە بری هەموو ئەو فەڵەستینیانەی کە ئێستا لە ناوچەکەن و هەموو

ئەو پەنابەرانەی لە جەنگی ساڵی ١٩٤٨ دا لە دەرەوەی ناوچەکە دەژین بە دوای ئامانجەکاندا دەگەڕێت.
لەکاتی دامەزراندنیەوە هەڵمەتی تیرۆریستی خوێناوی لە دژی ئیسرائیل ئەنجام داوە لەوانە دوو هێرشی گەورەی خۆکوژی لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان لە دژی ڕێکەوتنەکانی ئۆسلۆ (ئارياڤ و لینسای ٢٠١٢) هەروەها  وەک بەشێک لە ڕاپەڕینی دووەم لە کۆتایی ساڵەکانی  ٢٠٠٠ بۆ ناوەڕاستی٢٠٠٥.
هەروەها حەماس لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە بەشداری چوار جەنگی ئاسایی کە (مەبەست لێی شەڕی نەریتیە) لەگەڵ ئیسرائیلدا کردووە، ئەوساڵەی کە لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ناوچە فەلەستینییەکاندا سەرکەوتن و سەرکردایەتی فەرمی دەسەڵاتی فەڵەستینی وەرگرت.
لە کاتێکدا بەکورتی لە هەموو ئەو جەنگانەی کە تیایاندا شکستیان هەناوە ، حەماس و هاوپەیمانەکانی تا ئێستا بەرگری خۆیان بەرامبەر داگیرکاری ئیسرائیل لە ناوچە فەلەستینییەکان بەردەوام کردووە.
سێیەم: حەماس بەدوای یەکریزی فەلەستینییەکاندا دەگەڕێت دەیەوێت خۆی بەدووربگرێت لە شەڕی ناوخۆ یان ئەو فاشیزمەی کەدەبێتە هۆی لاوازکردنی بناغەی فەلەستین بە ئامادەبوونی دوژمنێکی  باڵای وەک ئیسرائیل. (ڕابانی ٢٠٠٨، ٥٩-٨١)
دوای سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری لە هەڵبژاردنی نەتەوەیی فەلەستین لە ساڵی٢٠٠٦، حەماس سەرنجی خۆی بەرەو  کاروباری حوکمڕانی گۆڕی، یەکێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەوە بوو کە بەرەو پێشەوە بڕوات لەگەڵ حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی لەگەڵ فەتح بۆ ئامانجێک کەهێشتا نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێت
بزووتنەوەی حەماس توانای پاکبونەوەی خۆی لە ئایدیۆلۆژیی توندڕەو نەبوو، هەروەها نیەتیشی نەبووە بۆ ئەنجامدانی، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی و دەسەڵاتی ناوچەیەکی فراوان گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی. (براون ٢٠٠٩، براون ٢٠١٢، لایبارگەر ٢٠٠٧).
حەماس نە قاعیدە یە و نە تاڵیبان. شتێک قەرزاری حیزبوڵڵایە (غەدار ٢٠١٣) ،و زۆریش قەرزاری ئیخوان موسلیمینە، حەماس ئیسلامیە و بەڵام نەتەوەپەرستە ،مەزهەبی سونییە بەلام، هێشتا لەلایەن زلهێزێکی ناوچەی شیعە مەزهەب (ئێران) پاڵپشتی دەکرێت، دیموکراسیە بەلام هێشتا ناڕوونە،پۆپۆلیستە بەڵام هێشتا ستەمکارە،(میلتۆن-ئێدواردز ٢٠١٠). دامەزرێنەرانی حەماسیان دامەزراند بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە "بچێتە ناو یارییەکەوە" و هێز لە دژی ئیسرائیل بەکاربهێنن،لەگەڵ بانگەشەیی و شێوازە 'بێدەنگگەراییەکان'ی دیکە بۆ ئامادەکردنی موسڵمانە دڵسۆزەکانی فەلەستین بۆ پەیوەستبوون بە دەوڵەتی فەلەستین.

**حیزبوڵڵا**

حیزبوڵڵا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ دەرکەوت دوای دووەم هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ماوەی چوار ساڵی پێشوودا. لوبنان لە ساڵی١٩٧٥ەوە لە جەنگدا بووە لە ناوخۆی خۆیدا و دابەش بووە بەسەر چەند باڵێکی چەکداردا کە پێشبڕکێ دەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتەکە، حیزبوڵڵا لە بەشێک لە عەمال، حیزبی دەعوەی لوبنانی، کۆمەڵەی ئولیمای موسوڵمان و کۆمەڵەی خوێندکارانی موسوڵمان پێکهاتووە. (ڕانستۆرپ ١٩٩٧؛ پاڵمەر-هاریک ٢٠٠٤؛ نۆرتۆن ١٩٩٩) دوای شکستی خێرای ئیسرائیل لە هێزەکانی سوریا و فەلەستین لە باشوری لوبنان لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢.

ئێران نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە ناو دۆڵی بەقا لە لوبنان بە هەماهەنگی سوریا. ئەوان ڕاهێنانیان بە چەکدارانی حیزبوڵڵا کرد (کە لەو کاتەدا لە ٥٠٠ چەکدار زیاتر مەزەندە نەدەکرا) لە ئایدۆلۆژیای سیاسی ئیسلام وشێوازەکانی شەڕکردن لە هێزە هەڵبژێردراوەکانی سوپای پاسداران. ئەوان ئامادەکرابوون بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆر و شەڕی گەریلای دژی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە و هێزەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل(IDF) و (SLA) (سوپای باشووری لوبنان) لە باشوور.

لە ساڵی ١٩٨٥ حیزبوڵڵا ئەجێندا سیاسییەکەی خۆی خستەڕوو(نۆرتۆن ١٩٨٧)، ئەوان ڕایانگەیاند کە تەرخانکراون بۆ دەرکردنی هەموو داگیرکەرانی بیانی، لەناوبردنی ئیسرائیل و دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە لوبنان لەسەر بنەمای مۆدێلی شیعە کە لە ئێران دامەزرا لەساڵی ١٩٧٩.

بەڵام حیزبوڵڵا بەخێرای ملکەچ بوو بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە لوبنان.

دانیان بەوە دانا کە هاوڵاتی لوبنان ئازادییان هە یە سیستەمی حکومەتی خۆیان هەڵبژێرن.

بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان سیستەمێکی ئیسلامییان پێ چاکترە بەڵام ملکەچی ئەو مەرجەی قورئانیش بوون کە ئیسلام ناتوانرێت بەسەر کەسیدا بیسەپێندرێت. (نۆرتۆن ١٩٨٧).

یەکێک لە باوەڕە سەرەکییەکانی حیزبوڵڵا ئەوەیە لە جیهاندا زۆرلێکردن هەڵەیە بێ گوێدانە ئایین. تاکە ئەرکی ئاینی لەسەر حیزب ئەوەیە کە چالاکانە بەدوای دادپەروەریدا بگەڕێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا جێبەجێ کردنی دادپەروەری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دەبێتە هۆکاری گەیاندنی دەوڵەتە ئیسلامییەکە بە لوتکە یاخود نا.(سەعد-غورەیا ٢٠٠٢).

وەک بەشێک لە ئەرکەکەی بۆ گەیاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ لوبنان و کەمکردنەوەی ئازارەکانی "بێبەری کراوەکان" حیزبوڵڵا تۆڕێکی بەهێزی چاودێری کۆمەڵایەتی دروستکرد بە شێوەیەکی گەورە بۆ داخستنی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە

خزمەتگوزارییە گشتییەکانداهەیە کە حکومەتی نیشتمانی لاواز نەیتوانی پێشکەشی بکات.

ڕێکخراوەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبوڵڵا ڕکابەری تواناکانی حکومەتی لوبنانیان کرد وەک ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانەوە هەیە (بۆ نموونە پەروەردە، چاودێری پزیشکی، یارمەتی دارایی و کۆکردنەوەی زبڵ).

حیزبوڵڵا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ خزمەتکردنی شیعە کەم دەرامەتەکان، بەڵام لە کاتی قەیرانی گەورەدا،ئەوان دەرگایان کراوەیە بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان پێیەتی. ئەوان ئەوە وەک بەشێک لە جیهادی گەورەتر دەبینن بۆ گۆڕینی بیری هەر ئەندامێکی کۆمەڵگای لوبنانی بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا موسڵمانن یان دەگۆڕدرێن بۆ ئیسلام.

لە کاتێکدا حیزبوڵڵا بە شێوەیەکی گشتی وەک نیشتمانپەروەری لوبنان سەیر دەکرێت،بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵ نییە و ئامادەیە زیانێکی مەزنی کەسی بەدەست بهێنێت بۆ شەڕکردن بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان. بە پشتبەستن بە ئێران و سوریا بۆ پشتیوانی سەربازی و سیاسی و ئابووری گومانی لە ئامانجی بنچینەییان دروستکرد.

ئێران و سوریا هەردووکیان بەشدارییەکی باشیان لەم بزووتنەوەکەدا کردووە بە هۆکاری دروستکردنی هێزی سیاسی و سەربازیی خۆی بۆبەکارهێنانی دژی دوژمنە هاوبەشەکان.

ئێران لە ساڵانی سەرەتای حیزبوڵڵادا بە نزیکەی ٥٠-١٠٠ ملیۆن دۆلاری ساڵانە داوە پێیان وەک پاڵپشتیەک و پەرەپێدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازی وسیاسی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لە سەرەتای دەرکەوتنیدا هەروەها تا ئێستاش ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە توانای دارایی گروپەکەدا. (ڕانستۆرپ ١٩٩٧؛ بایمان ٢٠٠٥؛ ڕافیزادە ٢٠١٦).

سوریا پشتیوانی سەربازی و سیاسی دابینکرد و هاوکاری لەگەل ئێراندا کرد بۆ دڵنیابوون لە گواستنەوەی سەلامەتی چەک بۆ لوبنان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن حیزبوڵڵای لوبنانەوە لە کاتێکدا هەڵمەتی تیرۆریستی خۆی لە ساڵانی هەشتاکاندا دژی هێزەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا (بۆ نموونە فەرەنسا )لە لوبنان ئەنجام دا.

شەڕی گەریلا دژی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە ساڵانی نەوەدەکاندا و بونیادنانی هێزە سەربازییە بەربەستەکانی ( بەرگری ) بۆبەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە ساڵانی ٢٠٠٠دا. (ریێندەرز ٢٠٠٦، ٣٨–٥٦)

ئەمڕۆ، زیاتر لە ٣٥ ساڵ دوای دامەزراندنی، حیزبوڵڵا وەک ڕێکخراوێکی سەربازی زۆرکاریگەر (بیدڵ و فرێیدمن ٢٠٠٨) و تاکە بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی لوبنانی دادەندرێت (گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٥).

لە کاتێکدا ئامادەیی حزبوڵڵا بۆ شەڕکردن و مردن لە سوریا لە خزمەت سەرۆک

ئەسەد لە ساڵی ٢٠١٣ هەتا ئێستا، لایەنگران و شوێنکەوتوانی سەرلێشێواو دەکات. حیزبوڵڵا ڕۆڵی خۆی وەک هێزێکی سیاسی سەرەکی لە سیاسەتی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتەوکردووە.

**قاعیدەو لقەکانی**

قاعیدە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە لە دوای شەڕی ئەفغانستان لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و میلیشیا جۆراوجۆرەکانی ئەفغانستان کەبەرگرییان لە داگیرکاری سۆڤیەت و سەرکردە دیاریکراوەکانیان دەکرد.

ئوسامە بن لادن چەندین جار بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە موسڵمانەکان لە سەرانسەری جیهاندا لەلایەن زلهێزە بیانییەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە (هێرشی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان تەنها نموونەیەکی زیادی دیکە بوو بۆ ئەو) و جیهاد ئەرکێک و پابەندبونێکی تاکەکەسیە لەسەر موسڵمانە خاوەن بڕواکان ( کەپەڵ و مێلیلی ٢٠٠٨، گیرگیس ٢٠٠٥).

لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی عەبدوڵا عەزام، ئوسامە بن لادن داوای پێکهێنانی قاعیدە ( بنکەکە) یان کرد لە ئەفغانستان بە مەبەستی ئەوەی هەزاران چەکداری بیانی ڕابکێشن بۆ کەمپەکانیان لەوێ بۆ بنیادنانی جۆرێک لە هێزی جیهادی تایبەت کە ڕاهێنانیان پێ بکرێت لە هەردووبنەماکانی سەلەفی جیهادی(ماهیر ٢٠١٦، بونزڵ ٢٠١٦) بۆ ئیسلام و جەنگی تایبەتی هاوچەرخ.

کاتێک بە شێوەیەکی گونجاو ڕاهێنانیان پێکرا و پڕ چەک کران، مەبەستیش لێی ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا بیانگەڕێننەوە بۆ وڵات و زێدی خۆیان بۆ پەرەپێدان بەرەوپێشبردنی بڕوای موسڵمانان بە تیرۆر و شەڕی گەریلا و هەروەها بە بانگەواز و گەشەپێدانی ڕۆحی.

قاعیدە دەیویست "بەرهەمهێنان جیهادی" بە شێوەیەکی گشتی بگۆڕێت لەوەی کە تیشک دەخاتە سەر ڕووخاندنی "دوژمنی نزیک" وەک سەدام حسێن لە عێراق یان حوسنی موبارەک لە میسر بۆ یەکێک کە بەبێ وەستان هێرش بکاتە سەر "دوژمنی دوور نەتەوە" (جێرگێس ٢٠٠٥) بەهێزەکانی ڕۆژئاوا کە پشتیوانییان لە سەرکردەکان دەکرد کە قاعیدە بە کافر و لادەر سەیری دەکرد. دیکتاتۆر و ئامرازەکانی سەرکوتکردنی حکومەتی ڕۆژئاوا بۆ باوەڕدارانی موسڵمان. کاتێک دوژمنە توندڕەوەکە شکستی هێنا سوپای بەهێزی جیهانی جیهادی کە دەبوایە سەرلەهەڵدایە بۆ لەناوبردنی سەرکردە ناوخۆییەکان بە ڕێگای زنجیرەیەک لە شەڕی خوێناوی کەپێشبینییەکانی کۆتایی هاتنی جیهان لە قورئان یان فەرموودەدا بەدی دەهێنن ( جیرگێس ٢٠٠٥، فیشمن ٢٠١٦، مککانتس ٢٠١٥، بایمن٢٠١٥)

لە کاتێکدا ئامانجی گەڕاندنەوەی خەلافەت ئامانجێکی درێژخایەنتر بوو بۆ قاعیدە،

بەڵام ئەوە ملکەچی بوو کە وەک پێشڕەوێک کاربکات بەهۆکاری هاندانی موسڵمانە بڕوادارەکان بۆ کردنی جیهاد لە سەرانسەری جیهاندا ( بایمن٢٠١٥) بە مەبەستی بەرگریکردن لە ستەمەکانی ڕۆژئاوا وسەرکردە موسڵمانە هەڵگەڕاوەکان. ئەیمەن زەواهیری( بایۆریا ٢٠١١) ، سەرکردەی باڵای قاعیدە,لە کتێبەکەیدا بە ناوی سوارچاکانی ژێر ئاڵای پێغەمبەردا باس لەوە دەکات کە "هیچ چارەسەرێک بەبێ جیهاد گونجاو نییە." (کەپەڵ و مێلیلی ٢٠٠٨).

بە پێی بیر و باوەڕی قاعیدە موسڵمانەکان ستەمیان لێ دەکرێت و لەژێر هێرشی ڕۆژئاوادان، لە ساڵی ١٩٩٨دا چوار ئامانجی سەرەکییان لە وتارێکی گشتیدا بۆ جیهان ڕوونکردەوە.

ئەوان فەتوایەکیان لە ڕێگەی ڕێکخراوی چەتری خۆیان بڵاوکردەوە، بەرەی ئیسلامی جیهانی بۆ شەڕکردن دژی جولەکە و خاچپەرستەکان، کەئەم چوار ئامانجەی لەخۆ گرتبوو (بایمن٢٠١٥، ٤٧-٤٨ ، کەپەڵ ئەنارکی ٢٠٠٨)

١. کۆتایی هێنان بە بوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢. لەناو بردنی ئیسرائیل

٣. ئاراستەکردنی بزووتنەوەی جیهادی ٤. دژایەتیکردنی ڕژێمە "هەڵگەڕاوەکان" لە جیهانی ئیسلامیدا. ئەم ئامانجانە زۆر فراوانن و ڕێگاخۆشکەر بووە بۆگروپەکە بە مەبەستی ئەوەی بەدوای کارنامە و ئەجندای سیاسیاندا بڕۆن بەو شێوەیەی کە دەرفەت و هەلەکانی خۆیانیان پێشکەشبکەن.

ئەرکی سەرەکی قاعیدە لە ناوەڕاستی ساڵانی ٢٠٠٠دا بریتی بوو لە دروستکردنی شەڕ بۆ "دوژمنی دوور"، بەڵام لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر عێراق دەرفەتێکی باش و بێهاوتای پێشکەش کردن بۆ کوشتنی ئەمریکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەگەل دامەزراندنی لقەکانییان (بۆ نموونە عێراق، باکوری ئەفریقا، سعودیە، یەمەن و لە کۆتاییدا سوریا لە ساڵی ٢٠١١) ، دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و هێزە تایبەتەکانی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن دا بۆ ئەوەی هەردوو هێزەکانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان ناوزڕ بکەن و دەست بکەن بە دانانی بناغەیان بە کۆنترۆڵی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

بوونی قاعیدە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ٢٠٠٤ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد کاتێک ئەو گروپانەی کە لەو کاتەدا بەیەکتاپەرستی و جیهاد ناسراوبوون ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ قاعیدەدا تێکەڵ کرد.

لە ئەنجامدا ئەو ڕێکخراوە ناوی جۆراوجۆری هەبوو، بەڵام بە گشتی بە قاعیدەی عێراق ناسراوە و لەلایەن جیهادییەکی توندوتیژەوە دامەزراوە بەناوی ئەبو موسحەب لزەرقاوی، "شێخی سەربڕەکان."

ئەم ڕێکخراوە بووە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش)، کاتێک لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ قاعیدە جیابووەوە. جگە لە قاعیدە لە عێراق ، قاعیدە چەندین

لقی جۆراوجۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێت (زیمەرمان ٢٠١٣) لەوانە قاعیدە لە مەغریبی ئیسلامی(٢٠٠٧) ، قاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی (٢٠٠٩) و بەرەی نوسرە (٢٠١١). بە لەبەرچاوگرتن و سنووردارکردنی ناوچەکانیاندا، لەم بەشەدا تەنها باس لە دوو لقی قاعیدە دەکرێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، لەوانەش قاعیدە لە عێراق و بەرەی نوسرە، گروپی قاعیدە لە عێراق وەک ئاماژەی پێکرا، گروپی قاعیدە لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا لە دەرئەنجامی یەکخستنی و یەکگرتنی گروپی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی.

جیهاد و یەکتاپەرستی لە قاعیدەدا. ڕێنماییەکانی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە ناوەندی قاعیدە بۆ زەرقاوی ئەوەبوو کە چوار کاری سەرەکی ئەنجامبدات: ئەمریکییەکان دەربکەن و دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەن ، فراوانکردنی جیهادەکەیان بەرەو وڵاتە دراوسێکانی عێراق و لە کۆتاییدا ڕووبەرووی ئیسرائیل ببنەوە، هەروەها زەواهیری دوو ئامانجی یەکەمی بە ئامانجی( نزیک مەودا) وەسف کرد.

زەواهیری بەو هیوایەوە بوو کە بگاتە پلەی خەلافەت. (ونزیل ٢٠١٦،١٥) بەڕوونی ناوەندی قاعیدە و قاعیدەی عێراق پێیان وابوو کە خەلافەت ئامانجێکی زۆرگرنگە بەلام ناکۆک بوون لەسەر لایەنە گرنگەکانی کە چۆن و کەی بە باشترین شێوە بەدوایدا بگەرێن و بەدەستی بهێنن.

ئەوان لەسەر ئەو مەرج و شەرتانە ناکۆک بوون کە پێویست بوون بۆ دامەزراندنی خەلافەتەکە، ڕۆڵی توندوتیژی دژی مەزهەبی شیعە وەک ئامادەکاریەک بوو بۆ دامەزراندنی هەروەها کاتی پەیوەندیدار بۆ دامەزراندنی جیاواز لە ناوەندی قاعیدە، زەرقاوی شیعەکانی وەک هەڕەشەیەکی گەورەتر دەبینی بۆ سەر ئامانجەکانی قاعیدە لە هێزەکانی هاوپەیمانان زیاتر ( بونزیک،٢٠١٦،١٤)

گروپی قاعیدەی عێراق سامان و داراییەکی زۆر و بەرچاو سەرف دەکات بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی تائیفی دژی مەزهەبی شیعەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٠ دا، شەڕێک کە ئەندامانی ناوەندی قاعیدە بە ناپێویستیان دەزانی چونکە لەو بڕوایەدابوون کە دەکرێت لەرێگای بانگەشەوە شیعە مەزهەبەکان ڕزگار بکرێن.

ناوەندی قاعیدە نەیدەویست کێشەی پەیوەندییە گشتییەکانی بەرپرسیاربێت لە کوشتنی هاوموسڵمانەکان. بۆ قاعیدەی عێراق لەناوبردنی شیعەکان چەقێک بوو بۆ بەدواداگەڕان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەموو موسوڵمانە باوەڕدارەکان.

**بەرەی نوسرە** : دووەم لقی قاعیدە کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، بەرەی نوسرە واتا (بەرەی سەرکەوتن بۆگەلی شام ( سوریا)، لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٢ دا وەك یەکێک لە دامەزراوەکانی قاعیدەی عێراق پێکهات، بەرەی نوسرە لقێکی گەشەسەندووی قاعیدەی عێراق بوو، بەهۆی بەردەوامی

پێویستی بۆ بەرفراوانکردنی ناوەندی قاعیدە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و هەروەها پەرەسەندنی پەناگەیان بۆ ناوەندەکەیان بۆ بەهێزکردنی کردەوەکانیان دژی ( دوژمنە دوورەکان) لە سەرانسەری جیهاندا.

لە ٢ ی ئایاری ٢٠١١ دا ( بن لادن ) تیرۆرکرابوو، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانان تا مانگی ئازاری ٢٠١٠ دا زیاتر لە ٪٧٥ ی کوشتن وزیندانیکردنی سەرکردایەتیەکانی قاعیدەی عێراقیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردەوە. عیراق بوو بە وڵاتێکی زۆر قورستر بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان، ئەمریکا و هاوپەیمانانی هەستان بە کەمکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانیان لەعێراق و زیاتر تیشکیان خستە سەر ئۆپراسۆنە کردەییەکانیان لە وڵاتی ئەفغانستان، هەروەها لە هەوڵدابوون بۆ شکست پێهێنانی تاڵیبان وکوشتن و دەستگیرکردنی پاشماوەکانی (ناوەندی قاعیدە )لە ناوچەکەدا.

شەڕی ناوخۆی سوریا هێشتا گەشەی نەکردووە بۆ ئەو قەبارە و مەودایەی کە لە ساڵی ٢٠١٢ بەدواوە، بەڵام وادیارە سەرکردایەتی ناوەندی قاعیدە توانا شاراوەیەی بینیوە بۆ ئەوەی سوود لە تێکچونی بارودۆخەکان وەربگرێت و بیقۆزێتەوە بە هۆکاری گەشەپێدانی لقێکی نوێ (لیستەر٢٠١٦) لە هەمانکاتدا شوێن و پەناگەی نوێیان.

بەرەی نوسرە تا ڕادەیەکی زۆر لە نەتەوەپەرستان و نیشتیمان پەروەرانی سوریا بنیادنراوە کە ئەندامی قاعدەی عێراق بوون کە ئاماژەبوو بۆگۆڕانکاری مۆدێلی شەرکەری بیانی کە زەرقاوی بەکاری هێنابوون بۆ کاریگەریەکی گەورە لە رۆژانی سەرەتای عێراقدا.

لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە هەتا ئێستا، بەرەی نوسرە شێوازی کارکردنی و فەلسەفەی خۆی گەشەپێداوە تا ئەو خاڵەی کە چیتر ڕوون نییە کە ئایا هێشتا پابەندە بە قاعیدەوە بۆ ئەرکی جیهادی جیهانی و دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەت، یان بە سادەیی یەک یاخیبوونی نەتەوەپەرستی تری سوریا (لیستەر ٢٠١٥، لیستەر ٢٠١٦) هەوڵی لابردنی دیکتاتۆرێکی ناوخۆیی دەدات کە جیاوازیەکی زۆر گەورەیە بۆ ڕێکخراوەکە و شوێنکەوتووانی .(عەباس ٢٠١٦ ، ٤٥-٦٤)

هەروەها ناوی خۆیان گۆڕی بۆ (فەتح شام ) لە سالی ٢٠١٦ دا و بانگەشەی ئەوەیان کرد و ڕایانگەیاند کە چیتر بەشێکنین لە قاعیدە.

زۆربەی شیکەرەوەکان پێیان وایە کە لە ڕاستیدا هێشتا سەر بە قاعیدەن، بەڵام بە شێوەیەکی سادە ناڕوونییەکی ستراتیجی دروست دەکەن بۆ باشترکردنی هەردوو پاڵپشتی دارایی لە سپۆنسەرەکانەوە و هەروەها بۆ ناچارکردنی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ کەمکردنەوەی هێرشەکانیان و ئاراستەکردنیان بەرەو داعش و بەرەی نوسرە و هاوپەیمانەکانیان لە بۆشای شەڕی سوریا واتە مەیدانی جەنگ (لیستەر ٢٠١٥)

لەگەڵ کەوتنی حەلەب لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ بۆ هێزەکانی ڕژێم، شەپۆلی شەڕی ناوخۆی سوریا بە ئاشکرا بەرەوڕوو و دژی ڕێکخراوەکانی بەرگری دژە حکومەت بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرەی نوسرە (فەتح ئە لشامی ئێستا) وادیارە ئامادەیە بەردەوام

بێت لە ڕابەرایەتی کردنی شەڕەکە لەسوریا بۆ داهاتوویەکی نزیکی پێشبینیکراو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی و لقەکانیدا (زانکۆی ستاتفۆرد )

لەم کاتەدا مەبەستەکانی بەرەی نوسرە کەمتر ڕوونە بەڵام زۆرێک لە شیکەرەوان بروایان وایە کە ئەوان یاری ( یاری درێژخایەن ) دەکەن وە دەگەڕێنەوە بۆ دووبارە بەدواکەوتنی جیهادی جیهانی بەبێ گوێدان لە دەرهاویشتەکانی جەنگی سوریا.

**داعش و هاوپەیمانەکانی**

داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا) (زانکۆی ستاتفۆرد) بە فەرمی بوو بە قەوارەیەکی سەربەخۆ، کاتێک لەگەل قاعیدە جیابووەوە یان نکۆلی لێکرا لەلایەن قاعیدەوە، لە مانگی شوباتی سالی ٢٠١٤دا ، لە ئەنجامی جیابونەوەی قاعیدەی عێراق و ناوەندی قاعیدە.( جۆسیکڵین ٢٠١٤)

و لەدوای ئەوە داعش بە چەندین ناوی جۆراوجۆر ناسرا لەوانەش بۆ نموونە ( داعش،دەعش، دەوڵەتی ئیسلامی) بەڵام لەم نوسینەدا داعش بەکاردەهێنین.

لە کاتێکدا کە ئارەزوو و هیوای بەدیهێنانی ئەو ئەرکە گشتییەی بن لادن ی هەیە کە لە فەتوای ساڵی ١٩٩٨دا دەربڕیبوو، داعش تەنانەت لێکدانەوەیەکی توندتری هەیە بۆ بیروباوەڕی سەلەفی جیهادی لە قاعیدە و لقەکانی وەک بەرەی نوسرە .( جۆکەر ٢٠١٤، لیستەر ٢٠١٦، بونزیڵ ٢٠١٥)

ئەم جیاوازییە قووڵەی تێڕوانین و ستراتیجی بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەکی بەردەوام لە نێوان ناوەندی قاعیدە و زەرقاوی.

سەرکردەی سەربەخۆی توندی قاعیدەی عێراق و جێنشینە سەربەخۆکەی ئەبوبەکر بەغدادی (مککانتس ٢٠١٥)، دەربارەی ئەوەی کە کێ ئامانجی توندوتیژی و توندڕەوی بوون(واتە شیعەکان، یان شەڕنەکەرەکان؟) و کەی دەبێت خەلافەتەکە دابمەزرێنرێت.

لە کاتێکدا زۆرینەی سەرکردەکانی قاعیدە، ئەگەر کۆمەڵگەی جیهادی گەورەتر نەبێت، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە خەلافەت ئامانجێکی باش و ویستراوە، ئەوان لەو بڕوایەدان کە موسڵمانە باوەڕدارەکان پێویستە لە ڕێگەی بانگەشەوە و گەشەپێدانی ڕۆحییەوە ئامادە بن پێش ئەوەی ئەو تێگەیشتنە بەدی بهێنرێت بۆ قۆناغێک کە بە شێوەیەکی گشتی چەند نەوەیەکی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی.

جگە لەوەش، هەروەها پێویستە هەل و مەرج و بارودۆخێکی زەمینە لەباریان بۆ بڕەخسێ بۆ ئەنجامدانی جیهادەکەیان، بن لادن و سەرکردە باڵاکانی تری قاعیدە چاوەڕوانی جیهادێکی درێژخایەن و خوێناوییان دەکرد (کە لەوانەیە دەیان ساڵ بێت) بە لەبەرچاوگرتنی هێزی سەربازی (دوژمنە دوورەکان) پێش ئەوەی هەلومەرجەکان و بارودۆخ گونجاو بێت و تەنانەت پێش ئەوەی بیر لەدامەزراندنی خەلافەتێک بکەنەوە، بن لادن تێگەیشتبوو کە ڕاگەیاندنی خەلافەت لە ئەشکەوتێک لە ئەفغانستان یان

ماڵێکی پارێزراو لە عێراق بەس نابێت هەروەها کاریگەر و باوەڕپێکراو نابێت (هەرچەندە قاعیدەی عێراق لە عێراق تاقیکردەوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ شکستی هێنا).
داعش نارازی بوو، و سوپایەکی چەکداری ناوخۆیی و بیانی دروستکرد کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا ٣٠ هەزار چەکداری تێپەڕاند(دۆدوێل ٢٠١٦) بۆ گرتن و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی سوریا و عێراق بە مەبەستی دروستکردنی سوپایەکی گەورەتر بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی شوێن پێی جیهانی ئیسلام و دابینکردنی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ موسڵمانە ستەملێکراوەکان، داعش بە تەواوی پێچەوانەی توندی نموونەکانی پێشووە لە قاعیدەدا.
داعش ئامانجی دەستبەسەرداگرتن و هێشتنەوەی خاکێکی زۆر بوو لە عێراق و سوریا و دەرەوەی عێراقیش وە ئەنجامیشی دا تا هاوینی ساڵی ٢٠١٤، داعش پڕۆژەی بنیادنانی دەوڵەتە و فۆرم و شێوازی هێرشبەرانەی جیهاد بەکاردەهێنێت بۆ گرتن و دەستبەسەرداگرتنی خاک بە تەواوی پێچەوانە لەگەڵ ڕکابەرەکەی قاعیدە ( مککانتس ٢٠١٦ ، بونزیڵ ٢٠١٥ )
لەگەڵ کۆکردنەوەی دەستکەوتە گەورەکانی سەرکەوتن لە ناوچە دەستبەسەرداگیرکراوەکاندا کە ڕۆژانە یەک ملیۆن دۆلار لە داهاتیان لەناوچە داگیرکراوەکان بە دەست دەهێنا، خەلافەت ڕاگەیەندرا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤. ( لیستەر ٢٠١٤ )
سەرکردەی ئێستای داعش ئەبوبەکر بەغدادی ، کە بوو بە خەلیفە و بەپەلە داوای بەڵێنی دڵسۆزی لە هەموو موسڵمانەکان کرد و هەڕەشەی مردنی کرد لە ئەگەری پابەند نەبوونیان (ئەل عەرەبییە ئینگلیزی ٢٠١٤)
ڕاگەیاندنی خەلافەتەکە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی نەرێنی لەلایەن زەواهیرییەوە دروستکرد، کە ئێستا سەرکردەی قاعیدە و و بەهێزترین نەیاری داعشە، چونکە نایاساییە لەبەر ئەوەی بەگوێرەی شێوازی پێشبینیکراوی پەیامبەرانە دانەمەزراوە (جۆسیکڵاین ٢٠١٤) ،مەبەستیان ئەوە بوو کە ئەو بەرپرسیارێتیەی سەرکردایەتی کردنە لە ڕۆحی بن لادن وەربگرن، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە بن لادن لەساڵی ١٩٩٨ بە جیهانی ڕاگەیاند.
داعش دەستبەجێ دەستی کرد بە هەوڵی بونیادنانی لق و تۆڕێکی گروپی گەورە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراوان بوو(بۆ نموونە میسر، لیبیا، یەمەن) و بەشەکانی تری باشووری ئاسیا و ئەفریقا (گامبیر ٢٠١٥)
داعش هەوڵیدا خۆی وەک ژمارە یەک "دروشمی جیهانی" بۆ ڕێکخراوەکانی سەلەفی جیهادی دابمەزرێنێت وە شاری ڕەقەی سوریا وەک بارەگای سەرەکی جیهانی بێت بۆی.
ئەمڕۆ، داعش لە عێراق و سوریا لەژێر گوشاردایە و لە زۆربەی ئەو ناوچانە دەرکراوە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەستیبەسەرداگرتبوو. داعش هێشتا هێزێکی سەربازی بەهێزە

لە شام هەروەها بە مەرج لە پەیوەندیدایە لەگەڵ لقە جیهانییەکانیدا و تۆڕەکانی (لیغ فرانس و خوان ٢٠١٤، زانکۆی ستاندفۆرد) لە ئەفغانستان (داعشی خۆراسانی)، نیمچە دوورگـەی عـەرەبی و نـەیجیریا (بـۆکـۆحـەرام) وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەردەوامن لە کارەکانیان بە بەکارهێنانی تاکتیکی گەریلا.

**دەرئەنجام:**

کارەکتەرە توندوتیژە نا دەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی تەواو یەکلاکەرەوە دەبینن لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئەم بەشە تیشکی خستۆتەسەر چەند ڕێکخراوێکی دامەزراو کە توانیویانە بە بەردەوامی هەڵمەتی ستراتیجی توندوتیژی دژی حکومەت ئەنجام بدەن بە مەبەستی گەیشتنیان بە ئامانجە سیاسییەکانیان، ئەوانەی کە تیرۆر بەکاردێنن، شەڕی گەریلایی،سزادان و هتد...

شـەڕی ئاسـای بـۆ ئاڵـنگاری حکومەتەکانی خـاوەن پێگە ئێسـتا بـۆ کۆنترۆڵکردنی خـاک. ئـەوان نـوێنـەرایەتی جـۆرەها فـەلـسـەفـەی سیاسی جیاوازدەکـەن ، دەسـەڵاتی سەربازی و سیاسی جیاواز هەروەها خۆڕاگری بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئاڵنگارییە توندوتیژەکاندا بۆ تێکدانی حکومەتە کاربەدەستەکانی ئێستا.

گروپە نەتەوەپەرستەکانی سوریا کە لە هەوڵی ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسەددان و گروپە نەتەوە پەرستە ئیسلامییەکانی وەک حەماس و هەسەدە سەرنجیان لەسەر پڕۆژەی بنیادنان و دروستکردنی دەوڵـەتە لـەناو چـوارچێوەی سنورە نێودەوڵەتییە دانپیادانراوەکانی دەوڵـەتە تایبەتەکانیاندا، بزوتنەوە سەلەفییە جیهادییەکان و هەروەها فراوانبوونی تـۆڕە پەیوندیدارەکانیان. ئـەم چـەند گـروپـە سـەرقـاڵی جێبەجێکردنێکی جیهادێکی راستـەقـینـەی جیهانین هـەروەهـا لـە هـەوڵی ئـەوەدان زۆرینـەی سـنـورە دەوڵـەتییە ناسراوەکان دوور بخەنەوە وەک شتێکی ناپەیوەندیدار بە رەوشەکەوە هەژمار بکەن، وە بـەدوای ئـەوەدا دەگەڕێن کە ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاسـت و ئەو ڕێکخـراوە سـەقامگیرییە نێودەوڵەتییە تێکبشکێنن کە هـەر وەک دەزانین دەیانـەوێت دووبـارە بنیادی بنێنەوە بەپێی لێکدانەوەکانی خۆیان .

وێڕای ئەوەش، حیزبوڵڵا گەشەی سەندووە لە کەمینەیەکی هاوبەشی ئێران و سوریا بۆ ئـەوەی ببێتە زۆرینـەیەکی هاوبـەش لـەگەڵ ئـەم دەوڵـەتانـەدا لـە هەڵمەتەکەیاندا بۆ ڕووخانی یاخیبوانی دژی دەسـەڵاتی ئەسـەد لـە سـوریادا، وە هـەروەهـا گـەشـەیان سـەنـدووە لـە بـزوتـنـەوەیـەکی سـادەی لـوبـنـانی بـووە بـە هێزێک کە دەتـوانێت ڕۆڵێکی بنچینەیی ببینێت لە گۆڕانکاری یاخود لە پاراستن لە هاوکێش و هاوسەنگی دەسەڵات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

یاخیگەرانی سونە مەزهەب لە عێراقدا، شانازی بە دەیان هەزار چەکدارەوە دەکەن کە بەرهەڵستی لە هـەردوو حکومەت و لـە هـەمان کاتیشدا لـەناکۆکیدان لـەگەڵ

داعشدا و هەروەها میلیشیای شیعەدا کە بۆ بەرەنگار بوونەوەی داعش و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دروستبوون. شەڕی ناوخۆ لە هەردوو وڵاتەکانی یەمەن و لیبیا بە هەمان هێزەوە بەردەوامن لە ساڵی ٢٠١١ ەوە کە ئەمەش وادەکات ئەم دەوڵەتانە بکەونە شکستێکی قوڵترەوە کە ڕێدەدەن بە چەندین جۆری کارەکتەری نادەوڵەتی توندڕەوی دیکە کە پەرەبسێنن و فەرمانڕەوایی پارچەکانی ئەم وڵاتانە بکەن، لقەکانی سەر بە بزوتنەوەی سەلەفییە جیهادیە فرەنەتەوەکان لەگەڵ و چەتە تاوانبارەکان و فەرماندەی جەنگەکان و گروپە جاوازە یاخیبووە نەتەوەپەرستەکان لە چوار دەوڵەتی شکستخواردووی ناوچەکەدا (لیبیا، سوریا، یەمەن و عێراق) تێکەڵدەبن.
بەڵام ئەم کۆمەڵە ناسەقامگیرەی کارەکتەرەکان لە چەندین وڵاتی دیکەی ناوچەکەدا کاردەکەن کە حکومەتی جێگیر و درێژخایەنیان هەیە (بۆنموونە میسر، جەزائیر و تونس).
کارەکتەرە توندڕەوە نا دەوڵەتییەکان ئاڵنگاریەکی گەورەیان هەیە بۆ شەرعیەت و ئاسایشی ئێستای سیستەمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەروەها بۆ ئەوانەی کە حکومڕانی ئەو وڵاتانە دەکەن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و شیکەرەوان و داڕێژەری سیاسەت پێویستە کە ڕەچاوی دروستکەری هێزە جیاوازەکان بکەن.

سەرچاوە: سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی E

# سەردەمێکی نوێی گروپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

نووسینی: پییەر بۆسێل
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**چیرۆکی جوودابوونەوەیەک- لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١ بۆ گروپی سەلەفی دەستەی ڕزگارکردنی شام( هەیئەی تەحریری شام )**

لە میانەی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی٢٠١١ سیستەمێکی ژینگەیی لەبار بۆ گروپە چەکدارەکان دروستبوو بۆ تێکەڵبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم تێکەڵبوونە لە هێزە ناسەقامگیرەکان لەلایەن باڵادەستانی جەنگەوە ڕێبەرایەتی دەکران، ژمارەیەکیان پاڵپشتی دەرەکییان هەبوو وە ژمارەیەکی دیکەیان بە چەتەگەرایەتی و ترس و تۆقاندن لایەنی ئابووریان بۆخۆیان دابین دەکرد.

لە گەرمەی شۆڕشی سوریادا ، ٥٥٤٦ گروپی چەکدار ناسێندرابوون لە هێڵی پێشەوەی دابەشبوونی وڵاتدا.

لە لیبیا ١١٠ یەکەی شەڕکەر خەملێندراون جگە لە ئەو یەکانەی دیکە کە لە تەرابلوس تۆمارکرابوو.

عێراق بە نزیکەیی ١٨٠ گروپی هەیە، هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی ساڵانە دروست دەبن و زیاددەکرێن و ئەو گروپانەش کە هەڵدەوەشێنەوە لە هەژمارکردنەکەدا لادەدرێن، ئەمە جگە لەو گروپە ڕووکەشانەی کە ئەرکیان ئەوەیە "دەنگۆ دروستبکەن" لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی دەزگا هەواڵگرییەکان.
ئایا ئەوان گروپی نا دەوڵەتین؟ دژە سیستەمن؟سەرو دەوڵەتەکانن؟ پەسەندکراوی دەوڵەتن؟ تاکە شت کە بە دڵنیاییەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە خۆیان دروستدەکەن لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە لە لێواری شکستدان،کە تێیاندا هیچ ئەگەرێک نییە بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا، تەنها لەلایەن پابەندبوونی هێزی سەربازی ڕێکخراو لەلایەن دەوڵەتە بالادەستەکانەوە نەبێت. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا توانیویانە ببن بە دابینکەری سەرەکی جەنگاوەرەکان بۆ سوریا، عێراق، یەمەن و لیبیا. ئەم تێکەڵبوونە لەناکاوە هۆکار بوو بۆ دابەشبوونی خۆپیشاندانی وڵاتە عەرەبییەکان و پەراوێزخستنی حیزبە سیاسییە تەقلیدییەکانی وەک- بەعس، ئیستقلال- بە دووبارە دروستکردنەوەی هێڵی نوێی هێز.
ئەم دیاردەیە لە چەندین بەربەستی ڕابردووەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە شێوەیەکی گەورە کاری لە شێواز و ستانداردی نەتەوەیی و دەوڵەتی کردووە لە جیهانی عەرەبیدا. کە بۆتە هۆی بەشداری کردنی بە کۆمەڵی نەتەوەیی و ئاڵۆزبوونی دۆخەکە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژئاوا بەڵێنی سەربەخۆیی داوە بەو نەتەوانەی پابەندبن بەو عەقیدەیەوە، بەڵام لەڕاستیدا کەیسە سەرەکییەکە نییە. لایەنی کەم سێ بنچینە کاریگەرییان لەسەر دروستبووە.

**•هێزە نیشتیمانییەکە**

لەدوای داگیرکارییەوە، زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای دامەزراوەی سەربازی بنیادنا کە وا بڕیاربوو سومبولێکبن بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی. بڕیاردەری ناوەندی خێڵ و عەشیرەت و گروپە جیاوازە ئایینییەکانی لەیەکدی نزیککردەوە کە سنورێکی هاوبەشیان لە نێواندابوو.
ژینگەیەک بۆ گومانکردن و بڕواپێنەکردن بەخێرایی ڕەخسا لە نێوان هاوڵاتیان، گومانبردن بە ناڕاسگۆیی وبێمتمانەیی، سەربازەکان- بەستەری بێهێزی سوپا و بێمتمانەیی.لە دوای سێ شکست بەرامبەر ئیسرائیل و دوو جەنگی کەنداو،شۆڕشگێرە عەرەبەکان لە ساڵی ٢٠١١ دا بڕیاریاندا کە ئەو خەوە تێکبشکێنن کە تێیدا سوپا و هێز هاوڵاتیان بپارێزن .هەموو ڕژێمەکان تا ڕادەیەک مەترسی سەرهەڵدان و هەوڵی خۆپیشاندەرەکانیان لەسەربوو -لیبیا، سوریا، یەمەن- و کە تێیدا تەقە لە خۆپیشاندەران کرا بە چەک.

**•برایەتی مرۆڤایەتی**

لە کاتێکدا عەرەبەکان بە جۆشەوە ویستی خۆیان دەردەبڕی بۆ یەکبوون(توحید) ژمارەیەکی کەم لە ڕژێمەکان شاری نموونەیی الفارابی بەرجەستە دەکەن.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەستوری لوبنانی بە یاسایی کردنی پێکەوە ژیان و هاوبەشی وەک نموونە باسدەکرا. بەڵام،لە جەنگی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەم بیرۆکە و چەمکی فرە نەتەوەیی لەناوبرا. بەیروت بوو بە پایتەختێک کە هاوسەنگی هێزی سیاسی و ئایینی و بەرژەوەندی هاوبەش تێیدا جێگەی مشتومڕ بوو. میلیشیاکان بەشداری گەمە سیاسییەکانیان دەکرد، لەنێویاندا حیزبوڵڵا،کە بەرەوپێشچوونە کۆنترۆڵنەکراوەکەی بنیادنراوە لەسەر برایەتی و بڕوای ئایینی و زیانی بە حکومەت گەیاند. کە بووە هۆی کۆتایی پێهێنانی خەونی لوبنانییەکان .

**•پیشاندانە سیاسییەکە**

لە کاتێکدا ٢٠١١ نیشاندەری ڕووخانی ڕژێمەکانی پاش داگیرکاری بوو، داینامیکە شۆڕشگێڕییەکان هاوڵاتییە عەرەبەکانیان ناچارکرد بۆ ئەوەی وێنای داهاتوو بکەن وەک لەوەی بە ئاسانی دیکتاتۆرییەت ڕەتبکەنەوە. لە نەبوون و غیابی ئایدۆلۆجیای یەکبوون و تەبابوون، جێگرەوە یاخود بەرگێکی ئایینی، سیاسی و کلتوری نەخشەکانی کێشایەوە. لیبیا بۆ دوو پارچە دابەشبووە وە سوریاش بۆ چوار بەش.

عێراق بوو بە فیدراڵی و یەمەنیش تێکشکا.

متمانەی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە دانی پێدانراوە وهاوڵاتیان تێکشکاون، وا هەستدەکرێت بەتەواوەتی بەجێماوە، لە نەبوونی جێگرەوەی نیشاندەر جگە لە گروپە چەکدارەکان، کە بە شیوەیەکی خراپ پڕچەککراون و ڕێکخراویشیان زۆر کەمە، ئەمانە لە بنەڕەتدا بەشداری سیاسییان نەبوو، بەڵکو بەرگری بوو لە کۆمەڵگای دێهاتی یاخود شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی کاتی شۆڕشەکان.

هێزە چەکدارەکان ئەو ئەنجامەیان یەکلا کردەوە کە حوکمی دەوڵەت ناتەواوە لەبەر ئەوەی ٣ بنەمای سەرەکی تێکشکاوە ئەوانیش: هێزی نەتەوایەتی، برایەتی مرۆڤایەتی و پیشاندەری سیاسی. دەوترێت ڕژێمە عەرەبییەکان لە ئاڵوگۆڕی هەڵەوە بنیادنرابوون(تجارة الخطايا)، ئەمە هێشتنەوەی بەرژەوەندییەکانیانە لە بەرامبەر دەست هەڵگرتن لە ئازادی ڕاستەقینەیی، کە ژیانیان وەک نەتەوەی عەرەب بە تەواوی بڕوایانەوە لەمیانەیدابوو،بەو شێوە ناڕاستەقینەیە نەدەبوو کە لە هێزە داگیرکەرەکانی پێشوودا هەبوو.

**شیکردنەوە بەریەککەوتووەکان**

سەدان گروپی چەکدار لە ئێستادا سیستەمێکی ژینگەیی پێکدەهێننەوە کە لەلایەن لێشاوێکی گەورەی تەجنیدکراوەکانەوە دروست بووە.بۆ ڕۆژئاوا، دەستپێکردنی بەرواری

لێکجیابوونەوە بۆ سەرکەوتن بوو بەسەر ڕێکخراوی القاعیدە لە ئەفغانستان. کە لەلایەن بۆمبباران کردنەکانی ئەمریکاوە بەڕێوەچوو، بن لادن لوتکەی دەسەڵاتی خۆی بەجێهێشت و پیاوەکانی ناردە ڕیزی پێشەوەی جەنگ بۆ جیهادکردن و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی فرە جەمسەری.

لەوکاتەوە پرۆسەی دابەشبوون دەستی پێکرد، بە دواشیدا خەلافەتی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی دەستی پێکرد، کە بووە هۆی دروستبوونی ناوچەی ڕووبەڕووبوونەوە لە ئەفریقا(دەوڵەتی ئیسلامی لە خۆرئاوای ئەفریقا، دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەفریقای ناوەڕاست)وە ئاسیا(دەوڵەتی ئیسلامی لە خۆراسان)، هەروەها لقە پەیوەندیدارەکانیشیان.لەکاتێکدا دژەتیرۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کاریگەری هەبوو لەسەر نەمان و لەناوچوونی دوژمن. بەپێچەوانەوە، تا هێزی چەکداری بەهێزتر و ناڕێکخراوەییتر بێت، ئەوا لەناوبردنی تەواوەتییان سەختتردەبێت.

بارودۆخەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە. پێکهاتەی گروپەکان لە بۆماوەیی عەرەبیدا دەبینرێت، کە ئیبن خەلدون بە بیرۆکەی (عصبيّة) یەکگرتووی کۆمەڵایەتی بە واتای هەستێک دێت کە بوون بە بەشێکە لە کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتی.بیرۆکەی ئەوەی کە گروپێک کردەی سۆڤێگەرایەتی (ئاسایش، سیاسەت) هەبێت لەمێژە قبووڵکراوە، زۆر لەپێش ئەوەی داگیرکەرەکان جیاکاری دزیوی "نەتەوەیی" وەربگرن و دوای پلانێکی داندراو بکەون: هاوپەیمانی لە پوختترین شێوەدا- گروپ، خێڵ، عەشیرەت- دەوڵەتێکن بەبێ بوونی دەوڵەت.

گروپی چەکداری لەسەر شەڕکردنی سەربازی و یەکگرتوویی لە هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەشدا بونیادنراوە، وەکو پێکهاتەیەکی دواکەوتوو سەیرناکرێن، بەڵکو وەک خاڵێکی یەکسان لە نێوان جیهانی ئێستا وسەردەمی کلاسیکی دیارلە سەدەی حەوتەمدا کە پێغەمبەر محمد سەرۆکایەتی خێڵگەرایەتی دامەزراند.

ئەمە بیرۆکەیەکی کۆنی ڕادیکاڵییە، کە بە پێی بیرۆکەکە کۆمەڵگای ئیسلامی دەبێت هەمان ڕووداوەکان بژێتەوە تا ئەو کاتەی یاسای ئاسمانی لەسەر زەوی پەیڕەودەکرێت. لە ڕابردوودا هۆزە عەرەبەکان پێغەمبەر محمدیان دەپاراست. ئەمڕۆ گروپە چەکدارەکان ئیسلام دەپارێزن لە مەترسی لەناوچوونی لەلایەن بێباوەڕەکانەوە.

ئەم گروپانە مانای وشەی هۆزیان شێواندووە، کە لە ڕاستیدا بە مانای" کۆمەڵگای بیروباوەڕی نەریتی"دێت بەڵام پێچەوانە کراوەتەوە. بەستەرێکی سیمبولی لە نێوان چالاکوان و تێگەشتنی بۆ بیروباوەڕە ئایینییەکەی هەیە.لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا، هێزە عەرەبەکان بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە بینی. بزوتنەوەی فراوانخوازی زۆرترین خواستی لەسەربوو هەروەها، ژمارەی پیاوەکان زیاتربوو. ئەمە نموونەیە بۆ شەڕکەرەکانی ئەمڕۆ. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە شانشینە عەرەبییەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. لەکاتێکدا وەزیری ئیسلامی کاریکرد بۆ فەراهەمکردنی یەکگرتوویی سیاسی

لە ناوچەکەدا، دانیشتووانە دوورە دەستەکان سوودمەندبوون لە ئۆتۆنۆمی بەمەرجی دانی باج و خەراج.
ئەم شێوازە- حکومەتێکی بەهێز و دەوڵەتێکی لاواز- نیشانەیە بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستا. بۆنموونە، لە سوریا دیمەشق ڕژێمێکی دیکتاتۆری بەهێزە کە دەوڵەتێکی لاواز بەڕێوەدەبات.
ڕژێمە عەرەبییەکان یەکەمین کە هەڕەشەی تاکەکان و گرنگی شاراوەیی لە کۆندا تێبینی بکەن.
ئەم ناوچانە بەردەوام جێی بایەخبوون بۆ تاکە ئایینییەکان کە نووسەری ئایینی ئەبوعەلام سەناسل بە "کەسانی فریودەر و هەلپەرست کە کۆدەبنەوە بۆ بەکارهێنانی گەورەیی سێبەری ئیسلام" وەسفیان دەکات.
لە لوتکەی دەسەڵاتیدا لە ساڵی ١٩٧٠ موعەمەر قەزافی لیبیای دووبارە لە شێوەی هۆزدا ڕێکخستەوە بە دامەزراندنی فەرمانی کۆمەڵایەتی وگشتگیری، بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی سروشتی لە نێوان پایتەخت و سەرۆک هۆزەکان. بەم ڕێگایە هەوڵیدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی زیادەی زاناکان ببێتەوە(عولەما)، کە جەماهیریەتییەکەی قەزافیان بە عەلمانی دەبینی. بە هەمان شێوە سەدام حوسێن سیاسەتێکی نوێی دروستکرد بە ناوی هۆزی نوێ.
دوای ئەوەی باسکردن و ناوهێنانی بنچینەی هۆزەکانی لە وڵاتدا قەدەغەکرد، کارێکی پێچەوانەی ئەنجامداو بڕیاریدا کە دووبارە دەستبگرێتەوە بەسەر پێکهاتە نەریتییەکانی وڵات. لە لای خۆیەوە،سوریا دروستکردنی ئەنجومەنی ناوچەیی هەڵبژارد. مەبەست لەمانەش ئەوەبوو کە دەستپێشخەری بگەڕێننەوە مەیدانی نەتەوایەتی، ئەگەر لە ئیدارەی خۆجێییەوە نەبێت، ئەوە لە بەرگرییەوەبێت دژی ڕژێمێک کە باوەڕی لەدەستداوە.
دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە نە لیبیا و نە عێراق و سوریاش لە جەنگە ناوخۆییەکانی پاش ٢٠١١ ڕزگاریان نەبووە. دروستبوونەوەی دەسەڵاتی حکومەتە بەناوبانگەکان درەنگ دەستیپێکرد، بەبێ بوونی ویست بۆ بنیادنانی فەزایەکی ئارام و پێکەوەژیان.

## دەرکەوتن و زۆربوون

لێکەوتە چاوەڕوان نەکراوەکانی شۆڕشەکانی ساڵی ٢٠١١ دووبارە جێ پێدانەوەی (العصابیة) بوو لە ناخی داینامیکی خۆپیشاندەرانەوە. هاوڵاتیان یەکگرتووبوون بەیەکەوە لەپێناو مانەوەدا لەگەڵ خێزان و سیاسییەکان وکەسە ئایینییەکان. گروپەکان یەکیان گرت لە دژی ئەو نائارامییەی پەرەی دەسەند، وەک لە زەمالیکە لە سوریا ڕوویدا، زەمالیکە شارۆچکەیەکی بچوکی سورییە کە لە هاوینی ٢٠١٢دا ڕووبەڕووی زنجیرەیەک هێرش بووەوە . گەنجەکانیان ناچاربوون چەک هەڵبگرن بۆ

بەرگریکردن لە خەڵکەکەیان. دوو گروپی ئیسلامی کە لە ناوچەکدا چالاکییان هەبوو، پێشنیاری هاوکارییان بۆ کردن. مەشقیان پێکردن و توانیان بەسەر بەرگرییەکانی عەلمانییەکان زاڵبن لە سەرەتادا.
لەجیاتی دووبارە گەڕاندنەوەی هێزی دەوڵەت و ئەو دەسەڵاتانەی حکومەت و سەرۆکەکان هەیانبووە، ڕژێمە عەرەبییەکان وەڵامی درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم گروپانەیان بە درێژکردنەوەی زیاتردایەوە. ڕژێمی سوری هێزێکی بەرگری نیشتیمانی دروستکرد، کە دەیان میلیشیای مەشقپێکراو و گروپە چەتەییەکانی کۆکردبۆوە. سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی متمانەی دا بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی، کە میلیشیاکانی وڵاتەکەی بە دامەزراوەبوون کرد، ١٢٠٠٠ پیاو کە لە ساڵی ٢٠١٥دا لە کاتی پاراستنی ئازادی دەستپێشخەریدا پلەی فەرمانبەری مەدەنییان بەدەست هێناوە.
دیاردەکە پەلیکێشا بۆ هێزە هەرێمییەکان. تورکیای ئەندامی ناتۆ هێزێکی دروستکرد بەناوی سوپای نیشتیمانی، کە لە ٤٠ گروپی سەلەفی پێکهاتبوون بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە لە باکوری سوریا بپارێزن. ئێرانیش بڕی ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردن بۆ پاڵپشتیکردنی ژمارەیەک لە هێزەکان کە ئینتیمایان بۆ شۆڕشی ئیسلامی هەبوو.
ڕۆژئاواش خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا گونجاند. لە ویستیدا بۆ سەرکەوتن بەسەر دیمەشقدا، پاڵپشتی هێزەکانی بەرگری سوریای کرد بە دانپێدانان بە هێزە چەکدارەکانی سوریا کە توانای ئەوەیان هەبوو دژی ڕژێم بووەستنەوە و شەڕبکەن و چەکی بۆ دابینکردن وەک موشەک و بۆ گروپەکانی وەک کەتائب ثوارالشام، فرقەی ٦٩، قوات خاصە وە تەجەموع صقور الغاب.
هەرچەندە، وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەن دامەزراوە سەربازییەکانەوە ژێردەستەکرابوون پێش ساڵی ٢٠١١.دیکتاتۆرە بەرگریکارەکان پەیوەندییان هەبوو بە پرۆگرامی بەدەستهێنانی چەک و پەرەپێدانی تواناکانیان(تانک،فڕۆکە،تۆپخانە). ئەوە چاوەڕوان نەکراوبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵبژاردنی چەک لەدەستی گروپە مەدەنییەکاندا دەبێت. لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی سوریادا، سوپا خاوەنی ٣٢٥٠٠٠ سەرباز و زیاتر لە ٣١٤٠٠٠ هێزی مرۆیی بوو.

## هێزە پاڵپشتییەکان زۆر پێویست نەبوون لە دیدگەیەکی کردەییەوە.

ئایا سوپای نەتەوەیی وڵاتە عەرەبییەکان شکستیان هێنا؟ ئایا ئەوەندە بەجۆشبوون کە ئەو مێتۆدەیان پەیڕەوکرد کە شۆڕشگێڕەکان خاوەنیبوون بە هیوای ئەوەی بەسەریاندا سەرکەون؟ پێویستە ئەوە لە یاد نەکرێت کە ڕژێمە دانپێدانەنراوەکان پێویستبوو بەزوویی ڕکابەرەکانیان بناسێنن. بە لەبەرچاوگرتنی بەجێهێشتن و دەستهەڵگرتن لە

سەربازەکانیان( وەک لە سوریا ڕوویدا) وە نەبوونی ئارەزووی شەڕ(وەک ئەوەی لە عێراقدا سەربازەکان دەستیان لە شەڕکردن هەڵگرت)، بەکارهێنانی ئەو چارەسەرانەی لەبەردەستدابوو تاکە ڕێگای ڕوون و ئاشکرابوو:کە مەبەست لێی بێلایەنەکردنی ئەو گروپانە بوو کە لە جەنگدابوون بە جێگرتنەوەیان بە گروپی دیکە.

دووەم ڕوونکردنەوە پەیوەندی بە هۆکارە مرۆیەکانەوە هەیە، لەگەڵ سروشتی توند و تیژی بەیەکدادانەکان.

هێرشبەر و بەرگریکارەکان خۆکارانە کلتورێکی ستراتیجی هاوبەشیان لە نێواندا هەبوو، کە ئاماژە بۆ "دابونەریتی نەتەوەیەک، پیرۆزییەکانی، هەڵسوکەوتەکانی، شێوازی کارکردن، خووەکان، سمبولەکان" هارڤێ کواتۆ بێگرای نووسیویەتی.

## هەوڵێک بۆ پۆلێنکردنی گروپە چەکدارەکان

بەرەوپێشچوونی پراگماتیکی بەڕووی ئەم کۆمەڵەیە بە بەکارهێنانی وشەی "تیرۆریزم"لە لایەکەوەو، ئەو گروپەنەی دەتواندرێن قبوڵبکرێن لەلایەکی دیکەوە، ئەو گروپە تیرۆرستییانەی کە ناتواندرێت قبوڵبکرێن.

ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ تەوناری بەکارهێنانی ئەم توخمە بەهێزە بکەین، ئەوە دەردەکەوێت کە بە بەردەوامی بەهەڵە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی وشەی"تیرۆریزم" بە چەندین ڕێگا پێناسەی بۆ دەکرێت، ئەوە سەلمێندراوە کە تەنها یەک ئایدۆلۆژیا ناگرێتەوە، بەڵکوڕێگایەکی دیاریکراوی هەیە کە واتای: سەرنجێکی ناهاوڕێژەیی بۆ بیرۆکەی دوژمن بەردەست دەخات کە کاریگەری لەسەر خاسیەتەکانی بەجێدەهێڵێت.

وەک گروپەکانی سەر بە تورکیا (دەستەی ڕزگارکردنی شام، هەیئەی تەحریر الشام) کە یاساکانی خودی تورکیا بە تیرۆرست لەقەڵەمی دەدات. هەروەها ڕووسیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەماسدا بەردەوامە کە باڵە سەربازییەکەی خراوەتە لیستی ڕەشەوەو بە سەردانکەری نەخوازراو لەقەڵەم دەدرێت. یەکێتی ئەوروپا ١ ملیار یۆرۆی دژ بە تاڵیبان تەرخانکرد، کە ڕابەرایەتی دەکرێت بە هاوبەشی لەلایەن هاقانی شورا کە پەیوەستە بە القاعیدەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم پۆلێنکردنە وەک باڵا دەستییەک بەکاردەهێنێت. حوسییەکان لە لیستی تیرۆرستیدا لەلایەن سەرۆک بایدنەوە لابران وەک نییەت پاکییەک، بەر لەوەی دووبارە هەڕەشەیان لێبکرێتەوە کە بخرێنەوە لیستەکە بەهۆی قەیرانەکانی یەمەن.

بەڵام بۆ ئەو بڕیارەی کە پاسدارانی ئێرانی لە لیستەکەدا بهێڵدرێتەوە، بووە بە سەردێڕێکی دووەمی دانووستانەکان لەگەڵ تاران.

لەوکاتەوەی پۆلێنکردنی گروپە چەکدارەکان بەپێی"تیرۆر" لەلایەن سیاسەتی ڕاستەقینەوە دانیپێدانانرێت، هەڵبژاردەیەکی دیکە بریتییە لە بەکارهێنانی دیاریکردنی

ناوچەیی بۆ جیاکردنەوە:
١-گروپێک کە پارێزگاری لە ئایدۆلۆجیایەکی جیهانی دەکات.
٢-گروپێکی ناوچەیی کە ویستێکی تەواوەتی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن.
٣-گروپێک کە لەلایەن پرۆژەیەکی حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت.
ئەم بەرەوپێشچوونە لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایدا هاوڕایە، کە هێزە ستراتیجییەکانی لەسەر ویستی ناوچەیی بنیادناوە .هەرچەندە،گروپە چەکدارەکان ئەم جۆرە وتوێژە دروست ناکەن، تەنها لەڕێگای خواستن و مێتافۆریەوە نەبێت"زەوی،شانشینی خودایە".
بیروڕاکانیان زۆرینەی کات سەرکەوتن بەسەر دەوڵەتێکدا لەخۆ دەگرێت، بنیادنانی یاسایەکی ئایینی یاخود لەناوبردنی کافرەکانە.
شێوازێکی تری بریتییە لە پۆلێنکردنی هێزە چەکدارەکانی گروپە چەکدارەکان بۆ پێوانەکردنی تواناکانیان بۆ دروستکردنی مەترسی و زیانگەیاندن و بڵاوکردنەوەی.

**•گروپی بچوکی شەڕکەر**
خاوەنی چەکی سوکن، کەمی لە کەرەستەی جەنگیدا هۆکارە بۆ سنووردارکردنی کردەوەکانی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی بچوک. ئەمانە ئەو گروپە پێشڕەوییە بچوکانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن ژووری ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی یاخود زیاترەوە دروستکراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکی تایبەت.

**•گروپی پێکهێندراو**
پڕچەککراون بە موشەک هاوێژ و هۆکاری گواستنەوەی سەربازی،سەرکردەکانیان دەتوانن ستراتیجیەت دابنێن.جوڵەی سەربازەکانی ڕێکدەخات و دانوستانی هاوپەیمانی دەکات لەگەڵ گروپەکانی دیکە.

**•گروپی مێژوویی دەوڵەت**
لە یەکە سەربازییەکاندا بنیاد دەنرێت،لەلایەن سەرچاوەیەکی دارایی بەردەوامەوە ڕێکدەخرێت وژمارەیەکی زۆر لە چەک بەدەست دەخەن. موچە دەدرێت بە سەربازەکان و خانەنشینی دەدرێت بە خانەوادەی ئەو سەربازانەی دەکوژرێن. ئەم گروپانە ناوچەی تەواوەتی یاخود بەشێک لە ناوچەکان کۆنترۆڵ دەکەن.

**•گروپی مەرجەعی**
یەکەکە واپیشاندەدات کە هەرچوار دەسەڵاتەکە پەیڕەودەکات:ئایینی،سیاسی،سەرب ازی و ئابوری کۆمەڵایەتی.باج دادەنێت و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات(ئاو، کارەبا،

تەلەفۆن)هەروەها ئاسایش زامن دەکات بۆ-شەهید بوو-کەسانی خاوەن دەسەڵات.
ئەم جیاکردنەوە شێوە هەرەمییە بە شێوەی لە کەم بۆ زۆر کاردەکات.
لێرەشدا دووبارە،ئەم بەرەوپێشچوونە بە بیروباوەڕی ڕۆژئاوایی جێگیرکراوە. بۆ گروپە چەکدارەکان، وا شیاوترە کە لە ناخەوشەوە بۆ خەوش بیربکەنەوە،بۆ ئەوەی پێزانینیان هەبێت بۆ ئەو نرخە گۆڕاوەی بەشداربوون لە ئاڵنگارییەکان دروستی دەکات.

**بۆ بەکارهێنانێکی دروستی جیاکردنەوە یاخود پارچەبوون**

هەرچەندە جەنگاوەرە ئیسلامییەکان دەیانەوێت پیاوە جیهانییە ناسراوەکەیان (الإنسان الكامل) بەرەو پێش ببەن، خودا پەرستێکی تەواو کامل، بیرۆکەی جوداکاری بە عەقلانییەوە پەسەندکراوە. لە ئەفغانستان، ئەو شەڕکەرانەی هاتبوون بۆ جەنگ لە دژی سۆڤیەت و ڕێگای سێیەمیان دۆزیەوە ئەویش جیهادی نادیاربوو، ئەوانەی بە کۆمەڵ بەیەکەوە بوون لە کاتی گەشتندا لە بنەڕەتدا لە وڵاتەکانی (میسر، جەزائر، سودان) هاتبوون. تەجنیدکردنەکانی ئەلقایدە لە یەمەن یەکیدەگرتەوە لەگەڵ دژایەتییەکانی کابیل/بەکیل کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی شاژنی شێبا.
دەوڵەتی ئیسلامی یەکەی تایبەت بە خۆبەخشە جیهانییەکانی دروست دەکات. بۆ جەنگی ناوخۆی سوریا، گروپە بیانییەکانی دروستکردبوو، هەندێکیان تا ئێستاش بوونیان هەیە و چالاکی ئەنجام دەدەن: تەوحید و جیهاد( ئۆزبەکی)، جەیش المهاجرین والنصر(قەوقازی)، ئوقبە بن فەرقاد(ئازەربایجان).
ئەم جیاکردنەوەیە لەلایەن گروپەکان خۆیان دانیپێدانراوە، لەدوای جەنگەوە وا دەرناکەوێ کە بێهێزبن، سیستەمی ژینگەیی گروپە چەکدارەکان دەتوانێت بە پێی ئەو هۆکارەی دابەشیان دەکات شیکاریان بۆ بکرێت.

| هۆکاری ئاینی | هۆکاری باو |
| --- | --- |
| تەفکیرزم. قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە پێناسەکردنی لەناوبردنی مسوڵمان | .بەربەرەکانی لەسەر پۆستی فەرماندارى ژمارەی فەرمانڕەواکان |
| هەڵبژاردنی بیروباوەڕی سەلەفیەتی : بێدەنگبوون .سیاسی یاخود سەربازی، | .بەربەست بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکان و دروستکردنی خاڵی پشکنین بۆ کۆکردنەوەی قاازانج (باج و سەرانە) |
| پەیوەندی لەگەڵ ئێران. قبووڵکردن یاخود ڕەتکردنەوەی بیمەی تەندروستی و پەناگە بە ناڕاستەوخۆ یاخود پاڵپشتی دارایی و مەشقپێکردنی سەربازی بە ڕاستەوخۆ | .ململانێ لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان (نەوت و سوتەمەنی> دەستکەوتی تالآنی ماڵەکان) |
| لەگەڵ یاخود دژی جیهادی جیهانی.بڕیارێک بۆ بەناوچەکردنی جەنگ یاخود نا | .بەربەرەکانێ لەسەر کاریگەریخستنەسەر بازرگانە ناوخۆییەکان بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەر |

لێکجیابوونەوە یاخود هاوپەیمانی گروپەکان لە کاتی شورادا (پرس و ڕاوێژ) تاوتوێ دەکرێت. شورا لە ١٠ پیاو،زیاتر یاخود کەمتر پێکدێت، وتوێژی ئەو کێشە و بیروڕایانە دەکەن کە یەکگرتنی گروپەکان قبوڵدەکات یاخود ڕەتی دەکاتەوە. ئەم دامەزراوەیە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەرایەتی، کاتێک پێغەمبەر محمد ڕاوێژی بە هاوەڵەکانی کردووە پێش بڕیاردان. ئەمە گرنگی و لەپێشینەیی کۆمەڵگا دەردەخات وەک لە تاک و میکانیزمی بەرگرتن بە پێکادادان دەردەخات.
وە چارەسەر(سولحە) بۆ ڕێکخستنی توندی نێوان مرۆڤەکان. ئەگەر جودابوونەوەیەک کەلێنبخاتە ئەو تەوەحودەی خودا فەرمانی پێکردووە. وەک فیتنە سەیردەکرێت.

**هۆکاری مرۆیی**

لەگەڵ ئەوەی هەر گروپێک بنچینەیەکی تایبەت و ناوەڕۆکی کارکردنی خۆی هەیە، توێژینەوە لە کەیسێکی تایبەت و دیاریکراو ڕێگەدەدات بەوەی ناوەڕۆکی هۆکاری مرۆیی لەم جوودابوونەوە/ یەکگرتنەوەیە تێبگەین.
هەیئەی تەحریر شام وەک بەشێک لە هێزی ئیسلامی نوێ،بەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر بوونی سەلەفیەت، کردارەکانی لەسەر بەرژەوەندی گشتی ئەنجامدەدات(المسائل المورسله).
توندوتیژی کۆنترۆڵنەکراو لە مەیداندا بە لەپێشینە دانانێت کە بەشێکبوو لە هەڵەی کاتی.لە داگیرکارییەکی جەمسەرگیریدا تێوەگلا لەدوای بوونی بە کارەکتەری سەرەکی لە جیابوونەوەی باشی باکوری ڕۆژئاوای سوریا- جەنگی براکوژی و لێکجیابوونەوەی دروست.
هۆکارەکانی بریتییە لە:
•جەنگ دژی جیابوونەوەی گەل لە ڕێگای ڕۆحییەوە لەلای هەر بڕوادارێک. یەکێتی گروپەکان(العسبیه) ئامانجەکەیە.
•جیابوونەوەی جیهان لە قورعاندا نەهاتووە. شەریعەت فەرمان دەکات بە پێکەوەژیانی هاوڵاتیان و داوادەکات بەربە هەڕەمەکیبوون بگیرێت.
•یەکگرتنەوەی نەپچڕاوی خۆبەخشەکان لە گروپەکاندا نیشانەیە بۆ زیندوویی سەلەفیەت سەرەڕای لەدەستدانی ژیان و شکستەکان. یەکێتی لەم بزوتنەوەیەدا ڕێگەدەدات بە بەدەستهێنانی کورسی لەسەر مێزی دانوستان.
ئەبو محمد الجولانی سەرۆکی هەیئەی تەحریر الشام و ژمارەیەک لە سورییەکان کە پێشبینی جەنگی ناوخۆی سوریایان نەدەکرد، ئەوانەن کە لە ئێستادا خۆیان وەک ئەندازیاری دانانی بناغەی هێزە شۆڕشگێڕەکان دادەنێن.جولانی لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند نشینی مازە لە دیمەشق لەدایک بووە، خاوەنی ٥ خوشک و برایە.باوکی پرۆفیسۆری بواری ئابوری بوو، بەبێ بنچینەی ئایینی توندڕەو پەروەردەی کردووە.

لەدوای شۆکی هێرشی ٢٠٠١، سووریای بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە عێراق بجەنگێت لەگەڵ گرووپی زەرقاویدا، کە بە بەربەری و وەحشیگەرایەتی ناسرابوون. دەستگیرکرا و لە کەمپی بوکا زیندانیکرا،کە سەرکردەکانی داهاتووی دەوڵەتی ئیسلامی لێی زیندانی کرابوون.

لە زیندانیدا،جولانی مەنەفێستێکی ڕادیکاڵی نووسی، کە ٥٠ پەڕەدەبوو لە ژێرناونیشانی"بەرەی نوسرە بۆ خەڵکی شام".

بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ئەم نوسراوە گەیاندی بە بەرپرسیارێتی گەورە لە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی(داعش، القاعدە)کە دەیویست خۆی لێ ڕزگاربکات.گرووپی چەکداری دۆزییەوە کە ناوەکەی بەپێی باڵانسی هێزی لە مەیداندا دەگۆڕا. هاوپەیمانی دروست دەکات و لەناودەبات، هێرشدەکاتە سەر ڕکابەرەکانی و ئەو چەکدارە نەناسراوانە دەردەکات کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا پەناهەندەن. جولانی دوودڵ نییە لەوەی خۆی جیابکاتەوە لە هێزەکان تەنانەت ئەگەر لە لوتکەی هێزیشدابن.

چەندین ڕوونکردنەوە بۆ ئەم هۆکارە هەیە:

•هەر جیابوونەوەیەک جولانی دووردەخاتەوە لە نموونەیەک کە هەستدەکات ناچالاک بێت: گرووپی تیرۆرستی چەکداری. جیابوونەوەکە وەک شکست سەیرناکرێت، بەڵکو وەک هەنگاوێکی نموونەییە بەرەو ئیسلامی نموونەیی. مانۆڕێکی جیابوونەوەیە.

•ئیسلامی توندڕەو لەوەتێدەگات کە پێکهاتەی گرووپ وەک دامەزراوە هەتاهەتایی نییە، بەبێ گرنگی و پێویستی ڕاستەقینەیی. هەیئەی تەحریری شام دوودڵی ناکات لەوەی پرسی هەڵوەشانەوەی خۆی بخاتە ڕوو.

داعش دەڵێت و نووسیویەتی: بۆ هەموو سەربازەکانی گرووپەکان و ڕێکخراوەکان، ئەوەبزانن کە لە دوای دامەزراندی خەلافەتەوە، کردەوەی گرووپەکانتان بەتاڵ دەبێتەوە.

وەستانەکانی گوزەرەکەی جولانی ئەوە دەردەخات کە فەیلەسوف ئێرنست بلۆچ دەیڵێت" گەشەسەندنی ماددەیە"کە سەرکردەیەکی سەلەفی خەونی پێوەبینیوە و پێیبگات، بەبێ کارکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

جولانی بەرەو دوو بیرۆکەی دژیەک دەچوو. قبووڵکردنی جیابوونەوەو پارچەبوون تا ئەوکاتەی تاکتیکیە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ڕوودەدات. داواکاری یەکبوون(توحد). ڕێنماییەکی خودایی کە بۆ بەیەکەوە ژیانی ئومەتەکە کاردەکات،سەرەڕای پێکداچوونی گرووپەکان. لەمەدا جولانی ئیلهامبەخشە لەلایەن پێغەمبەر محمدەوە، کە بیرۆکەی ئیسلامی بۆ یەکێتی وئاشتەوایی خەڵک دەبینی، بارستاییەک کە دەستوەرنادات لە ڕێکخستنی عەشیرەتەکان تا ئەوکاتەی ڕێز لە یاسای یەزدانی بگرن.


سەرکردە سەلەفییەکە دووردەکەوێتەوە لە شێوازی بەربەری و وەحشیگەرایەتی

برایەتی ئیسلامی، تاکڕەوو بێڕێکخستنە کاتێک دێتە سەر مومارەسەی هێز.ئەو خۆی بەدووردەگرێت لە پێکهاتەکانی القاعدە و داعش، کە هەرگیز بەریان بە شکستی ناوچەیی نەگرتووە. ئەو زنجیرەی فەرمانکردنی گروپە چەکدارەکان ڕەتدەکاتەوە لەکاتی جەنگی ناوخۆییدا. بڕوانە مۆدێلی هاتوو:




ئەم پێکهاتە ڕێکخراوەییە باوەڕپێکراو نەبوو لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە. جولانی لای پەسەندتربوو بە هەنگاوەکانی ئەبو موسعەب السوریدا بڕوات کە ئەندامێکی پێشووی ئەنجوومەنی فەرمانی القاعدە بووهەروەها نووسەری کتێبی ئیلهامبەخشی نهێنی : بانگەوازی بەرهەڵستی ئیسلامی گەردوونی "بوو.
نووسینەکە هێزی سیستەمەکەی بەسەر ڕێکخراوەکاندا دەخستەڕوو. وێنای ئەوەی دەکرد کە "سیستەم" ئامانجێکی سەربازی هاوبەشیان هەیە،ناوێک، سیاسەتێک، پرۆگرامێکی مەشقکردن لە جەرگەی جیهاددا. ئەم بنچینەیە دەگۆڕدرێت بۆ القاعدە،بناغەکەی بریتییە لە "نموونەیەکی باو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی".

لەدەوری ئەو، گروپە چەکدارەکان وەڵامدانەوەیان بۆ بانگەوازەکە هەبوو. ئەم سیستەمە هێزە جوداکراوەکان یەکدەخاتەوە، بۆیە هاوپەیمانییەکە تەنها ڕێککەوتنێکی زارەکی نێوان سەرکردەکان نییە، بەڵام هاوبەشیکردنی بیرۆکە و مەبدەئە.




لە ٢٠٢٠ەوە، جولانی سوودی لە جێگیربوونی بەرەکانی پێشەوە وەرگرت بۆ گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی. کارەکتەری مەدەنی هاتنە نێو هێڵی بازنەکانەوە (بڕوانە دایەگرامی سەرەوە)، کە لە پێشوودا لەلایەن گروپەکانەوە کۆنترۆڵکرابوو. حکومەتی ڕزگاری سوریا (حکومة الإنقاذ السورية) کە ژیانی هاوڵاتیان لە ناوچە ئۆپۆزسیۆنەکان بەڕێوەدەبەن: تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، ئابووری.

وەزارەتێکی بەرگری پێکدەهێنرێت بۆ بەرەوپێشچوونێکی فراوان لە کێشە ئاسایشییەکاندا.
بڕیارەکانی هەیئەی تەحریر شام لەدەوری فەرماندەکانی بەوەفان بۆ جولانی دامەزراوە کە دەجەنگێت دژی بڵاوبوونەوەی گروپەکان بە فەرمانکردن بە مەشقپێکردنی پیاوەکان (کۆلیژی سەربازی) بە بوونی پاڵپشتی دامەزراوەکان وەک دەزگای ئاسایشی گشتی.
هەیئەی تەحریر شام پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆی هێشتۆتەوە، بەپێچەوانەی داعشەوە کە دەیویست مۆدێلی تاکڕەوی پەیڕەوبکات، بیسەپێنێت بەبێ دانوستان. ئەو هەوڵیدا دوژمنایەتی و ڕکابەرایەتی نێوان هۆزەکان نەهێڵێت و هانیان بدات یەکبگرن.
نوێنەرەکانی دایەلۆگ و گفتوگۆیان لەگەڵ هۆزەکان و ڕابەرە ئایینییەکاندا ئەنجامدا. ڕێککەوتنی سەرەتایی نەخشەی بۆ داندرا. یەکێتی و یەکبوون وادیاربوو کە ئامانجێکی ڕاستەقینەو جدی بێت،بەڵام شێوازی ویستن زیاتر خۆسەپێنانەیە. هێڵی نوێی گرژی و پێکدادان دێتە ئاراوە.تا هەیئەی تەحریری شام زیاترشێوازی کارپێکردنەکەی ئاسایی بکاتەوە، زیاتر دوژمنایەتی گروپە توندڕەوەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت. بەتایبەتی ناکۆکییەکان لەسەر تاکتیکە، نەک ناوەڕۆکی دامەزراوەیی و ڕێپێدراو.

ئەوە لەبەرچاوبگرین کە جولانی ئەندامی پێشووی ئەلقاعدە و داعشە، ڕاست و دروستی هاندانەکانی گومانی تێدا نییە.
سەرکردە سەلەفییەکە سەرکەوتنی تاڵیبانی لە ئەفغانستان بەرزنرخاند، بزووتنەوەیەکی تێکشکاوی دیکە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ڕکابەرەکەی بوەستێتەوە. نزیکترین یارمەتیدەرەکانی بەزەییان پیشاندان دوای ئەوەی سەرکردەی ئەلقاعدە، الزەواهری، لەلایەن ئەمریکییەکانەوە موشەکبارانکراو کوژرا.
جوگرافیاکەی بڕیاردانی جولانی نیشاندەرە بۆ مەیلێکی ئیسلامی کە هەوڵدەدات دەسەڵاتێکی باڵانس و جێگیر و یەکسانی هەبێت. دەیەوێت لە ڕێکخراوێکی تیرۆرستییەوە بگۆڕێت بۆ کۆکەرەوەی نارازییەکان. بەڵام، پێکهاتەی فەرمانکردنەکەی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری شێوازی شۆڕشگێڕی لەسەرە.



نەخشە ڕێکخراوەکە لەپێشینەیی کەسایەتییە سەربازییەکان لەنێو هەیئەی تەحریر شام دەردەخات.حاکمەکان کە پاڵپشتی بنەمای سەلەفییەت وکەسایەتی کۆمەڵگەی مەدەنین کەمینە پێکدەهێنن. ڕابەرە سەلەفییەکە نیشانەیەکی دیاری دروستکردووە، وەک پەیوەندیکردن بە مەسیحییەکانی ئیدلیب،دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی شورا،هەروەها ڕایگەیاندووە کە شۆڕش دووبارە ناودەنێتەوە بە"بنیادنانی یەکەیەکی سوننی".

**ڕێکخستنەوەی ئاژاوە**

لەکۆتاییدا،گەشەکردنی گروپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کۆکراوەی چەند هۆکارێکی دەرەکییەوە سەردەگرێت: سەرهەڵدانەوەی ویستی هاوڵاتیان بۆ ژیان بە شیوەیەک کە ڕۆژئاوا بە کۆنەپەرستی دایدەنێت: کۆمەڵە، عەشیرەت، هۆز: ویستێک بۆ گونجاندنی دەستەواژەی گفتوگۆی گشتی و ڕەتکردنەوەی دامەزراوەی گشتی( پارت،یەکێتی،ویلایەت) بە ئاواتی ئەوەی نەتەوە دابمەزرێنن لە قبوڵکردنی خێڵگەرایەتی بە مانای "دەوڵەت" لە دەستەواژەی خەلافەتدا.

لە ٢٠١١دا شۆڕشگێڕەکان تەوژمێکی چاوەڕوان نەکراویان وروژاند، بەبێ هەبوونی ئایدۆلۆجیایەکی ڕاستەقینەی یەکگرتوو و لەیەکچوو. ئەگەر بەپێی کات شیکاری بۆ بکرێت،ئەوە دەبینرێت کە ئامانجی گروپەکان کەمترلە هێزی سیاسیدا ڕەنگدەداتەوەئایا ئەوان واتای تەواوەتیان هەیە؟ بەڵام زیاتر ویستی چەسپاندنی سەلەفییەتێکی توند و دەقاودەقیان هەیە. ئەم نەوە نوێیە نارازییە، هەندێکیان باس لە یاخیبوون دەکەن، وەک بەربەستێک دەمێنێتەوە لەبەردەم ڕێکخستنی جیهاندا بەهۆی جۆرایەتی و ویستیان بۆ یاخیبوون. باڵادەستێکی ئەوروپی دەڵێت: بە شێوەیەکی زیاتر زەحمەتبووە کە " تاکێک ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە".

ئەم ژمارە زۆرو زیادە لە سەرایا، کەتیبە، فەوج، لیوا، فیرقە و جەیش؛ ئەم ناونیشانانە بەدەگمەن دەبەسترێنەوە بەو گروپانەی لە جەنگدان.

سیاسەتی دەرەکی ئێران، تورکیا، سوریا بەبێ جیاکردنەوە بەستراونەتەوە بەم گروپانە، کە وەک هێزی پاشکۆ و پرۆکسی مامەڵەدەکەن، کە یەکە گواستراوەکانی ڕەنگدەدەنەوە لە هێڵەکانی پشتەوەی دوژمنەکانیان. ئەوان لە کۆمەڵە هێزێکدا کۆکراونەتەوە وەک (هێزی عەلمانی)یاخود(النهایات العصبیة).

هێزە گەورەکان لەم ناوچانەدا توانایان بنیادناوە.هێزی سەربازی ڕووسیا لەم دواییانەدا بەشداری لە دروستکردنی ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردووە بە ناونیشانی هەورەبروسکەی باکور، شانبەشانی سەرکردە ئێرانییەکان،هێزەکانی سوریای دیموکرات و بەعسییەکان.

هێزی- ٦٠٠ بەهێزەکە- لە گوندی قەریەتەین لە سوریا جێگیرکراون. هێزەکانی ولایەتە

یەکگرتووەکان لە التنف ئەم هاوینە مەشقی سەربازییان ئەنجامداوە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی مغاور الثورە، کە سیستەمی موشەکی هەڵگرتوویان بەدەستهێنا لەم دواییانەدا.

ئەم وجودە دامەزراوەی گروپە چەکدارەکان چەند پرسیارێک دەوروژێنێت.

•هێزە ناوچەییەکان ستراتیجیەتی بەهێز دروستدەکەن کە ئابووری، چەکداری و هەندێک کاتیش یەکەی شەڕکەر لەخۆدەگرێت کە پێشتر جودابوون ئەمەش زەحمەتە بۆ بەرپێگرتن. ڕوونترین کەیس ئەوەیە کە تاران و هێزەپاشکۆ و پرۆکسییەکانی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاودەکاتەوە.

•بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان بەرپرسیارێتی دەوڵەت دێنێتەئاراوە. ڕێککەوتنی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩" هەردووک ئەوانەی کە تاوانیان ئەنجامداوەو ئەوانەش کە فەرمان دەکەن بە ئەنجامدانی تاوان" بە یەکسان لەقەڵەم دەدات.

•بە ناونیشانی یاسایی بوونی جەنگ دژی داعش، گروپەکان داوای ئەوەدەکەن،مافەکانیان بپارێزرێت و موچە، چەک و کەرەستەری شەڕکردنیان پێبدرێ. ڕژێمە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە ئەم تورەییە دروستکراوە بمێنێتەوە لای ئەوانەی داوای دەکەن،بەتایبەتی لە عێراق. ئۆپەراسیۆنی( داماڵینی چەک و کەرەستەی سەربازی و دووبارە تێکەڵکردنەوە) لە ئێستا وەک مەحاڵ دەبیندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە سەرەتاییترین داواکارییەکانی پرۆسەی ئاشتییە.

ئەوەی ماوەتەوە لە هۆکارە مرۆییەکان، شێوازەکانی تێکەڵبوونی پیاو و ژنەکان بە یاخییەکان بۆ مەبەستی باشبێت یان خراپ. بەبوونی "توندوتیژی یەکگرتوو"بووە کە لەلایەن ابن خلدونەوە دروستکراوە، باوکی دامەزرێنەری سایکۆلۆجیای عەرەب، بۆ ئەوەی بە کۆمەڵانی مرۆڤ نیشانبدات کە ویستیان هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕێکخستنی نوێ.گروپە چەکدارەکانیش هەمان داینامیک پەیڕەودەکەن،جیابوونەتەوە لە نێوان ویستی سەربەخۆیی و گەمەی ئاڵۆزی هاوپەیمانە ناوچەییەکان؛ ناچارکراون کە وەک ئارۆن دەڵێت: ئاشتییەکی مەحاڵ بژین.

سەرچاوە: دامەزراوەی فەڕەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# ڕۆڵی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە وڵاتانی عەرەبی لە دوای ڕاپەڕینەکانیان

نووسینی: ڤنست دوراك
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

لە ساڵانی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە عەرەبییەکان لە ساڵی ٢٠١١ ەوە شاهیدی ئەوە بوون کە بۆتە هۆی دەرکەوتنێکی نائاسایی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش لە دەر ئەنجامی ئەوەوە ڕوویدا کە گرنگییان دا بە زیادکردنی جوڵەی سیاسی لە سەرانسەری ناوچەکەدا. پۆلێنکردنی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان کۆمەڵێک ڕێکخراو و بزووتنەوەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.

واباوە کە کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی ناحکومی وادادەنرێت کە گرنگییەکی زۆری بە دەستهێناوە لە جیهانی عەرەبییدا لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی سارد، وە کۆمەڵێک گروپی ئیسلام لە خۆ دەگرێت. لەناوییشیدا ڕێکخراوە سەرەکییەکان وەک بزووتنەوەی النهضة لە تونس، وە هەروەها ئیخوان موسلمین لە میسر.

پارتی داد و گەشەپێدان لە مەغریب و هەروەها گروپە سەلەفییەکان لە تونسەوە بۆ یەمەن کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا هاتنە کایاوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێویاندا بزووتنەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکان وەک ئەنسار بەیت مەقدیس کە لە نیمچە دوورگەی سینا لە میسرڕدا کارا بووە.

ئەل مورابیتون ئەو گروپەیە کە لەلایەن مۆختەر بێلمۆختەر ڕابەرایەتی دەکرێت کە ئیسلامیەکی جەزائیرییە.
لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ هێرشی کردە سەر دامەزراوەیەکی غازی جەزائیر، بووە هۆکاری کوژرانی ٣٨ بارمتە، هەروەها هۆی دەرکەوتنی هێزی سەربازی لە لیبیا لەدوای ڕووخانی حکومەتەکەی موعەمەر قەزافی.
هەروەها لە سوریا دوای تەشەنەکردنی ڕاپەڕینەکەی ئەو وڵاتە، بزووتنەوەی شای زەیدی (حوسییەکان) کە دەستی بەسەر پایتەختی یەمەندا گرت، سەنعای پایتەخت لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ دا ئەو وڵاتەی خستە ناو کێشمەکێشمەکانەوە.
بێ گومان، لەساڵی ڕابردوودا زۆرترین سەرنجی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بزووتنەوانە بوون کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ژێر ناوی ( دەوڵەتی ئیسلامی ) ( داعش ISIS ) و (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ISIL) ناسراوە.
ئەم لێکۆڵینەوە کورتە بە هیچ شێوەیەک گوزارشت لە تەواوی پۆلێنی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکات، سەرەڕای ئەوەش ئەو هەمەجۆرییە تەواو دەخاتەڕوو کە ئەو بڕگەیە لە خۆ دەگرێت وە لە بەرامبەریشدا چەندین پرسیار دەخاتەڕوو لەسەر بابەتەکە بە ووردی و تەواوی لە چەمکی کارەکتەری نا دەوڵەتی تێبگەین.

**پێناسەیەک بۆ کارەکتەری نادەوڵەتی:**

پیشاندان و خستنەڕووی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گشتی ئاسانترە لە وەڵامدانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر جۆسێلین و واڵاس پێشنیازی ئەوە دەکەن کە چەمکی کارەکتەرە نا دەوڵەتییە پێویستە ئەو ڕێکخراوانە لەخۆ بگرێت کە تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر یاخود بەتەواوی لە ڕووی دارایی و بودجە و کۆنترۆڵ سەربەخۆن وە لە حکومەتی ناوەندی بڵاودەبێتەوە یاخود سەرچاوە دەگرێت لە کۆمەڵگای مەدەنی یان لە بازاڕی ئابووریدا یاخود لە ( پاڵنەرە سیاسییەکان ) کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتە.
هەروەها ئەو ڕێکخراوانەش دەگرێتەوە کە وەک تۆڕێک کاردەکەن، یان بەشداری دەکەن لە فراوانکردنی سنووری دوو دەوڵەت یان زیاتر درێژ دەکەنەوە، هەروەها بەم جۆرە بەشداری کردنە لە پەیوەندییە فرەنەتەوەییەکان وە بەستنەوەی سیستەمە سیاسییەکان و ئابووری و کۆمەڵگاکان.
لە کۆتاییدا، ئەو ڕێکخراوانەش لەخۆدەگرێت کە هەوڵ دەدەن کاریگەری لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان دروست بکەن لە ناو دەوڵەتێک یان زیاتردا یاخود لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا.
پرۆفیسۆر ئارات لیستێکی ئاماژەپێکراو بۆ ئەو جۆرە ڕێکخراوانە پێشکەش دەکات کە ڕەنگە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان پێکبهێنن.

کە ئەو لیستەش بریتیە لە: ڕێکخراو بۆ دژایەتیکردن و بەرهەڵستی بەرامبەر حکومەت، کە هەندێکیان لەوانەیە بەشدار بن لە هەوڵ و خەباتی چەکداریدا کۆمپانیا تایبەتەکان بەشدارن لە بازرگانی، دارایی، بەرهەمهێنان و دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕێکخراوە پیشەیی و بازرگانی و کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی هاوکاری و گەشەپێدان، میدیا، دامەزراوە و ڕێکخراوە ئاینییەکان، دادگای مەدەنی وە گروپە کەم فەرمییەکان وەک خێزانەکان و گروپە خۆڕسکەکان و کۆمەڵگا ئایینی و نەتەوەیی و ناوچەیی باندەکانی سەر شەقام و ڕێکخراوە ژێرزەمینییەکانی وەک مافیا و بەکرێگیراوان و گروپە میلیشیاکان یاخود هێزە سەربازییەکان.
ئەمە بەڕوون و ئاشکرایی لیستێکی گەورەیە کە ئاماژە بە کێشەیەکی بنچینەیی دەکات لەگەڵ چەمکی کارەکتەری نا دەوڵەتیدا، تا ئەو ئاستەی کە پێناسە کراوە (( لە ڕووی دەوڵەتی بوونیان یاخود دەوڵەتی نەبوونیان ))شتانەی کە نییە - دەوڵەت - نەک ئەوەی کە هەیە.

**کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

هەرچەندە وا لە چەمکەکە تێگەیشتوین کە ئەمە بابەتێکی ڕاستی و بەڵگە نەویستە، لە ساڵی ٢٠١١ وە کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەرزبوونەوەیەکی بەچاویان بەخۆیانەوە بینیوە لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەڕاستیدا، ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەو بزوتنەوانانەی کە بوونە هۆی لەناوبردنی حکومەتە خۆسەپێنەکان لە توونس، میسر و لیبیا هەروەها یەمەن. سەبارەت بە تونس ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی زەین ئەل عابدی بن علی سەری هەڵدا لەلایەن خۆپیشاندەرە گەنجەکانەوە.
هەرچەندە دوای ئەوەی کە بزوتنەوەی دژە ڕژێم لەلایەن فیدراسیۆنی سەندیکای کرێکاران پاڵپشتی لێکرا بەهێزتربوو و کاریگەری زیاتری وەرگرت، سەندیکای گشتی کرێکارانی تونس (UGTT)، کۆمەڵەی پارێزەرانی یاسایی، پارتە سیاسییە یاسایی و نایاساییەکان، هەروەها لە کۆتاییدا ئیسلامییەکانی بزونتەوەی ئەل نەهضە ئەو بزوتنەوە ئیسلامییەی کە لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە ڕێگریان لێ کرابوو.
لە میسر لە ڕۆژەکانی سەرەتای بزوتنەوە نارەزایەتییەکاندا لەلایەن گەنجانەوە لەڕێگای ئۆنلاینەوە گەنجانیان کۆدەکردەوە بۆ دەربڕینی نارەزای، بە تایبەت لە ڕۆژی ٦ ی نیساندا بزوتنەوەکە و پشتیوانانی بزوتنەوەکەوە بە دروشمی "ئێمە هەمومان خالید سەعید"ین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.( خالید سعید: کەسێکی مەدەنی بوو، کە بووە هۆی دەستپێکی ڕاپەڕینەکان دژی حوسنی موبارەک لە میسر ).
بەڵام ئەوە ئەو کاتەبوو کە بزوتنەوە گەنجە سەربەخۆکان خرانە پاڵ خۆپیشاندەرانەکان لەلایەن کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانەوە، لە شێوەی چالاکوانی کرێکار و باڵی گەنجانی

پارتە سیاسییەکان لە هەموو ئاڕاستە ئایدۆلۆجییەکان، عەلمانی و ئیسلامی کە لەناو بردنی ڕژێمی موبارەک بوو بە ڕووداوێکی حەتمی.
لە لیبیا، لە ڕۆژی ١٧ی شوبات، بزوتنەوەکانی دژە قەزافی بە شێوەیەکی خێرا نزیک بونەوە لە بەرژەوەندییە بازرگانیەکان و گروپە خێڵەکییەکان، ئیسلامیەکان و کەسانی دیکە، ئەم هاوپەیمانییە ئادیۆلۆژییە سەرانسەرییە، بەیەکەوە لەگەڵ دەستێوەردانی کارەکتەرە دەرەکییەکان بۆ پشتیوانیکردنی لە یاخیبوانی دژی ڕژێم، کۆتای هێنا بە سەردەمی کایەی سیاسی قەزافی لە لیبیا .
بەهەمان شێوە کەوتنی ڕژێمی سەڵاح لە یەمەن بوو بە ڕووداوێکی حەتمی، بە لایەنی کەمەوە لە بەشێکیدا، کاتیک هاوپەیمانێتی ڕێکخراوە گەنجەکان خۆپیشاندان و نارەزایەتیان دژ بە ڕژێمیان دەستپێکرد، لەگەڵ کۆمەڵێک پارتی جیاواز بەشداریان کرد لەگەڵ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکاندا لە باشور و باکوری وڵاتەکەدا کە بەدوای ئۆتۆنۆمی واتا حکومەتی خۆبەڕێوەبەریدا دەگەران (لە ئەگەری سەربەخۆنەبوونیاندا) لە ڕژێمی سەنعادا.
لەو ماوەیەدا کە ڕاپەڕینەکە ژمارەیەکی زۆر بەرچاولە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زیادیکردووە، بەپێی خەمڵاندنێک نزیکەی ٥٠٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی نوێ دامەزراوە لە تونس لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ٣٠٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دامەزراون لە دوای نەمان کەوتنی ڕژێمی قەزافییەوە.

## کارەکتەرە توندڕەوە نا دەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەنێو پۆلێنی فراوانتری کارەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا، دەرکەوتنی کۆمەڵێک گروپی چەکدار لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەرانییەکی گەورەی و سەرنج و چاودێری نێودەوڵەتی بۆخۆی ڕاکێشاوە.
دیاردەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییە توندوتیژەکان لە مەودایەکی جیهانیدایە و بە هیچ شێوەیەک تایبەت و سنووردار نییە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
ئەو کارەکتەرە چەکدارانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەست نین بە دەوڵەتەوە وە کە هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی شوێنە جیاوازەکان لە جیهاندا، هەروەکو کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەستەی کارەکتەرە توندرەوە نا دەوڵەتیەکانیش فراوان و زۆرن.
بەرەنگاربوونەوە توندوتیژەکان بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەر بەکارهێنانی هێز دەتوانن چەندین فۆرم شێوازی جیاواز وەربگرن، لەوانەش گروپە خێڵەکی و نەژادییەکان (نەتەوەیی)، فەرماندەی سەربازی نافەرمی، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، چەتەکان یاخود باندی گەنجان، تیرۆریستان، میلیشیاکان، یاخیبووان و ڕێکخراوە تیرۆریستییە فرەنەتەوەییەکان.

هەروەها هەمیشە نیگەرانییەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی سیاسی نین یان ئاڕاستەی ئاستی دەوڵەت لایەنی زۆریان ئایدۆلۆژیا پاڵنەریان نییە بەڵکو بەدوای قازانج خوازییە، لە کاتێکدا ئەوانی تر نیگەرانییە ناوخۆییەکان پاڵنەرە بۆیان.
نموونەکان بریتین لە خاوەن ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕازیل، مەکسیک، کۆڵۆمبیا و هەروەها شوێنەکانی دیکە، بازنەکانی قاچاخی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوەکان لە جۆری مافیاکان، چاودێرانی کۆمەڵگا و هێزە ئەمنییە تایبەتەکان کە لە هەردوو وڵاتە سیاسییە سەقامگیر و ناسەقامگیرەکانەوە سەریان هەڵداوە.
ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی کە لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ بوو، کە زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چەندین کارەکتەری چەکداری نا دەوڵەتی لە چەندین وڵاتدا ڕەخساند.

## لیبیا

هەرەس هێنانی ڕژێمی قەزافی لە لیبیا بووە هۆی سەرهەڵدان و وەدەرکەوتنی ژمارەیەک لە میلیشیای چەکدار. بەپێی خەمڵاندنە سەرەتاییەکان ژمارەیان لە نێوان ١٠٠ بۆ ٣٠٠ گرووپی جیاواز بوو، لەگەڵ نزیکەی ١٢٥ هەزار کەسیان چەکداربوون.
لەو بڕوایەدا بوون هەتا ساڵی ٢٠١٤ کە ١٦٠٠ گروپی ملیشیایی هەبێت، وە ئەوانەش لەسەر بنەمای هەرێمی کارەکتەری ئیسلامی و نائیسلامی پێکهاتبوون، لە هەرە گرینگترینیشیان لە شاری زینتان و تەرابلوس و میسرِ تا بنغازییە لە لیبیا.
لە ساڵی ٢٠١٢ەوە میلیشیاکان یان هاوپەیمانی میلیشیاکان زیاتر لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە لایەنگری پارتە سیاسییە گەورەکانی وڵاتەوە خۆیان بە سیاسی کردووە.
ئەم پەیوەندییانەش بە پشت بەستن بە خزمایەتی، ناوچەگەرایەتی، هۆزی و خێڵەکی، هەروەها پەیوەندی ئایینی و ئایدۆلۆژیەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەکدارەکان لە دوو هاوپەیمانێتی گەورەتردا یەکخراون، هێزی پارێزگارانی لیبیا و لیژنەی باڵای ئاسایش کە هەردووکیان وەک هێزی ئاسایشی گواستنەوە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆدا یەک لە دوای یەک دامەزراون.
لەگەڵ ئەوەشدا، میلیشیاکان ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمییان هەیە و بەشوێن بەرنامە و ئەجندای خۆیان دەکەون. کە درێژ دەبێتەوە لە ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە بۆ ناوخۆیی و هەندێک جاریش تاوانکاری.
ئەم دۆخە بەهۆی لاوازی سوپای نیشتمانییەوە ئالۆزتر بووە کە بە مەبەست لەژێر ڕژێمی کۆندا فەرامۆش کراوە.
هەروەها میلیشیاکان پەلکێشکراونەتە ناو ململانێی بەردەوامی لیبیا لە نێوان کۆنگرەی نەتەوەیی گشتی کە ئیسلامییەکان کە بنکەکەی لە تەرابلوس و ئەنجومەنی نوێنەران

کە بنکەکەی لە طبرق، کە هەریەکەیان لە پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سود وەردەگرن.

**یەمەن**

لە یەمەن، بۆ زیاتر لە پانزە ساڵی ڕابردوو، سەرنجی نێودەوڵەتی لەسەر توندوتیژی سوننەکانی قاعیدە بوو لە نیمچە دوورگەی عەرەبی( AQAP).
ڕێکخراوی قاعیدە لە سەرەتادا و بۆ یەکەمجار بووە جێی نیگەرانی چاودێرانی نێوەدەوڵەتی کاتێک هێرشی کردە سەر کەشتی سەربازی جۆری USS COLE ی ئەمریکی لە بەندەری عەدەن لەساڵی ٢٠٠٠ وە لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی ١٧ سەربازی ئەمریکی.
زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە سەرۆکی پیشووی یەمەن علی عبدالله سالح هەڕەشەی جیهادی کردووە لە ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سەربازیی و دارایی، وە هەروەها لەساڵی ٢٠٠٦ دا گومانێکی زۆری لێ دەکرا کە بە هاوکاری ئەو چەند زیندانیەک هەڵهاتبن کە بە تۆمەتی تیرۆر لە زینداندا بوون.
لە ساڵی ٢٠١٢ دا، گروپێک کە پەیوەندیان بە ( قاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی AQAP) وە هەیە سوودیان لەو بۆشاییە ئەمنیە وەرگرت، کە لە دوای کەوتنی ڕژێمی سالح هاتنە کایەوە بۆ بەرفراوانکردنی خاک و ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان لە پارێزگاکانی ئەبیان و شەبوە.
ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بزوتنەوە سەربەخۆکانی گەنجان لە لایەن کارەکتەرە نا دەوڵەتیەکانەوە یەکیان گرت لە شێوەی چالاکوانی کرێکار، باڵە گەنجە پارتە سیاسیەکان بە هەموو ئاراستەیەکی ئایدۆلۆژی، عەلمانی و هەروەها ئیسلامییەکان، کە لە ناوچوونی ڕژێمی موبارەک بوو بە ڕووداوێکی حەتمی.
زیاتر لەم دواییەدا سەرنج لە قاعیدەوە گۆڕا بۆسەر کارەکتەرێکی نا دەوڵەتی، کە ئەویش بریتی بوو لە بزوتنەوەی حوسییەکان، کە گروپێکی شیعەی زەیدییە کە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بنکە بەهێزەکەی لە باکوری وڵاتەکە بەرەو پێش چوون بۆ کۆنترۆڵکردنی سەنعای پایتەختی یەمەن لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ دا.
ئەمەش بووە هۆی دەستێوەردانێکی سعودیە کە مەبەست لێی گەڕاندنەوە و جێگیربوونی سیاسی بوو کە لەلایەن ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداوی جێبەجێکرا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە سەرۆکی پێشوو عەلی عەبدوڵا ساڵح لە کۆتایدا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ لە ماوەی ئەم دەستێوەردانەدا، بە لایەنی کەمەوە نزیکەی ٢٦٠٠ کەس گیانیان لە دەستداوە، بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بەلایەنی کەمەوە شەش ملیۆن هاوڵاتی یەمەنی لە برسێتیەکی سەختدان.

بزووتنەوەی حوسییەکان لە پارێزگای سەعدا لە ساڵی ٢٠٠٤ هاتنە کایەوە لە کاتێکدا کە خۆپیشاندان و ئاژاوەکانی دژ بە حکومەت لەلایەن ئەندامانی گروپێکەوە کە بە بزووتنەوەی گەنجانی باوەڕی زەیدی ناسرابوون (شەباب ئەلمومین) بڵاوبووەوە بۆ سەنعا لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانەی کە ڕەخنەیان لە ڕژێمەکە دەگرت بەهۆی هەماهەنگیەکانی حکومەتەکەیان لەگەڵ ئەمەریکا لە بەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر بە تیرۆرستاندا.

کاتێک حکومەت هەوڵیدا سەرکردەی بزووتنەوەکە (حوسێن بەدردین حوسیی) دەستگیر بکات، شەڕ هەڵگیرسا.

لە ساڵی ٢٠٠٤وە شەش جار شەڕ ڕوویداوە لەگەڵ لەدەستدانی ژیانی چەندین هەزار کەس (لەوانەش ئەلحوسی) و ئاوارەبوونی زۆر گەورەی دانیشتوانی ناوخۆیی وڵاتەکە. سەرەڕای چەندین ئاگربەست دواییین ئاگربەست لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام درا، حکومەت هەوڵێکی کەمیدا بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە بنچینەییەکانی توندوتیژییەکە کە دواتر لە نیگەرانییە ناوخۆییەکانی پەراوێزخستن و پەرەسەندنێکی کەمی ئابوورییەوە گۆڕدرا بۆ توڕەیی و ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو لەگەڵ ڕژێم.

## سوریا

ئەو ناکۆکی و ململانێیەی کە لە سوریا گەشەی سەند لەدوای کپ کردنی ئەو توندوتیژیانەی خۆپیشاندانە سەرەتاییەکان لە بەرامبەر ڕژێمی بەشار ئەسەد بەخێرایی گۆڕدرا بۆ یاخیبوونێکی بەرفراوان و فرەچین.

ململانێکان لە سوریا لە نێوان ڕژێمی بەشار ئەسەد و دژی ڕژێمە واتا کارەکتەرە نا دەوڵەتیەکان کە لانی کەم هەتا ئێستا بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی ٢٠٠ هەزار کەس. وە بەپێی خەمڵاندنەکان سێ ملیۆن کەس هەڵهاتون بەرەو وڵاتانی دراوسێ، لەکاتێکدا کە زیاتر ٦.٥ ملیۆنی تر لە ناوخۆیی وڵاتەکەدا ئاوارە بوون ئەمەش لەکۆی گشتی ٢٢ ملیۆن دانیشتواندایە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتە هەواڵگیریەکانی ئەمریکا، هەتا مانگی شوباتی ٢٠١٤ لەنێوان ٧٥ بۆ ١١٥ هەزار یاخیبووی دژە ڕژێم ڕێکخرابوون لەناو ١٥٠٠ گروپی چەکداری دا کە تا ڕادایەکی زۆر ئاراستەی سیاسیان جۆراوجۆر بووە.

هەرچەندە زۆرێک لەناو ئۆپۆزسیۆنی ڕژیمدا بەرهەڵستیان هەیە لەبەرامبەر بە دڕندەی و بێ بەزەیی( ڕژێم و هەروەها داعش )یشدا، بەڵام هێشتا جیاوازی و ناتەباییەکی بەرچاو هەیە لەسەر تاکتیک و ستراتیجی و ئامانجە درێژخایەنەکان.

کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکانی دژ بە ڕژێم لە سوریا، وەک ناوچەکانی تری ئیسلامی و نا ئیسلامی (علمانی) لەخۆ گرتووە، هەرچەندە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەناو ڕێبازی

ئیسلامیدا لە نێوان ئەو کەسانەی کە دژایەتی توندڕەوی و توندوتیژی داعش و لەگەڵ میلیشتاکانی دیکە دەکەن وەک بەرەی نوسرە و ئەحرار شام.
داعش ناوچەیەکی گەورەی لە باکوری خۆرئاوای وڵاتەکە و هەروەها هەندێک لە ناوچە سنورییەکانی تورکیا و عێراقی کۆنترۆڵ کردووە.
لە ساڵی ٢٠١٤ دا، خەمڵێنرابوو کە داعش و بەرەی نوسرە و ئەحرار شام لە ٢٦٠٠٠ هەزار ئەندام پێکهاتبن، لە نێویاندا ١٢ هەزار چەکداری بیانی و هەزار کەسیشیان ئەوروپی بوون و وە سەد کەسیشیان هاوڵاتی ئەمریکی بوون.
لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیەک لە میلیشیا ئیسلامیەکان بەرەی ئیسلامیان دامەزراند و هەنگاویان نا بەرەو وەدەرنانی داعش لە ناوچانەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە سوریا.
بەرەی ئیسلامی پەیوەندییەکی کەمتر ڕوون و ئاشکرای هەیە لەگەڵ بەرەی نوسرە، کە لە هەندێک کاتدا هاوکاری هەماهەنگی کردووە، لە کاتێکدا لە ناکۆکیدابووە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.
هەروەها سوپای ئازادی سوریا (FSA) کە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ دا لەلایەن ئەو سەربازە هەڵهاتوانەی سوپای سوریاوە پێکهێنرا کە بە دوای لابردن و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدەوەن.
سوپای ئازادی سوریا لە ژمارەیەکی جیاواز لە گروپی چەکدار پێکهاتووە، کە هەندێکیان عەلمانین هەندێکیان ئیسلامن لە ڕووی بیر و بۆچوونیانەوە، هەرچەندە هێزێکی یەکگرتوو نین لە شەڕکردندا، سەرەڕای ئەوەی چەندین هەوڵ دراوە کە بۆ ئەو هۆکارەی بەو شێوەیە بێت.

## دەرئەنجام

خستنەڕوو و دەرکەوتنی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەستە بە لاواز بوونی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەوە. ئەو وڵاتانەی کە ئاستیان نزمە لە ڕووی شەرعیەت و یاساییەوە ناتوانن هاوسۆزی زۆرێک لە دانیشتوانیان بۆخۆیان بپارێزن. کاتێک ئەم جۆرە دەوڵەتانە پەنا دەبەنە بەر سەرکوتکردن نارەزایەتی دەخولقێنن، بە هەمان شێوە کاتێک دەوڵەتەکان بنەما گرنگەکانی دانیشتووانەکانیان لە ڕێگەی درێغی و کەم تەرخەمی، نەبوونی توانا، یان جۆرێکی تری جیاکارییەوە پێشێل دەکەن، ئەبێتە هۆکارێک کە ئەو هەلومەرجە دروست بکەن کە کارەکتەرە توندوتیژەکانی نادەوڵەتی تێیدا سەرهەڵبدەن.
لەو شوێنانەی کە دەوڵەت شکست دەهێنێت لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لەگەڵ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی دیکەدا، کارەکتەرە توندوتیژەکان هەنگاو دەنێن بۆ

دابینکردنی حکومڕانی جێگرەوە و هەروەها بۆ خزمەتگوزاری و سودی گشتی، بۆیە بەم شێوەیە ڕەوایەتی خۆیان لە پرۆسەکەدا پەرەپێدەدەن.
لاوازی دامەزراوەکان لە ناوەندی دەوڵەتەکان لە وڵاتەکانی لیبیا و یەمەن بەیەکەوە لەگەڵ وەلانان و کردارە سەرکوتکەرەکانی وڵاتەکانی سوریا و عێراق لەگەل هۆکارەکانی دیکەدا پێکەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کارەکتەرە توندوتیژە نا دەوڵەتییەکان کە بە شێوەیەکی یەکجار زۆر بۆتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی ناوخۆیی و ناوچەیی.
سەرەڕای ئەوەش، ئەو پێکهاتە و بوارەی کە کارەکتەرە توندوتیژە نا دەوڵەتیەکان سەرهەڵدەدەن لێوەی کاردانەوەی سیاسی گونجاو لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی زیاتر قورس دەکات.
ستراتیجی تایبەتی سەربازی دەتوانێت ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشەی کارەکتەرە توندوتیژیە نادەوڵەتییەکان بکات، بەڵام ناتوانێت چارەسەری کێشەی لاوازی شەرعیەتی دەوڵەت بکات یاخود توانای دەوڵەت لەگەڵ نەبوونی دامەزراوە کاریگەرەکانی دەوڵەت، کە زۆرجار ئەم باکگراوندە دروستدەکەن کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی لەم جۆرە کارەکتەرانە.
دۆخەکە زۆرتر ئالۆز دەبێت بەهۆی لایەنی پارادۆکسی ( دژ بەیەک) لە سروشتی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
وەکو چۆن لە ناوچەکانی تر کاتێک کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان چەک هەڵدەگرن لە بەرامبەر ڕژێمەکان لە هەندێک دەوڵەتدا، ئەمەش زۆرجار بە پشتگیری ئەوانی دیکە ئەو کارە دەکەن، هەر بۆیە تا ئەم ئاستە دەکرێت بنچینەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان بەتەواوی بێهێز و لاواز بێت.
ئەمەش بۆ ماوەیەک بەرچاوبووە لە کەیسەکانی حەماس لە فەلەستین و هەروەها حیزبوڵا لە لوبنان هەریەک لەو کارەکتەرە نا دەوڵەتیانە سودمەند بوون لە پاڵپشتی سوریا بەتایبەت ئێران لە کاتێکدا کە ئۆتۆنۆمییەکی بەرچاویان هەیە بەسەر ڕەفتارەکانیاندا بە هەمان شێوە، ناکۆکییەکانی سوریا، لیبیا، عێراق و یەمەن کۆمەڵێک کارەکتەری ناوچەیی ڕاکێشاوە بۆ پاڵپشتیکردنی لە گروپێکی بەشداربوو لە شەڕەکەدا یاخود گروپێکی تر..
ئیمارات و قەتەر پشتیوانیان کردووە لە ناکۆکی و ململانێکانی لیبیا، هەروەها سعودییە و چەند دەوڵەتێکی کەنداو، هەروەها تورکیا و ئێران پەیوەندیدار بوون بە گروپە چەکدارەکان لە ناکۆکیەکانی سوریادا.
ئێران پاڵپشتی لە میلیشیا شیعەکان دەکات کە شەڕی داعش دەکەن لە عێراق وە پاڵپشتی حوسییەکان لە یەمەن دەکات لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی سعودیە.
هەر بۆیە کێشەی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بە چارەسەر هەیە نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەڵکو لەسەر ئاستی بەرفراوانی

جیۆپۆلتیک واتا ناوچەی سیاسی گرنگ.

کاردانەوە تایبەتەکان کە ئەم گروپانە دەکەنە ئامانج بەبێ چارەسەرکردنی ئەو هەلومەرجە پێکهاتەییانەی کە هاندەری دەرکەوتنیانن، کە پێناچێت هیچ ئەگەرێکی درێژخایەنیان هەبێت بۆ سەرکەوتن.

سەرچاوە: پەیمانگای ئەوروپی دەریای ناوەڕاست

# دەوڵەتی "نا دامەزراوەیی" لە گوتار و کردەی سیاسی عێراقدا

نووسینی: ئۆفرا بنجیۆ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

بۆ ماوەی چەند ساڵێکە کە چەمکی عێراق وەک چەمکی "نادامەزراوەی یان نادەوڵەت" عێراق وەک نا دەوڵەتی، لە ناو کایەی سیاسی عێراقدا دەسورێتەوە، ئەم چەمکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەرینی جەماوەری لە عێراق لە مانگی ١٠ ی ٢٠١٩ بووە جێی مشتومڕ لەناو تەواوی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان لە تەواوی پانتایی سیاسی عێراقیدا مانای ئەم چەمکە چییە؟ ئەو بارودۆخانە چین کە وایکرد ببنە هۆی درووستبوونی مشتومڕ لە عێراقدا؟ کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەیان چۆن دەبێت؟ کارەکتەری نادەوڵەتییەکان چەمکێکە کە لە بابەتەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردێت کە مەبەست لێی چەند کەسێک یان چەند گروپێکن کە بە سەربەخۆی کار دەکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، لەگەڵ کۆتای جەنگی ساردا، زیادبوونێکی بەرچاو هەبوو لە ژمارەی ئەو کارەکتەرە نادەوڵەتیانەی کە بەرەنگاری دەوڵەت و دامەزراوەکانی بۆتەوە و پێگەی خۆی خراپتر کردووە. لە مەترسیدارترینی کاریگەرییەکانی ئەم گروپە ناودەوڵەتیانە ئەوەیە کە گروپی چەکداربوون و هێزی خۆیان بەکاردەهێنا لە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی وڵاتان یان ئەو وڵاتەی کاریان تێدا دەکرد، لە عێراق بارێکی بێهاوتا پەرەی پێدراوە بەو جۆرەی نەک تەنها کارەکتەری نا دەوڵەتی هەیە وەک ڕێکخراوی تیرۆرستی القاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی و میلیشیاکانی سەر بە یەکەکانی حەشدی

شەعبی هەموو ئەمانە هەڕەشەن بۆ بوونی دەوڵەت، بەڵام بە بۆچوونی ڕەخنەگرەکانی دەوڵەت خۆی بەشێوەیەکی جیاکاری کاری خۆی کردووە کە وەک قەوارەیەکی نا دەوڵەتی کاری کردووە، بە واتایەکی تر وەک دەوڵەتێکی تایبەت کاری کردووە یان وەک دەوڵەتێکی سوپرا (کە مەبەست لێی دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتێکی تردا کە بە شێوەی هاوبەشیکردنی دەسەڵات وەک پابەندی هاوبەشی کردنی دەسەڵات و زۆرجار مەزهەبی ئایینی بەکاردەهێنێت بۆ یاساکانی حوکمڕانی) کاریان کردووە و کارکردنیان بەرەوە بەرژەوەندی نیشتیمانی نەبووە.

لە وتارێکدا لە تەممووزی ساڵی ٢٠١٦ دا بە ناونیشانی "عێراق.... گەڕانەوە بۆ نادەوڵەتی؟" کە لەلایەن ئەکرەم حەواسەوە نوسراوە کە ئەکادیمیستێکی عێراقییە نوسییویەتی کە نیشانە و ئاماژە هەیە بەوەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ "پڕۆژەی بریمەر"ی ساڵی ٢٠٠٣ کە مەبەست لێی پۆڵ بریمەرە ئەو دیپلۆماتکارە ئەمریکییەی کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی (CPA) بەڕێوە دەبرد لە دوای لەشکرکێشییەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ ڕوخاندنی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا. ئەکرەم حەواس لە ئاماژەکانیدا بۆ "پڕۆژەی بریمەر" ئاماژەی بە بڕیارەکانی ئەمریکا کرد کە دامەزراوەکانی دەوڵەتیان لاواز کرد و بووە هۆی ڕوخانی ڕژێمی بەعس و هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت بە سوپا و حزب و بە ئامرازەکانی دیکەی کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەوتەی حەواس جیاوازی نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٦ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی وڵات دەدەن و ئاژاوە دەچێنن بە درێژای دەیەی ڕابردوو دوای داگیرکردنی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بەوردی هەمان ئەو کەسانەن کە بەرپرسیار بوون لە هەبوونی دەوڵەتی پێشوو و خۆشگوزەرانییەکەی کە کەسانی عەلمانی و پێشکەوتووخوازن لەگەڵ هێزی کۆنەپەرست و ئایینی.

هەروەها حەواس باسی ئەوەش دەکات کە لەناو عێراقییەکان و شەقامی عێراقدا کۆدەنگییەک هەیە کە حکومەت بەڕاستی حوکمڕانی ناکات، هەروەها بەدەر لەوەش سەرکردەکانی دەوڵەت جۆرەها ڕێگایان دۆزیوەتەوە و داهێناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرووەت و سامانی ناوچەکانیان و بەکارهێنانیان لە خزمەتکردنی ئەوکەسانەی کە حەواس بە شێوەیەکی نهێنی بە 'ئۆلیگارکەکان' ناویان دەبات، هەورەها ئەو بڕوایەش بڵاوە لەناو عێراقییەکاندا کە شکستیان هێناوە لە گەیاندنی حکومەتێکی چاکساز و کارا.

لە ساڵی ٢٠١٩ دا کۆمەڵناسی عێراقی فەلاح عەبدولجەبار کتێبێکی بڵاو کردەوە بەناوی کتێبی نادەوڵەتی کە تیایدا شیکاری بۆ دەردەکانی عێراق دەکات و ڕەگ و ڕیشەیان لە کۆتا کاتەکانی ڕژێمی بەعسی سەردەمی سەرۆکایەتی سەددام حسێن دا دەدۆزێتەوە هەروەها نوسەرەکە ئاماژەی بەوەشدا کە لەم قۆناغەدا زەمینەی گەشەسەندنی "نا دەوڵەتی" لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە ئامادە کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە

ئایین و گەشەسەندنی تائیفەگەری لەنێوان هەردوو سوننەو شیعەدا بە سیاسی بکرێت، دەرەنجامەکە ئەوەبوو کە ئەم لایەنانە "بنەمای ئایینی دەوڵەتیان وەرگرت بەبێ ئەوەی بتوانن ئەو دەوڵەتە بەدەست بهێنن و پێی بگەن کە دەستکاریکردنی ئایینی تێدایە، واتە پشتگوێخستنی بیرۆکەی ستاتیزم. ئەو خۆپیشاندنانە جەماوەرییەی لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ سەریهەڵدا و زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە لە بەغدادەوە هەتا بەسرا کە بۆ ماوەی چەند مانگێک بەردەوام بوو زەمینەیەکی بەپیتی دروست کرد بۆ بەردەوامی مشتومڕ لەسەر بیرۆکەی "نادەوڵەتی" خۆپیشاندانەکان زۆرینەیان لە پارێزگا شیعەییەکان بوو وە پارێزگاکانی سونە و کوردەکانی نەگرتەوە، هەروەها خۆپیشاندانەکان لەلایەن شیعەوە ئاڕاستە دەکرا دژی حکومەت، یەکێک لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران "نا بۆ سیاسەتمەداران، نا بۆ عەمامە بەسەرەکان" بوو  وەک ئاماژەیەک بۆ سوکایەتی پێکردنی بۆ دانیشتوانی شیعی و چاودێرانی ئایینی سیاسی لە عێراق. داواکارییەکانیان بریتیبوون لە چاکسازیکردن لە بواری ئابووریدا لە دوورمەودادا، هەروەها چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە سەرکردەکانی دەوڵەتدا، بنبڕکردنی  گەندەڵی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی  سەرچاوەکان، هەروەها دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەر و چاکساز و لە کۆتایدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستبەجێ. لە تووڕەیی و بێهیوایی خۆیان خۆپیشاندەران کەوتنە بینا و نوسینگەکانی حکومەت و لقی حزبەکان و لەگەڵ ناوەندە ئاینییەکاندا وێرانیان کردن.

لە ماوەی ١٠ مانگی خۆپیشاندانی بەردەوامدا نزیکەی ٧٠٠ کەس کوژران و ٢٥ هەزار کەسی دیکەش بریندار بوون، سەرۆک وەزیران مستەفا کازمی دۆخی خۆپیشاندانەکەی بە زمانێکی زیندوو وەسف کرد و وتی کە ژمارەی کوژراوەکان زۆر بوون و تەنانەت وا لە شاخەکانیش دەکات بۆ مەرگی ئەو هاوڵاتیانە بگرین، لە ڕاستیدا ئەو توندوتیژی زۆرەی کە لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بەکاردەهێنران لە دژی خۆپیشاندەران بە  پلەی یەکەم نازناوی نا دەوڵەتییان پێ بەخشرا. بە مانایەکی تر، سەرکوتکردنی نارەزاییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ لە لایەن هێزە جیاوازەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی ئەنجامدرا، کە بووە هۆی ئاڵۆزکردنی جیاوازی بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی شەرعی و نا شەرعی و هەستی ئاژاوەگێڕی بەهێزترکرد کە دەگەڕێتەوە بۆ نادەوڵەتی بوون. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران عادل عەبدول مەهدی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بوو کە هاوکات یەکەم کەس بوو کە لە بەردەمیاندا ئامادە بوو وە پرسی نادەوڵەتی وروژاندو و وتی " ئەمڕۆ لەبەردەم دوو هەڵبژاردنداین، دەوڵەت یان نادەوڵەتی" بێگومان کە ئەو وەک سەرۆک وەزیران دەوڵەت بوو وە هەروەها خۆپیشاندەرە ناپاساییەکان نا دەوڵەتییان پێک هێنابوو، هەروەها ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکان کە لەژێر کۆنترۆڵ دەرچوون وەک میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، سەرۆک وەزیرانی ئەوکات لە هەوڵێکدا بۆ ئارامکردنەوەی شەقام و خۆپیشاندەران بەڵێنی دوورمەودای زۆری دا وەک بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، و دارشتنەوەی سیستەمی حکومەت و دابینکردنی موچەی مانگانە بۆ هەمو خێزانێکی کەم دەرامەت بەڵام ئەم هەوڵانە بۆ ئارام کردنەوەی شەقام

سەرکەوتوو نەبوون، لە دوای دوو مانگ لە خۆپیشاندانی بەردەوامی پڕ لە تەنگەژە ناچاربوو دەست لە کار بکێشێتەوە کە دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٣ وە شتی وای بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەلمەهدی هەتا مانگی ئایاری ٢٠٢٠ وەک سەرۆکوەزیرانی کاتی بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی جێگاکەی بە کازمی پڕ کرایەوە، سەرۆک وەزیرانی نوێ بەڵێنی داوە بە گەڕاندنەوەی "شکۆ بۆ دەوڵەت" کە مەبەست لێی دەسەڵاتی دەوڵەتە و ترسە لێی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و بەرەنگاربونەوەی هێزە نادەوڵەتییەکان سەرەڕای زیاد بوونی چاوەڕوانییەکان، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بەڵێنەکانی جێبەجێبکات و لە وتارێکیدا سەبارەت بە ئەدای کارکردنی کازمی، عەبدول لەتیف سەعدون دەنوسێت سەرۆکوەزیران بەپەلە بوو وە خێرا بوو لە سازشکردن لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و ئەوەی دەیانویست بەدەستیان هێنا و دواتر بەردەوامبوون لە بچووک کردنەوە و دنەدانی سەرۆکوەزیران، هەروەها سەبارەت بەو هێزانەی عێراق کۆنترۆڵ دەکەن، نوسەر بە "عەلی بابا و چل دز"ەکەی چیرۆکی بەناوبانگی هەزارو یەک شەوەی چواندن کە هەموو گەنجینەکانی عێراقیان دزی.

ئەم "چل گروپە" لە هەوڵدان بۆ پیشاندانی وێنەیەکی نیشتیمانپەروەرانە و وێنەیەکی پاک بخەنەڕوو، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا دەسەڵاتەکانی "دەوڵەتی قوڵ"ی کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان زیاد و بەهێز دەکەن بەو شێوەیەی کە ئەل سەعدون تایبەتمەندی میلیشیاکان باس دەکات.

ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی سەرهەڵدانی کارەکتەری " نا دەوڵەتی" کە لە شیکارییەکانی شرۆڤەکارانی عێراقدا دەرکەوتوون هەمەچەشنن و ڕەنگدانەوەی جیهان بینی فراوانتری زانایان و شارەزایان پێوەدیارە.

وەک ئەل جەبار ئاماژەی پێدەدات کاریگەری یەکەم ئەو ئاژاوەگێڕییەیە کە لە کۆتاییەکانی قۆناغی بەعسدا زاڵ بوون بەهۆی ئەو سزا ئابوورییانەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا سەپاندبووی و خراپتربوو دوای جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا، هەروەها کاریگەری دووەم بریتییە لەوەی کە لە دوای ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، سوپا و دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەتیان هەڵوەشاندەوە و بۆشاییەکیان بەجێهێشت کە بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە لەلایەن ڕێکخراوە جیاوازە ناحکومییەکانەوە پڕکرابۆوە ئەمەش بووە هۆی لەناوبردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و تێکچوونی. زۆرێک لە شرۆڤەکارەکان ئاماژە بە ئێران و میلیشیا شیعیەکانی حەشدی شەعبی دەدەن کە لە لایەن تارانەوە پاڵپشتی دەکرێن و سەرەکیترین کاریگەریان هەیە لە تێکدانی کارەکانی دەوڵەت لەوانەش سوپای عێراق و هێزە ئەمنییەکانی، ئەوان باس لە بەرەوەپێشچوونی "دەوڵەتێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا" دەکەن و مەبەست لێی ئێرانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی عێراق،

هەروەها لە چاو هەندێک لە ڕەخنە گراندا هێزی پێشمەرگەی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش هەڕەشەیە لەبەردەم پێگەی حکومەتی ناوەندیدا بە کەم کردنەوەی دەسەڵات و پێگەکەی و لەناوبردنی دەوڵەتی یەکگرتوو، هەروەها شرۆڤەکارەکان ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەن کە یەکگرتوویی دەوڵەتیان کەم کردۆتەوە و لەناو بردووە: سەرهەڵدانی تایفەگەرای و ئایینگەرایی و خێڵگەرایی کە بووە هۆی ئەوەی هەر گروپێک تەنها بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆی بکات و پێگەی دەوڵەت تێکبدات، یەکێک لە ڕەخنە گران دۆخەکەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: نادەوڵەتییەکان بریتین لە پیاوانی ئایینی و فەرماندە میلیشیاکان و سەرکردەکانی عەشیرەتەکان، کە نوقم بوون لە گەندەڵی و سەرچاوەکانی دەوڵەت لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن، " کورد دەوڵەتی دەوێت، شیعەی عەرەب نیشتیمانی دەوێت، سوننەش دەیەوێت حوکم بکات.

هەندێک لە ڕەخنە گرانی دیکە تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی سەرکردەکانی دەوڵەت و ئەو پارتە بێشومارانەی کە لە جیاتی حزبی بەعسی پێشوو سەریان هەڵداوە ، بەڵام لە بنەڕەتدا کار و کردەوەکانی حزبی بەعسیان لە باوەش گرتووە وەک گەندەڵی و سەرکوتکردن و خزمایەتی، بەڵام بە ڕواڵەت ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکی دیموکراسیترە، وە لە لایەکی ترەوە ئەو گەندەڵییەی کە زاڵ بووە بەسەر هەموو دەزگاکاندا دەبێتە هۆی تێکدان لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سەرچاوەکاندا، هەروەها وڵات بەرەو ئاژاوە دەبات، بەم شێوەیە ئەو ناونیشانەی کە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بە عێراق دەدرێت بریتییە لە " قەوارەی خراپەکاری" و وڵاتێک کە بە یاسای دارستان حوکم دەکرێت، هەروەها ناونیشانی دۆخی چەکداری لاتیفۆندیا، چوارچێوەیەکی بۆش، یان دەوڵەتان لەناو یەک دەوڵەت.

هەروەها ڕەخنەی توند ئاراستەی "ئیسلامی سیاسی" کراوە، عەلا ئەل خەتیب کە ڕۆشنبیرێکی عێراقییە و لە لەندەن دەژی نوسیویەتی کە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران ئەل مەهدی لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا هێمای کۆتای هاتنی سەردەمی ئیسلامی سیاسییە لە عێراقدا، هەروەها وتیشی ئەم قۆناغە دەناسرێتەوە بە گەندەڵی، لاوازی، غیابی یاسا، دارمانی دەوڵەت و لەدەستدانی شکۆی دەوڵەت، بە بۆچوونی ئەو، ئیسلامییەکان خراپترین مۆدێلی حوکمرانیان بۆ عێراق دابینکرد، چوونکە لە بنەڕەتدا هیچ دیدگایەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەبوو و لە ماوەی دەسەڵاتیاندا کادرێکی شیاو و گونجاویان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئامادە نەکرد چونکە ئەوان ڕوئیای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان نەبوو.

لەم نێوەندەدا سەرکردە سیاسییەکان و سیاسەتمەدارانی عێراق بەشداریان لە مشتومڕە گەرمەکاندا کردووە و یەکتریان تاوانبار کردووە ، هەروەها وتارەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی بێدەسەڵاتییان دەردەخات وەک لە چارەسەرکردنی بەپەلەی

دۆسییەکانیان.

بۆ نمونە عەممار ئەل حەکیم/سەرۆکی بزوتنەوەی ئەل حیکمە هەموو ئەو ئاڵنگارییە جددیانەی تووشی دەوڵەت بووە باس کردن و حکومەتە جۆراو جۆرەکانی بە هۆکاری کێشەکان و دوخی نالەباری وڵاتەکە دانا و لە هەمانکاتدا جێگەی سەرسوڕمانە کە حەکیم و پارتەکەی بەشێک بوون لە حکومەتەکانی ڕابردوو. هەروەها حەکیم ئاماژەی بەوە دا " گۆڕانکاری کاتێک ڕوودەدات کە عێراقییەکان بڕیار بدەن وڵاتەکەیان بکەن بە دەوڵەت "، بەڵام هۆشداریدا لەوەی کە گۆڕانکاری خێرا ناکرێت و چاوەڕوانی گۆڕانکاری خێرا و بە پەلە ڕونادات و ئاماژەی بەوەدا کە "بەرژەوەندی حزبی و تائیفی دەبێتە هۆی گەشەسەندی دەوڵەتە بچوکەکان کە ئامانجی زۆریان هەیە".

هەروەها بە هەمان شێوە بێدەسەڵاتی لە قسەکانی ئەل کازمی/سەرۆکوەزیران دیارە، کە ڕوونی کردەوە " ئەو چەتەگەرایەتییەی لە عێراقدا زاڵ بووە، ڕەنگدانەوەی خراپی حوکمڕانییە " کە مەبەست لێی دۆخێکی نا ئارامی وڵاتە بە هۆکاری نەبوونی دەسەڵات یان نەبوونی دەسەڵاتێکی دانپێدانراو یان سیستەمێکی کۆنترۆڵکەری ترەوە، هەروەها کازمی وتیشی کە کارەکتەر گەندەڵەکان سوودیان لەو چەتەگەرایەتی و بێکۆنترۆڵییە وەرگرتووە بۆ "شکاندنی شکۆی دەوڵەت"

لە لێدوانەکانیدا دەرناکەوێت کە لە دوای شەش مانگ دوای بوونی بە سەرۆک وەزیران سەرکەوتوو بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان یان دابینکردنی دیدگەیەک بۆ چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر کێشەکاندا، کازمی دوای یەک ساڵ لە هەبوونی دەسەڵات بیرۆکەی هاوشێوەی دووبارە کردەوە پێداگری کرد لەوە کە "کێبڕکێیەکی بەهێز لەنێوان دەوڵەت و نادەوڵەتیدا هەیە".

"یەکەمیان، بە وتەی ناوبراو نوێنەرایەتی ئەو هێزانە دەکەن کە پابەندن بە یاسا و بەهاکانەوە و پابەندن بە پرۆژەی بەهێزکردنی وڵاتەوە، لە کاتێکدا دووەمیان هەوڵ دەدات کە لایەنەکانی یاسا و پابەندی پەراوێز بخات و هەیبەتی دەوڵەت بشکێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لەوە کردەوە کە هەوڵێکی زۆر دەدرێت گەڕاندەوەی پرۆژەی "هەیبەت بۆ دەوڵەت"، هەروەها یەکێک لە هەنگاوەکانی کازمی لە ئاداری ساڵی ٢٠٢١ دا بۆ "دیالۆگی نیشتیمانی" بوو لە نێوان هەموو هێزە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پشگیریکردنی زیاتر و زاڵبوونی "لۆجیکی دەوڵەت لە بەرامبەر نادەوڵەت" هەروەها ئامادەکاری بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە مانگی ١٠ ی ٢٠٢١ دا.

هەرچەندە خۆپیشاندەرانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ کە ئامانجی سەرەکیان ئەم دیالۆگە بوو و هەروەها گومانیان هەبوو لەو هەنگاوەو دەیانگوت کە نایانەوێت لەگەڵ گروپە چەکدارەکاندا دانیشتن بکەن لە کاتێکدا بکوژی خۆپیشاندەران بوون، هەروەها نە

لەگەڵ حکومەتدا دابنیشن کە ئامادەنییە هیچ دڵنیاییەک بە چالاکوانان بدات .

لەگەڵ هەموو ئەم گومانانەی خۆپیشاندەراندا کازمی بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ هیوای گەورە بەخشین بە گفتوگۆی نیشتیمانی و هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هێشتا گومان لەسەر ئەوە هەیە کە بەتەنها هەڵبژاردنەکان ببێتە هۆی چارەسەری هەموو نەخۆشییەکانی عێراق، وەک ئەو مشتومڕانەی کە لەسەرەوە لەسەر دەوڵەت و نادەوڵەت نیشانی دەدات عێراق لە دوای بەعس لە قەیرانێکی تەنگەژەباری فرە سیستەمیدایە.

وەک قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆجی، قەیرانەکانی ئاراستەکردن و ناسنامە، قەیرانێکی بەردەوامی متمانە بە سەرکردەکانی دەوڵەت و توانای ڕزگارکردنی عێراق لەو تاڵاوەی لەلایەن خۆیانەوە دروست کراوە، بەم شێوەیە هێشتا دەستەی سوێندخۆران لەسەر ئەوەن کە ئایا عێراق پەیڕەوی سیستەمی دیموکراسی تونس دەکات یان تێکدەچێت و دەبێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو ی وەک یەمەن و سوریا.

سەرچاوە:سەنتەری مۆشەدایان بۆ توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقی

# پارادۆکسی ئەمنی تێکەڵاو و ڕۆڵی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا

نووسینی: مەسعود ئۆزجان
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

ئەم وتارە باس لە ڕۆڵی کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی جیهانی لەم ساڵانەی دواییدا لە زیادبووندایە لە ڕێگەی ڕێبازی نیۆڕیالیستی. توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا مامەڵە لەگەڵ گۆڕانی سروشتی پارادۆکسی ئەمنی دەکات لەگەڵ چەمکی "دووڕیانێکی ئەمنی تێکەڵاو" و هەڵوێستی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لەناو پێکهاتەی ئەنارکیی (پشێوی) سیستەمەکەدا ئاشکرا دەکات. لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەدا، ڕۆڵی کارەکتەرەکانی وەک داعش باسدەکات، تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانیان لەسەر پێکهاتەی هەرێمی و جیهانی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی ئەو جۆرە کارەکتەرانە بە شێوەیەکی عەقڵانی لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی ئەو دەوڵەتانە لەو ناوچانەی کە دەوڵەتە شکستخواردووەکان تێیدا سەرهەڵدەدەن.

## پێشەکی

قۆناغی دوای ١١ی ئەیلول بە قۆناغێک ناسراوە کە مەیلی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و گروپە تیرۆریستییەکان بۆ ئاڵنگاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی و دەسەڵاتی دەوڵەت زیادی کردووە (پۆدەر، ٢٠١٣، ل ٣١). لەشکرکێشی ئیدارەی بۆش بۆ ئەفغانستان و عێراق نەک هەر کاریگەری لەسەر داینامیکی سەقامگیری ناوچەکە هەبوو، بەڵکو پرۆسەی ململانێیەکی کراوەی لێکەوتەوە. لەم خاڵەدا بە گوێرەی ناوە ڕیالیستەکانی وەک مێرشایمەر و واڵت و کاپلان، دەستێوەردانی ئەمریکا بووە هۆی قەیرانێک لە سیستەمەکەدا لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا (مێرشایمەر، ٢٠١٥، ل ١-٥). ڕیالیستەکان دەڵێن کە بە بیردۆزی بۆش، واشنتۆن لە جەنگێکدا تێوەگلاوە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی گرنگ نییە بە بەکارهێنانی دیموکراسی و لیبراڵیزم وەک قسەکردنێک و ئەمەش ئەنجامێکی گرانبەهای لێکەوتەوە(مێرشایمەر، ٢٠١٨، ل ٢١-٢٢). مێرشایمەر دەڵێت ئەم پرۆسەیەی ناکۆکی هەروەها لاوازی لە ئاستی سیستماتیک زیاد دەکات. لەڕاستیدا، پەرەسەندنی ئاڵنگاری هەردوو دەستێوەردانگەرایی و کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، خوێندنەوە و سەرهەڵدانی دەوڵەتە شکستخواردووەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێراتر کرد. داگیرکردنی عێراق لە دوای ئەفغانستان بووە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی دەوڵەت و قۆناغێکی دەستپێکرد کە تێیدا گروپە ئایینی و نەتەوەیی و چەکدارە جیاوازەکان کە دەسەڵاتی سیاسی یان سەربازییان هەبوو لە پێناو کاریگەریدا خەباتیان دەکرد. بۆ نموونە؛ لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵات لە عێراق، ململانێیەک هەبووە لە نێوان گروپە ئاینییەکانی وەک شیعە و سوننە و کوردەکان لە باکوری عێراق بۆ ئەوەی کاریگەر بن. دیسان لەم ژینگەیەدا میلیشیا شیعەکان و سوننە دەستیان کرد بە بوون بە ناوەندی دەسەلاتی جێگرەوە لەگەڵ ئەوەی گروپە چەکدارەکان وردە وردە هێزیان پەیدا کرد. سەرهەڵدانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینیان بۆ دەسەڵاتێکی جێگرەوە، پرۆسەیەکە کە بە تایبەتی لەگەڵ پرۆسەی بەهاری عەرەبیدا خێراتر بوو. دوای بەهاری عەرەبی، بوونی دەوڵەتە سەرکەوتوو نەبووەکان کە لە باکوری ئەفریقاوە درێژدەبنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و تەنانەت زیادبوونی ژمارەشیان، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە هەبوو، و بووە هۆی سەرهەڵدانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی کارەساتبار (یەشیلتاش و دوران، ٢٠١٨، ل ٩-١٠)، وەک داعش، حەشدی شەعبی، حزبولا، بینراوە کە کارەکتەرە چەکدارەکان بەو هەژموون و دەسەڵاتە ناوچەییەی کە بەدەستیان هێناوە دەستیان کردووە بە لەناوبردنی کەرتی ئاسایشی ناوچەکە. لەم ڕوانگەیەوە، جگە لە دەسەڵاتە گەورە و مامناوەندەکان، کردارەکانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، کە وەک پارامیتەرێکی نوێ

دەردەکەون، دەستیان کردووە بە کاریگەری کردن لەسەر لاوازییەکان لەسەر ئاستی سیستەماتیکی، گەڕان بەدوای ئاسایش و سیستەمی جیهانیدا. هەروەها ئەم دۆخە دەستی کردووە بە گۆڕینی سروشتی هەم ئەنارکی(پشێوی) و هەم پارادۆکسی ئەمنی. بە بڕوای ڤینچی ئەم حاڵەتە ئەنارکییە پێکهاتەیەکە کە تێیدا دەوڵەت و کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان پێکەوە دەژین نەک پلەبەندی بن. لە ڕاستیدا کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان کە وەک ناوەندێکی نوێی دەسەڵات لە یەکتربڕینی زلهێزەکان و دەسەڵاتە مامناوەندە سەرهەڵداوەکان و ناوچەی کێبڕکێی کارەکتەرە ناوچەییەکان سەریان هەڵدا، ئەوان سەرنجیان لەسەر نواندن و مانەوە بوو هەروەک دەوڵەتەکان، بە شێوەیەکی عەقڵانی پرۆسەکانیان دەخوێندەوە. لەم ژینگەیەدا هەم تێوەگلانیان لە پرۆسەی ململانێ و هەم توانای گەیشتنیان بە توانای دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە خاوەن سەروەرەکان، پێکهاتەیەکی نوێی دەرخستووە.
لەم خاڵەدا ڕیالیزم بە شێوەیەکی بنچینەیی کێشەی هەیە لە ڕوونکردنەوەی کردارەکانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لەناو سیستەمەکە و توانای کاریگەریان لەسەر سیستەمەکە. بەڵام لەم دواییانەدا ڕیالیستەکانی وەک پۆزن بە پشکنینی ڕەفتاری کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی ئەنارکیدا، بوارێکی نوێیان کردۆتەوە. پۆزن دەڵێت کە ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە بنەڕەتدا لاسایی دەوڵەتەکان دەکەنەوە و لەسەر گریمانە هاوشێوەکان لەگەڵ دەوڵەتەکاندا کاردەکەن. خاڵێکی دیکە کە ناوەکانی وەک ڤینچی و دەیڤد و پۆزن سەرنجی بۆ ڕادەکێشن ئەوەیە کە گروپە ڕەگەزی و گروپەکانی دیکەش ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئەمنی دەبنەوە کە بەهۆی پێکهاتەی ئەنارکیستی سیستەمەکەوە دروست بووە. ئەم ناوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان ڕووبەڕووی کێشەی ئاسایش دەبنەوە لە ژینگەیەکی ئەنارکیستیدا. لەم ژینگەیەدا کردەوەی هەردوو دەوڵەت و کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لاوازییەک ئاشکرا دەکەن و دەبێتە هۆی "پارادۆکسی ئەمنی تێکەڵاو". ئەم بارودۆخە تەنانەت شیکردنەوەی ڕۆڵی توخمە چەکدارە نادەوڵەتییەکان گرنگتر دەکات، کە کردارەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕەپانی ناوچەیی و جیهانیدا لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیستماتیک و ئاستی هەرێمیدا زیاتر و زیاتر بڕیاردەر دەبن. لە ڕاستیدا کردارەکانی ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە پێکهاتەیەکی ئەنارکیدا لە قاڵب دەدرێن نەک لە چوارچێوەیەکی پلەبەندیدا، هەروەها دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیستەمی جیهانیش هەبێت. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێگەی کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان لە تەوەری پارادۆکسی ئاسایشی تێکەڵدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. وەک توخمێکی نوێ لە تەوەری گریمانەکانی ڕێبازی نیوریالیستیدا، دۆخی کارەکتەرەکانی دەرەوەی دەوڵەتە سەروەرەکان، پێکهاتەی ئەنارکیی سیستەم، پرەنسیپی خۆبەخشی و مانەوە هەڵدەسەنگێندرێت. لە لایەکی ترەوە ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی

توانای کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکانە بۆ گۆڕینی سیستەم و کردەی دەوڵەتەکان، ئەمەش بە پشتبەستن بە بانگەشەی ڕیالیستەکان کە دەڵێن پێکهاتەی ئەنارکیی سیستەمەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. توێژینەوەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، هەروەک دەوڵەتەکان، گرنگی بە مانەوە و زۆرترین دەسەڵات دەدەن و ئەمە وەک توخمێکی ڕوونکردنەوە بۆ پارادۆکسێکی ئەمنی تێکەڵاو بەکاردەهێنێت.

## پارادۆکسی ئاسایشی تێکەڵاو و نیوریالیزم

هەرچەندە بابەتەکە لە پێناسەدا جیاوازە، بەڵام کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان بە گشتی بە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان ناسراون کە لە شەڕەکانی ئەمڕۆدا چەکدارن، لە دەوری پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دیاریکراو ڕێکخراون و بە بەردەوامی توندوتیژی ئەنجام دەدەن (یەشیلتاش و دوران، ٢٠١٨، ل١٤). لە بەرامبەردا کریۆس و میلیکن لە بنەڕەتدا کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە پێنج پۆلی جیاوازدا لەبەرچاو دەگرن، ئەمانەن؛ گروپە یاخیبووەکان، گروپە چەکدارەکان، باندەکانی شار و سەرۆک جەنگەکان، میلیشیا تایبەتەکان و کۆمپانیا ئەمنییەکان، و گروپە نێودەوڵەتییەکان (کریۆس و میلیکن،٢٠٠٩، ٢٠٤). لە بەرامبەردا ویلیامز ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، گروپە نیمچە سەربازییەکان، چەکدارەکان، ڕێکخراوە جوداخوازەکان، گروپە ئایینییەکان و گروپە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لەم گروپەدا دەگرێتەوە (ویلیامز، ٢٠٠٨، ل٩-١٥). بەپێی هەندێک پێناسە، کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە بنەڕەتدا دەتوانن چەندین شێوەی جیاواز وەربگرن وەک زۆرەملێ، هۆز و نەتەوە، سەرۆک جەنگ، بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان، باندەکانی گەنجان، تیرۆریستەکان، میلیشیاکان و ڕێکخراوەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی. بوونی بەشێکی بەرچاو لەو کارەکتەرانە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت ڕێکخراون، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی سارد. حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەماس بەرهەڵستی داگیرکاری دەکات لە ناوچە فەڵەستینییەکان لەژێر داگیرکاری ئیسرائیلدا، گروپە چەکدارە ئایینییەکان لە وڵاتانی وەک سۆماڵ و سودان و ئێریتریا بۆ چەندین ساڵە لەناو سنوورەکانی دەوڵەتدا کاردەکەن یان دەتوانن ڕۆڵێکی چالاک بگرنە ئەستۆ بەهۆی ڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە (گاوب ٢٠١٧، ل ٥٢). ئەمڕۆ کردارەکانی ئەم جۆرە کارەکتەرانە دەتوانن کاریگەریەکی هەرێمی و جیهانییان هەبێت لەسەر پرۆسەی مێژوویی وەک پێشتر. لە کاتێکدا لە ڕابردوودا دیاردەی دەسەڵات و کێبڕکێ و هەڕەشە مەترسی ململانێی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرەکان یان ئەگەری هێرشی دەرەوەی لەخۆدەگرت، ئەمڕۆ کاریگەری ئەو جۆرە کارەکتەرانە بووەتە یەکلاکەرەوە. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە ناسەقامگیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەدەستدانی دەسەڵاتی

دەوڵـەت دەرفـەتێک بۆ ڕێکخـراوە چـەکدارە نادەوڵـەتییەکانی وەک داعـش، پەیەدە/ یەپەگە دەرەخسێنێت کە بانگەشـەی سـەروەری بکـەن، لـەسـەر ئاستی ناوچـەیی و جیهانی. بەرزبوونەوەی تێگەیشتنی هەڕەشە زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان ناچار دەکات سیاسەتەکانیان بگۆڕن. بەگشتی گۆڕانی پێکهاتەیی لە دوا قـۆناغی شـەڕی ساردەوە دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا هەندێک گۆڕاو لە پێکهاتەی کەرتی ئاسایشدا دەستیان کرد بە هاتنە پێشـەوە. لە کاتێکدا ئەو ڕەخنـەیەی کە ڕیالیستەکان بە پێی پێویست شیکردنەوەی پێشکەوتنە جیهانییەکان ناکەن و بە باشی دەگۆڕدرێن لە زیادبووندایە، ناوەکانی وەک باری بوزان و ئۆلێ ویڤەر دەستیان کردووە بە ئاشکراکردنی نەگونجاوی شیکردنەوەی ئاسایشی ناوەندی دەوڵـەت. لـەم چـوارچێوەیەدا، بوونی توخمگەلێکی دیکە کە لە سێبەری پرسە سەربازییەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەی تیژی سیستەمی دوو جەمسەریدا ماونەتەوە، دەستیان بە باسکردن کرد. بە تایبەتی کارەکانی بوزان کە لە ڕێگەی ڕێبازێکەوە کە ئاسایش بەسەر پێنج کەرتی بنەڕەتیدا دابەش دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گۆڕینی ڕێبازی ئاسایش (بوزان و ویڤەر، ١٩٩٨، ل ١-١٤٤). ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ناسەقامگیری، ململانێی نەتەوەیی، گروپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە تاوانکارییەکان کاریگەریان هەبووە لـە دەستنیشانکردنی کێشە نوێیە ئەمنییەکان. دوای ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەیان کرا، ڕیالیستەکان ناچار بوون بە پشتبەستن بە دەوڵەت، چاو بە ئاستی شیکاری خۆیاندا بخشێننەوە. لە ڕاستیدا ناوەکانی وەک والتز، شوێلەر، واڵت و مێرشایمەر لە ڕێبازە دەوڵەت-سەنتەرییەکان تێپەڕین و دەستیان کرد بە کردنی هەردوو داینامیکی ناو دەوڵـەت و گۆڕاوە ئابوورییەکان بە بەشێک لە ئاستی شیکاری. بۆ نموونە، مێرشایمەر دەقی نووسیوە کە باس لە زیادبوونی لاوازییەکان و تیرۆر دەکات لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە. مێرشایمەر کە ڕەخنەی لە جەنگەکانی ئەفغانستان و عێراق گرتووە دەڵێت ئەم بارودۆخە لە زۆر خاڵدا ناسیۆنالیزمی بەهێز کردووە و دەستێوەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی لاواز کردووە و بووەتە هۆی توندڕەوی. ئەمڕۆ ڕیالیزم کاریگەری کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەخاتە بەر باس، کە بوونەتە هەڕەشـەیەکی گرنگ بۆ سـەر ئاسایشی دەوڵـەتان لـە گۆڕەپانی ناوچـەیی و جیهانیدا. بۆ نموونە ناوەکانی وەک پۆزن کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان وەک بەشێک لە دەوڵەتە شکستخواردووەکانی بنەڕەت شی دەکەنەوە. هەڵسوکەوتی گروپە نەتەوەییەکان لە بەرامبەر ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتدا کە لە قۆناغی دوای سۆڤیەتدا سەریهەڵدا.

پۆزن سەرنج دەخاتە سەر ئەو نیگەرانییە ئەمنییانەی کە ئەم گروپانە هەستیان پێدەکات. بە بڕوای نیوڕیالیستەکان کە لە بنەڕەتدا بوونی دەوڵەتە شکستخواردووەکان دەگەڕێننەوە بۆ پێکهاتەی سیستەم، ئەنارکی سیستەم زەمینە بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتە ناسەرکەوتووەکان خۆش دەکات. لە بنەڕەتدا داینامیکی ناوخۆیان، لاوازبوونیان لە

کێبڕکێی نێودەوڵەتی، یان ئەو ناسەقامگیری و ململانێیانەی کە لە وڵاتاندا ئەزموون دەکرێن کە لە ئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکیدا بوونەتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، وەک لە دۆخی عێراقدا، گروپەکانی دیکە دەباتە دوای ئاسایش یان بۆ بەدوای ئامانجی بوون بە ناوەندێکی دەسەڵاتی جێگرەوەدا بگەڕێن. بە بڕوای ڤینچی، لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتەکان، کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان بەهێزتر و بەهێزتر دەبن (ڤینچی، ٢٠٠٨، ل ٣٠٠). ئەم دۆخە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەرتە ئەمنییەکان لە وڵاتان و ناسەقامگیری ناوچەیی زیاتر دەکات. لە لایەکی دیکەوە تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان وەک گروپێک دەبینن کە لە پێکهاتە و سەروەری فەرمی دەوڵەتان جیا دەکرێنەوە. بە شکستی دەوڵەتەکان، کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان کە ئەوەندە بەهێز بوون کە بتوانن بگەنە توانای ئاڵنگاری دەسەڵاتی دەوڵەت، لە شوێنێکدا دەتوانن ببنە جێگرەوەیەک بۆ دەسەڵاتی ناوەندی یان ڕۆڵی پۆلیس بگرنە ئەستۆ (ڤینچی، ٢٠٠٨، ل ٣٠٠).

ئامانجێک دادەنێت بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەک کە بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. لای ڤینچی ئەم دابڕانە لە نێوان لاوازی دەوڵەت و ئۆتۆنۆمی گروپی چەکداریدا، ئەنارکییە نەک پلەبەندی. دەوڵەتە شکستخواردووەکان وەک ناوەکانی تر بە ئاماژە بەوەی کە پێکهاتەی ئەنارکیستی سیستەمەکە کاریگەر بوو لە سەرهەڵدانیدا، ڤینچی دەڵێت کە ئەم بارودۆخە ئاستێکی نوێی ئاشکرا کرد بەپێی واقیعەکانی ناوچەکە و وڵاتەکە (ڤینچی ٢٠٠٨، ل ٣٠٣). بەهەمان شێوە، کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان لە کاتێکدا کە هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەتەوە کار بکەن بەو دەسەڵاتەی کە دەسەڵاتی هەیە، هەروەها گرنگی بەوە دەدات کە وەک دەوڵەت لە سیستەمەکەدا هەڵسوکەوت بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، هەرچەندە خاوەنی سەروەری یاسایی نین، بەڵام لە چوارچێوەی پێکهاتەی ئەنارکیی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە شێوازی خۆیان سەروەرییەکی ئەزموونییان هەیە (ڤینچی، ٢٠٠٨، ل ٣٠٣-٣٠٤). لەم خاڵەدا پرەنسیپی خۆبژێوی کە بۆ دەوڵەتەکان کاریگەرە، کاتێک دەوڵەتەکان دەڕووخێن، بەردەوامە. وەک واڵتز جەختی لەسەر کردەوە، ئەم دۆخە لە نەزمی ئەنارکییەوە سەرچاوە دەگرێت (واڵتز ١٩٧٩، ل ١١١). لە بەرامبەردا دەیڤد بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم بنەمایە لەلایەن گروپە ڕەسەنەکانەوە لە بەرامبەر ڕووخانی دەوڵەتەکاندا لە باوەش دەگیرێت و کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ناوخۆدا ڕەفتار دەکەن وەک چۆن دەوڵەتەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕەفتار دەکەن (دەیڤید، ١٩٩٧، ل ٥٥٤-٥٥٥ ). پۆزن بە هەڵسەنگاندنی ناوەندگەرایی نیوریالیستەکان بۆ سەروەری دەوڵەت لەم خاڵەدا، ئاشکرای دەکات کە ئەم لۆژیکە بۆ کارەکتەرە ئۆتۆنۆمییەکانی دیکەش دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا دەیانەوێت بژین. پۆزن دەڵێت کە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، وەک دەوڵەتەکان، مانەوە بە

ئەولەویەت دەزانن و دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی بیانی بەم ئاراستەیەدا دروست بکەن. بەگوێرەی پۆزن، کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان لاسایی دەوڵەتەکان دەکەن لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا (پۆزن ١٩٩٣، ل ١٠٤). پۆزن بە پشکنینی ڕەفتاری کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، هەروەها ئەو دووڕیانە ئەمنییە لێکدەداتەوە کە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکاندا هەیە، هەروەک ڤینچی. لە بیرۆکەی جۆن هێرمان هێرزەوە دەست پێدەکات کە خەڵک و گروپەکان و دەوڵەتەکان ئەزموونی کێشەی ئاسایش دەکەن لە ژینگەیەکی کۆمەڵگای ئەنارکیدا (هێرز ١٩٥٠- ل ١٥٧-١٥٩)، هەردوو ناوەکە باس لە "کێشەی ئاسایش" دەکەن، کە یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی ڕیالیزم. هەروەها ئەو گریمانەیە بۆ کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەگرێتەوە کە هێرز خستویەتییە ڕوو کە دەوڵەتەکان نیگەرانن لە هێرشکردنە سەریان یان لەناوچوون، هەوڵدەدەن خۆیان لە بەرامبەر ئەمەدا مسۆگەر بکەن و هەوڵدەدەن دەسەڵاتی زیاتر بەدەستبهێنن. بەگوێرەی پۆزن، تێوەگلان لە ئەگەری ناکۆکی و هێرشکردن و ڕزگاربوون و گەڕان بەدوای ئاسایش بۆ گروپە نەژادییەکان و ئەندامانی دیکەی چەکداری دەرەوەی وڵاتان جێبەجێ دەکرێت. لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، نەتەوەکانی تر بە ئاماژەدان بەوەی کە خۆیان دەستیان بە گەڕان بەدوای ئاسایشدا کردووە، پۆزن دەڵێت کە ئەم کارەکتەرانە بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندییان بەو ململانێیەوە کردووە، هەروەک دەوڵەتەکان و تووشی دووڕیانێکی ئەمنی ئەگەری بوون. لە بەرامبەردا جێرڤیس و سنایدەر دەڵێن کە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن لەگەڵ بەدواداچوونی ئاسایشدا مامەڵە بکەن. بەپێی هەردوو ناوەکە، دووڕیانێکی ئەمنی لە تێڕوانینەکانی دەوڵەتەکان و هەروەها لە نزیکبوونەوەی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکاندا کاردەکات(جێرڤیس ١٩٩٩، ل ١٩). لە ڕاستیدا ئەمڕۆ لە دەستدانی دەسەڵاتی دەوڵەتان لە سوریا و عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی کە گروپە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دیکە بەدوای ئاسایشدا بگەڕێن. بەدواداچوون بۆ گروپە سوننەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان لە بەرامبەر سیاسەتە تائیفی و ستەمکارییەکانی ڕژێمی مالیکی لە عێراقدا داتایەکی گرنگە لەم خاڵەدا. بەهەمان شێوە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتە سەرکەوتوو نەبووەکان، کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن ئەم دۆخە وەک دەرفەتێک بۆ خۆیان ببینن و بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی خاکی بەکاری بهێنن. لە لایەکی دیکەوە، ئەو پارادۆکسییە ئەمنییەی کە لە ژینگەیەکدا ئەزموون دەکرێت کە دەوڵەتان و کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان پێکەوە دەژین، وەک ئەوەی ئەمڕۆ زۆرجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەن ڤینچیەوە بە "پارادۆکسی ئەمنی تێکەڵاو" پێناسە دەکرێت (ڤینچی، ٢٠٠٨، ل ٣١٠-٣١٢). ڤینچی بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان و گروپە چەکدارەکانی دیکە کە لەسەر سنوورەکانیان

هەن هەڵدەسەنگێنێت. لە بەرامبەردا پۆزن بە جێبەجێکردنی دووڕیانێکی ئەمنی بۆ کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، لە ڕێگەی دووڕیانەکانی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکییەوە مامەڵە لەگەڵ پارادۆکسی ئەمنی دەکات کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. لەم خاڵەدا پۆزن لە چەمکی "کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی - پارادۆکسی ئاسایشی نەتەوەیی" کەڵک وەردەگرێت و ئەم چەمکە بۆ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان نەتەوە و دەوڵەت و گروپە چەکدارەکانی دراوسێ بەکاردەهێنێت. لە ژینگەیەکی ئاوادا لەوانەیە ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە دۆخێکدا بن کە هەم پێکەوە کار بکەن و هەم هەڕەشە بن. کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان، هەروەک دەوڵەتەکان، ڕەنگە پێیان باشتر بێت لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە، لەوانەش دەوڵەتەکان، کاربکەن بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشیان. لەم خاڵەدا دەتوانرێت بڵێین کە وەک ڤان کریڤێڵد بانگەشەی دەکات، پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و دەوڵەتەکان دەستیکردووە بە ئاڵۆزبوون و دینامیکییەکی زۆر (کریڤێڵد، ٢٠٠٨، ل ٢١٩-٢٢١). بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە بولا لە کێبڕکێدایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە لایەکەوە، هەروەها دەتوانێت بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بکات. بەهەمان شێوە دوای لەشکرکێشی عێراق، گروپە چەکدارە سوننەکانی عێراق لە وەڵامی سیاسەتە جیاکاری و ستەمکارییەکانی بەغدا دژایەتی حکومەتی مالیکیان کرد، هەروەها پشتیوانیان لە شەڕی داعش کرد، بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٤ (زۆهار، ٢٠١٥، ل٥). دیسانەوە لەدەستدانی دەسەڵاتی دەوڵەت دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان بتوانن باڵادەستی خۆیان بەهێزتر بکەن و بگۆڕدرێن بۆ دابینکەرێکی ئاسایش. بە جۆرێک ئەم جۆرە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتیانە، کە لە پێکهاتەیەکی جوگرافیدا بانگەشەی سەروەری خاکی دەکەن و دەتوانن بە کردارەکانیان کاریگەریان لەسەر پێشهاتە ناوچەیی یان جیهانییەکان هەبێت، دەتوانن ببنە کارەکتەرێک کە هاوکات قسەکەرن یان هاوکاری دەوڵەتەکانن (فیلیپس، ٢٠١٦، ل٦٥ ).

## کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و ڕیکخستنی سارد

کۆتایی هاتنی شەڕ لە لایەک بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی نێودەوڵەتی، لە لایەکی دیکەوە بووە هۆی ئەوەی کە داینامیکی ناوچەیی و ناوخۆیی زیاتر بەرچاو بکەوێت. لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یوگۆسلاڤیا ململانێی نەتەوەیی قووڵتر کردەوە، هاوکات بووە هۆی سەرهەڵدانی گروپی چەکداری نوێ. هەروەها ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کەوتە ژێر کاریگەری ئەم پرۆسەیە و گروپە چەکدارەکانی وەک پەکەکە، ئیتا، ئیرا، حزبولا، ئەلقاعیدە، تاڵیبان، حەماس و حەشدی شەعبی دەستیان کرد بە دەرکەوتنی زیاتر. بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتەکانی

دەوڵەت، ئەمە بووە هۆی گۆڕینی کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان بۆ جێگرەوەیەک بۆ سەروەری دەوڵەت یان بۆ کارەکتەرێکی سەربەخۆ کە بە مانایەک سەروەر نین. جارێکی دیکە، لاوازبوونی سەقامگیری ناوچەیی ڕێگەی خۆشکردوە بۆ ئەوەی هەندێک ڕێکخراو پێکهاتەیەکی سنووربەزێنیان هەبێت یان مەیلیان هەبێت بۆ فراوانبوون. بۆ نموونە، حیزبوڵا توانیویەتی ببێتە کارەکتەرێکی جێگرەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە لوبنان و ببێتە کارەکتەرێک کە هەڕەمی دەوڵەت تێکدەدات یان خۆی بۆ دەوڵەت دەگۆڕێت. بەهەمان شێوە تاڵیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان توانیویانە کاریگەری خۆیان چ لە سنوورەکانی ئەو وڵاتە و چ لە وڵاتانی دراوسێی وەک پاکستان زیاد بکەن.

**سەرهەڵدانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

فاکتەری سەرەکی کە هاوکێشەکەی گۆڕی لە ڕووی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بوو. دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان لەژێر ناوی "جەنگی تیرۆر" سەرەتای سەردەمێکی نوێ بوو. لە کاتێکدا لەشکرکێشی ئیدارەی بۆش بۆ سەر عێراق لە دوای ئەفغانستان بووە هۆی ئەوەی ناسەقامگیری بەربڵاو بێت، بەڵام دەرفەتی نوێی بۆ ڕێکخراوە چەکدارە نادەوڵەتییەکانیش ڕەخساند. بۆ نموونە، ئەلقاعیدە لەجیاتی لەدەستدانی دەسەڵات لەدوای لەشکرکێشی ئەفغانستان، هەم کاریگەری خۆی لەو وڵاتەدا زیاد کرد و هەمیش دوای پرۆسەی ململانێی جۆراوجۆر دەستی کرد بە هەڵکشان لە ئاستی جیهانیدا. (محەمەدۆ، ٢٠٠٩، ل ٢٠٧).

لەگەڵ داگیرکردنی عێراق، ناسەقامگیری و توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تادێت دەستی کرد بە چەسپاندن، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتە عەرەبییەکان و زیادبوونی شەڕی ناوخۆ و لاوازییە جیۆپۆلەتیکییەکان (سالوخ، ٢٠١٧، ل ٦٦١). لە ژینگەیەکی وەهادا، هەردوو ڕێکخراوی قاعیدەی ئەفغانستان و گروپە میلیشیا جۆراوجۆرەکانی سەر بە ئێران دەرفەتیان بۆ ڕەخسا چالاکییە ناوچەییەکانیان زیاتر بکەن. لە ڕاستیدا ئەبو موسا زەرقاوی کە لە سەردەمی قاعیدە چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدا، دوای لەشکرکێشی عێراق هاتە ئەو وڵاتە و لێرە "ڕێکخراوی تەوحید و جیهاد"ی دامەزراند و دژی داگیرکاری ئەمریکا شەڕی کرد (گورلەر و ئۆزدەمیر، ٢٠١٤، ل ١١٥-١٢٠). زەرقاوی بەو چەکدارانەی بەدەستی هێنا، بە تایبەتی لە بەشی سوننەی وڵاتەوە کە لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا ناسەقامگیر بوون، ڕێکخستنەکەی بەهێزتر کرد و بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕێکخراوەی کرد بە پێکهاتەیەکی جێگرەوە لە شارەکانی وەک ئەنبار و فەلوجە.

دووەم پچڕانی گەورە کە هاوکێشەکەی لە ڕووی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکانەوە گۆڕی، بەهاری عەرەبی بوو. بەڵام لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا، قووڵبوونەوەی ململانێکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا هەم کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ناوچەکە و هەم لەسەر قەبارەی ململانێکان هەبوو. بۆشایی دەسەڵات لە وڵاتانی وەک عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن وایکردووە گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەسەڵاتی زیاتر بەدەستبهێنن. لە ڕاستیدا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی داعش لە عێراق و سوریا، زۆرێک لە گروپە میلیشیاییەکان لە لیبیا و حوسییەکان لە یەمەن خۆیان وەک توخمێکی ناوازە جێگیر کردووە (گاوب, ٢٠١٧, ل ٥٢). لە قۆناغی دوای بەهاری عەرەبیدا، شەڕەکان بە مانا کلاسیکییەکان دەستیان کرد بە بەخشینی جێگا بۆ ململانێ و شەڕی بە وەکالەت لە نێوان کارەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان. بە جۆرێک لەگەڵ بەهاری عەرەبی هەڕەشەی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتیەکان و چالاکییەکانیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستی بە گۆڕانکاری کرد.

ئەو ناوچەیەی کە داعش لە ناوچەکەدا بەدەستی هێناوە، کە بۆشایی دەسەڵاتی لە عێراق و سوریا کردووەتە دەرفەتێک، دەستی کردووە بە ئەوەی شیکردنەوە ناوخۆیی و هەرێمییەکان گرنگتر بکات (سالوخ، ٢٠١٧، ل ٦٦١). کارەکتەرەکانی وەک داعش کە دەتوانن وەک دەوڵەتەکانی ئەو ناوچانە هەڵسوکەوت بکەن کە ئەوان زاڵن، توانیویانە سووری دارایی خۆیان دروست بکەن بەو سەرچاوە نەوتی و دەستکەوتانەی کە دەستیان بەسەردا گرتووە، هەروەها توانیویانە ناوچەیەکی زاڵبوون لەو ناوچانەدا دابنێن کە کۆنترۆڵیان دەکەن لە ڕێگەی ئەو پێکهاتە سیاسییانەی کە دروستیان کردووە.

لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا هەندێک لە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان وەکو داعش دەتوانن ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ خۆیان دروست بکەن لە ڕووی توانای نەوتی و سەربازی و داراییانەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ڕێکخراوەکانی وەک حزبوڵا و حەشدی شەعبی دەتوانن پشتگیری ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتەکان و هەروەها تواناکانیان وەربگرن.

بە هەمان شێوە کارەکتەرێکی چەکداری نادەوڵەتی دەتوانێت وەک نوێنەری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەناو دەوڵەتێکدا مامەڵە بکات یان بە دابینکردنی ئاسایش، خۆشگوزەرانی یان هاوکاری ئاڵنگاری دەسەڵاتی دەوڵەت بکات. بەم شێوەیە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەرفەتیان هەیە کە زیاتر سەرنجیان لەسەر فراوانکردنی تواناکانی خۆیان و شەرعییەتدان بە بوونیان هەبێت. هەروەک چۆن دەوڵەتەکان

دەتوانن بوونی خۆیان پێناسە بکەن بە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە دایانمەزراندووە و ئەو ئامانجانەی کە هەیانە، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش دەتوانن هەمان شت بکەن لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ هەردوو کارەکتەر و دەوڵەتانی دیکە دایدەمەزرێنن.

کۆمپانیای ڕاند کۆرپۆریشن دیاری کرد کە ژمارەی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە زۆرێک لە وڵاتان بە تایبەتی لیبیا و سوریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە قۆناغی دوای بەهاری عەرەبیدا بە ڕێژەی لەسەدا ٥٨ زیادی کردووە (جۆنز، ٢٠١٤، ل١٣). لە کاتێکدا کە کاریگەری گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە قۆناغی دوای ساڵی ٢٠١١دا وردە وردە زیادی کردووە، بەڵام ئەو مەترسییەی کە ئەم گروپانە دروستیان کردووە، نیگەرانییەکانی جیهانی قووڵتر کردووەتەوە. لەسەر بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی ئەم کارەکتەرانە کە توندوتیژی دژی قۆرخکاری بەکاردەهێنن، دەتوانن ببنە گروپێک کە بتوانن لە کاتی خۆیدا تەحەدای دەوڵەت بکەن.
لە ئێستادا چەندین کارەکتەری چەکداری نا دەوڵەتی لە جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن کە بەهێزتر دەبن لەسەر بنەمای نەژادی و تایەفی. هەروەها ئەم جۆرە گروپە چەکدارانە دەتوانن لە ئاستی جیهانیدا پارادۆکسی سیاسەت دروست بکەن (پۆدەر, ٢٠١٣, ل ٣١).بۆ نموونە داعش هەم بە کاریگەری خۆیان و هەم بە ڕەهەندەکانی ئەو مەترسییەی کە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و بۆ هەندێک دەوڵەت دروستی دەکەن، سەرنج ڕادەکێشن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بوارە جیۆپۆلیتیکییەی کە ئەم جۆرە کارەکتەرانە تێیدا بڵاوبوونەتەوە، دەتوانرێت تێبینی بکرێت کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە پێکهاتەی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕووداوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان.

لە لایەکی دیکەوە ململانێکانی سوریا و سەرهەڵدانی کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان کاریگەریان لەسەر داینامیکی کێبڕکێی دەسەڵاتی گشتی لە ناوچەکەدا هەبووە (یەشیل تاش و دوران، ٢٠١٨، ل١٤).ئەوەی کە ململانێکانی ناوچەکە تەنها لە ناوخۆدا سنووردار نەبوون، کە کاریگەریان لەسەر وڵاتانی ناوچەکە وەک تورکیا هەبووە و ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە لە ئاستی جیهانیدا ئەزموون کران توانیان توندی و ئاراستەی ململانێکان بگۆڕن.لە ڕاستیدا، لە کاتێکدا کە ململانێکە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەهەندێکی ناوچەیی بەدەست هێنا لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، بەڵام ڕەهەندێکی جیهانیشی بەدەستهێنا بە زیادبوونی هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکە.

## سەرهەڵدانی داعش: گۆڕاوێکی نوێ

هەروەها دارمانی تەلارسازی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت کاریگەری لەسەر نەزمی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە هەبوو (یوسف، ٢٠١٥، ل ٢٧). لەم ژینگەیەدا، بەتایبەتی داعش، لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١، بواری کاریگەری خۆی بەدەستهێنا و فراوان بوون. لەم قۆناغەدا زیادبوونی دژایەتی مالیکی لە عێراق و شەڕی ناوخۆ لە سوریا کاریگەر بوون لە زیادکردنی هەژموونی خاکی ڕێکخراوەکە و ژمارەی چەکدارەکان. لە ساڵی ٢٠١٢ەوە، ڕێکخراوەکە دەسەڵاتی خۆی لە فەلوجە و ڕومادی بەهێزتر کردووە و لە ماوەی دواتردا دەستی کردووە بە زیادکردنی کاریگەری خۆی لە ئەنبار. لە ساڵی ٢٠١٣ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق دەرفەتی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە عێراق بەدەستهێنا و لە دوای ئەنبار لە سەلاحەدین و نەینەوا و دیالە دەستی بە چالاکی کرد (یوسف، ٢٠١٥، ل ٢٧). لە کاتێکدا ئەم بارودۆخە ڕێگەی خۆش کرد بۆ ڕێکخراوەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق و گۆڕینی بۆ کارەکتەرێکی جێگرەوە، بەڵام هەروەها بووە هۆی گۆڕینی داینامیکی هەرێمی و پێکهاتەی ئەمنی. لە لایەکی دیکەوە شەڕی ناوخۆی سوریا دەرفەتێکی ستراتیجیکی بۆ ڕێکخراوەکە ڕەخساند تا سەرچاوەی شەڕانگێزی خۆی زیاد بکات و لاوازی جیۆپۆلەتیکی بکاتە دەرفەت.لە ساڵی ٢٠١٢ەوە ڕێکخراوی داعش دەستی کردووە بە فراوانکردنی بواری چالاکییەکانی لە دەرەوەی عێراق و لەم چوارچێوەیەشدا دەستی کردووە بە بوون بە کارەکتەرێکی گرنگ لە بەرەی سوریادا. لەم قۆناغەوە بەغدادی بەردەوام بووە لە فراوانکردنی ئامانجە ناوچەییەکانی خۆی بە گۆڕینی ئاراستەی ستراتیژیی داعش. ڕێکخراوەکە لە ماوەیەکی کورتدا دەستی بە چالاکی کرد لە ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی وڵات. هەروەها زیادبوونی ژمارەی چەکداران و داهاتی دارایی لەگەڵ تێوەگلانی ئەو ڕێکخراوە لە پرۆسەی ململانێکان لە سوریا، توانای ئەو ڕێکخراوەی لە عێراقدا گۆڕیوە. لە ڕاستیدا، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤دا، ڕێکخراوی داعش، دووەم گەورەترین شاری عێراق، موسڵی گرت. گرتنەوەی موسڵ، پچڕانێکی گەورە بوو لە فراوانکردنی کاریگەری ناوچەیی ڕێکخراوەکە. دوای ئەوەی هەژموونی دامەزراند و بە هاوبەشی لەگەڵ موسڵ خەلافەتیان لە عێراق و سوریا ڕاگەیاند، لە لایەکی ترەوە هەوڵیدا تیرۆر بگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی جیهانی.

پتەوبوونی هەژموونی خاکی داعش و هێرشەکانی بەتایبەت لەڕێگەی چەکدارانی بیانییەوە، ئاسایشی ناوچەکە و جیهانی دەشێوێنێت و دووڕیانێکی ئەمنی نوێ بۆ زۆرێک لە کارەکتەرەکان دروستدەکات، لەنێویاندا تورکیا.

## ئەنجام

کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە لە قۆناغی دوای ١١ی ئەیلولەوە زیاتر هاتوونەتە پێشەوە، دەستیان کردووە بە دروستکردنی کێشەی زیاتر لە سیستەمی جیهانی و پرسە ئەمنییەکان. بە تایبەتی نارەزایەتییەکانی بەهاری عەرەبی کە ناسەقامگیری نوێ و ململانێکانی لە ناوچەیەکی جیۆپۆلەتیکی فراوان لە باکووری ئەفریقاوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنایە ئاراوە، کاریگەریان لەسەر هەردوو سیستەمی نێودەوڵەتی و هاوسەنگی ناوچەیی دانـاوە. بە بەستنەوەی ئەم دۆخە بە پێکهاتەی ئەنارکیی سیستەمەکەوە، نیوریالیستەکان دەڵێن زیادبوونی ژمارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان پاڵ بە زۆرێک لە کارەکتەرەکانەوە دەنێت، لەنێویاندا گروپە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بۆ ئەوەی بەدوای ئاسایشدا بگەڕێن. کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن بە هۆی شکستی دەوڵەتەکانەوە جۆرێک لە ڕۆڵی جێگرەوە یان پۆلیسی بگرنە ئەستۆ و خۆیان وەک پێکهاتەیەکی دابڕاو لە سەروەری فەرمی دەوڵەت بناسێنن.

سروشتی ئەنارکی سیستەمەکە پاڵ بە کارەکتەرە چەکدارە نا دەوڵەتییەکان دەدات، وەک دەوڵەتەکان، بۆ ئەوەی بەدوای بنەمای خۆپارمەتیدان و مانەوەدا بگەڕێن. لەگەڵ دارمانی دەسەڵاتی ناوەندی، گروپە ڕەسەنەکان یان کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن وەک دەوڵەتەکان لەناو سیستەمەکەدا مامەڵە بکەن یان پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی دەرەکی (کارەکتەرەکانی تر)دا دروست بکەن. ئەو پارادۆکسییە ئەمنییەی کە دەوڵەتەکان دەگرێتەوە، بۆ کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکانیش کاریگەرە. بە واتایەکی تر لەم ژینگە سروشتییەدا پارادۆکسێکی ئەمنی تێکەڵاو هەیە کە کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و دەوڵەتەکان پێکەوە دەژین.

لە سەردەمی دوای جەنگی ساردەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژمارە و توانا و کاریگەری کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ڕوویداوە. لەشکرکێشییەکانی ئەفغانستان و عێراق بەتایبەتی دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، بووە هۆی ئەوەی گروپە چەکدارەکان کاریگەری خۆیان فراوانتر بکەن نەک لاوازیان بکەن. کارەکتەرە چەکدارەکانی وەک داعش نەک هەر هەژموونی خاکیان بەدەست هێناوە بەڵکو ئاڵنگاری دەسەڵاتی ناوەندیشیان کردووە لەو ناوچانەی کە چالاکن، لە لایەکی دیکەوە دەستیان کردووە بە مامەڵەکردن وەک کارەکتەرێکی باڵادەست لە بەرامبەر لاوازبوونی دەسەڵاتدا. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە زیادبوونی کاریگەری کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەستیکردووە بە کاریگەری و گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی. کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان کە بە شێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە دەکەن دەتوانن بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتەکان یان بەشداریکردن لە پرۆسەکانی ململانێدا کاریگەریان

لەسەر هەڵوێستەکانیان هەبێت. هەم داعش، حزبوڵا، حەشدی شەعبی دەتوانن لاسایی دەوڵەتان بکەنەوە یان کاریگەریان لەسەر داینامیکی ململانێ هەبێت لەگەڵ ئەو پێکهاتە و دامەزراوانەی بەدیل کە لە ناوچەکانی چالاکیدان دایانمەزراندووە. جارێکی دیکە، ئەم جۆرە کارەکتەرانە ئامانجی عەقڵانین، لە چوارچێوەی هاوکارییەکان دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن یان بەردەوام بن لە مانەوە. بە هەمان شێوە، گۆڕینی ئەوان بۆ بەشێک لە سیستەمی سیاسی هەرێمی یان جیهانی دەتوانن خۆیان دووبارە شوێنی خۆیان بکەنەوە. ئەمڕۆ کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان دەتوانن پێکهاتەی سیستەمی جیهانی بگۆڕن و هەروەها ببنە کارەکتەرێکی گرنگ لە بیناسازی ئاسایشدا.

سەرچاوە:سەنتەری لێکۆڵینەوەی دەرگیپارك

# جەنگ بە بریکاری: جێپێی گەشەسەندووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

نووسینی: سێث جی جۆنس
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**تەنگەژەکە**

چالاکییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام لە گەشەسەندندایە، سەرەڕای هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ بێهێزکردنی ئابووری و ئابلوقەدان و جیاکردنەوەی تاران لە ڕووی سیاسییەوە. گەشەکردن لە ڕووی پێوانە و توانای سەربازییەوە بوونی هەیە، بەتایبەتی ئەو میلیشیایانەی پاڵپشتیدەکرێن لەلایەن سوپای قودسی پاسداران لە عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن بەشێوەیەکی گشتی. هەروەها ئێران کار لەسەر بنیادنانی پردێکی زەمینی دەکات لە ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەمانە، ئێران خاوەنی خاڵێ لاوازە کە دەتواندرێت بەکاربهێندرێت لەلایەن ئەمریکا و هاوبەشەکانی.

تاران کاردەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بەکارهێنانی هاوبەشە نادەوڵەتییەکانی، سەرەڕای نوێکردنەوەی گەمارۆ و سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. نەهامەتییە ئابورییەکانی ئێران هۆکارنەبووە بۆ پاشەکشە لە چالاکییەکانی لە ناوچەکەدا- لایەنی کەم تا ئێستا هێچ پاشەکشێیەکی نەکردووە. سەرەڕای ئەمانەش، سەرکردە ئێرانییەکان بەردەوامن لە دروستکردنی پەیوەندی لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بەکارهێنانی ڕێگای نا یاسایی و نارێک.

بەپێی داتا و زانیارییەکانی لەم نوسراوەدا کۆکراوەتەوەو شیکاری بۆ کراوە، زیادبوون لە قەبارە و توانای هێزە دەرەکییەکانی هاوبەشن لەگەڵ سوپای قودسی پاسداران تێبینیکراوە، هێزەکانی ڕێکخراوە نیمچەسەربازییەکان بەرپرسن لە ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکان. هاوپەیمانەکانی سوپای قودسی پاسداران لە وڵاتەکانی وەک سوریا، عێراق، لوبنان، یەمەن و ئەفغانستان بوونیان هەیە. هەروەها ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕێگا و ڕێڕەوی پەیوەندی لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێت و تواناکانی بەرەوپێش ببات لە گواستنەوەی سەربازەکان و کەرەستەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.
بە شێوەیەکی فراوانتر، جەنگێکی ناوچەیی لەگەڵ ئێراندا لە پەرەسەندندایە، کە جەنگی یەمەن لە خۆدەگرێت( بەکارهێنانی موشەکی بالیستیکی دژی شانشینی عەرەبی سعودی لەلایەن حوسییەکانەوە)، جەنگێکی بەرەوپێشچوو لەگەڵ ئێسرائیل لە سوریا، گەشەسەندی هێزە میلیشیا شیعەکان لە عێراق، کوشتنی بە ئامانجگیراو وە هێرشی ئەلیکترۆنی.
بۆ نمونە وجودی بەردەوام و گەشەسەندووی ئێران لە سوریا، نیگەرانی لەنێو سەرکردە ئیسرائیلییەکان دروست کردووە، کە ڕێگەیان بە سەدان هێرشی سەربازی دژە موشەک و نیشانەی دیکە داوە لە چەند ساڵێ ڕابردوودا. سەرەڕای بوون بە بەشێک لە هاریکاری بۆ سوپای قودسی پاسداران، هاوبەشەکانی ئێران لە چەندین بواری دیکەی وەک موشەک و درۆن بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیوە. ئەم پێشکەوتنانە گرنگن لەبەر ئەوەی سەرکردە ئێرانییەکان هەڵسەنگاندنی تەواویان بۆ ئەم جەنگانە کردووە، لەنێویاندا پاڵپشتی هاوبەشە نادەوڵەتییەکانیان، کە توخمێکی گرنگی ململانێ و ڕکابەرایەتی لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا.
کاریگەرییە بەکارهێنەرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەڕێگای هاوبەشە نا دەوڵەتییەکانەوەیە، سەرەڕای نوێکردنەوەی سزاکانی ئەمریکا دژی ئێران و کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی.
بەڵام هێشتا ئێران و سوپای قودسی پاسداران بە تایبەتی خاڵێ لاوازیان هەیە کە دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، بۆ نموونە درێژکردنەوەی سزاکان لە کاتێکدا ئابووری لاواز و دابەشبوونی بەردەوام هەیە لە هێزە شیعە عێراقییەکان دەربارەی ئێران و سیاسەتەکانی بەرامبەر (وِلاَيَةُ ٱلْفَقِيهِ) سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی. لەسەروو ئەمانە، کردەوەکانی ئێران نیگەرانی ناوچەیی دروستکردووە لەبارەی هەوڵەکانی تاران بۆ فراوانکردنی هێز و کاریگەری، کە دەتواندرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ باڵانسکردنی کاریگەرتر.
ئەم نوسراوە چالاکییەکانی هێزەکانی سوپای قودسی پاسداران لەچەند ڕوویەکەوە شیدەکاتەوە. چەند داتا و زانیارییەک لەسەر گروپە پاشکۆ ئێرانییەکان دەخاتە ڕوو بەدرێژایی کات- لەنێویاندا توانست و قەبارە - بۆ زانینی ژمارەیان. هەروەها وێنەی

کۆکراوە بە سەتەلایت لە بنکەکانیان لە وڵاتانی وەک سوریا، لوبنان، وە ئێران کە لەلایەن سوپای قودسی پاسدارانەوە بەکارهێندراوە بۆ ئەوەی باشتر لە هەڵوێست و چالاکییەکانی هێزە ئێرانییەکان تێبگەن. لە کۆتاییدا، ئەو داتا و زانیارییانە لێکدەداتەوە کە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر چەند ناوچەیەک لە سوریا ئەنجامی داوە، کە وەک نیشاندەرێکی بەسوودە بۆ چالاکییەکانی ئێران.

ئەوەی لەم نوسراوەدا دەمێنێتەوە بۆ ٤ بەش دابەشکراوە. یەکەم باس لە دروستکردنی سوپای قودسی پاسداران و چالاکییەکانیان و پێکهاتەی ڕێکخراوەییان دەکات. دووەم بەش چالاکییە باوەکانی سوپای قودسی پاسداران لێکدەداتەوە، لەنێویاندا قەبارەی هاوبەشە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی ئێران. سێیەم باس لە کردەوەکانی سوپای پاسدارانی ئێران- فەیلەقی قودس دەکات لە عێراق، سوریا، یەمەن، لوبنان و وڵاتانی دیکە. چوارەم باس لە خاڵی لاواز و هەلەکان دەکات کە دێنە پێشەوە.

## لەدایکبوو لە شۆڕشەوە

سوپای پاسداران بە ماوەیەکی کەم لە دوای کودەتای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا. ئایەتوڵڵا خومەینی واپێشبینی بۆ کرد کە سوپای پاسداران هێزێک بێت کە شۆڕش بپارێزێت لە مەترسی ناوەکی و دەرەکی. وەک جەختی لێکردەوە، سەربازانی سوپای پاسداران دەبێت" پارێزەری شۆڕش و کوڕانی جەنگاوەری ئیسلام بن". لەبەر ئەوەی خومەینی بەگومانبوو لە بەوەفایی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەربازی ئاسایی ئێرانی، کە پەیوەندییان مابێت لەگەڵ شا محمد ڕەزا پەهلەویی، سوپای پاسدارانی دروستکرد بۆ پارێزگاریکردن لە ئێران و لەوە گرنگتر بۆ پاراستنی سیستەمی ئیسلامی ئێران.

لەدوای بنیادنانەکەی خومەینی بۆ (وِلاَيَةُ ٱلْفَقِيهِ) تیشکی خستە سەر گرنگی (علماء) زانایان لە بڕیاردانی نێودەوڵەتیدا، کە پەیوەندی سوپای پاسداران بە ڕابەری باڵاوە کارێکی زۆر گرنگە. لە دیدگای خومەینییەوە، حکومەتێکی ڕاستەقینەی ئیسلامی دەبێت لەلایەن مەرجەعێکی باڵاوە یاخود لەلایەن کەسێکەوە کە پلەیەکی باڵای هەبێت لە فوقهەدا (فقه) بەڕێوەببرێت. میلیشیا پرۆئیسلامییەکان یارمەتیدەربوون لە لابردنی پەهلەوی لەسەر حوکم، خومەینیش هەموویانی لەژێر چەتری سوپای پاسدارانی کودەتای ئیسلامیدا کۆکردەوە. نزیکی ڕێکخراوەکەو ئینتیمای تەواوەتییان بۆ خومەینی هێزێکی زۆر و شەرعیەتی پێدا. سوپای پاسداران پێشڕەوی شۆڕشبوو.

سوپای پاسداران چەند بەشێکی دیکەشی لەخۆگرت لە نێو ئەوبەشانەدا، هێزی ئاسمانی، هێزی زەمینی، هێزی ئاوی، فەیلەقی قودس و بەسیج (هێزی جوڵەپێکراو). بەسیج هێزێکی میلیشیایی دووەمی بوو کە بەشداری لە چالاکییەکانی وەک، ئاسایشی

ناوخۆ، سەپاندنی هێزی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگادا، پۆلیسی ئەخلاقی و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرەکان دەکرد.
بە ماوەیەکی کەم دوای دروستکردنی سوپای پاسداران، سەرکردەکەیان ڕێکخراوێکی پەرلەمانی دامەزراند ، کە بوو بە سوپای قودس. بە تێپەڕبوونی کات فەیلەقی قودس کە بەڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی بۆ ڕابەری سەرەکی ئێران بەرزدەکردەوە، چالاکبوو لە پشتگیریکردنی هاوپەیمانە دەوڵەتی و نا دەوڵەتی وڵات لەڕێگەی یەکەکانی وەک بەشی ٤٠٠ (یاخود یەکەی میساق)، کە بەرپرسە لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت.
فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران هێزی ناڕێکخراوی بنەڕەتی ئێرانە و کەرەستەی هاوکاری لە فراوانکردنی هەژموونەکەی لە ناوچەکەدا. لە ژمارەیەکی زۆر چالاکی تێوەگلاوەو بەشدارە، وەک، کۆکردنەوەی زانیاری، مەشقپێکردن، پێدانی چەک و کەلوپەل، پێدانی پارە بە هێزە دەوڵەتی و نادەوڵەتییە هاوپەیمانەکانیان، ڕێخۆشکردن بۆ کوشتن و بۆمببارانکردنەکان، ئەنجامدانی هێرشی ئەلیکترۆنی هەروەها بەردەستکردنی هاریکاری ئابووری و مرۆیی.
فەیلەقی قودس بەشێک لەخۆدەگرێت کە تەرخانکراوە بۆ وڵاتان و هەرێمی دیاریکراو، وەک هێزی ڕەمەزان( عێراق)، هێزی شام (سوریا، لوبنان، ئەردەن، ئیسرائیل)، هێزی رسول الله(نیمچە دورگەی عەرەبی)، هێزی ئەنسار( ئەفغانستان). ئەم هێزانە یارمەتی ئێران دەدەن کە پارێزگاری بکات دژی ڕکابەرەکانی لە دەرەوەی وڵاتدا"تەوەرەی بەرگری" کە لە کەنداوی فارسییەوە درێژدەبێتەوە بە لوبنان، سوریا، عێراق و بەشی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا دەڕوات. فەیلەقی قودس لە ڕووی توانای ئەلیکترۆنییەوە بەرەوپێشچووە. لە کاتێکدا سوپای پاسدارانی ئێران زیاتر لە ١٢٥٠٠٠ هێزی هەیە، زیاتر لە ١٥٠٠٠ سەربازی فەیلەقی قودس بوونیان هەیە.
شێوەی ١ وێنەی سەتەلایتی پیشاندەدات لە بنکەی ئیمام علی لە ڕۆژئاوای تاران، کە لەلایەن فەیلەقی قودسەوە بەکارهێندراوە بۆ مەشقکردن. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی نێودەوڵەتی بەو وێنانەدا چۆتەوە و ئەوەی دەرخستووە کە بنکەکە لە سەرەتای ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٣ بچووکبووە، بەڵام لە دوای ئەوکاتەوە گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆوەبینیوە لە سەرەتای ٢٠٠٣دا. بە نزیکەیی ٩٠٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیە کە بە دیواری بەرز و پەرژین و تاوەری پاسەوانی دەورەدراوە و مەشقی چڕی پێکهاتەکانی تێدائەنجام دەدرێت. لەڕووی کردەییەوە بۆ چەندین ناوچەدابەشدەکرێت:
کۆگا و پەناگە، پاسەوانی و پاڵپشتی، بەڕێوبەرایەتی سەنتەری فەرمانکردن و ژووری وانە وتنەوە، مزگەوت و پەروەردەی ئایینی، بنکەی سەرەکی، یەکەی جەنگ و مەشقکردن. بنکەکانی جەنگ مەیدانی تەقەکردنی ١٠٠ مەتری تێدایە، مەودایەکی کراوەی ١٠٠ مەتری دیکە کە بۆ هەڵدانی موشەک و تەقاندنەوەی تەقەمەنی و مەشقکردنی چەک بەکاردێت، جێگای مەشقکردنی شۆفێری، مەیدانی بەربەست و

مەیدانی جەنگ و شەڕ کە لە ژمارەیەک دیوار و شێوەی جۆراوجۆر پێکدێت ، هەروەها ئۆتۆمبێلی بچووک کە بۆ مەشقپێکردنی هێزەکان شەڕکەرەکانی ناوچە نیشتەنییەکان بەکاردەهێندرێت. بنکەی وەک ئیمام علی ڕێگای بۆ ئێران کردۆتەوە کە مەشق بە هێزەهاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا بکات.



شێوەی ١ : وێنەی سەتەلایتی دامەزراوەی ئیمام علی، دەرەوەی تاران، ئێران

فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران ڕەگی داکوتیوە لە جەنگە نارەواکاندا. جەنگی ئێران-عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) خاڵی وەچەرخانی گەورەبوو لە سیاسەتی سەربازی ئێراندا، کاتێک یەکە زەبەلاحەکانی ئێران نمایشێکی زۆر بێهێزیان کرد لەبەرامبەر سوپا بچووکەکەی عێراق. لەبری ئەوە ئێران هۆکاری دۆزییەوە بۆ کارکردن لەسەر کارەکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی لەلایەن سوپای پاسداران، کە فەیلەقی قودسی لەخۆدەگرت و بەرەوپێشی دەبرد وەک لە هێزی سەربازی ئارتێشی ئێرانی.

لە ماوەی جەنگی ئێران عێراق، بۆ نموونە، ئێران هاریکاری هێزە میلیشیا شیعە عێراقییەکانی دەکرد. هەندێک لە مەشقپێکردنەکان لەناو خاکی ئێراندا ئەنجام دەدران، کە ئەمە ڕێگەی بە تاران دا سیستەمێکی دامەزراوەیی گەشەپێبدات لە سنوورە ناوخۆییەکاندا بۆ مەشقپێکردن و پڕچەککردنی هێزە شەڕکەرە بیانییەکان. لەناو ئەو هێزانە گرنگترینیان هێزی شیعەی عێراقی بەدر بوو، باڵی چەکداری ئایەتوڵڵا محمد باقر حکیم ڕابەری ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بوو. بەگشتی، نزیکەی ٥٠٠٠ شیعەی بیانی کە جلوبەرگی سوپای پاسدارانیان پۆشیبوو لەو جەنگەدا کوژران. لە دەرەوەی عێراق، سوپای پاسداران پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی ئەمەل لە لوبنان و لەپاشاندا لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنانی دروستکرد. ئێران پارە و ئامێری مەشقکردن و

هاندانی ئایدۆلۆجی بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی دەستەبەردەکرد. کاتێک سەرکردەی سوپای پاسداران لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٥ ڕایگەیاند:"مسوڵمانەکانی لوبنان، بەتایبەتیش شیعەکانی سەر بە حیزبوڵڵا ، خۆیان بە بەشێک لە شۆڕشی ئیسلامی دەزانن و هەربۆیەش دەزانن کە ئەرکێکیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی شۆڕشی ئیسلامی .
لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوو، فەیلەقی قودسی پاسداران و دەزگا ئێرانییەکانی دیکە وەک وەزارەتی زانیاری پەیوەندییان لەگەڵ کارەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان دامەزراند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا .هەموویان گروپی شیعەنەبوون. تالیبان لە ئەفغانستان و هێزی ئیسلامی جیهادی فەلەستینی لە ناوچەی فەلەستین بەنموونە، ڕێکخراوی سونی بوون.


**گەشەسەندنی ئێرانی**

ئەمڕۆ، فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران چالاکە لە بنیادنان، پارەتەرخانکردن، مەشقپێکردن و هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ژمارەیەک کارەکتەر لە ناوچەکەدا، کە بەڵگەیە بۆ پابەندبوونی ئێران بە جەنگی نارێکخراو. پەیوەندی فەیلەقی قودس لەگەڵ ئەم هاوبەشانەیدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە گۆڕاندایە، لە زۆرێک دۆسیەدا زیاترە لە هاوبەشییەک وە لە پەیوەندییەکی هاوپەیمانی کە تێیدا دەستی باڵا خەڵاتی هاوبەشەکەی دەکات.
بۆخەمڵاندنی ژمارەی ئەو سەربازە شەڕکەرانەی لە هێزە هاوپەیمانەکانی فەیلەقی قودسدا بوونیان هەیە، زانیاری و داتامان کۆکردۆتەوە لە ساڵی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٨ و سەرجەمی ژمارەی کارەکانیان هەرساڵێکمان هەژمارکردووە. هەوڵی ئەوەمان نەداوە کە ژمارەیەکی فراوانتری پاڵپشتییەکانیان بخەمڵێنین، بەهۆکاری نەبوونی سەرچاوەی پشتپێبەستراو بۆ خەمڵاندنی ئەو تاکانەی بە شێوەیەکی کاتی هاوکاری سەربازی، دارایی، هەواڵگری و زانیاری و یارمەتی دیکە پێشکەش دەکەن. هەژمارکردنی ژمارەی سەربازەکان تا ئێستا پڕ ئاڵنگارییە.
گروپەکان بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی ئەندامەکانیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا ناکەن، ژمارەیان بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە بە درێژایی هەبوونی گروپەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی زۆرترین و کەمترین جەنگاوەرەکانمان بە درێژایی ساڵ خەمڵاندووە. هەوڵدەدەین دووبارە پێدا چوونەوە بۆ جیاوازییەکان بکەین بە تاقیکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی حکومی و ناحکومی. دووژمارەمان بەکارهێناوە و بە ئەگەری ئەوەی ژمارە ڕاستەقینەکە لە نێوان ئەو مەودایەدابێت.
شێوەی دووەم قەبارە و ژمارەی هاوبەشەکانی فەیلەقی قودس لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان، پاکستان و لوبنان دەخاتە ڕوو. لەکاتێکدا پەیوەندی فەیلەقی قودس لەگەڵ ئەم گروپانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە گۆڕاندایە، کۆکردنەوەیان بەیەکەوە

شێوەیەکی باش دەدات بە مۆدێلەکەی ئێمە. داتا و شێوەکان بەرەوپێشچوونی زۆر دەخەنە ڕوو. یەکەم، ژمارەی جەنگاوەرە شیعەکان زیادی کردووە. جەنگی سوریا هۆکاری سەرەکی ئەم زیادبوونەیە، بەدیاریکراوی ساڵی ٢٠١٤، کاتێک حیزبوڵڵای لوبنانی شەڕکەر و جەنگاوەرەکانی دامەزراند کە لەلایەن ئێرانەوە مەشق پێدەکران و پڕچەک و پاڵپشتی دەکران، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ڕژێمە ناجێگیرەکەی ئەسەد بکەن.

لە ئێستادا، نموونەی هێزەکانی لەلایەن فەیلەقی قودسەوە پاڵپشتی دەکرێن بریتییە لە حیزبوڵڵای لوبنانی؛ حەشدی شەعبی لە عێراق(لە نێویاندا گروپەکانی وەک ڕێکخراوی بەدر، کەتائب حیزبوڵڵا و عەسائب ئەهل حەق)؛ هێزە میلیشیاکانی سوریا، کە حیزبوڵڵای لوبنانیش لە خۆدەگرێت؛ حوسییەکانی یەمەن؛ لیوای فاتیمون لە ئەفغانستان؛ لیوای زەینەبیون لە پاکستان؛ چەندین گروپ لە ناوچەی فەلەستین وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی. دووەم، فراوانخوازی لەو ناوچانە ڕوویداوە کە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران تێیدا چالاکە. ئەوان کار لەسەر فراوانکردنی ناوچەی کارکردنیان دەکەن بۆ زیادکردنی وڵاتانی دیکە وەک لوبنان و عێراق( کە فەیلەقی قودس لەمێژە هاوپەیمانن لەگەڵیان) بۆ وڵاتانی وەک یەمەن و سوریا.

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ڕێگریکردن لە ئێران لە پرکردنی خەزێنەکەی ، بنیادنانی حکومەتێکی شیعە ڕابەر لە بەغداد کە نیشانەی کاریگەری ئێرانی و زیادبوونی میلیشیا پاڵپشتکراوەکان بە فەیلەقی قودس بوو.




شێوەی ٢ : ژمارەی شەڕکەرەکانی هێزەکانی هاوپەیمانی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، ٢٠١١-٢٠١٨

تا ساڵی ٢٠١١، بەهاری عەرەبی دەرفەتی بۆ ئێران دروستکرد لە کاتێکدا ڕژێمەکانی دیکە لاوازبوون بۆ فراوانخوازی لە هەژموونی دەسەڵاتیدا لە وڵاتانی وەک سوریا، یەمەن و عێراق. لە عێراقدا، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ یارمەتیدەربوو بۆ ئێران، بەتایبەتی لەگەڵ حکومەتێکی عێراقی کە کراوەو پێشوازیکەربوو لە یارمەتیدانی ئێرانی.
لە سوریا، ڕژێمی ئەسەد پێویستییەکی زۆری بە یارمەتی بوو لە دوای جەنگی ناوخۆ کە لە ٢٠١١دا دەستی پێکرد. ئێران پاڵپشتی پێشکەوتووی پێشکەش سوپای سوریا کرد و لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا کە هاریکاری میلیشیا ناوخۆییەکانیان دەکرد، حیزبوڵڵای لوبنانیش لە نێویاندا بوو.
لە یەمەن، لەساڵی ٢٠١٤ هێزی ئاسایشی حوسییەکان سەنعای پایتەختیان داگیرکرد. لەپاڵ ئەمەدا، فەیلەقی قودس و ڕابەرەکەی، قاسم سولەیمانی، ئەم دەرفەتانەیان قۆزتەوە و یارمەتی دارایی، چەک و چەندین هاریکاری دیکەیان پێشکەش بە هاوپەیمانەکانیان کرد لە بۆشایی و غیابی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانیان. ئێران هاوبەشەکان و چالاکییەکانی بەکارهێناوە بۆ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پردێکی زەمینی لە ناوچەکەدا، وەک لە شێوەی ٣ دیاریکراوە.




شێوەی ٣ : پردی زەمینی توانستی ئێران

هەندێک لە شەرکەرەکانی حیزبوڵڵای لوبنانی ئەم پردە زەمینییە بە ویلایەتی ئیمام عەلی ناودەبەن، وەک شکۆمەندییەک بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالب، ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر محمد (دخ) . ئەم ڕێگایانە کە بە شێوەیەکی بەشکراو هەوڵی بۆ دەدرێت ئەم ڕێگایانە

لە خۆدەگرێت: ڕێگایەک لە باکورەوە بە ناو ئێراندا، هەرێمی کوردستانی عێراق، شاری شەنگال لە عێراق، شارەکانی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا وەک حەسەکە، وە بەناو لوبناندا؛ ڕێگایەکی ناوەندی بە ناو ئێران، ناوەندی عێراق، سنوری عێراق لە القائم، ناوچەکانی سوریا وەک البوکمال و دێرەزوور، وە بە ناو لوبناندا؛ ڕێگایەک بە باشوری ئێراندا، شارۆچکەی سەر سنووری عێراق الولید، التنف لە سوریا، دیمەشق، وە بۆ ناو لوبنان.

ئەم ڕێگایانە ڕێگای شاهانە پێکدەهێنن، پردێکی زەمینی کە لەلایەن پاشای فارسەکان داریوشی مەزنەوە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین بنیادنراوە. لەگەڵ کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سوریا دەکرێت ڕێگا بۆ فراوانبوونی ئەم ڕێگایانە خۆشبکات، بەتایبەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە بنکەکانی وەک التنف لە باشووری خۆرهەڵاتی سوریا.


**شێوەی ٣: پردی زەمینی ئێران گریمانە بۆ داندراو**

کاریگەری گەشەسەندووی ئێران بە شێوەیەکی دیاریکراو نیگەرانی لە سوریادا دروستکردووە.

شێوەی ٤ لێکۆڵینەوەو و شیکاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنێت بۆ لێکدانەوەی پلانی ئەو ناوچەیەی کە ئیسرائیل هێرشی دژی ئێران و ئامانجەکانی دیکە لە سوریا کردووە. ڕەنگە شینە تۆخترەکان لەسەر نەخشەکە ناوچەی هێرشکردنی چڕتری ئیسرائیل پشان دەدات. زۆرینەی هێرشەکانی ئیسرائیل لە باشوری خۆرهەڵاتی سوریا بووە، نزیک سنووری ئیسرائیلی. بەڵام ژمارەیەکی کەم لە ئۆپەراسیۆنەکان دژی بنکە گەورەکان بوو کە لەلایەن حیزبوڵڵا و ئێران و میلیشیا وەکیلەکانیان، وەک T-٤ طیاس بنکەی ئاسمانی لە حمس، بنکەی ئاسمانی باکور لە ئەلقەسیر وە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشق.

هەردوو لێدوانی گشتی حکومەتی ئیسرائیلی و زیادبوونی ژمارەی هێرشەکان لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئیسرائیل نیگەرانییەکانی لە زیادبووندایە لەبارەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئێران و هێزە هاوپەیمانەکانی. وەک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی بنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاند" ئێمە بەردەوام دەبین لە کردە تووندەکانمان بەرامبەر ڕەگداکووتین و زیادبوونی دەسەڵاتی ئێران لە سوریادا".

شێوەی ٤: موشەکباران کردنی ئیسرائیل بۆ سوریا




شێوەی٤ : هێرشەکانی ئیسرائیل لە سوریادا

حیزبوڵڵای لوبنانی، وە گروپەکانی دیکە کە دەتوانن لە ئیسرائیل بدەن. ئاماژە هەن کە ئێران ژمارەیەک لە موشەک و پارچەی موشەکەکانی دەگوازێتەوە بۆ عێراق لە دوای ئەوەی کەوتە ژێر فشاری ئیسرائیل لە لوبنان و سوریا.

## جەنگە بریکارییەکان

سوپای قودسی پاسداران لە چەند وڵاتێکدا چالاکی تەواوەتی هەیە وەک لوبنان، یەمەن، عێراق و سوریا. هاریکاری سەربازی و نا سەربازی پێشکەش بە هاوپەیمانەکانی دەکات، کە لە تواناکانیان زیاد دەکات و کاریگەری تارانیان لەسەر زیاددەکات.
لوبنان: لە لوبناندا، یاریدەدەری سەرۆکی فەیلەقی قودس، حیزبوڵڵا، پەرەیان بە توانا سەربازییەکانیان داوەو زیاتر لە حکومەتدا تێوەگلاون. لە گرنگترین چالاکییەکانیشیان " پرۆژەی وردبینییە": هەوڵەکان بۆ فراوانکردن و تازەکردنەوەی داهێنانی موشەک و ساروخ و درۆنەکانی حیزبوڵڵایە. بە هاوکارییەکانی ئێران حیزبوڵڵا ژمارەیەکی زۆر لە چەک و سیستەمی چەکداری کۆکردۆتەوە، وەک موشەکی کورت مەودای فتح-١١٠/M-٦٠٠، موشیکی کورت مەودای بالیستیکی شەهاب ١ و شەهاب ٢، موشەکی ڕێبەری دژە تانکی توفان، موشەکی ڕێبەری دژە تانکی مرۆیی کۆرنێت، تانکی گواستنەوەی

سەربازی M١١٣، تانکی سەرەکی جەنگ T-٧٢ ، فرۆکەی بێفرۆکەوانی کەرار، موشەک هەڵدەری کاتیۆشا.
تواناکانی حیزبوڵڵا لە درۆنی چەکداردا لە پێشکەوتووترینەکانە لە نێوان گروپە تیرۆرستییەکانی جیهاندا، هەروەها درۆنی چەکداری کەراری لە تێکشکاندنی ئامانجەکانی لە سوریا بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە حیزبوڵڵا چەکی کیمیایی لە سوریا گلدابێتەوە ، لە نێویشاندا چەکی کیمیایی کلۆرین.
فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران ڕەخنەی ئەم بەرەوپێشچوونانەی لێگیراوە. حەسەن نەسرڵڵا، سکرتێری سەرۆکی گروپەکە، لە حوزەیرانی ٢٠١٦دا ڕایگەیاند:" بودجە و موچە و خەرجییەکانی حیزبوڵڵا، چەک و موشەکەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەردەست دەکرێن. ئایا ئەمە ڕوونە؟ پەیوەندیشی بە هیچ کەسێکەوە نییە. تا ئەو کاتەی ئێران پارەی هەبێت، ئێمەش پارەمان هەیە. دەتوانین لەمە زیاتر ڕاستگۆبین؟".

## شێوەی پێنجەم: وێنەی مانگی دەستکردی کەمپی مەشقی حزبوڵڵای لوبنانە لە نزیک شاری ئەلبقاع لە باشووری لوبنان

شێوەی ٥ تیشک دەخاتە سەر وێنەی مانگی دەستکردی کەمپێکی مەشقی حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەیت موبارەک، لە لێوارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەلبوقاع. شیکارییەکی سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی نێودەوڵەتی (CSIS) بۆ وێنەی مانگی دەستکرد پێشنیاری ئەوەی کردووە کە دامەزراوەی ئەلبوقاع لە ناوچەیەکدا بڵاوبووەتەوە کە نزیکەی ٤.٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە لەخۆدەگرێت و لانیکەم لە شەش پێکهاتەی گشتی پێکدێت:

•مەودای تەقەکردن: سێ مەودای تەقەکردنی هەیە. دوو گەورەترینیان لە دۆڵێکی بچووکدایە لە لای ڕۆژئاوای دامەزراوەی مەشق و ڕاهێنانەکان هەڵکەوتوون. پێدەچێت ئەمانە بۆ بەکارهێنانی زرێپۆش هەڵگری کارمەندان و ئۆتۆمبێلی شەڕکەری زرێپۆشی خۆماڵی دروست کرابن. مەیدانی سێیەمی تەقەکردنەکە دەکەوێتە ٨٠٠ مەتر دوورتر لە ڕۆژهەڵاتی دوو ناوچەکەی دیکە. پێکهاتووە لە پێنج مەودای تەقەکردن بۆ دەمانچە و تفەنگی بچووک کە درێژییەکەی لە ٨ بۆ ١٠٠ مەترەوە دەگۆڕێت.
•شوێنی نیشتەجێبوون و عەمبارکردن: دەکەوێتە باکووری مەیدانی تەقەکردنەکان ناوچەیەکە کە پێدەچێت بۆ هەردوو بەشی نیشتەجێبوون و عەمبارکردن بەکاربهێنرێت کە نزیکەی ٣٥ خانەی بچووک و یەک بینای گەورەی عەمبارکردنی هەیە.
•دامەزراوەی ڕاهێنانی شۆفێر: ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی نیشتەجێبوون و


عەمبارکردنەکە خولێکی ڕاهێنانی شۆفێری هەیە کە بە درێژایی یەک کیلۆمەتر ڕووپۆش کراوە بە بەردی سێپەرتین کە توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئۆتۆمبێلی شەڕکەری زرێپۆش و بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلی بچووکتر هەیە.

•دوو دامەزراوەی شەڕی سقیل : دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی خولی ڕاهێنانی شۆفێری و دوو سقیل جیاوازن.

•خولی شەڕکردن: یەکەمیان نزیکەی ١١٥ مەتر بە ٣٥ مەتر دەبێت و لە شەش هێڵی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە. کە هەر هێڵێک بە دیوارێکی نزمەوە سنووردار کراوە. ژمارەیەکی زۆر لە کاڵا پەرشوبڵاوەکان لەناو ئەم هێڵانەدا بە توندی ئەوە پیشان دەدەن کە وەک ڕێڕەوێکی بەربەستیش بەکاردەهێنرێت. دووەم خولی شەڕی شارەکان ١٦٠ مەترێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دوورە.

•کانگاکان: چەندین چالاکی بچووکی جۆری کانگاکردن لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەیە کە دامەزراوەکانی مەشقی شەڕکردن دەگرێتەوە. ئەم کانانە دەتوانرا بۆ تەقەمەنی و ڕاهێنانی موشەک هەڵگر بەکاربهێنرێن.

•بارەگا و ناوچەی پشتیوانی ئەگەری: لە لای باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی دامەزراوەی ڕاهێنانەکەیە، ناوچە بچووکەکانن کە پێکهاتوون لە نزیکەی ٢٠ خانەی گەورەی عەمبارکردن، چاککردنەوە، ئۆفیس و نیشتەجێبوون.




شێوەی ٥ : وێنەی سەتەلایتی کەمپی مەشقکردنی حیزبوڵڵا نزیک ئەلبقاع باشووری لوبنان

هەروەها حزبوڵڵای لوبنانی زۆر بە ڕاستەوخۆی بەشداری سیاسەتی لوبنانی کرد، دوای ئەوەی گروپەکە و هاوپەیمانەکانی پشکی خۆیان لە کورسییەکان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی مانگی ئایاری ٢٠١٨ ی لوبنان فراوانتر کرد. لە ساڵی ٢٠١٩ دا حیزبوڵڵای

لوبنانی بەردەوام بوو لە زیادکردنی هەژموونی خۆی لە حکومەتدا، بەتایبەتی لەڕێگەی پۆستەکانی وەک وەزارەتی تەندروستییەوە. حکومەتی ئەمریکا هۆشداری دایە حزبوڵڵای لوبنانی کە ئەگەر هەوڵی ئەوە بدات "ئەم وەزارەتانە بقۆزێتەوە بۆ کۆکردنەوەی پارە یان ئەنجامدانی چالاکییەکانی دیکەی بۆ پشتگیریکردن لە ئەجێندای تیرۆریستییان، ئەوا ئێمە نیگەرانی و کاردانەوەیەکی بەرچاومان دەبێت".

**یەمەن:** هەروەها فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران هاوکاری بۆ حوسییەکان (کە بە فەرمی پێیان دەوترێت ئەنسار اللّٰه) دابینکردووە. ئەوەی جێگای نیگەرانییە بە تایبەتی ئەو چەک و بەشانەی ئێرانە، لەوانەش موشەکی بالیستیک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لەلایەن حوسییەکانەوە بەکارهێنراون بۆ هەڕەشەکردن لە کەشتییە بارهەڵگرەکانی لە نزیک گەرووی باب لمەندەب و ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئامانجە وشکانییەکان لە سعودییە و شانشینی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات). گەرووی باب لمەندەب کە دەکەوێتە کۆتایی باشووری دەریای سوور لە نێوان یەمەن و جیبۆتی، ناوچەیەکی ئاوی گرنگە، چونکە ڕۆژانە نزیکەی ٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێدەپەڕێت. ئامانجەکانی ئێران لە یەمەن بریتین لە پاراستن و لەوانەشە زیادکردنی کاریگەری ئێران بێت بەدرێژایی دەریای سوور، هەروەها لاوازکردنی سعودییە و ئیمارات.
لە دەوروبەری ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ توندبوونەوە و پەرەسەندنی شەڕ لە یەمەن و تێوەگلانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، ئێران دەستی کرد بە زیادکردنی هاوکارییەکانی بۆ حوسییەکان. موشەکی ڕێنوێنی دژە تانک، مینە دەریاییەکان، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاسمانی، موشەکی کاتیۆشای ١٢٢ ملیمەتری، سیستەمی بەرگری ئاسمانی میساغ-٢ کە دەتوانرێت لە ڕێی مرۆڤەوە بگوازرێتەوە (MANPADS) ، تەقەمەنی بەرزی (RDX)، موشەکی بالیستی، بەلەمی تەقەمەنی هەڵگری بێ سەرنشین، سیستەمی ڕادار و ئامێری کانگاکانی دابینکردووە . هەروەها فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران و حزبولای لوبنانی لە یەمەن و ئێران مەشق و ڕاهێنانیان پێشکەش کردووە.
هەڕەشەی حوسییەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی موشەك و تەکنەلۆژیای موشەك و پارچە موشەکەکانی ئێران بۆ ناوچەکە زیادی کردووە. یەکێک لەو نموونانە بریتییە لە بەکارهێنانی موشەکی بالیستیکی مەودای کورت بۆرکان-٢ ئێچی بەستراو بە مۆبایل کە حوسییەکان بەکاریان هێنا بۆ لێدانی ڕیاز و ئامانجەکانی دیکەیان لە سعودییە. لە پانێڵێکدا پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە موشەکەکان "وەشانێکی ئاسانتری هاندراو"ی موشەکی قیام-١ی ئێرانن و ئێران بەشە سەرەکییەکانی موشەکەکانی بۆ حوسییەکان دابینکردووە. بە پێی شیکارییەکانی داروپەردووی ١٠ موشەکی بۆرکان-٢ ئێچ ئاماژە بەوە دەکەن کە پێدەچێت موشەکەکان بەشێوەیەکی قاچاخ هێنرابێتنە ناو یەمەن و دواتر کۆکردنەوەیان بۆ کرابێت. هەروەها پێکهاتە

ئێرانییەکان لەگەڵ موشەکی ڕووکار بۆ ئاسمانی یەمەنی ئێس ئەی -٢ یەکخراون بۆ دروستکردنی زنجیرە موشەکیەکانی قاهیر لە ڕووی زەویـەوە. ڕەنگە ئێران کۆمەڵێک ڕێگای بۆ گواستنەوەی ئەو ماددانە بۆ یەمەن بەکارهێنابێت، لەوانەش گواستنەوەی کەشتی بۆ کەناراوەکان لە ڕێگەی بەندەرەکانی نیشتون و ئەلغیدە لە پارێزگای ئەلمەحرە لە یەمەن.

**عێراق:** فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران لە عێراقدا چالاکە و هێزی سیاسی، سەربازی و ئابووری ئێرانی بەرزکردووەتەوە. ئێران یارمەتی هێزەکانی میلیشیا شیعەکانی لە عێراق داوە بۆ بنیادنانی تواناکانیان لە بەرهەمهێنانی موشەك. بەگوێرەی هەندێک ڕاپۆرت کە خراونەتە ڕوو، کارگەی پەرەپێدانی موشەك لە هەندێک لە شوێنەکانی عێراقدا هەبوون وەک جورف ئەلسەخار (باکوری کەربەلا) و ئەلزەفەرانی (ڕۆژهەڵاتی بەغدا).

سێ گرووپی سەرەکی هەن کە حەشدی شەعبی دەگرێتەوە کە ڕێکخراوێکی چەتری میلیشیا شیعەکانە. یەکەمیان ئەو گرووپانەن کە دڵسۆزن بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی مەرجەعی باڵای شیعەکان لە ئێران کە پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران هەیە. نموونەی ئەمانەش بریتین لە ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیب حیزبوڵلا، کەتائیب سەیدولشوهەدا، حیزبوڵلای بزووتنەوەی نوجەبا. دووەم ئەو گروپانەی دڵسۆزن بۆ ئایەتاتوڵا عەلی سیستانی، وەک سەرایای عەتابەی ئەلعەباسی، سەرایا ئەلعەتابە الحسێنییە، سەرایا ئەلعەتابەی عەلاویە و لیوا عەلی ئەکبەر. سیستانی لە فەتوای حوزەیرانی ٢٠١٤ دا داوای لە چەکداران کرد کە پەیوەندی بە ڕێکخراوە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقەوە بکەن، نەک گروپە نیمچە سەربازییەکانی پەیوەست بە ئێرانەوە. سێهەم گروپی دڵسۆز بۆ موقتەدا سەدر. ڕێکخراوە سەرەتاییەکەی بریتییە لە سەرایا ئەلسەلام (لیواکانی ئاشتی) کە دوو لیوای حەشدی شەعبی (لیوای ٣١٣ و ٣١٤) لە خۆدەگرێت.

فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران موشەکی بالیستی مەودا کورت، موشەکی دژە تانک (ATGM)، تانک، زرێپۆشی هەڵگری کارمەندان، تۆپخانە، فڕۆکەی بێ سەرنشین و سیستەمی بەرگری ئاسمانی کە دەتوانرێت لە ڕێی مرۆڤەوە بگوازرێتەوە (MANPADS) بۆ هەندێک میلیشیا عێراقییەکان دابین کردووە. جگە لەوەش چەند میلیشیایەکی عێراقی لەگەڵ هێزەکانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران و هێزە عێراقییەکان کاریان کردووە بۆ یارمەتیدان و ڕزگارکردنی شاری تکریت، فەللوجە، ڕومادی، تەلعەفەر، موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی. کاتێک هەڵسەنگاندنەکانی هەڵمەتی موسڵی ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی هات، "هێزەکانی میلیشیا شیعەکان بە سەرۆکایەتی هێزی قودس نزیکەی ١٠ هەزار سەربازیان لە ناوچەی

شەڕدا هەبوو، لەگەڵ زۆرێک لەو چەکدارانەی کە لە (هێزە ئەمنییەکانی عێراق) و وەزارەتی داد و پۆلیسی فیدراڵی ( FedPol ) دا جێگیر بوون."

**سوریا:** ئێران هاوکارییەکی بەرچاوی پێشکەش بە ڕژێمی ئەسەد کردووە بە یارمەتیدانی ڕێکخستن و ڕاهێنان و پاڵپشتی دارایی زیاتر لە ١٠٠ هەزار چەکداری شیعە. دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی سوریا لە ساڵی ٢٠١١، سەرکردەکانی ئێران تووشی شۆک بوون لە هەردوو سەرهەڵدانی گروپە توندڕەوەکانی سوننە وەک دەوڵەتی ئیسلامی و هەروەها پشتیوانی ئەمریکا و ئەوروپا و کەنداو بۆ گروپە یاخیبووەکان. جگە لە دابینکردنی چەکی سووک و قورس بۆ ڕژێم و میلیشیاکانی سوریا و زیاتر لە ٣٠٠٠ لە ئەندامانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران یارمەتی پلاندانان و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە تایبەتەکانی وەک بەیانی سەرکەوتن (ئۆپەراسیۆنی سەربازی ٢٠١٦ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی حەڵەب)یان داوە. فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران لە نزیکەوە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد و سوپای ڕووسیا کاریان کردووە، ، کە هێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیا و کەشتییە دەریاییەکانیان لە دەریای ناوەڕاستدا ئەنجامدا. هێز و میلیشیاکانی سوریا کە لەلایەن هێزەکانی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران پاڵپشتی دەکران، بنکەکانی یاخیبووانیان لە حەڵەب تۆپباران کرد لە کاتێکدا پشتیوانییە ئاسمانییەکانی نزیک لە ڕووسیا و هێرشە موشەکییەکانی کروز کەلیبر تەواوی خانووی گەڕەکەکانیان وێران کرد و تەنها داروپەردوویان جێهێشت. تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٦، هێزە زەمینییەکان هێزە یاخیبووەکانیان تێکشکاند، کە بەپێی ڕێککەوتنێک بە نێوەندگیری ڕووسیا، تورکیا و ئێران ڕۆشتوون.

شێوەی ٦ ئەنجامی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ناوچەیەکی هەڵگرتنی تەقەمەنی لە بنکەیەکی سەربازی سوریا لە حەقلات ئەش شەفرا لە سوریا نیشان دەدات، کە گوایە لەلایەن فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران کەڵکی لێوەرگیراوە. سروشتی وردی هێرشەکەی ئیسرائیل بە توندی پێشنیاری هەواڵگریەکی ورد و خواستی سنووردارکردنی زیانەکانی هەردوو ژێرخان و کارمەندانی دەزگاکە دەکات.

**شێوەی شەشەم: وێنەی مانگی دەستکردی لێدانەکەی ئیسرائیل لە ناوچەیەکی هەڵگرتنی تەقەمەنی، حەقلات ئەش شەفرە، لە سوریا**

پێش هێرش: وێنەی سەتەلایتی ، ٩ کانونی یەکەم ٢٠١٨




پاش هێرش: وێنەی سەتەلایتی ، ٢٧ کانونی یەکەم ٢٠١٨




شێوەی ٦ : وێنەی سەتەلایتی هێرشی ئیسرائیلی بۆ ناوچەیەکی کۆگای تەقەمەنی، حەقلەت ئاش شەفرە، سوریا

جگە لەوەش حزبوڵای لوبنان زیاتر لە ٨٠٠٠ چەکداری بۆ سوریا جێگیرکرد و وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، جبەخانەکانی بە ژمارەیەکی زیاتر و مەودای موشەکی زیاتر و موشەکی لە خاکی سوریاوە زیاد کرد. هەروەها حیزبوڵڵا مەشق و ڕاهێنان و هاوکاری شیعە و گروپە نادەوڵەتییەکانی تری لە سوریادا کرد. بە گشتی بە ئەلمقاوەمە لئیسلامییە لە سوریا (بەرخۆدانی ئیسلامی لە سوریا) ناسراون، نموونەی ئەو گروپانە بریتی بوون لە :

قوات لريده (هێزەکانی ڕیدە)، کە لە پارێزگاکانی سوریا وەک حومس چالاکیان کردووە؛ ئەلغالبون : سەرایای مقاوەمەلئیسلامییە لە سوریا (سەرکەوتووەکان: دامەزراوەکانی بەرخۆدانی ئیسلامی لە سوریا)، کە لە پارێزگاکانی وەک دارا و قونەیترە چالاک بوون؛ و لیوا لئیمام لباقر ( لیوای باقر) کە لە پارێزگاکانی وەک حەڵەب جێگیر بووە.
ئەمڕۆ لەلایەن فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران لەگەڵ هەزاران چەکداری مەشقپێکراو لە سوریا کار دەکات کە لەگەڵ میلیشیا ناوخۆییەکاندا چالاکی دەکەن. زۆرێک لەو گروپانە وەک حیزبوڵڵای لوبنان، چەکی جێگیری پێشکەوتوویان هەیە، کە توانای ئەلیکترۆنییان باشتر کردووە، دامەزراندنی زیاتریان هەیە و هێزی فراوانتریان لە سوریا هەیە کە توانای لێدانی ئامانجەکانی ئیسرائیلیان هەیە. شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، سەختی ئیسرائیلی لە ڕەگ داکوتانی شوێنەکانی حزبوڵڵا لە ژینگەی شارنشینی لوبناندا نیشان دا. کات تەنها سروشتی ئەم کێشەیەی بۆ سەربازی ئیسرائیل فراوانتر کردووە بۆ ئەوەی سوریا و عێراقیش بگرێتەوە.

**وڵاتانی دیکە:** فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران هاوکاری گروپە نادەوڵەتییەکانی دیکەی لە سەرانسەری ناوچەکەدا کردووە و لە بەرەکانی شەڕی وەک سوریادا بەکاری هێناون. بۆ نموونە فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران زیاتر لە ١٠ بۆ ١٥ هەزار چەکداری ئەفغانی لە ژێر دەستی لیوای فاتمیون (بە ناوی فاتیمەی کچی پێغەمبەر محمد) ڕێکخست و ڕەوانەی سوریای کردن بۆ ئەوەی شانبەشانی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد شەڕ بکەن. چەکدارانی فاتمیون لە شەڕەکانی وەک حەڵەب، دارا، دیمەشق، حەما، حومس، لازقییە، تدمور، دێرەزوور بەکارهێنراون. هەروەها فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران نزیکەی ٢٠٠٠ چەکداری پاکستانی لە ژێر لیوای زەینەبیون (ناوی زەینەب، کچەکەی فاتیمە) ڕاهێنا و پڕ چەکی کردن. هەروەها ئێران لە چەکدارانی بەحرەینی لە سوریا کەڵکی وەرگرتووە. بە شێوەیەکی فراوانتر، فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران چەندین جار هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتی بەحرەینیان داوە و (لەگەڵ ڕاهێنەرانی حزبوڵای لوبنان و حزبوڵای کاتایب) ڕاهێنەرە بە وەکالەتەکانی بەحرەین ڕاهێنانیان پێکردوون. فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران یارمەتی هێزەکانی دیکەیان داوە، وەک هێزی تاڵیبانی ئەفغانستان، جیهادی ئیسلامی فەلەستین و حەماس- هەرچەندە پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە ئاڵۆز بوون. مشتومڕێکی ناوخۆیی بەردەوام هەیە لەناو حەماسدا، بۆ نموونە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو گرووپە لەگەڵ ئێراندا. هەروەها فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران لە ناوچەکانی دیکەی وەک ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و ئاسیادا چالاکوانیان هەیە.
لاوازی و لاوازی بەرگری و دەرفەتەکان سەرەڕای چالاکییەکانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران، چەندین ئەگەری لاوازی بەرگری ئێرانی هەیە، کە دەبنە دەرفەت بۆ

ئەمریکا و هاوبەشەکانی دیکە.

یەکەم: ئابووری ئێران نزیکە لە تێکشکان. ئامادەیی ڕژێم بۆ بەردەوامبوون لە سەرچاوەگرتنی سەرچاوەکانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران لە ئاستێکی بەرچاودا و مانەوەی بە شێوەیەکی زۆر لە سەرانسەری ناوچەکەدا، ڕەنگە لە کۆتاییدا تێچووی سیاسی لە ناوخۆدا زیاد بکات. بەپێی خەمڵاندنەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، پێشبینی دەکرێت ئابووری ئێران لە ساڵی ٢٠١٩ دا بە ڕێژەی ٣.٦٪ کەم ببێتەوە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت. بەشێک لە ئابووریناسان پێشبینی دەکەن لە ساڵی داهاتوودا ڕێژەی هەڵاوسان تا ٥٠٪ بەرزببێتەوە بەهۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری و دراوی وڵاتەکە کە لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا نزیکەی لە ٧٠٪ دابەزیوە. هەروەها بانکی جیهانی مەزەندەی ئەوە دەکات کە ئێران کاریگەرییەکی بەرچاوی نەرێنی لەسەر دەبێت بەهۆی دابەزینی هەناردەکردن لە ڕووی خواست و کەرتی پیشەسازی گرێبەست لە لایەن دابینکەرانەوە. فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران بە تایبەت ڕووبەڕووی خاوبوونەوەی ئابووری دەبنەوە، چونکە خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی بازرگانی و چەندین دامەزراوەن، لە کۆمپانیاکانی بیناسازییەوە تا کۆمپانیاکانی پترۆکیمیایی و چیمەنتۆ.

بەڵام ڕەنگە چالاکییەکانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران و هاوبەشەکانی وەک حزبوڵڵای لوبنانی تێچووی درێژخایەنی هەبێت و مەترسی دروست بکات لەسەر گیانی ئەندامەکانیان و لەسەر گەنجینەکانیان. بەپێی هەندێک خەمڵاندن، ئێران لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٨ نزیکەی ١٦ ملیار دۆلاری لە سوریا خەرج کردووە. بوونی حیزبوڵڵای لوبنانی لە سووریا لە نێو بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبەدا بووەتە جێی مشتومڕ بەهۆی زۆری ژمارەی قوربانییەکان و ڕەنگە لەوەش گرنگتر پشتیوانی ڕژێمی ئەسەد بێت، بۆ لایەنگرانی حزبوڵڵای لوبنانی کە شەڕی ئیسرائیل یان تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامیش بکەن شتێکی ئاساییە . بەڵام هاوکاریکردنی ڕژێمی ئەسەد جێگەی مشتومڕ و نیگەرانی بووە. یەکێک لە چەکدارانی پێشووی حیزبوڵڵای لوبنانی وتی: "ئێمە (بزووتنەوەیەکی) بەرخۆدانین، ئێوەش بە چوونە ناو شەڕ لە سوریا بەرخۆدان ناکەن، من بە خۆشحاڵیەوە دەچم بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیل. بەڵام من ڕۆڵەکانم نانێرم بۆ مردن لە سوریا." بەشێک لە خۆپیشاندەران لە ئێران تووڕەیی خۆیان لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و لەنێویاندا لە سوریا دەربڕیوە.

میدیاکانی ئێران هەندێ جار ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ئەفسەرانی کۆچکردووی سوپای قودس و کارمەندانی دیکەی سەربازی لە سوریا ڕادەگەیەنن، بە تایبەتی لە بەشی تایبەت بە پرسەنامە لە ڕۆژنامەکاندا. ئێران لە کاتی ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرییەکان لە شارەکانی وەک حەڵەب، زیانی گیانی زۆر بەرکەوتووە. بەپێی هەندێک لە گێڕانەوەکان، تەنها لە

دوو هەفتەی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەی حەڵەبدا زیاتر لە ٣٠ چەکدار لە چەکدارانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران کوژراون، لەنێویاندا فەریق حسێن حەمدانی، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ئێران لە سوریا. چەکدارانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو پلەکاندا لە چالاکییەکاندا کوژران، لە ئەفسەرە گشتیەکانەوە تا عەقیدەکان، لیواکان و ڕائیدەکان. دامەزراوەی شەهیدانی ئێران کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرێت، لەڕووی داراییەوە پشتگیری و هاوکاری هەزاران کەس لە بنەماڵەی کۆچکردووان دەکات کە سەر بەو هێزانەی ئێرانن و لە سوریا کوژراون. گەلی ئێران پێویستی بە بیرخستنەوەی ئەو مەترسیانە هەیە کە بە هۆی لاوازی ئابووری وڵاتەکەیان توشیان بووە کە بە هۆی ئەوەی حکومەتەکەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕەکانی وڵاتانی وەک یەمەن و سوریادا بەکاریهێناوە ، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو لاوازییە ئابوورییەیدا.

دووەم: جیاوازییەکی یەکجار بەرفراوان لە تێڕوانینی عێراقییەکان بۆ ئێران هەیە، لەوانەش لە نێو پێکهاتەی شیعەدا. ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان لە نەجەف و قوتابخانەی "بێدەنگ"ی شیعەی عێراقی خۆیان لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ڕۆحانیی لە سیاسەتدا بەدوور دەگرن. هەڵوێستی سیستانی سەرزەنشتێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ عەقیدەی ولایەت فەقیهی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی. جگە لەوەش، هەستی نەتەوەیی عێراقیەکان و هەستی دژە ئێرانی لە نێو عێراقییەکان لە شەڕی ئێران و عێراقەوە بەردەوامە. هەندێک لەو ڕاپرسییانە و ئەو بیروڕا گشتیانە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرێک لە عێراقییەکان زۆر ڕەخنە لە ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتە دەگرن. لە ناوچە سوننە نشینەکانی وەک پارێزگای ئەنبار، خەڵکی ناوچەکە بە نیگەرانییەوە گلەیی لە بڵاوبوونەوەی میلیشیا شیعەکان دەکەن، هەست بە نامۆبوون دەکەن لە ناو حکومەتێک لە بەغدا کە پێیان وایە زۆر هاوتان لەگەڵ شیعەکان، هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سستی لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دوای دارمانی میلیشیاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە پێیان دەوترێت خەلافەت. وەک یەکێک لە بەرپرسانی هەواڵگری عێراق دانی پێدا ناوە و دەڵێت کە "ئەمە تەنها تۆڵەکردنەوە نییە لە داعش، بەڵکو ئەمە تۆڵەسەندنەوەیە لە سوننە".

پەیوەندییەکانی موقتەدا سەدر لەگەڵ فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران ئاڵۆز بوون. موقتەدا باوکی چالاکوانێکی سەرسەختی عەرەبی شیعە بوو و فێرکارییەکانی لەبارەی گرنگی عەرەبییەتەوە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیای پان-شیعە و دژە نەتەوەیی خومەینییە. هەروەها موقتەدا باوەڕی بە ولایەتی فقحی خومەینی نییە. ئێستا ئێران گیری خواردووە لە هەوڵی نێوەندگیریکردن لە نێوان گروپە شیعە پەرتەوازەکانی

عێراق لە ژینگەیەکدا کە تاکە پێکهاتەیەکی وەک حزبوڵای لوبنانی ئەستەم نییە دروستبوونی. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٨ دا، خۆپیشاندەران لە عێراق هەڵیانکوتایە سەر کونسوڵخانەی ئێران لە شاری بەسرە لە باشووری عێراق و ئاگریان تێبەردا. ئەم درزانە دەرفەت بۆ ئەمریکا و هاوبەشەکانی لەنێویاندا وڵاتانی کەنداو دەڕەخسێنن بۆ بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە شیعەکانی عێراق. بۆ نموونە ڕیاز پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری بەهێزی لەگەڵ موقتەدا سەدر دروستکردووە. ڕەنگە دەرفەت بۆ عێراق هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو وەک سعودییە و کوێت کار بکات بۆ زیاتر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەوانەش دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر، هەروەها لە بواری ڕێگاوبان و کارەبا لەگەڵ شارەکانی باشووری عێراق وەک بەسرە.

سێیەم: چالاکییەکانی ئێران و بڵاوبوونەوەی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، زۆربەی حکومەتەکانی ناوچەکەی وەک ئیسرائیل، ئوردن، سعودییە، ئیمارات، بەحرەین و مەغریبی نیگەران کردووە و ئەمەش وایکردووە بە هاوسەنگییەکی فراوانتر ئەنجام بدرێت. ئێران تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا دابڕاوە. هەندێک لە ڕاپرسییەکان و بیرورا گشتیەکان باس لەوە دەکەن کە پشتیوانی لە ئێران لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە عێراقیشەوە کەمی کردووە. ئەم وڵاتانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە یارمەتیدانی هاوسەنگی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران و چالاکییەکانی فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران.

کردەوەکانی ئیسرائیل چالاکییەکانی ئێرانی لە سوریا سنووردار کردووە، یەکێک لەو چالاکیانەش لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلانە. بەڵام پێویستە ئەم جۆرە فشارانە بەردەوام بێت و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەش پێویستیان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر هەیە لە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و پەیوەندی دیپلۆماسی و کردەی سەربازی سنووردار بۆ ڕێگریکردن لە دروستکردنی موشەکی ئێران لە سوریا. گەورەبوونی حوسییەکان لە یەمەن وەستاوە، بەهۆی پاڵپشتی سعودییە و ئیمارات بۆ کارەکتەرە ناوخۆییەکان و قەدەغەکردنی کاری شەڕانگێزانە. بەڵام هەوڵی سیاسی و هەواڵگری زیاتر پێویست دەبێت بۆ ئەوەی : هاندان هەبێت بۆ ڕێککەوتنێک کە گەرەنتییەکی تەواوی ئەوە بکات کە ئێران هەمان دەست ڕۆشتووی نەبێت کە لە دوای ڕێککەوتنی تایف لە ساڵی ١٩٨٩ دا بەدەستی هێناوە؛ پاراستنی سعودییە و وڵاتانی دیکەی کەنداو لە هێرشی موشەکی زیاتر، لەوانەش لە ڕێگەی باشترکردنی سیستەمی بەرگری ئاسمانی، سزادانی ئێران بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی موشەك و پارچە موشەکییەکان لە ناوچەکەدا.

لە کاتێکدا کە بارودۆخ لەگەڵ ئێران ئاڵۆزە، بەڵام هێشتا شەڕێکی تەقلیدی گەورە لەگەڵ ئێران ڕووی نەداوە. هەروەها وەک دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا لەم دواییانەدا ئاماژەیان پێکردووە، ئێران سەرەڕای کشانەوەی ئەمریکا لە پلانی هەمەلایەنەی

هاوبەش، چەکی ئەتۆمی بەرهەم ناهێنێت. هێشتا دەنگۆی بەردەوامی ململانێیەکی نارێک لە ئارادایە. حوسییەکان موشەکی بالیستیکیان دژ بە سعودییە هەڵداوە. ئیسرائیلییەکان هێرشی ئاسمانییان کردووەتە سەر بنکە جێگیر و گەڕۆکەکان لە سوریا کە خەریکی هەڵگرتن یان گواستنەوەی موشەك و پارچە موشەکەکانی ئێرانن. بەرزبوونەوەی ژمارە و توانای ئەو هێزە میلیشیایانە بەدیهاتوون کە لەگەڵ فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران کاردەکەن. وە هەموو لایەک تاکتیکی نارێک و پێکیان وەک تیرۆر و هێرشی ئەلیکترۆنییان بەکارهێناوە.
بەشداری ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسانە و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شەڕێکی فراوانتر لەگەڵ ئێران کە مەترسی ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا دەکات، زۆر گرنگە.
بەڵام بەردەوامی چالاکییەکانی ئێران لە سەرانسەری ناوچەکەدا، بە تایبەت لەلایەن فەیلەقی قودسی سوپایی پاسدارانی ئێران و سەرکردەکەیان قاسم سولەیمانی، پێویستی بە هاوکاری زیاتر و کاریگەرتری ئەمریکا لەگەڵ حکومەتەکانی ئەوروپا و سەرتاسەری ناوچەکە هەیە بۆ هاوسەنگی لە دژی تاران. ئەنجامەکان تا ئێستا تێکەڵاو و ئاڵۆز بوون.

سەرچاوە: گروپی کرایسس

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە
مـەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکـات.

# Strategic Readings

ژمارە (٢)، تەممووزی ٢٠٢٣